321

# ڕامان

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و هەشت/ ٥ی ٧ی ٢٠٢٤

- **خاوەنی ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام



**ناوونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**

**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**

**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**

**(دەرەوە) / 009647504494662**

**پۆستی ڕامان: sarkautwali@yahoo.com**



**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**

**نرخ/ ١٠٠٠ دینار**

## ناوەرۆکی ڕامان

● **دەق**

- دڕکی یادەوەری/ نووری بێخاڵی/ ٣
- سڵاو لە بیکێت/ داستان بارزان/ ٤
- هەڵبزە! (غەسسان بێرەدا تێپەڕی)/ عزەدین زەکیزادە/ ٨
- پەنابەرم / شیرین ساعدۆ/ ١٠
- ئازادی/ دەقی: ڕەزا بەراهەنی، لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی/ ١١
- بیرەوەرییەکانی کاغەزێک/ موعتەسەم ساڵەیی/ ١٢
- خەڵات قەدەغە کرا/ باهۆز مستەفا/ ١٧
- سووتان لەناو دۆزەخی نەبوونیدا/ هیوا پشتیوان/ ٢٠
- ڕوویێ دن/ دلۆڤان چەتۆ/ ٢٢
- ئاگام لە هەڵماتەکانت دەبێت تا یەکتر دەبینینەوە/ نووسین و وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ژیوار ڕەشید/ ٢٦

● **هەڤپەیڤین**

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (عەبدوڵڵا ڕەسووڵ)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٣٤

● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

- ئاوڕێک لە دەنگی نەبیستراوی شاعیرێک / حیسامەدین (هیوا) خاکپوور/ ٥٩
- دەرکەوتن و پێناسەی جۆرەکانی توندوتیژی لە دوو ڕۆمانی بەندەر فەیلی و نیشتمانی سارادا/ هێرۆ کەریمی/ ٦٨
- گەمەی میتاگێڕانەوە لە ڕۆمانی ئەفسانەی ڕەنگستان/ عەلی شێخ عومەر/ ٧٧

● **هزر و فەلسەفە**

- ئاکار: ڕاستی و بەها/ د. حەمید عەزیز/ ٨٦

● **وتار**

- شاعیرەکانمان چۆن باسی نالی دەکەن/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ ٩٤
- قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی مێژووی مرۆڤ/ هەڵکەوت محەمەد پشدەری/ ٩٨

● **مێژوو**

- کورد لە نیگای سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا/ د. ڕابیعە فەتاح شێخ محەمەد/ ١٠٥

● **زمانزانی**

- دەربڕینە دروستکراوەکان و هەڵوێستەیەک/ هێمن عومەر خۆشناو/ ١٢٠

● **هونەر**

- میتۆدی دەرهێنانی شانۆیی لە نمایشی (کۆچبەران)دا/ د. فازڵ جاف/ ١٢٦
- شانۆگەریی (ئیفگینیا لە ئۆلیس)، یەکەمین نمایشی ئەکادیمی لە شانۆی کوردیدا/ ئەرسەلان دەروێش/ ١٣٠

● **خوێندنەوەی کتێب**

- خوێندنەوەی کتێبی (خەونی فەرمانبەرێک)/ د. کەیفی ئەحمەد/ ١٣٦

● **بەدواداچوون**

- مامۆستا و پەروەردەکار مەسعوود ئەفەندی/ موسەدەق تۆڤی/ ١٤٣

● **نامە**

- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٥٠

● **بە باڵابڕین**

- هەڵسەنگاندنێکی گۆڤاری ڕامان/ د. بەختیار سەجادی/ ١٥٧

● **سووکە لەنگەر**

- دابڕانی نێوان باوک و فەرزەندە/ ئازاد عەبدولواحید/ ١٦٠

# دڕکی یادەوەری

نووری بێخاڵی



وەک خاوەن قەرزێک،
کە بە شوێن قەرزە کۆنەکانیدا دەگەڕێت
لە کەنتۆرەکەدا،
دەست بۆ گیرفانی چاکەتێکی زستانەم دەبەم

نامەیەکی کۆنی گەچڵیوی تێدایە
لە نەناسێکەوە بۆم هاتووە
بێ ناو
بێ ناوونیشان
بێ مێژوو
نامەیەک بە بۆنی گلەیی و گریان
نە هونەری پاساودانەوە دەزانم و
نە وشەیەکیشم هەیە بۆ دڵنەوایی
خۆم لەناو بێدەنگیدا گرمۆڵە دەکەم
بە دەمامکی شەرمەوە و
ئەوکاتەی خوێنی نارنجیی خۆر بە سنگی ئاسماندا
دەپڕژێ و
تاریکی لە بەرزاییەکانەوە شۆڕ دەبێتەوە ناو
ئاوایی
بە کۆڵانەکاندا تێدەپەڕم

نەوایەکی ناوازە لە سیی داربەڕووەکان و
ئاوازێکی دڵبەر لە قوڕگی دارقەزوانەکان
دەهاتەدەر
دەنگیان، وەک مەل لە شەققەی باڵەکانی دەدا و
وەک هەڵکشان و داکشانی شەپۆلی دەریا
بەسەر پشتی بادا،
ئەم دەشت و دۆڵ و گرد و کێوانەیان دەبڕی و
دەمەو بەیان لەگەڵ گزنگدا،
ئەوکاتەی تیرێژی ڕووناکی دەڕژێتە چاوی تاریکی،
دەگەیشتنە ئاوایی و دڵەکانیان بێدار دەکردەوە

زەوی یادەوەریم کەڵکی پیاسەی نییە
دڕکێکی تەڕ و وشکی نەماوە لە پێمدا نەچەقێت!

# سڵاو لە بیکێت

داستان بارزان
(سلێمانی)

ئەڵماسەکان لە ناومدان
دەجووڵێنەوە و
گەشە دەکەن
ڕێگرییان لێ دەکەم نەدرەوشێنەوە
پەرش نەبن
نەشکێن
نەتوێنەوە
لە جیهانێکدا کە تاریکە.

من دەزانم هیچ شتێک تاکوسەر بۆ من نییە
بەڵام دەرەوە شایانی هیچ درەوشانەوەیەک نییە!
وەک سەردەمانێک لە ڕابوردوودا
هەموو شتێک
بۆ مرۆڤ
بۆ جیهان
دەدرەوشانەوە
من لەو سەردەمانەوە
درەوشانەوەی خۆمم هەیە.

گشت سامانێکی من بوونمە
بوونم دەدرەوشێتەوە
لە جیهانێکدا
کە شایەنی نییە هیچ شتێک بۆی بدرەوشێتەوە.

من ئازارم خۆشناوێت
ئازار کە هات ڕێزی دەگرم

بەتاڵم و



به بەتاڵاییدا دەڕۆم و
بەڵگەیەکی بەرجەستەم لەسەر بوونی مرۆڤانێکی
کەفتەکار
کە ژیان تاو لەدوای تاو پیستر لە پەلوپۆیان
دەخات.

تەنیایی کارێکی بەنرخی من
من بە تەنیاییەکەمەوە شتێک بووم
شتێک لە بۆشاییدا
ئێستا کە تەنیاییم نەماوە
بوومەتە بۆشایی لە بۆشاییدا.

وڕێنە دەکەم
خەڵکی باشن و
نرخی باش دەدەن
من نرخم بۆ هیچ شتێک دانەناوە
باش بێت، یان خراپ
دووانەیەکی گۆڕاون و
هەریەک ئەوی تریان ڕەش دەکەنەوە.

جاران مانگ جوان بوو
لەم سەردەمەدا کارم بە جوانی نییە
پۆخڵەواتە
جوانی لە ژێر پێی پارەدا
(جوانیمان هەیە بۆ فرۆشتن.)

پارەکان لە ژێر پێمدا دەپاڕێنەوە
لە بێباکیم دەربازیان بێت
من گیانێکم بە بێباکییەکەمە
گیانێکم بەوەیە بەها بۆ کەسانێک دانانێم
سەردەمەکە بۆیان لە بارە
هێز لەوەدایە لەگەڵ نالەباریدا بیکێڵێت.

من ڕێزێکی زۆرم بۆ مرۆڤە ساکارەکان هەیە
ئەوانەی دڵپاکانە دەژین و
دڵپاکانە دەمرن.

(ستۆپ)

بەیانی ئەم دێڕانە چۆن بخوێنمەوە؟
هەرچۆن سەیریان دەکەم
تێناگەم و
سەردەرناکەم
من خەریکی چ شێتییەکم؟
خەریکم چ ئاشووبێک دەنێمەوە؟
پلانی چیم هەیە
بەنیازم چ یارییەک
چ گاڵتەجاڕییەک دابمەزرێنم؟
ببوورن
من
لێتان
تێناگەم!
یان
ڕەنگە من لە ئێوەشم تێکدابێت.
ئێستا لە هیچ شتێک دڵنیا نیم
لە ئێوە
لە خۆشم
هێندە هەیە پێویستە بە گیانی خۆم
خۆم دوور بگرم لەو شتانەی
هەستی تەنیاییم تیدا زیاتر دەکەن
من لەمە تەنیاتر بم
ڕەقهەڵدێم
من لەمە تەنیاتربم
تەنیاییش لە دەست دەدەم.

ئەی دڵەی گیرۆدە

من هەم ژیان
من هەم مردن
من تاکە مرۆڤم
پێکەوە دۆست و دوژمن
دەبێت لە دەستیان ڕابکەم
من ئەو نەفرەتەم
ئەی دڵ
ئەو نەفرەتە!
تەنیا تۆ دەتوانیت
تەنیا تۆ
بیانووبیت
بۆ مانەوم
لەم بۆشاییەدا
ئەی دڵەی گیرۆدە.

گرانە لە ماڵەکەمدا کەسێک هەبێت بیری بکەم
کەسێک هەبێت لە دڵمدا
کەسێک لە ماڵەکەیدا بیرم بکات
لە دڵیدا.

من هیچ ژنێک بە خەفەتەوە ناکوژم
هیچ ژنێک
خەفەت من دەکوژێت
بە ژنەوە.

بەرەوباوان ناڕۆمەوە
باوان خەونێک بوون
خۆش، یان ناخۆش
دڵمان پێیان دەکرایەوە
سپاس بۆ خەون.

ئەم جارە وەک ئاهێکی گەرم
بۆ ناو خۆم دەچکێمەوە
بەڵکوو ئیتر بسووتێم و
تەواو بم.

شتێک فریای مرۆڤ بکەوێت
تەنەکەیەک ڕۆنی بەتاڵ
تاتەشۆرێک
سندووقێک لم
ئیسپانەیەک
بەلۆعەیەک
مۆبایلێک
کەرەڤانەیەک
پارەیەکی دڕاو
فریای مرۆڤ بکەوێت
فریای خۆی بکەوێت مرۆڤ
شتێک فریای مرۆڤ بکەوێت.

ئێوەش وەرن ڤیتامینەکان
بڕژێنە ناو مێشکمەوە
بۆ سەرێکی گەرم
سەرێکی فرێو
سەرێکی بەرز
کە سەری خۆم نەبێت
زوو بکەن
خێرا بکەن
دەستوبرد
بیرکردنەوە پێچاوپێچەکان
بیرکردنەوە سامناکەکان
هەرچی زووە
سەرم بەربدەنەوە بۆ ناو بۆشایی
سەرم کە هەر دەمەی لەسەر هەوایەکە
هەوای ئەم سەرەم سەر لە بن دێنێ
ئاخۆ ئەم جارە چیم بەسەردێنێ؟

هەڵبکە ئەی هەوای ناو سەرم
جیهان بخەرە ترسەوە
وەک دڵی من کە گڕ دەخوات
لە تاو سەرێک کە ئاگرە.

تۆ بنوارە هەوای ناو سەرم
چۆن لە تاوت دەسووتێم
چۆن لە ناوتدا ژانی شادی دەخۆمەوە.

جیهانی من جیهانی دیکەی زۆری تێدایە
ماندوو نابێت لە دروستکردنی بۆشایی
بەرلەوەی گەردوون بخنکێت
بەرلەوەی گەردوون بتوێتەوە.

من هاتووم بە جیهاندا
ڕێساکان لە ئێوە ون بکەم
من هاتووم ئێوە لە جیهانە کۆنەکان دەربهێنم
مردووەکان لە خۆیان قوتار بکەم
کاژی ساڵانی زووتان پێ فڕێ بدەم.
پێشنیاز:
لە گەڕان و هەڵهاتن و کەوتن مەترسن..
بەیانی هەروەکوو ئێستایە
سەدان بەیانی دێت بەبێ دەنگی کەڵەشێر
من زۆرم دیون لەو بەیانییە بێ مروەتانە
ئیتر خۆم کاتێکم ناولێناوە بەیانی،
کەواتە بەیانیتان باش...
بەیانی هەروەکوو ئێستایە
من ئێستاکە بۆچی دەنووسم؟
لە پێناو بەیانیدا
لە پێناو هیچدا.

هەرچی بیردەکەمەوە ئێمە لە پشت پەردەی
ژیانەوەین
ژیانە ڕاستەقینەکە لە شوێنێکی دیکەیە
ئێمە تامی ژیانمان نەکردووە
ئێمە بەر ژیان نەکەوتووین
ژیان ئێمە دەبڕێت.

(بوەستن)

وابزانم ئێستاکە لای من بەیانییە!
بەیانیت باش ئەی بەیانی.

**ئەم شیعرە لە یەکەمین فیستیڤاڵی ڕامان، لە ١/ ١٢/ ٢٠٢٣ خوێنراوەتەوە.**

# هەڵەبزە!

## (غەسسان بێرەدا تێپەڕی)

عزەدین زەکیزادە

ئاگراوێژ نیشتمانێک دەخاتە بەر سێرە.
دنیا سێڵفی لەگەڵ دەگرێ!
کفن بە مردن ڕاناگا!
شارێک دەبێتە خۆڵەمێش.
نەفەس لەبن تاوێرە چیمەنتۆ
ناگاتە گەرووی هیچ بەلەنگازێک.
شارێک دەبێتە بەری دەست.
دیرۆکەکان دەیگێڕنەوە.
داستانی ئەو جەنگاوەرانەی
غەززەیان پێ نەگەڕاوە، دەگێڕنەوە،
دەیگێڕنەوە،
ناڵەی برینی ناو کاولان،
سینەی شیر لەبەر ڕۆییشتووی بێچوو بزر،
مزگەوتە بێ نوێژە بێنوێژبووەکان،
نوێژە نێژراوەکان،
نوێژە لە دوور بێژراوەکان.
سەرپۆشی کەنەفتی بن گڵ،
گڵی گردەوەبووی کەللەپۆش،
کەللەسەری چاو چاوەڕێ،
چاوی لەئومێد چووەوە،
ئومێدی پشوو تەنگی شەهید..
دەگێڕنەوە.
دیرۆک لە دەیان چیرۆکدا،
چیرۆک لە دەیان دێڕی خوێن،
خوێن لە زامی دەیان کۆڵان،
کۆڵان لەبن باڵی سووتاوی شار..
شار بەسەر شانی شکاوی خەڵکەوە
دەگێڕنەوە..



شارێک هەبوو،
وەک هەڵەبجە بەبێ خەتا
خشتوور کرا.
هەینێ لە گەڕەکێکی سلێمانی
لە ماڵی شاعیرێکی گەرمیانی
غەسسانی کەنەفانی..
بە قژی لوولی ئاڵۆزتر لە تەونی ستەمی دنیا،
بە چاوێکی ڕەشتر لە ڕۆژی هەڵەبجە،
لە دیوانی لەتیف هەڵمەت دێتە دەرێ و
بێڵێک لە هەڵەبجە وەردەگرێ.
بێڵێک گڵی تەرمی بن گڵ بناستەوە.
بێڵێک فێربێ گۆڕی نادیار هەڵداتەوە،
بێڵێک نالەی بریندارانی بیستبێ تا شەهیدبوون،
بێڵێک زیرەی زارۆیانی وەبیرمابێ هەتا مردوون،
بێڵێک بزانێ نەژنەوێ لە کەلەکە و کاسەسەر و
بڕبڕەی پشت.
لە کۆلارەی فڕین کوژراو، بووکەڵەی خنکاوی ناو
مشت.
بەو بێڵەوە ..
بە قەراغی هەولێرەوە ..
پێ هەڵدێنێ تا دەگاتە قەڵای دوین ..
دەستنوێژ دەگرێ،
بۆ سەفەری چوونەوە ماڵ
نوێژی ئیستیخارە دەکات.
با زین دەکات..
خولیا دەیباتەوە غەززە،
وێرانە هەڵدەداتەوە،
لەبن کەڵەکە ڕماوان..
سینەی دایکان دەبنە کانی و شیر هەڵدەقوڵێ،
غەسسان بە بێڵی هەڵەبجە جۆماڵ دەکات،
بوومی غەززە (شیردێر) دەکات.
ژیان دەچێنێت،
هێڤی بە کێڵگە وەردەکات،
خەون لە قەدی خەفەتان موتوربە دەکات،
برین دەکاتە جۆگەلە،
دەمار دەمار خاک دەکاتەوە نیشتمان.
وێرانە دەبێتە مێرغوزار،
شانەوشان گوڵ سەر دەردێنن،
گوڵی گەڵا سپیی شیری،
خونچە لە لێدانی دڵی زارۆی ترساو خێراترن بۆ
ترووکان،
گوڵستانی پاش وێرانە هەر چڵێکی دووگوڵ
دەگرێ،
گوڵێک قڵیشی بردووە،
ڕەگی چۆتەوە سەر برین،
وەچەی دواتر دەیکەن بە دروشمی ئەوین،
ئەوەی دیکەیان گوڵەچاو،
گوڵەچاوی ڕوو بە خوناو،
وەک گلێنەی چاوی گریاو.
لەپاڵ هەر بڕکە گوڵێکدا
ترپە ترپی دڵی منداڵ،
داو دەداتە پشتکاغەز و ئاسمان پڕدەبێ لە فڕین،
لە دەراوی هەر دێراوێک کوڕێک قامیش هەڵدەبڕێ
بۆ بلوێر،
زەمین پڕ دەکات لە چڕین.
غەسسان بزەی لێ دەنیشێ و پشوو دەدات،
دەسکی بێڵەکە ماچ دەکا و
قەسیدەیەکی خاکناسی مەحموود دەروێش،
بە ئاوازی هۆرە دەچڕێت.

# پەنابەرم

شیرین ساعدێ
(فەڕەنسا)



ل بەر دیوارێ بیانیێ
دەرگووشا ئێشان
د هەژینم
ب ڤەدەنگا هناسێن

بێ دەنگ
سترانا هێڤیێن
بێ هێڤی
دلۆرینم
پەنابەرم ..

کراسێ ژیانەکە
بێ ژیان
ب تەشیا دلێ مەلوول
درێسم
ب سەر بەدەنا هووردەمان
دادکم

د ئاگردانا
ئۆمێدێن کوشتی
و بیرانینێن
سێوی و دەربەدەر
هەستێن من د سۆتن

ژ خەونەرۆژان شیار دبم
ل بەر دەرگەهێ
بەربانگەکە دوور
تەنێ رۆندک دکارن
ئاگرێ ددل دە
سار بکن
و شەواتا برینان
بکەوینن
ژ بەر کو
ئەز پەنابەرم .. پەنابەرم ....!!

(پاریس)

# ئازادی

پەزا بەراهەنی
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)



خەنجەرێکی خستە ناو دەستم و
ئاوای پێ وتم:
«تۆ لە ڕێگاوە بەرەو دەشت تێپەڕە،
ڕوو بەرەو شار بەوە، پاشان تۆ لە دەشتڕا
دڵی هەر کەس کە لە نەخشم بێ بەرە، تەفروتووناى کە.
ڕاکە هەر ماڵێکەوە
بە هەموو پیاو و ژن و زاوڵەیی (١) شار ڕاگەیەنە:
کە لە بوولێڵەوە
تا پرچی دەپێچێتەوە خۆر
ناوی پڕ شۆقی ئەمن
دانەبڕن قەت لە زمان.
بێن و گشتیان لەبەرم سوژدە بەرن؛
بە چەم و دەست و دڵی پاک و بە زاران.
لە هەموو کاتێکی شەودا،
لە هەموو مەنزڵ و شاران.»

خەنجەرێکی خستە ناو دەستم و
ئاوای پێ وتم:
هەڕۆ بۆ دەوری مەیان گەورەیی شار
دڵی شەوڕەنگی کەسانێک
کە بە بیر ئەمنەوە ناژین
لە بەریان (٢) بێنەدەر و
بیخەرە بەر با.
بنەڕێنە و بڵێ بەو بایە کە وا باڵی لە بەرزان
دەخشێ:
«کە بەرەو تاریکییان ڕاو بنێ تێکڕا!»

خەنجەرێکی خستە ناو دەستمەوە
جا لە ڕێگاوە بەرەو دەشت بوومەوە
هەر لەوێوەش ڕوو بەرەو شار.

من دەکەم تەفروتوونا هەر کەسێ نەیبێ لە دڵا
نەخشێ لە ئەو.

پەراوێزەکان:
١. زاوڵە: زارۆک، مناڵ.
٢. بەر: سنگ.

سەرچاوە:
براهنی، رضا(١٣٤١)، آهوان باغ، منتخب
اشعار رضا براهنی، تهران، چاپخانەی سپهر.



# بیرەوەرییەکانی کاغەزێک


**موعتەسەم سالەیی**

**(کەرکووک)**


ئێمە سەد دەستە خوشک بووین، کە هەمووومان لە یەک تەمەندا بووین. لاتان سەیر نەبێت گەر بڵێم هەر هەموومانیش یەک قەوارە و قەد و باڵا و شێوە و ڕوخسارمان هەبوو. لەوانەیە لە سەرەتادا ئەم قسانەی من نەچن بە عەقڵی کەسێکی ئاساییەوە. بە دووری نازانم کە هەندێک کەسانیش پێکەنینیان بە قسەکانمدا بێت و وەهای تێبگەن گوایە من وڕێنە دەکەم، یان لە قسەکانمدا زیادەڕۆیی دەکەم. گەر درێژەی پێ بدەم و لەسەری بڕۆم ئەوە دەڵێم کە هەر هەمووومان سپی پۆش و ساف و بێگەرد بووین. لەو ڕۆژەوەی کە هاتینە دنیاوە هیچ کەسێک لەکەداری نەکردین و کەسیش دەستی بۆ درێژ نەکردین. دەتوانم بڵێم وەک بوخچەی نەکراوە هەرگیز دەقمان نەشێوا، ئێمە بەڕادەیەکی ئەوتۆ هاوشێوە بووین، تەنانەت کەس نەیدەتوانی جیاوازی لە نێوانماندا بکات. لێتان ناشارمەوە کە لە بواری ناوونیشانیشدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانماندا نەبوو. ئەگەر تاک و تەنیا بووینایە پێمان دەوترا کاغەز، بەڵام بە گشتی پێکەوە هەر هەمووومان ناومان دەفتەر بوو.

من لە نێوان ئەو سەد خوشکەدا لە هەمووان تەمەن کورتتر بووم، من لەوان دابڕام و ئەوانیش منیان بە لەنێوچوو و ونبوو دانا. لە خوشکە خۆشەویستەکانم جیا بوومەوە، ئیتر بۆ جارێکی تر چاوم پێیان نەکەوتەوە. چارەنووسی من وەهابوو کە لە تەمەنێکی کورتدا لە خوشکەکانم دابڕێم

و هەتـا هەتایـە بـۆ جارێکـی تـر چـاوم پێیـان نەکەوێتـەوە.

ڕۆژێـک لاوێـک بـە پەلەپـرووزێ هـات و هـەروەک ئـەوەی شـەڕ لەگـەڵ هەمووماندا بـکات، بـە دەستێکی لـەرزۆک یەخەمانی گرت و بـە تونـد و تیژییەکـی زۆرەوە ئـەم دیـو و ئەودیوی پێکردین، بەوپـەڕی هەڵەشـەیی و هەڵچوونـەوە کەوتـە تاووتووکردنمـان. زمانمـان نەبـوو بێینـە گـۆ و هـاواری بەسـەردا بکەیـن و ئـاگاداری بکەینـەوە کـە چیتـر بـەو ملهوڕییـەوە دەستمان بـۆ نەبات، ڕووی سـاف و بێگەردیشـمان نەلەوتێنێـت و بـەو شـێوەیەش لەکەدارمـان نـەکات. ئـەوەی لێـی دەترسـام و هەمیشـە چەکـەرەم لـێ دەکـرد ڕووی دا. بەدەستە لەرزۆکەکانی ئـەم دیـو و ئەودیـوی پـێ کردین و لەپـڕ دەستی بۆ درێـژ کـردم و لـە ڕەگوڕیشـەوە لەبنـا دەریهێنـام. بـەو شـێوەیەش لـە نـەوەد و نـۆ خوشکەکەم دووری خستمەوە و تووشـی غوربەتـی کـردم.

ئەگـەر زمانـم هەبووایـە هـات و هـاوار و ناڵـەم بـەرەو کەشـکەڵانی فەلـەک بـەرز دەبـووەوە. بێدەنگیـم هەڵبـژارد و نقـەم لـە خـۆم بڕی و قسـەم لـەزار نەهاتـەدەرێ. نەمدەزانی ئـەو لاوە هەڵچووە چیم بەسـەر دەهێنێت و چارەنووسم بـەرەو کوێ دەبـات. چـاوم لـێ بـوو کـە نـەک دەستەکانی، بەڵکوو هەمـوو ئـازای لەشی هەڵدەلەرزین، دەم و چاوە سـوور هەڵگەڕاوەکـەی بـێ وچـان ئارەقـەی دەردەدا. نیگەرانی و بێ ئۆقرەیی زۆر بە ئاسانی بـە ڕوخسـارییەوە دەبینـرا. لـە ناخـەوە هەسـتم بـەو ڕاستییە دەکـرد، کـە ئـەو لاوە شتێکی لـێ قەومـاوە و تووشـی گرفتێکـی ناهەمـوار بـووە، بۆیـە بـەو شـێوەیە شـپرزە بـووە و بـە تەواوەتـی ئارامـی لەبـەر بـڕاوە.

لەسـەر مێـزی ژوورەکەیدا منـی دانـا و بـە چـاوە سـوور هەڵگـەڕاو و ئۆقـرە لێبڕاوەکەیـەوە کەوتـە سـەیرکردنم. جـار و باریـش تنۆکێـک ئارەقـە لـە هەنیـەی بەردەبـووەوە و تـەڕی دەکـردم. بـە تونـدی قەڵەمـی بەدەسـتەوە گـرت و کەوتـە وێـزەم. قەڵەمەکـەی وەک خەنجـەر لـە نێـو دەست و پەنجـەی بـێ ئارامیدا هەڵدەلـەرزی. لەلایەکـەوە ڕق و کینـەم دەرهـەق بـە لاوەکـە هـەر لـە زیـاد بـوون و هەڵکشـاندا بـوو، لـە هەمـان کاتیشـدا بەزەییم بـە حاڵیـدا دەهاتـەوە. ڕەنـگ و ڕوخسـارە شـێواوەکەی نیگـەران و دڵتەنگـی دەکـردم. جاروبـار بـە هەناسەسـواری هەناسـەیەکی قووڵـی هەڵدەکێشـا و هەسـتم بـە گەرمیـی هەناسـەکەی دەکـرد. فرمێسـک لـە چاوانـی زابـوون و زۆری پـێ نەچـوو تـک تـک فرمێسـک بەسـەرمدا دابارێـن و زیاتـر تەڕیـان کـردم. بەدەسـت و پەنجـە لەرزۆکەکانییـەوە لەسـەر ڕووبـەرم دەسـتی بـە نووسـین کـرد. ڕاسـتییەکەی نەمزانـی چـی دەنووسـی و مەبەسـتیش لـە نووسـینەکەی چـی بـوو. ماوەیەکـی زۆر ڕامـا، پاشـان نووکـی قەڵەمـی لەسـەر سـینەم توندکـرد و هەرچییـەک لـە مێشـکیدا گینگڵـی دەخـوارد، هەمـووی بەسـەر منـدا هەڵڕشـت.

وەهـا دیـار بـوو خـەم و خەفـەت و پـەژارەی دڵ و دەروونـی خـۆی بـە مـن بڕێژێت، هەموویشـی لـە دووتوێـی منـدا تۆمـار بـکات. بـۆ ماوەیەکـی زۆر پیشـی خـواردەوە و بەوپـەڕی هەڵچـوون و شـپرزەییەوە کۆمەڵێـک ڕاز و نیـازی ناخـی خـۆی خسـتە سـەر ڕوخسـارە سـپی و بـێ گەردەکـەم. هەرگیـز نەمزانـی چـی نووسـی و چ پەیامێکیشـی دارڕشـت. هـەر بـە تەنیـا ئەوەنـدە ئـاگادار بـووم کـە لاوەکـە لـە ناخـەوە دەکوڵا و ئێـش و ئـازار و ئەشـکەنجەی دەچەشـت، منیـش لـە ژێـر نووکـی قەڵەمـە تیژەکەیـدا بـێ وچـان ئاهوناڵـەم بـوو.

لـە ئاسـتی خۆمـەوە هەسـتم بـە ئێش و ئـازاری ئەویش دەکرد و دڵـم پێـی دەسووتا، لـە هەمـان کاتیشـدا ڕق و کینـەم دەرهـەق بـە ڕەفتـاری هـەر لـە زیادبوونـدا بـوو، بـەڵام ئـەو خـۆی بـێ باکانـە و بـێ بەزەییانـە نووکـی قەڵەمـی لـە جەسـتەی ناسـک و سـپیی مـن گیـر دەکـرد. جاروبـار پشـوویەکی دەدا و هەڵوێسـتەیەکی بـۆ دەکـرد، تـا سـەرلەنوێ بکەوێتـەوە نووسـین و هەڵڕشـتنی داخـی دڵـی خۆی بەسـەر منـدا. سـەرەنجام ئاهێکم هاتەوەبـەر و کێشـەکەم کۆتایـی هـات و لاوەکـە لـە کارەکـەی بـووەوە و کۆتایی بـە نووسینەکەی هێنـا. کێشـە و ململانێـی بـێ وچانـی ژیـان و بـوون وەهـا دیـارە کۆتایـی پـێ نایـەت، بـەو ئاسانییەیش گرفـت و تەنگوچەڵەمـەکان سـەرنگوم نابـن. زۆری پـێ نەچـوو لاوەکـە هـەروەک ئـەوەی دوژمنێکـی کەوتبێتـە بەردەسـت پەلامـاری دام، بەهەمـان خەسـڵەتی پێشـووی ڕەفتـاری لەگەڵـدا کـردم، بـە توندوتیژییەکـی زۆرەوە قـەدی کـردم و منـی بـێ چارەی ئاخنییـە نێـو گیرفانـی خۆیـەوە، ئیتـر بـەو شـێوەیەیش کەوتمـە نێـو دنیـای تاریـک و نووتەکـەوە.

کاتێـک بـۆ جارێکـی تـر چـاوم بـە ڕووناکـی کەوتمـەوە، خۆمـم لـە نێـو فەرمانگەیەکـی میریـدا بینییـەوە. لاوەکـە منـی بـە توندی بەدەسـتەوە گرتبـوو. چەنـد کەسـانێک دەهاتـن و دەچـوون، یـان خۆیـان بـە ژوورەکانـدا دەکـرد. لاوەکـە لـە کابرایەکـی بەساڵداچوو نزیـک بـووەوە کـە لەبـەر دەرگەیەکـی دەزگەکـەدا کارمەنـد بـوو. هـەردووک کەوتنـە دەم و دوو. لـە سـەرەتاوە بـە چـاک و چۆنییـە گەرمەکەیانـەوە دیـار بـوو کـە ئاشـنای یەکـدی بـوون و پێشتر یەکدییان دەناسـی. گوێـم لـێ بـوو لاوەکـە پرسیاری ئاراسـتەی ئـەو کابرایـە کـرد و گوتـی:

- داخۆ ئێستا لە ژوورەکەیدایە؟

- بەڵێ.

- کەسی لەلا نییە؟

- نەخێـر، بـە تەنیایـە و لەسـەر کورسـییەکەی خۆی دانیشـتووە. کۆمەڵـە کاغەزێکی لەبەر دەستە و تاووتوویـان دەکات تـا بەڕێیـان بخـات. ئەگـەر حـەز دەکەیـت بچیـت بـۆلای، ئـەوە دەرگەکـەی کراوەتـەوە.

- نەخێـر نامەوێـت وەک ئـەو هەمـوو ماوەیـەی پێشـوو چیتـر سـەردانی بکـەم.

- گوایە بۆچی کار گەیشتە ئەم بەربەستە؟

- دەتوانیت لە خۆی بپرسیت..!

- ڕاسـتییەکەی مافـی ئـەوەم نییـە، بـە تەنیـا مـن بـرای مەسـڵەحەتم و هیچـی تـر. ئێسـتا پێـم بڵـێ چیـت دەوێـت؟

- دەمەوێت ئەم پارچە کاغەزەی بدەیتە دەست.

- هیوادارم بمبەخشیت و ئەم کارەم پێ نەسپێریت.

- تکات لێ دەکەم ئەم کارەم بۆ جێبەجێ بکە.

- گوایـە بۆچـی خـۆت ناڕۆیـت و کاغەزەکەتـی بدەیتـە دەسـت؟

- هـەروەک پێـم گوتیـت کار لـەکار تـرازاوە، ئەمەیـش دوا داواکاری و ڕاسـپاردەی منـە.

ئەنجام کابـرای بەردەرگـە دڵـی نـەرم بوو، منیش لـە دەسـتی لاوەکـە دەرچـووم و کەوتمـە دەسـتی کابـرای خزمەتگـوزاری بـەر دەرگەکـە. کوڕەکـە بەڕێـی خۆیـدا ڕۆیشـت و کابـرای کارمەندیـش بـە سسـتی هەنـگاوی نـا، منـی گەیانـدە نێـو ژوورەکـە و گەیاندمییـە دەسـتی خانمێکـی جوانکیلـە، کـە بەغەمبارییـەوە بەسـەر کورسـییەکەیەوە بەرانبـەر بـە چەنـد کاغـەز و دۆسـێیەکی سـەر مێزەکـەی دانیشـتبوو. خانمەکـە بەدەسـتە نەرمەکانـی بەوپـەڕی میهرەبانـی و دڵسـۆزییەوە منـی ئـەم دیـو و ئەودیـو کـرد، بـەڵام دڵـی نەپووشـکا

یەکالآم بکاتەوە و دێڕەکانی قەد و قامەتم بخوێنێتەوە. ئێستا بۆم دەرکەوت کە من دەوری پەیامێکم گێڕاوە، کە لە لاوێکی بێ ئارامەوە بۆ خانمێکی هێمن و ئارام ڕەوانە کراوم. بەو شێوەیەیش کارێکم کردووە کە بە هیچ ئەندازەیەک ویست و ئیرادەی خۆمی تێدا بەدی نەکراوە. خانمەکە بۆ چەند جارێک دەستی پێدا ساویم و هەر بەقەدکراوی هێشتمییەوە. هەرگیز نەمتوانی مانای ڕەنگ و ڕوخسار و هەڵچوون و داچوونی ناخی بەدی بکەم. بۆ ماوەیەک بە تاساچوو، وەک ئەوەی چەند بیرەوەرییەکی یاد کەوتبێتەوە. لەپڕ لە دەرگەی ژوورەکە درا و چەند کەسێک هاتنە ژوورەوە، ئەویش هاتەوە سەرخۆی و نیگای ئاراستەی ئەو کەسانە کرد. بە پەلەپروزێ هەر بەقەد کراوییەکەی خۆمەوە خستمییە نێو جانتا دەستییەکەی تەنیشتییەوە. سەرلەنوێ کەوتمەوە نێو تاریکییەوە.

لەپڕ بە ڕووناکی ئەو دوانیوەڕۆیە شاد بووم. دڵ و دەروونم گەشایەوە و لە تاریکی ڕزگارم بوو. نەمزانی لەنێو تاریکیی جانتاکەدا چەند سات و کاتم بەسەر بردبوو، بە تەنیا هەر ئەوەندە دەزانم کە لەنێو جانتا دەستییەکەی دری هێنام و لەنێو دەست و پەنجە نەرمەکانیدا جێگیری کردم. زڕەی بازنگە زێڕەکانی دەست و مەچەکی ئاوازێکی خۆشیان دەدایە بەر گوێم. بە قەراغ جادەکەدا دەڕۆیشت و جانتا بچووکەکەیش بەشانییەوە تەکەی دەهات. بێ پەروا منی ئەم دیو و ئەودیو دەکرد، وەها دیاربوو کە لە کاری ئەو ڕۆژەی فەرمانگەکەی بووبووەوە. هەورێکی تەنک ڕووی ئاسمانی داپۆشیبوو. بەردەوام ئۆتۆمۆبیل بەسەر شەقامەکەدا دەهاتن و دەچوون. تاک و تەرایش خەڵکی بەسەر شۆستەکەوە بە تەنیشتمانەوە ڕێگەیان دەبڕی. بایەکی سارد دەهات و بە ڕوومانددا دەپژا. لەگەڵ هەنگاوەکانیدا منی یەکالآ کردەوە. ڕوخساری شیرینی ئاراستەم کرد. بە چاوە ڕەشە گەشەکانییەوە کەوتە سەیرکردنی دێڕە نووسراوەکانی قەدی من. بەردەوام ڕێی دەبڕی و لە پردی خەباتی سەر خاسەی بەرانبەر قەڵا نزیک بووەوە. بەدەنگێکی نزم کەوتە خوێندنەوەی دێڕە نووسراوەکانی قەدی من:

(سەڵاوێک لە دڵێکی گەرمەوە بۆ دڵێکی ساردوسڕ..

خانمی بەڕێزم سەرەتا پیرۆزبابیت لێ دەکەم. هیوای دوارۆژێکی سەرکەوتووی پڕشنگدارتان بۆ دەخوازم. پیرۆزبایی لە خۆشی و شادیی نێوان تۆ و مارە لێبڕاوەکەت دەکەم. منی دڵشکاو و دەروون ڕووخاو، پەشیمانی خۆمت بۆ دەردەبڕم سەبارەت بەو ماوەیەی کە بەدڵسۆزی و نەزانی و ساویلکەییەوە گیرۆدەی خۆشەویستیت بووبووم. نامەوێت درێژە بە قسەکانم بدەم، یان هەموو داخ و کەسەری دڵی خۆمت بۆ هەڵبڕێژم، بۆ ئەوەی هەموو هەست و هۆشمت بە تەواوەتی بۆ یەکالآ بکەمەوە، چونکی باش دەزانم کە تۆ لە گڕی ئاگر و بڵێسەی ناخم بێ ئاگا و بێ خەبەریت.. ئیتر بەو هیوایەی کە بتوانم یادەوەریت لە دڵ و مێشکمدا بسڕمەوە. بۆ جارێکی تریش هەرگیز چاوم بە چاوت نەکەوێتەوە و ببڕای ببڕ نەتبینمەوە.. لە کۆتاییدا بە تەنیا یەک داواکاریم لێت هەیە، تکایە بۆمی جێبەجێ بکەیت، ئەویش ئەوەیە ئەم نامەیەی من بە گڕی ئاگر بسووتێنیت و خۆڵەمێشەکەی بدەیتە بەر ڕەشەبا و سەرنگومی بکەیت.. ئیتر سپاس و بۆ هەتاهەتایێ ماڵئاواییت لێ دەکەم..)

خانمەکە لە خوێندنەوەی ئەو دێڕە نووسراوانەی

قەدی من بووەوە. گەیشتە نێوەڕاستی پردەکەی سەرخاسە، هەڵوێستەیەکی بۆ کرد و بە تەنیشتی چەند منداڵێکەوە وەستا، کە بەسەر پردەکەوە سەیری ئاوی هەڵچووی نێو خاسەیان دەکرد. ئاوە لێخنەکە لەژێر پردەکەدا شەپۆلی دەدا، بەخێرایی بەرەو خوار دەبووەوە. وەها دیاربوو لە سەرەوە بارانێکی زۆر باریبێت. کزەبایەکی سارد لە نێو خڕی خاسەوە هەڵیدەکرد و دەم و ڕووی من و خانمەکەی دەتوزاندەوە. کۆمەڵێک مەل و پەلەوەر بە ئاسمانی سەر ئاوەکەوە هەڵدەفڕین و ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد. خەم و پەژارەیەکی زۆر دایگرتم. ئەو لاوە هەڵەشەیە داوای لە خانمەکە کردووە کە بمسووتێنێت، پاشانیش خۆڵەکەوەکەم بدات بە دەم ڕەشەباوە..! داخی گرانم بۆ ئەو چارەنووسە ڕەشەی کە چاوەڕوانیم دەکات.. بۆچی منی سپی پۆش و بێگەرد بەو شێوە دڵتەزێنە کۆتایی بە ژیانم بێت !؟ گوایە دەشێت من لەم نێوەندەدا خۆم لە دەست بدەم و ببم بە قۆچی قوربانی.!؟ ئایا دەبێت تاوانی من چی بێت تا بەم شێوە ناڕەوایە بە ناهەق سزا بدرێم..!؟ ئای لەم بەدبەختی و چارەڕەشییەی خۆم و لەو ڕۆژە ڕەشەی کە تێی کەوتووم.. داخۆ بۆچی چارەنووسم وەهابوو کە ببم بە نامەی دڵداری، یان نادڵداری و ئاکامەکەم سووتاندن بێت.!؟ بۆچی نەبووم بە چەکێکی پارە و خەڵکی بمخەنە سەر دڵیان..!؟ گەرچی دەنگم ناگاتە گوێی کەس، بەڵام دەبێت هەر ئاهونالەم بێت و بۆ بەختی ڕەشی خۆم بکرووزێمەوە.

ئەوەتا خانمەکە بە تەنیشتی منداڵە وردەکانەوە وەستاوە. بایە ساردەکەیش بێ وچان خۆی پێمدا دەکێشێت و جەستەم دەخاتە لەرزین. بەردەوام خانمەکە لە پەرژینی لێواری پردەکەوە دەڕوانێتە ئاوە هەڵچووە لێخنەکەی نێو خڕی خاسە، کە بەردەوام وەک دڵی عاشقان شەپۆل دەدات، سەرشێتانە بەرەو نادیار دەڕوات. ئای.. ئای.. ئای.. ئەوەتا خانمەکە بە تووڕەیی و توندوتیژییەکی زۆرەوە لوولی دام و لە نێو لەپیدا گرمۆڵەی کردم. دەستی هەڵبڕی و بۆ نێو شەپۆلە لیخنەکانی خڕی خاسەی تووڕ هەڵدام..! بەڕێی خۆیدا بەسەر پردەکەدا بەرەو ماڵی خۆیان تێی تەقاند..!

کەوتمە نێو شەپۆلی لافاوی ژێر پردەکەوە.. ئەی هاوار بە فریام بکەون خنکام.. خنکام.. خنکام.. م... م...

**نەپووشکا: ئەم وشەیە لە کەرکووک بەکاردێ، وشەیەکی کوردیی ڕەسەنە، بە واتای (ڕێی بەخۆی نەدا، دڵی ڕێی نەدا) دێت.**



# خەڵات قەدەغە کرا

**باهۆز مستەفا**

دوو کاتژمێر دوای تەواو بوونی ڕێوڕەسمی خەڵات بەخشین، پۆلیس بە ناو هۆڵی بۆنەکان و دەوروبەری بڵاوبووەوە، خاوەن هۆڵ و سەرۆکی دەزگای خەڵات و دیزاینەری خەڵاتەکەی دەستگیر کرد، هەروەها ئەوەی پێشکەشی کرد، لەگەڵ هەموو ئەوانەش کە لە دابەشکردنی خەڵاتەکە بەشداربوون بانگهێشتی دادگا کران.

بەڕێوەبەری کولتووری شار کە پێشنیازی ئەو نووسەرەی کردبوو، ئەویش ڕاپێچ کرا.

نووسەری دیار و ناسراوی شار لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەژێر نەشتەرگەری بوو، دنیایەک خەڵک لە بەردەم ژووری نەشتەرگەری و پێش دەرگای نەخۆشخانە بۆ بیستنی هەواڵێک وەستابوون.

ژنی نووسەری گەورە، دوای ئەوەی وتەی خۆی بە پۆلیس دابوو، بە دەستی بە خوێنەوە قسەکانی بۆ ڕۆژنامەنووسان دووبارە دەکردەوە.

دادوەرێکی باڵا بەرز، بەخێرایی هاتە ژوورەوە، دوو دادوەریش کە لە خۆی کورتتر و پیرتر بوون، دوای کەوتبوون، لەناوەڕاستی مێزەکە وەستا و دوو دادوەرەکەش هەریەکە چوونە لای ڕاست و چەپی دانیشتن.

**دادوەر:** باشە ئێوە چۆن دڵتان دێ وا لە خانەوادەیەک بکەن، کە پەنجا ساڵ زیاتر خزمەتی کولتوور و زمانی ئەو نەتەوە ماندوو و بێکەسە دەکات، کەستان نەدۆزییەوە ئەو پیاوە نەبێ، ئەوە

عەللامەیە عەلامە.

یەکێک لە داواکراوەکان گوتی: گەورەم هەڵەیەک لەو بابەتەدا هەیە، ئێمە کەسانی دیاری ئەو شارەین، نازانم بۆ بانگ کراوین، پێوەندیمان بەهیچ ڕووداو و کێشەیەکەوە نییە!

**دادوەر:** هههه جوانە، هەروا بە سادەیی، جەنابی نازانم ناوی چیت لێ بنێم، پێتوایە ئێمە لەخۆڕا داوای خەڵک بۆ دادگا دەکەین؟ کارێکی ئەوەندە خراپت نەکردییە کەس بزانی!

بەڕێوەبەری کولتووری شار دەستی بەرزکردەوە: گەورەم، نازانم ئێوە من دەناسن، یان نا، بەڵام جەنابت باش دەناسم، پیاوێکی یەکسان و ڕاستگۆی لە بڕیار و فەرمانەکانتدا، بەڵام ئەمڕۆ تێ نەگەیشتنێک هەیە، دەنا مامۆستا و هونەرمەندێکی وەک من لێرە بەو شەوە چ دەکات، خەڵک بزانێ پیاو حەیاشی دەچی؟

کە دادوەر گوتی مامۆستا باش دەتناسم.

مامۆستا تۆزێک گەشایەوە و هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا.

هەر بۆیەش بانگی هەمووتانم کردووە مامۆستا، چونکە دەمەوێت مافی ئەو نووسەرە گەورەیە و خانەوادەکەی بەفیڕۆ نەڕوات و کەس نەتوانێ غەدر لە کەس بکات!

هەموو داواکراوەکان بە سەرسوڕمانییەوە سەیری یەکتریان کرد. خۆتان پێ شارەزا و ڕۆشنبیر نەبێ، زۆرجار هەڵەکانی ئێوە گەورەترە لە هەڵەی نەزانێک، بە تایبەتی لەم جۆرە دۆسیانە، بە هیچ شێوەیەک ناتوانم چاوپۆشی، یان کارئاسانیتان بۆ بکەم، چونکە ژنەکەی بە ڕوونی هەموو شتێکی دەربارەی ئەو ڕووداوە خستووەتەڕوو، ئیتر ئەوە ناشاردرێتەوە، بۆ ئەو بابەتە قسەم لەگەڵ والی شاریش کردووە، گوتی بڕیار لای یاساناس و دادگایە، خۆشبەختانە من هەموو بەرهەمەکانی ئەو پیاوەم خوێندووەتەوە، جگە لە ئیستێتیکا و زمانێکی جوان و پاراو، هیچی دیکەی نەنووسییە، هەروەها جگە لە کاری باش و خزمەتی کولتوور، شتێکی دیکەی نەکردییە! بۆ واتان لەو پیاوە کرد.

بەڕێوەبەری دەزگای خەڵات، دەستی بەرزکردەوە و هەڵسایە سەر پێ: جەنابی حاکم ئێوە گەورەن، بەڵام تا ئێستا ئێمە نازانین بۆچی بانگ کراوین و چیمان کردییە، ئەو هەموو ڕۆشنبیرەت لێرە خڕکردیتەوە، خۆ زەلاممان نەکوشتییە؟

**دادوەر پێکەنی:** جەنابی بەڕێوەبەر، دیارە پێتوایە ئێمە بۆ گاڵتە ئەو هەموو پۆلیس و کارمەندەمان بە دواتان ناردووە، ڕەنگە فشەت بە ئیشی ئێمە بێ؟

باشە پێش ئەوەی بڕیارەکە بخوێنمەوە، دوو پرسیارتان لێ دەکەم: مامۆستا (ع.ج.ج)ی دەناسن؟ هەموو بە یەکەوە بەڵێ ئەی چۆن، ئەمڕۆ خەڵاتمان کرد.

ئەی خێزانی مامۆستا (ع.ج.ج) دەناسن وا نییە؟

بەڵێ بەڵێ.

کەواتە ئێوە هەمووتان بەشداربوون لە بەخشینی ئەو خەڵاتە بە مامۆستا؟

هەموویان بەیەکەوە: بەڵێ.

زۆرباشە، بە پێی ئەم ڕاپۆرتەی کە لەلایەن پۆلیس بۆمان هاتووە، وتەی خێزانی مامۆستا (ع.ج.ج)ـە لەگەڵ وتەی کچەکەی، بەڵام مامۆستا خۆی بە هۆی سەختی برینەکانی نەیتوانیوە وتە پێشکەش بکات.

هەروەها ئێوە ئەو خێزانە دەناسن کە ئەمڕۆ خەڵاتتان کردووە.

**ناوەڕۆکی ڕاپۆرتی پۆلیس، وتەی کارمەندان:**

مامۆستا کاتژمێر پێنج و نیو عەلاگەیەکی

قورسـی بەدەسـتەوە بـوو، زۆر هیـلاک و مانـدوو ڕۆیشـتە دەرەوەی هۆڵەکـە.

پاسـەوانی بـەر دەرگا: مامۆسـتا کاتژمێـر پێنـج و سی و پێنـج خولـەک سواری تاکسـی بـوو.

**ژنەکـەی:** کاتژمێـر شـەش لـە دەرگا درا، دەرگام کـردەوە پیاوەکـەم بـوو، زۆر بێتاقـەت دیـار بـوو، گوتـم چـی بـووە؟ گوتـی هیـچ نییـە، کەمێـک لـەو هەراوهۆریایـەی خـەڵات و مەڵاتـە هیـلاک بـووم، بـەس دەڵێـم خـوا بیانگـرێ بـەلاش خەڵکـی لـۆ مانـوو دەکـەن. دەچـم ئـەو شووشـەی لـە ژووری سـەرەوە دادەنێـم و دێمەخـوارێ. چووینـە ژوورێ، تـا بـەردەم قادرمەکـە، پیاوەکـە هـەر خەریکـی کردنـەوەی عەلاگەکـە بـوو، سـەرکەوتە سـەرێ، وەختـەک لەگـەڵ دەنگـی شـکانی شووشـە ئـاوڕم دایـەوە، دەبینـم پیاوەکـەم بـە تەقلـە لـە قادرمـەی دێتەخـوارێ، هـەر ئەوەنـدەم زانـی یـەک دوو پارچـە شووشـەم بـە دەسـت و پەنجـەکان کـەوت، پیاوەکەشـم هەمـوو لەشـی خوێـن بـوو، بەسـەر شووشـەکان بەربووبـووە، لـەو کاتـەدا گوێـم لـێ بـوو پیاوەکـەم دەیگـوت: بـرێ ئـەو شووشـە حیزە چ بـوو! قـوڕی بەسـەرم کـرد.

**کچـەی مامۆسـتا:** کـە دایکـم قیـژەی لـێ هەسـتا، غـارم دا کچـە یـەک ساڵانەکەشـم لـە بـاوەش بـوو، هـەر کـە گەیشـتمە لایـان، پارچـە شووشـەیەکی ئەسـتوور لـە بنـی پێـم ڕاچـوو، یەکسـەر بەربوومەوە، کچکـەم لەدەسـت بەربـووەوە.

مامۆسـتا (ع.ج.ج) هـەردوو دەسـت و قاچێکـی شـکاوە و دەموچـاوی بـە سـەختی بریندارببـووە.

ژنـی مامۆسـتا، هـەردوو دەسـت و پەنجەکانـی برینـدار بـووە.

کچـی مامۆسـتا دەمـاری سـەرەکی پێـی ڕاسـتەی برینـدار بـووە و تووشـی خوێنبەربـوون بـووە.

نـەوە یـەک سـاڵانەکەی مامۆسـتا دەسـتی چەپـی شکاوە.

بەپێـی یاسـا ئێـوە هـۆکاری ڕوودانـی ئـەو کارەسـاتەن، چونکـە خەڵاتێکـی شووشـەی عـادی بێ بەهاتان داوەتە مامۆسـتا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی لایەنـی مەترسـی ئـەو شووشـەیە.

بۆیـە بڕیارمـان دا کـە هـەر یەکەتـان بـە پێـی پلـە و کارەکـەی بەرپرسـیارەتی هەڵدەگرێـت: بەڕێوەبـەری کولتـووری بـە پێنـج ملیـۆن دینـاری عێـراق و سـێ ڕۆژ زینـدان سـزا درا، تـا دەرەنجامی پشـکنینەکانی مامۆسـتا دەردەچـن، بـە کەفالـەت ئـازاد دەکرێـت.

بەڕێوەبـەری دەزگا بـە پێنـج ملیـۆن و سـێ ڕۆژ زینـدان تـا دەرچوونـی دەرەنجانـی پشـکنین، بـە هەمـان شـێوەی بڕگـەی سـەرەوە.

ئەوانـەی دیکـە لەبـەر ئـەوەی بڕیـاردەر نیـن، تەنیـا بەشـدارن، بۆیـە سـزاکەیان سـووکترە هـەر یەکەیـان بـە سـەد و پەنجا هـەزار دینـار و پڕکردنـەوەی بەڵێننامـە کـە جارێکـی دیکـە ئـەو کارە دووبـارە ناکەنـەوە، هەروەهـا لەمـەودوا بەخشـینی خەڵاتـی شووشـە قەدەغـە دەکرێـت.



# سووتان لە نێو دۆزەخی نەبوونیدا

هیوا پشتیوان

هـەر ئۆتۆمبێلێکـی ڕەنـگ ڕەش دەبینـم، چۆکەکانـم لـەرز دایاندەگرێـت، هـەر ڕێبـواریێ چاوەکانـی لـە «ئـەو» دەچێـت، تـرس دەخاتـە بوونمـەوە، تـف لـە خـۆم و ئـەو ماتـۆڕ و کەلوپەلانـەش دەکـەم، تووشـم بـە تووشـی ئـەم هەسـتە نامۆیـە دەکـەن، پـارە هەبووایـە ئاخـر مـن چ کارێکـم بـەم هەمـوو ترۆهاتـەدا بـوو؟ پـارە هەبووایـە لـە جیاتـی گرتنـی سوکانی ماتۆڕەکـەم، دەسـتی «ئـەو»م دەگـرت و تـا دواسـنووری دڵخۆشـی، دڵخـۆش دەبـووم، پـارە هەبوایـە لـە جیاتـی ئـەوەی، بـەم ساردی زستانە لەسـەر شـەقامەکان ڕابوەسـتم؛ وڵات بـۆ وڵات دەگـەڕام و تفـم لـە هەرچـی شـەقامی دنیایـە دەکرد. ئاهـی چەنـد خەیاڵپـڵاوم، تـازە پـارە نەبـوو و «ئـەو» نەمـا، ژیـان و دڵخۆشـیش نەمـا.

سـەیرێکی تایـە قوڕاوییەکـەی ماتۆڕەکـەم دەکـەم، ڕێـک دەڵێـی منـم، کۆڵێـک خەمـی ژیـان لەسـەر شـانم، ژیانیـش بـێ ویـژدان، هـەر دەڕوا و قوڕاویتـرم دەکات!

ئۆتۆمبێلێکـی ڕەنـگ ڕەش ڕایدەگرێـت، چۆکەکانـم لـەرز دایاندەگرێـت، جامەکـەی دادەگرێـت، ئافرەتێکـی خانەدانـە! چاوەکانـی لـە «ئـەو» دەچێـت، تـرس دەخاتـە بوونمـەوە! لـە ژێـر ماسـکەوە نایناسـمەوە، لـە دڵـەوە دەڵێـم: (ئەگـەر «ئەو»یـت و ئەگـەر «ئەو»نیـت، نـزات بـۆ دەکـەم، لـە هەرچـی پەتایـە بەدووربـی) دەزانـن تـا ئێسـتا، جگـە لـە «ئـەو» نـزام بـۆ کچـی هیـچ شـار و هیـچ وڵاتێـک نەکـردووە، وەلێ چاوەکانـی؛ منیـان بـردەوە یادی ئـەو ڕۆژەی لـە زانکـۆ، چاوەکانـم نوقـم کـردە چـاوی «ئـەو» و پێـم گـوت: «لـە پـارە بـم، ڕێگـەم پـێ نـادات! ئەگـەر نـا هـەر لێـرە، هـەردوو پێڵـووی چاوتـم مـاچ دەکـرد.»

خاتوونی نێو ئۆتۆمبێلەکە، بە کۆکەیەکی وشک بە ئاگام دەهێنێتەوە و بە دەنگێکی ناسکەوە دەڵێت: «کاکە گیان، دوو فانتا و ئاوێکم بدەرێ» دەنگی خاتوونی شۆفێر ناسراو نییە، «ئەو» نییە، نامەوێ چاو لە چاوی بتۆرێنم، وەلێ ناچارم، بەرەو ماتۆڕە سێ تایەکەم دەچم، لەسەر ڕەفەی پشت ماتۆڕەکە، دەستم دەخەمە سەهۆڵاوی نێو تەپەدۆرەکە، بۆ فانتاکە دەگەڕێم، دوو دانە لە فانتا و ئاوێکی بۆ دەهێنم، دەیدەمە دەستی، دەستم بەردەستەکانی دەکەوێت، ئاخێک هەڵدەکێشم و دەڵێم: (ئەفسووس، بۆم نەلوا بۆ جارێکیش بێت، دەستم لە نێو دەستەکانی «ئەو»دا بخەوێنم.) پارەکەم بۆ ڕادەگرێت، پێی دەڵێم: «لێی بگەڕێ، خاتوونی جوان!» پێم دەڵێت: «وەری بگرە ڕسقی خۆتە!» نەموێرا بپرسم: «ئەی ڕسقی دڵم چی؟»

دەگەڕێمەوە، لەسەر پارچە بلۆکی بەردەم ئاگرەکە دادەنیشم، ئاگری نێو تەنەکەکە کزبووە. هەڵدەستمەوە، سندووقێکی پلاستیک دەهێنم و دەیخەمە نێو تەنەکەی ئاگرەکەوە، ئاگرەکە گەش دەبێتەوە، سندووقەکە هێدی هێدی دەتوێتەوە، خۆم وەک سندووقەکە دێتە بەرچاو، چۆن لە نێو دۆزەخی نەبوونیدا دەسووتێم، چۆن دەتوێمەوە، خۆم دەبینم وا دەسووتێم، پێویستم بە دەستێکە ڕزگارم بکات، دەتوێمەوە! دەستێک نییە ئەو بەشە ساغەی کە ماومە دەری بهێنێت و بهێڵێ تۆزێکیش بێت لە بوونم بمێنێ و تەواو نەبم! دەستم دەخەمە نێو ئاگرەکەوە، ئەو بەشە ساغەی کە لە سندووقەکە ماوە دەردێنم، دەستم دەسووتێ، ڕوو دەکەمە سندووقە نیوە سووتاوەکەی بەردەمم و دەڵێم: «خۆزگە کەسێکیش دەستی خۆی بسووتاندبا و نەیهێشتبا، وا لە نێو ئەم تڕوهاتەی دنیادا بسووتێم».



# ڕوویێ دن

دلۆڤان چەتۆ
(قامشلۆ)

د ڕۆژا سێیەم دە دایکا حەسەن و هەردوو کەچکێن خوە ل گەل مالباتا کو ئەو پێشوازی کرن، لسەر سفرەیا فراڤینێ کۆم بوون، بەری تێر بخوە جارەکە دن ب گری ژ سەر خوارنێ ڕابوو و بەرێ خوە دا ئودەیا خوە.

خانما مالێ ژی دەڤ ژ خوارنێ بەردا و ل پەی چوو، ل کێلەکا وێ روونشت، دەستێ خوە دسەر سەرێ وێرە بر و ئانی و چەند گۆتنێن  دلخوەشیێ دانێ.

کەچا من ژ ڕۆژا ون گهشتنە مالا مە و ئەڤ حالێ تەیە، تو گری بەتال ناکە، خویایە برینێن تە کوورن و ژبەر ولۆ ژی من گۆت بەرە چەند رۆژ دەرباس ببن، هنەکی خوە رەحەت بکن، پاشێ ئەزێ پرسا حالێ وە بکم، و بزانم بێ چیرۆکا وە چیە.

بزانە ئەز و هەڤژینێ من ژی ئەم وە مینا زارۆکێن خوە دبینن، ون کەتنە تۆر و بەختێ مە، ژ ئیرۆ پێڤە ئەم مالباڤا تەنە، و خوەدێ بێ ئەرێ ئەمێ وە خوەدی بکن تا ڕەوش زەلال ببە و خوەدێ فەرەهیەکێ بشینە.

پشتی بێهنا دایکا حەسەن فەرەهـ بوو،چیرۆکا دەرکەتنا خوە ژ تاخا بابا ئەمروو ژ خانمێ رە گۆت.

وە بهیست و وە دیت ژی بێ چاوا خەلکێن حمسێ پشتگریا زارۆکێن دەرایێ کرن و دەرکەتن

خوەپێشنادانان و ل جادە و کۆلانان ب شەڤ و ڕۆژ کۆم دبوون.

پشتی چەند مەهان شەڤەکێ ئەم ل دەنگێ تۆپ و گولەیان شیار بوون، ژبەر توندیا دەنگێ تۆپان ترسەکە مەزن کەتە هناڤێن مە، مەزن بەری زارۆکان ترسیان، خەو ژ چاڤان ڕەڤیا و گولە مینا بارانێ بسەر تاخێ دە دهاتن خوار.

ئەم د وێ ترسێ دە مان تا ڕۆژ هلات، لێ خوەسکا ڕۆژ نەهلاتبا و مە ئەو دیمەنێن خەراب نەدیتبا...

خانمێ پەیالەک ئاڤ ژێرە ئانی و نەما پرسا تشتەکی ژێکر.

سەرەدەریا مالباتێ ب دایکا حەسەن و زارۆکێن وێرە د ئاستەکە پر مەزن دەبوو، خوەدیێ مالێ ژ خانما خوەرە دگۆت، زارۆکێن مە ل ئالیکی و مێڤانێن مە ل ئالیکی، بەرە چاڤێن تە لوان بە هەتا خوەدێ فەرەجەکێ بینە.

دایکا هەسەن ژی ئەڤ یەک ب چاڤێن خوە د دیت و ئەو سەدەمەک بوو کو هنەکی فشار لسەر کێم دبوو.

ڕۆژەکێ خانمێ ژ دایکا حەسەن پرسی، چ بەلا تەیە کەچا من، ئەز دبینم ڕەوشا تە تەڤلیهەڤە، کەسەک ژ مالێ هەیە کو ئاستەنگیان ژ تەرە چێدکە، داخوازن تە هەنە و تو فەدی دکە ژمەرە ببێژی، دلێ خوە ژمنرە ڤەکە، ئەز ژی مینا دایکا تەمە.

مێڤانا بازدایی د ناڤا خوەدە دگۆت، بێ چقاسی کولا من گرانە، بێ چقاسی برینا من کوور و دژوارە، بسەردە ژی ئەز کەتمە ڕەوشەکە زەحمەت دە، ئەز د ترسم پرس بکم و د ترسا خوە ڤە دەرکەڤم!

خوەدایێ تو ئالیکاریا من بکی، تشتێ کو ئەز ژێ د ترسم نە ڕاست بە، هەما بەرە ئەڤ داخوازا من بجی ببە.

دایکا حەسەن دلێ خوە ژ خانمێ رە ڤەکر و گۆت:

بەری ١٥ سالان ئەز ب باڤێ حەسەن رە زەوجیم، خوەدێ پشتی ٢ سالان حەسەن دامە، کێفەکە مەزن دەرباسی ژیانا مەبوو، ڕۆژ، شەڤ، مەهـ و سال زوو زوو دەرباس دبوون، چقاسی زەحمەتیێن ژیانێ هەبوون ژی، لێ هەبوونا حەسەن د ژیانا مەدە ئەو زەحمەتی د هلوەشاندن و لسەر مە سڤک دکرن.

حەسەن مەزن بوو، مە ئەو شاندە گولیستانا زارۆکان ، فێری گەلەک تشتان بوو، موزیک زمانێ ئینگلیزی، لەیستۆک و وەرزش.

پاشێ ئەڤ هەردوو کەچک ژی چێبوون، تەنێ مرنا خوەدێ ژمە کێمبوو.

نزانم چما هەر و هەر ترسەکە ڤەشارتی د هناڤێ من دە هەبوو، هەرجارەکە کو شاهیەک یانژی مە کێفەک ژ زارۆکێن خوەرە دکر، وێ ترسێ خوە ژ قونجکا دلێ من دەردخست و ئەز د لەرزاندم،مینا کو ژمنرە ببێژە ئەڤ کێفخوەشی ناچە سەری!

مخابن ئەو دێوێ گەفخوار سۆزا خوە برە سەری، ئەو کێف و خوەشی لایقی مالباتا من نە دیت، د هەیاما ڕۆژ و شەڤەکێ دە ژیانا مە تەڤلیهەڤ کر، ڕۆناهیا د ژیانا مەدە کرە ڕەشای، بوهارا مە کرە زڤستان.

خانمێ خوەست هنەکی ناڤبەرەکێ بدە مێڤانا خوە، چوو قەهوەیەک چێکر و ئانی لبەر دانی و ژێرە گۆت:

کەچا من ئەز دزانم بێ چقاسی زەحمەتە کو هەر تشت د کێلیکەکێ دە ب هەرفە، هلوەشە، و دزانم ژی یێ دارا دخوە نە وەکە یێ دژمێرە، لێ تالانێ تەڤدە ژی داوەتە، ئەز

دبێم دەردێ تە یێ هەرکەسی یە، کەچامن چ قەدەر ل پێشیا مە هەبە، بێ گومان ئەمێ ببینن،قەهوەیا خوە ڤەخوە و دلێ خوە ڤەکە، داکو بێهنا تە فەرەهـ ببە.

ب ڤەخوارنا قەهوەیێ رە، دایکا دلشکەستی دبن چاڤان رە ل قۆرزیکا خانی مەیزە دکر و هەرجارەکێ کەسەرەک بەردا.

خانما مالێ بخوە زانیبوو تشتەک د بن زمانێ مێڤانێ دە هەیە، یانژی ولۆ هەست دکر، لێ ژخوەرە نەدکرە خەم.

رۆژەکێ پشتی هەڤژینێ خانمێ ژ مال دەرکەت، دایکا حەسەن و زارۆکێن خوە کو ل گەل خانمێ و زارۆکێن وێ ل بەر تەلەفزیۆنێ روونشتیبوون و چایێ ڤەدخوارن دناڤا خوەدە گۆت:

ئەزێ نها ڤێ کولێ ژ دلێ خوە دەرخم و ئەزێ ژ خانمێ پرسکم، نەمازە کو دو تەلەفزیۆنێن وان هەنە!!

دایکا حەسەن بەرێ خوە دا خانمێ و ب دودلی گۆت:

ب راستی ژ دەسپێکا کو ئەم دەرباسی مالا وە بوون و تا نها من دخوەست پرسەکێ ژتە بکم، لێێ

خانما شێست سالی کو ل گەل هەڤژینێ خوە حەج کریە و کەسەکە ئولدار و دلۆڤانە، خێرخواز و دلپاکە، دەما مێڤانا وێ ولۆ ژێ پرسی، پێرە پێرە نخیسک هاتنە دلێ وێ و دەست و لنگێن وێ لەرزین،ژبەر وێ زانیبوو مێڤانا وێ تشتەکی ڤەدشێرە و ئەو مەترسیێن وێ هاتنە جهـ، ب شێوەیەکی ترسۆک گۆتنا وێ بڕی و گۆت:

– فەرمۆکە کەچا من پرسا تە چیە!؟

ئەز بهێڤی مە تو من شاش فام نەکی، لێێ.

– لێ چ کەچا من، بێژە چ هەیە؟

– ئەڤ تەلەفزیۆن وە ژ کوو ئانیە؟!

هنەکی کوتکوتا دلێ خانمێ راوەستیا و بێهنا وێ هاتە بەر، لێ هینژی ئەو ترس د دلێ وێدەیە.

– کوڕێ من ژمەرە کری.

– کوڕێ تە.... ما... نە تە گۆت ئەو لەشکەرە و ...

– ئەرێ ئەرێ ئەو نها لەشکەرە و بەری چەند رۆژان هاتە مال، دەستوور ٤٨ دەمژمێران دانە وان، دەما هاتە مال ئەڤ تەلەفزیۆن و هن ئالاڤێن دن ژ حمسێ کڕیبوون و بخوەرە ئانین.

– ژ حمسێ؟! قەی کوڕێ تە ل کوودەرێ لەشکەریا خوە دکە؟

– وەلە پێشی لڤر بوو، ل حەلەبێ چەند مەهان خزمەت کر، پاشێ ئەو برن حمسێ، لێێ چما تو پرسا تەلەفزیۆنێ دکە؟

– ژبەر.... ئەڤ تەلەفزیۆن... ئا مەیە، دەما لەشکەرێن ئارتێشا سووریێ ئێریشی تاخا مە کرن، لەشکەران ب توندی سەرەدەری ب سڤیلان رە کرن، دەرباسی مالان بوون، دزی و تالانی کرن، دەستدرێژیا نامووسا خەلکێ کرن، و گەلەک کەس ژی کوشتن!

هنەکی پوونژی و ژ خانمێ رە گۆت: ئەو لەشکەرێ دزیا مالا مە کر و دناڤدە ئەڤ تەلەفزیۆن، (کەلا گری رێ نەما دایێ و ب شێوەیەکی کەلۆگری ل تەلەفزیۆنێ مەیزاند و ئاخافتنا خوە بەردەوام کر): وی زالمی ب شێوەیەکی هۆڤانە هەڤژینێ من کوشت و پاشێ کوڕێ من ژی کوشت.

خانمێ هنەکی ئەو هەدناند و گۆت: کەچا

من چاوا تو زانی ئەڤ تەلەفزیۆنا تەیە، مانە هەموو تەلەفزیۆن وەکی هەڤن؟

دایکا حەسەن رابوو سەرخوە و بەر ب تەلەفزیۆنێ ڤە چوو، دەستێ خوە دسەر هن دەڤەرێن وێرە بر و ئانی، بەرێ خوە دا خانمێ.

نیشانەکە من هەیە و توجاری وەندا نابە، د هوندرێ تەلەفزیۆنێ دە من زێرێ خوە ڤەشارتبوون، ژ کەرەما خوەرە کا قالکێ وێ ڤەکە!

خانمێ تۆرنەفیس ئانی و ب ترس برخۆکێن قالکێ پشت تەلەفزیۆنێ یەکۆ یەکۆ ڤەکرن، دەما ڕاهشتە قالک، تۆربەکی ڕەش کەتە خوار، قرچێنی ژ دلێ خانمێ هات.

مێڤانێ خوە زەرکرە تۆربە و ڤەکر، زێرێ خوە دیتن و نیشانی خانمێ دان: من نەگۆت ئەڤ تەلەفزیۆنا منە!!لێێێێێ کوڕێ تە ژ کوودەرێ کڕی، ژ حمسێ یان ژ حەلەبێ؟!

خانمێ بێ دەنگ ژ ئودێ دەرکەت و ما ل بەندی هەڤژنێ خوە، دەما ڤەگەڕیا چیرۆک ژێرە گۆت.

هەڤژینێ خانمێ بانکرە مێڤانا خوە و ژێ پرسی: کەچا من ئەو لەشکەرێ کوڕێ تە و هەڤژینێ تە کوشتن و دزیا مالا تە کر، ئەگەر تو وی ببینە تێ ناس بکە؟

ئەگەر سەد سال ژی دەرباس ببە، ئەزێ وی ژناڤا ملیۆن کەسی دەرخم، ما چاوا ئەزێ وان دیمەنان ژبیر بکم.

ل ئودەیا خوە خانمێ ژ هەڤژینێ خوە پرسی: ما... تو دبێ قەی کوڕێ مە ئەڤ..... گۆتن د قرکا وێدە ما.

هەڤژینێ وێ بەرێ خوە دا ئاسیمانان و گۆت: ب هەرسێ ناڤێ خوەدێ، ئەگەر کوڕێ من ئەڤ تشت کربە، ئەزێ ب دەستێ خوە وی بکوژم و ژ ئودێ دەرکەت.

هەر سەرێ چەند مەهان یان هەفتەیان لەشکەرێن نێزیکی مال ٢٤ یان ژی ٤٨ دەمژمێران تێنە مال و کوڕێ خانمێ ژی یەک ژ وان لە شکە رایە.

رۆژەکێ و د سەر فراڤینێ دە زنگلێ دەری لێخست، یەک ژ زارۆکان چوو دەری ڤەکر، دەنگێ کوڕێ وان ژ دەرڤە هات، خانما مالێ و هەڤژینێ خوە بلەز ڕابوونە شپێ، دەما کوڕێ وان دەرباسی ئودێ بوو و بەری بئاخفە، دایکا حەسەن قیڕەک دا و بانکر:

ئەڤە یێ کوڕێ من کوشت، ئەڤە یێ هەڤژینێ من کوشت، هەی زالم هەی بێ وژدان هەی .....

ب قێڕینان رە کوڕێ خانمێ د جیدە ب شووندە ڤەگەڕیا و بازدا.



# ئاگام لە هەڵماتەکانت دەبێت تا یەکتر دەبینینەوە

**نووسین و وەرگێڕانی لە سویدییەوە: ژیوار ڕەشید**
**(سوید)**

هەرکە پێ دەنێمە سەر کاشییە لووسەکانی هۆڵی چاوەڕوانییەکە، یەکسەر لەناو سەدان کەسدا کە بۆ بینینی خزم و کەسوکاریان هاتوون، دەیناسمەوە. ئێستاش وەک جاران دەستوەشاندن و فڕکەفڕکەکەی وەک خۆی ماوە و نەگۆڕاوە. دواجار کە یەکترمان بینی دوو منداڵ بووین و کێبڕکێی ئەوەمان بوو کێ ڕیش و سمێڵی لەوی تر زووتر بۆز دەبێت، کەچی ئێستا دوو پیاوی قژ تەنکی بەرچاو پڕ لە چرچولۆچین.

لەناو فڕۆکەکەدا داوام لە پیاوێکی کەچەڵ کرد کە بە مۆبایلەکەم وێنەی ئەو ساتە بگرێت کە لەگەڵ دیاری خۆمان فڕێ دەدەینە باوەشی یەکتر، وەک دوو منداڵ دەگرین و لە ئامێزی یەکتردا دەتوێینەوە، بەڵام پیاوەکەم لای پشکنینی پاسپۆرتەکان لێ بزربوو.

دیاری هەمان خەندەی جارانی لەسەر لێوە، کاتێک بە خۆی و تۆپەکەیەوە تەقەی لە دەرگەکەمان هەڵدەستاند. لەوێوە بە پەلە ڕاماندەکرد تا بزانین کێمان زووتر دەگاتە یاریگەی دووگۆڵییەکە کە حەوشەیەکی بەکەلاوەبووی بۆمباباران کراو بوو. کاتێک دەمەوێت بدوێم یەکەمین وشە لە گەروومدا گیردەکات. دیاری بۆ تەوقەکردن دەست ڕادەکێشێت، بەڵام من لائیرادی باوەشی پێدا دەکەم، بۆنی عەترەکەی هەڵدەمژم و پەنجەکانم لە دەفەی شانە ڕەقەکانی گیردەکەم. ئەویش بە هەردوو دەستی توند سەرم دەگرێت و ئەم لا و ئەو لام ماچ دەکات، چانتا قورسەکەم لێ دەسێنێت و

بەدەم ڕاکێشانییەوە دەڵێت «ئای خوایە گیان، بەڕاستی هێشتا باوەڕ ناکەم کە ئەمە تۆ بیت و لێرە بیت، ئەمە جگەرەیەکی باشی دەوێت.»

لە گەراجەکە بە پەرتاو بەرەو ئۆتۆمبیلێک دەچێت و سندووقەکەی دەکاتەوە، جانتاکەم دەخاتە ناوی و دەڵێت «ئەمەش لێرە وەنەوشەی پێ دەڵێن، خۆی تویّتایە، بەڵام لێرە وای پێ دەڵێن، دەزانی بۆ؟ ئەوە بۆ پێنج ساڵ دەچێت هەمە.» منیش لە وەڵامدا دەڵێم «بەڵێ، بەڕاستی گەورەیە.» سولف لێ دەدات و بە خەندەیەکەوە دەڵێت «بەخێر بێیتەوە بۆ جەهەننەم براکەم، دوای بیست و پێنج ساڵ هەر باشە سەر لە کۆنەڕەفیقێکی فەقیر دەدەیت، تو شەرەف بەڕاست تا ئێستا چەند جار گەڕاویتەتەوە؟» بە خێرایی دەڵێم «هەرگیز» و چاو دەبڕمە ئاوێنەکەی لای دەستی خۆم، ڕووم زۆر لە کەسێک گەشترە کە پازدە کاتژمێر بەڕێگەوە بووبێت، هەم لووتە زلەکەم بچووکتر دەنوێنێت، هەم ملە خڕەکەم باریکتر.

دەنگە گڕەکەی دیاری وشەکان نەرم و ڕستەکان خڕدەکاتەوە، دوای بیست و پێنج ساڵ هێشتا دەنگی لەو ڕۆژە دەچێت کە لە یەکتری جیابووینەوە. ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەم بە ڕوونی لەیادە: بە ڕاکردن و لەشێکی سووکەڵەوە تا ماڵەوە نەوەستام، چونکە لە تاقیکردنەوەی بیرکاریدا دەرچووبووم. لەبەردەرگاکەمان ئۆتۆمۆبیلێک وەستابوو، باوکم و شۆفێرەکە لە پێشەوە خەریکی جگەرەکێشان بوون، دایکیشم لە پشتەوە دانیشتبوو، هەرچەند لە منە، یان بۆ سەیران بەڕێوەین، یان سەردانی کەسوکار، بۆیە دوو پێم هەبوون کردنم بە سیان، بەڵام کە فرمێسکەکانی سەر ڕومەتی دایکمم بینی، لەدڵی خۆمدا گوتم حەتمەن دیسان بۆ تازێ دەچین. کاتێک بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیری باوکم کرد گوتی «سەفەرێکی زۆر دوورمان لەپێشە، دەی کوڕی خۆم، خێرا سوار بە با بەڕێ کەوین.» شۆفێرەکە ئۆتۆمۆبیلەکەی هەڵکرد و بەدەم داگیرسانی جگەرەیەکی نوێوە بۆڵاندی «کاکە گیان بجووڵێ، سەربازەکان بەڕێوەن، هەرکە زانیت گەشتنە سەرمان، بەشەرەفم بمانگرن بە زیندوویی کەوڵمان دەکەن، منیش ماڵومناڵم هەیە بەقوربان».

بەڵام من تەنیا بیرم لای هەشتا و هەشت هەڵماتەکەم بوو کە لەپشتی دۆڵابێکەوە شاردبوومنەوە. لە ماوەی دوو ساڵدا بە سەلیقە و لەسەرخۆ باشترین هەڵماتم گوڵچن کردبوون، بە سرکە و کاغەزی ڕۆژنامە سڕیبوون و لە گوێرەوییەکی خوریدا هەڵمگرتبوون. کاتێک لە خوێندنگە دەهاتمەوە هەڵمدەڕشتنە سەر مافوورەکەمان. زەردەکەیان کە لە هەموویان بچووکتربوو زۆر بلیمەتانە لەناو پووش و گەنمدا خۆی حەشاردەدا، ئاوییەکەیان دەیتوانی خۆی لەبەرچاو بزر کات، سەوزەکەیان گیانی وەبەر هەموو ڕووەکێکی مردوودا دەکردەوە، ڕەشەکەیان لە باتمان خێراتر دەفڕی، پێنج پرتەقاڵییەکان هەموو ئیشێکیان پێکەوە دەکرد، چوار سوورەکە فرۆکەوان بوون و هەندێک هەڵماتی سپیش دوکتۆر و پەرستیار. هەڵماتەکانم بە ژوورەکەدا بڵاو دەکردنەوە، هەندێک لە پشت سەرینەکان، پێنج دانە لەژێر دۆڵابەکە، دە دانە لەسەر تاقی پەنجەرەکە و سێ کۆمەڵ لەپشت ئینجانەی گوڵەکاندا. کاتێک هەموو لە سەنگەردا ئامادە دەبوون ئەوسا فەرمانی جەنگم دەردەکرد. دوانیوەڕوان کاتێک باوکم لە بەرەی جەنگ بوو دایکیشم لەناو ئیشی ماڵدا نوقم دەبوو من ئەوەندە سەرقاڵ بووم کە ئاو خواردنەوە و میزکردنم لەبیردەکرد.

بێ ئەوەی سەیری باوکم، یان شوفێرەکە بکەم وتم «باوکە زۆر میزم یەت، دەبێت هەر ئێستا بچم

بۆ ئاودەست، ئەگینا سوارنابم!» ئەوەندەم گوت و دوورکەوتمەوە، هەرچەندە شۆفێرەکە بۆڵەبۆڵی کرد و تووڕەبوو، بابە دەرگەی ماڵەوەی بۆ کردمەوە. وەک بڵێیت مێشکمی خوێندبێتەوە، دووجار لەسەریەک دووپاتی کردەوە کە هیچ شتێک لەگەڵ خۆمدا نەهێنم. «تەنانەت دەنکەشقارتەیەکیش، تێدەگەیت؟ دەبێت تەنیا خۆمان و جلەکانی بەرمان بین.»

لە ماڵەوە مافوورەکە هێشتا لە شوێنی خۆی ڕاخرابوو، حاجەتەکان لەناو سەبەتەکەدا ئاوچۆڕیان دەکرد و خاولییەکانیش لای ئاوێنەکە هەڵواسرابوون. زۆر هەوڵم دا کە هەڵماتەکانم لە گیرفانی پانتۆڵەکەمدا بشارمەوە، بەڵام هەرکە دەجووڵام خرەیان دەهات. خۆم گەیاندە حەوشەکەی دواوەمان و لەوێوە بەرەو کۆڵانەکەی پشتەوە تا ماڵی دیاری بە ڕاکردن نەوەستام. بە هەناسەبڕکێوە تا هێزم تێدا بوو لە دەرگەکەیانم دا، دوو پیاکێشانی توند بە لەپی دەستم، پاشان سێ تەقە بە مشت. هەرکاتێک ئەو تەقەیەم لێدایە خۆی دەرگەکەی دەکردەوە.

بێ ئەوەی سڵاو بکەم گوتم «ئێمە دەڕۆین، دەتوانی ئەمانە لای خۆت هەڵبگریت؟ ها دەتوانیت؟ وەعدم بەرێ کە وەک چاوی خۆت بیانپارێزیت.» دیاری بە حەپەساوییەوە سەیری دەکردم، وەک بڵێیت کە پێی ڕادەبوێرم. منیش هەر لەسەر بەزمی خۆم بەردەوام بووم و گوتم «بەڵێن بێت نامەت بۆ بنووسم.» گۆرەوییەکەم بە هەڵماتەکانەوە خستە نێو دەستی و گوتم کە هەرچیم کرد نەمتوانی بە بێ ماڵئاوایی جێی بهێڵم. «ئیتر دەبێت بڕۆم، ئەگینا بابە شێت دەبێت.» کاتێک ڕووم وەرگێڕا، لەپشتەوە توند لە ئامێزی گرتم و تا هێزی تێدا بوو جەستەمی گوشی. بە دەنگێکی شکاوەوە بە گوێمدا چرپاندی «تکایە لەبیرم نەکەیت، چونکە من هەرگیز تۆ لەبیرناکەم، منیش تا یەکتر دەبینینەوە ئاگام لە هەڵماتەکانت دەبێت.» ئەوەندە بە تاسەوە ماچم کرد کە ددانم چەقییە شەویلکەکانی.

ئێستا دەمەوێت دەربارەی هەڵماتەکان پرسیاری لێ بکەم کە بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە هاتوونەتە خەونم و خەویان لە چاوانم زڕاندووە. تۆ بڵێیت چەند کاتژمێر لای دەروونناسەکەم باسی ئەم هەڵماتانەم کردبێت؟ خۆشەویستەکەم یارمەتی داوم تا هەڵماتی نوێ کۆبکەمەوە، هەرجارێک بۆ بازاڕ دەچین، یان بۆ شارێکی نوێ سەفەر دەکەین پێش هەموو شتێک سەرێک لە دووکانی یاری منداڵان و کۆنەفرۆشەکان دەدەین و بەدوای هەڵماتی نوێدا دەگەڕێین، بەڵام بۆ ئەم سەفەرەم بەڵێنم داوە کە بە هیچ شێوەیەک باسی هەڵمات نەکەم. «عەیبە پیاو داوای دیاری بکاتەوە، یان وای دانێ بەستەزمانە هەڵماتەکانی لا نەمابن، دەزانی دەیخەیتە چ دۆخێکی ناخۆشەوە؟»

دیاری ئایرکۆندشنەکە زیاد دەکات و دەڵێت ئایرکوندێکیشنەکە منداڵەکانی لەماڵەوە خەریکە دیق کەن تا من ببینن. «شەوانە کە داوای حەقایەتم لێ دەکەن، من باسی سەردەمی منداڵی خۆم و تۆیان بۆ دەکەم، لەبیرتە کە لەسەر دارهەنجیرەکەی زارا قەڵەو کەوتییە خوارەوە؟ یان کێبڕکێی ئەوەمان بوو کێ زیاتر بتوانێت چلوورەیەک لە ناو دەمیا بهێڵێتەوە؟» منیش بە پێکەنین و سەر ڕاوەشاندنەوە دەڵێم «کوڕە ئەی بۆ باسی ئەوە ناکەیت کە کوڕە گەورەکانی گەڕەکی ئەودیومانی هەڵدەخلەتاند، لەبیرتە چۆن؟ ئا با بزانم لەبیرتە؟» بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بم دەڵێم. «هەتیو شەرواڵمان لەپێ دەکرد، گیرفانەکانمان پڕدەکرد لە وردەبەرد و خڕەمان لێ هەڵدەستاندن تا وابزانن کە هەڵماتی زۆرمان پێیە و یاریمان لەگەڵ بکەن.»

بێدەنگییەکی قورس ئۆتۆمۆبیلەکە دادەگرێت. دیاری مۆبایلەکەی لە گیرفان دەردەهێنێت و وێنەی منداڵێکی خنجیلانەم پێ نیشان دەدات. «ئەمەش کوڕە گەورەکەمە، مانگێکی تر دەبێتە یازدە.» هەر ئەوەندە قسەکە لە زاری دێتەدەر، ستۆپێکی توند دەگرێت، ئۆتۆمۆبیلەکەی بەردەممان لە ناوەڕاستی جادەکەدا وەستاوە و دەیەوێت شوتییەک لە پیاوێکی پیر بکڕێت. «کاتێک لەدایک بوو ویستم بە یادی تۆوە ناوی بنێم شێرزاد، بەڵام هەرچیم کرد نەمتوانی. ئاخر هەر جارێک بانگم بکردایە و تۆش لێرە نەبوویتایە وەڵامم بەیتەوە ڕێک شێت دەبووم، بۆیە ئیتر ناوم نا شازاد.»

بیردەکەمەوە وەڵامێک بدەمەوە کە شایستەی قسەکانی ئەو بێت، بەڵام هیچ وشەیەک نادۆزمەوە. هەست دەکەم هەرچی بڵێم بێمانا دێتە بەرگوێ. چۆن بە مرۆڤێک دەڵێیت کە ئەوەندە خۆشت ویستووە، کەچی لە یاد و خەیاڵتدا سڕیوتەتەوە؟ ئەگەر ئەو هەموو پرسیارکردنەی خۆشەویستەکەم نەبوایە کە ناچاریان کردم بچمە لای دەروونناس، تا ئێستاش سەردەمی منداڵیم وەک تارماییەک دەبوو لە مێشکمدا، جگە لە هۆگریم بە هەڵماتەکانەوە هەموو پردێکی نێوان ئێستا و منداڵیم داڕمابوو.

دیاری بۆی پرسیارە بۆچی پێنج ساڵی برد تا داوای هاوڕێیەتییەکەیم لە فەیسبووک قبووڵ کرد. کاتێک من بێدەنگ ڕادەمێنم، هەندێک بنێشت لە دەشپولەکەدا دەردەهێنێت و دوو دانەیان دەداتە من. کە ددانیان پیادەنێم ئاردێکی شیرین دەڕژێتە ناو دەمم، وەک بڵێی بنێشتەکە خۆی کەم شەکری تێدا بێت. یەکسەر تفی دەکەمە ناو دەستم و دەیخەمە گیرفانم. «ئێستاش هەروا بە بێز و قێزیت؟ بیرتە کە یەکەم جار شیرت خوارد چیت لێهات؟»

بێ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە دەپرسم «ناتوانین بۆ کەنار ڕووبارەکە بڕۆین و نێرگەلەیەکی بۆ بکێشین؟ وابزانم مەلەیەکم پێویستە تا هەرچی هیلاکی گیانمە دەرچێت.» بە پێکەنینەوە ئەوەندە چاوم تێدەبڕێت کە داوای لێ دەکەم سەیری جادەکەی بەردەمی بکات. کە باش لێی ورد دەبمەوە، ئینجا دێتەوە یادم کە چاوەکانی سەوزی زەیتوونین و نیشانەیەکی بچکۆلەش لە نێوچەوانیدایە. بە هێمنییەکەوە دەڵێت «باشە ڕەئیس، هەرچی تۆ بڵێیت وا دەکەین.»

شار لەناو تیشکی هەتاو و تۆزدا پێچراوەتەوە، ئەگەرچی ناو ئۆتۆمۆبیلەکە ساردە، بەڵام گەرماکەی دەرەوە بە چاو دەبینرێت. جامی سەیارەکە دەکەمەوە تا هەوا ماچی ڕوومەتەکانم بکات و بمباتەوە سەردەمی منداڵی، بەڵام بۆنێکی تیژی پلاستیکی سووتاو خەریکە ناو لووتم ببڕێت. درەختەکان لە قەراغ جادەکەدا هەڵپرووزکاون و زەوی بەجۆرێک قڵیشاوە دەڵێیت هەرگیز ئاوی نەخواردووەتەوە. لەبەرخۆمەوە هەناسەیەک هەڵدەکێشم و دەڵێم «ساڵانێکی زۆرە کاتی بەر لە کۆچکردنەکەمان لە ژێرزەمینی دەروونمدا خۆی حەشارداوە.» بێ ئەوەی سەیری دیاری بکەم بەردەوام دەبم «کە گەیشتینە ئەورووپا و پۆلیسەکان ویستیان ناونووسمان بکەن من ناوی خۆمم لەبیرچووبووەوە، بەڵام ئێستا کە لێرەم دەتوانم چاو بنووقێنم و هەرچی یادگاری کەنار ڕووبارەکەیە لەگەڵ تۆ بە ڕوونی بهێنمە پێش چاو.»

دیاری ڕێک وەک ئەو ڕۆژەی کە مامۆستاکەمان ناچاری کرد سروودی نیشتیمانی لەبەردەم هەندێک سەربازی نەجمە لەشاندا بچڕێت، ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕێت. پەشیمانم کە باسی ڕووبارەکەم کرد، بەڵام ئەوە من نیم کە پێش قسەکردن بیربکەمەوە. بۆ ئەوەی وەزعەکە ئاسایی بێتەوە، باسی دزینی گەنمەشامی بڕژاو

و بەلەمە کاغەزییەکانمان دەکەم، کە لەناو ئاودا پێشبڕکێمان پێ دەکردن.

ئەویش بێ ئەوەی سەرنج بداتە قسەکانی من دەکەوێتە باسی ڕەنگکردنی دیواری حەوشەکەیان، دەڵێت کە دەتوانێت مسەلەحی خانوو ببەستێت، کاشی دانێت، پیتزا دروست بکات و سەر بتاشێت. ماوەیەک ئۆتۆمۆبیلی کۆنی دەکڕی، ناوەکەی بە جوانی خاوێن دەکردنەوە، بەرگی کوشنەکانی دەگۆڕین و بۆ هەر ئۆتۆمۆبیلێک پێنج گەڵا قازانجی دەکرد. بەڵام ئێستا پێش نیوەڕوان خەیاتە و دوانیوەڕوانیش لەگەڵ براکەی فیتەری دەکەن.

لە هەموو شوێنێکی شاردا بینا تەواونەکراوەکان برسین و دەمیان کردووەتەوە، کەلاوەی نەخۆش ئومێدبڕاوبوون لە نۆژەنکردنەوە، خانووی چۆڵی وێران، پەنجەرەکانیان بە نایلۆن داپۆشراون. هەر جارناجارێک دیاری لادەداتە قەراخ جادەکە و ڕێگە بۆ کامیۆنە سەربازییەکان دەکاتەوە. لەسەر هەریەکەیان پیاوێک لە پشت چەکێکی گەورەوە دانیشتووە و ئامادەیە لە هەر چرکەیەکدا تا دوا فیشەکی ناو مەخزەنەکانی خاڵی بکات.

بەرەو ڕاقیترین بازاڕی شار پێچ دەکاتەوە، پەنجە بۆ هەندێک چێشتخانەی سنابفوود ڕادەکێشێت و دەپرسێت ئایا ئەوانە لە ئەوروپاش هەن؟ «خاڵەکەت لەبیرە کە دۆندرمەی دەفرۆشت؟ ئا لەوێدا بوو بە خۆی و عەرەبانەیەکەوە دەوەستا، قەت لەبیرم ناچێت جارێکیان یەکی دۆندرمەیەکی داینێ، لەبەر ئەوەی سەعی بیرکاریت بە کوڕەکەی کردبوو.» بەناو جادەکاندا تێپەڕ دەبین و باسی یەکەم شەڕمان دەگێڕینەوە کە من تەماتەم تێگرت، باسی ئەو مامە پیرەیە دەکەین کە نوکتەی قۆڕی بۆ باس دەکردین، یان ئەو جارەی کە دیاری ئۆتۆمۆبیلی بەڕێوەبەرەکەی بە چواردەوری قوتابخانەدا لێخوڕی، بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت. «بەڵام لە شتێکا من هەمیشە لە تۆ باشتربووم.» لەگەڵ وتنی ڕستەکەدا پێکەنینێکی پڕ لە ترس دەمگرێت «لە هەڵماتێندا قەت لێت نەدەبردمەوە، دەبڵێ وانییە.» هەرکە قسەکە لە دەمم دەترازێت سەرم دادەخەم، سەیری نێو لەپی دەستەکانم دەکەم و هەست بە ئارەقەی شەرم دەکەم کە بەسەر بڕبڕەی پشتمدا دەچۆڕێت.

باشە بۆ ناتوانم، یان دەمم داخەم، یان بەردەوام بم لەسەر باسی ئۆتۆمۆبیل و خانوو دروستکردن؟

لەپڕێکدا دەزانم لەکوێم و دەوروبەرم دەناسمەوە. قەڵا ڕووخاوەکە و قەیسەرییەکە کە تەنانەت شیری چۆلەکەشی تێدا دەست دەکەوت لە جێی جارانی خۆیاندا ماون. بەم ناوەدا چاوشارکێمان دەکرد و بە دوای قاوغەشقارتە و سەرەسۆدەدا دەگەڕاین. دیاری ئۆتۆمۆبیلەکە لەبن دارێکدا ڕادەگرێت. دادەبەزم و بە مۆبایلەکەم چەند وێنەیەک دەگرم، بۆیاخێکی زۆر وەک توێکڵی مار خەریکە دەکەوێت، چەندان چرای کەنار شەقامەکان کوێر بوونەتەوە، لەسەر دیوارێک نووسراوە «س. م. ی خۆش دەوێت» لەولاترەوە یەکێک نووسیویەتی کە ئەوەی لێرە میزدەکات کەرە و لە سەر دەرگەیەکیش نووسراوە کە مێسی ڕۆناڵدۆ دەنێرێت بۆ نۆک کڕین. ئەگەر هەڵە نەبم تەنیا چەند کۆڵانێک لە ڕووبارەکەوە دوورین.

لەبیرمە جاران بۆنی ماسی برژاو بە سماقەوە تا ئێرە دەهات، لەم شەقامەدا شۆستە و قاڵدرمەکان بە کتێب و ڕۆژنامە داپۆشرابوون، هەندێک شاعیر شیعری ئاشقانەیان دەنووسی و بە دڵدارانیان دەفرۆشتن، وێنەکێشەکان پۆرترێتی ڕێبوارەکانیان دەکێشا، مۆسیقارەکان گۆرانی داواکراوی خەڵکیان دەژەنی، میزەڵانفرۆشەکان دڵی منداڵەکانیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا، نێرگەلەکێشەکانیش چەندان هەوری سپییان بە

هەوادا بڵاو دەکردەوە، کە من و دیاری هەوڵمان دەدا تا قووڵایی سییەکانمان هەڵیانمژین.

ئێستا شەقامەکە کراوە بە مەیدانی ئاژەڵفرۆشتن. لە هەندێک قەفەسدا زیاتر لە سی باڵداری هیلاک دەمێکە دەستبەرداری هەموو هەوڵێکی باڵگرتنەوە بوون، جیکە و گارە و قیڕەی جووجکەی ڕەنگ کراو، قەل و قاز و مراوی و کەڵەشێر لە هەموو لاوە دێتە بەر گوێ.

لە دووکانێکدا زیاتر لە چل کەناری ترنجاونەتە ناو قەفەزێک، تووتییەک باڵەکانی هەڵوەریون، چەند پشیلەی باریکەلەی سپی هیلاک لەسەر قیرەکە ڕاکشاون و لەبەر گەرماکەدا نووستوون. تۆزێک لەولاترەوە هەندێک مەیموون یەکی زنجیرێکیان لەملدایە و بەسەر قاڵدرمەکاندا سەرەوخوار دەکەن، باڵندەی ڕەنگین بە دەنووکی درێژەوە خۆیان دەخورێنن، دوو کوالا ورچی بچکۆلە لە بووکەڵەی پەڕۆیین دەچن و تەمۆڵکەیەکی تەنیا بە قۆڵە درێژەکانییەوە خەریکی خواردنی سەموونێکە. چەندان ئاسنگەر قەفەزی نوێ دروست دەکەن، مندالی دەستگێڕ خۆراکی ئاژەڵ دەفرۆشن و هەندێک دووکانیش هەر لەوێ ئاژەڵەکەت بۆ سەردەبڕن و بۆت پاک دەکەن. خوێن تا سەر جادەکە جۆگەی بەستووە و دەبێتە خۆراکی مێش و مەگەز. لەناو ئەم هەموو جەنجاڵییەدا چەندان دووکانی هەمبەرگر و گەس لەفە دەفرۆشن، سێ عەرەبانە گۆشت و جگەر و فەلافل سووردەکەنەوە. تەنیا دوو سەرتاشخانە و گازینۆیەک ئاسەواری سەردەمی کۆنیان پێوە ماوە و پڕ لە کوڕی گەنج و بێ کارن.

بە قسەی دیاری ئەم ناوچەیە تا ئێستاش لەژێر کۆنترۆڵی میلیشیادایە. لای شەربەتفرۆشێک دوو شەربەت دەکڕێت و لە قسەکانی بەردەوام دەبێت «خەڵکی ئەم شارە ئێجگار حەزیان لەم تەیروتویرەیە. هەموو بەجارێک هۆگری ئەم بازاڕە بووین.» شەربەتەکە ددان دەتەزێنێت، بەڵام تامی ڕەنگ و شەکر دەدات، هەرچی دەکەم پێم قوت نادرێت، بەڵام ناشمەوێت بڵێن کوڕەکە لە دەرەوە هاتووەتەوە و بێزی نایەت شتی ئێرە بخوات. دەڵێم «لەوانەیە خەڵک بۆیە حەزیان لە باڵندەی ناو قەفەس بێت تا خۆیان بە ئازاد بزانن»، بەڵام وەک ئەوەی قسەکەمی نەبیستبێت هیچ کاردانەوەیەک نیشان نادات.

هەموو شتێک لەم شەقامەوە دەستی پێکرد. ئەو بەیانییە باران تازە خۆشی کردبووەوە و هەتاویش پەلکەزێڕینەیەکی کردبوو بە پردی نێوان زەوی و ئاسمان. لەگەڵ دیاری، خۆمان لە مەکتەب دزیبووەوە، وا بڕیار بوو کە من هەڵماتێکی ڕەشی نایاب بە پەنجاو پێنج هەڵمات بگۆڕمەوە. بەقسەی زۆر کەس لە هەموو شاردا تەنیا سێ هەڵماتی لەو جۆرە هەبوون، دوانیان هی کوڕێکی درێژ بوون کە ناسیاوی هاوڕێیەکی دیاری بوو.

کە پەنجاو پێنج هەڵماتەکەم دایە دەستی کوڕەکە، ئەو یەکسەر وەک با تێی قوچاند. منیش وەک کۆڵەکەیەک بە حەپەساوی لەجێی خۆم وشک بووم، بەڵام دیاری بە کەنار ڕووبارەکەدا دوای کەوت تا لە شار کەوتینە دەرێ. من کە چەند خولەکێک لەدوایانەوە بووم لەدوورەوە دیم کە کوڕەکە لەسەر زەوی پاڵکەوتووە، دیاریش دارلاستیکێکی تێ گرتووە و بە شەق و جوێن بەربووەتە گیانی. تا گەیشتم کوڕەکە هەرچی هەڵمات بوو دابووی بە دیاری و لەچاو ون ببوو.

خوێن بە دەمارەکانماندا دەسووڕا و هەناسەمان سواربووبوو، یەک هەنگاو ئەولاتر ڕووبارەکە وەک مافوور ڕاخرابوو و بانگی دەکردین. لەم چۆڵەوانییەدا لە غەڵبەغەڵبی شار و هات و هاواری مرۆڤەکان ئازاد بووین، بە هێمنی ڕۆدەچوو و خۆی بە تاشەبەردی ساف و لووسدا دەسواند.

خۆمان ڕووت کردەوە و جلەکانمان خستە سەر بەردێکی ڕەش و پان. ئارەقە لەسەر ملی دیاری تنۆکەی دەکرد و چەندان خەتی لەسەر سنگی دەنەخشاند. سەیرێکم کرد و بە گاڵتەوە وتم «هەتیو تووکی سنگ و بنباڵت دەرکردووە، دەڵێی بزنیت» هاوکات دەستێکم هێنا بە سنگی خۆمدا کە لە تویکڵی شووتی سافتر بوو. «باشە کەرە تۆ لەبیرت چووەتەوە کە من دوو ساڵ لە تۆ گەورەترم؟ دەبێت لەمەولا بە کاکە بانگم کەیت، حەز دەکەیت دەست لە تووکی سەر سنگم بدەیت؟» بۆ ئەوەی هیچ بڵێم دەستم خستە سەرسنگی و هەستم بە ترپەی بەهێزی دڵی کرد.

ڕۆژانی دواتر چەندان جار ڕۆیشتینەوە بۆلای بەردەڕەش، چونکە ئەوێ بۆ دەرس خوێندن لە هەموو شوێنێک ئارامتر بوو، لەبەر ئەوەی لەگەڵ کەسی دیکە تاقەتمان نەبوو، بۆ لەوەش گەنمەشامییە برژاوەکانمان لەوێ نەبوایە لەهیچ شوێنێکی تر بۆ نەدەخورا، چونکە لەوێ ئاوەکەش لە هەموو شوێنێکی تر بۆ مەلەکردن قووڵتر بوو. خۆمان لە مەکتەب دەدزییەوە و بە دایک و باوکمانمان دەگوت کە لە کتێبخانە خەریکی دەرس خوێندنین.

دیاری داوا لە ڕێبوارێک دەکات چەند وێنەیەکمان بگرێت و دەڵێت با قەڵاکە لە پشت سەرمانەوە دەرکەوێت. دواتر بەسەر چەندان پارچە کارتۆندا تێدەپەڕین، پێ دەنێین بە بتڵە ئاوی قوپاودا، بە باڵە مریشکدا، بە جلی دڕاودا، بە ڕۆژنامەدا، بە تاکە پێڵاودا، بە چاویلکەی ڕەشی شکاودا، بە یاری منداڵاندا و بە گوێرەوی کۆندا.

کاتێک بازاڕی ئاژەڵەکان جێدەهێڵین، ئەوەی دەیبینم سەرتاپای لەشم دەتەزێنێت. خۆزگە دەخوازم کە ببمە وردە لم، یان خۆڵەمێش تا با لەگەڵ خۆیدا بمبات. لە ناخی دڵمەوە پەشیمانم کە ئەو هەموو پارەیەم لەو دەروونناسە بۆ مێشکەدا خەرج کرد کە هانی دام بگەڕێمەوە شوێنی لەدایکبوونم. «ویستم بە چاوی خۆت ببینی، هەندێک لەدەستچوون هەیە بە دەم وەسف ناکرێت.» لەگەڵ دوا وشەدا لە گیرفانی کلێنیکسێک دەردەهێنێت و دەیداتە دەستم تا فرمێسکەکانم بسڕمەوە.

ڕووبارەکە وەک زامێکی کراوە بەناو لەشی شاردا درێژبووەتەوە. قڵیشەکانی بنەکەی ئەوەندە وشکن کە گوێم لە هاوار و زریکەی خاکە. هەست بە دوانەفەسی ماسییەکان دەکەم کە چۆن لەکاتی وشکبوونی ئاوەکەدا بۆ دواساتەکانی ژیانیان هەڵبەزودابەزیان کردووە. ئێستا ماڵەکەیان بووەتە گەراجی ئۆتۆمۆبیل و زبڵدانی شار. چەندان تەپۆڵکەی بەرزی خاشاک لەگەڵ هەزاران بتڵی ئاودا، شەوارە بە چاودەهێنن. «کاتێک میلیشیا هێرشی هێنا ڕژێم ئاوەکەی گرتەوە، خەڵک لەناو قوڕولیتەدا بۆ ماسی کۆکردنەوە تا سەر ئەژنۆیان ڕۆچووبوون.»

لەسەر دوو کورسی پلاستیک دادەنیشین و داوای چا دەکەین. بەدەم هەنسکەوە دەڵێم «هەر ئیمشەو بلیتێک دەکڕم و بەیانی دەگەڕێمەوە.» دیاریش پێ دەکەنێت و دەڵێت «بەڵی، بەڵێ» کچێکی دەستگێڕی منداڵ دێتە لامان و دەیەوێت شتمان پێ بفرۆشێت، لەسەر سینییەک هەندێک ملوانکە، ئەنگوستیلە، قەڵەم، تەوقە، بنێشت و شەبەکەیەک هەڵماتی داناوە. دەستبەجێ هەڵماتەکان هەڵدەگرم و بێ پرسیار پێنج دۆلارییەک دەدەمە دەست کچەکە. ڕوو دەکەمە دیاری و دەڵێم «لایبە هەستە با بڕۆینەوە ماڵی خۆتان و هەندێک هەڵماتێن لەگەڵ شێرزادی کوڕت، مەبەستم شازاددا بکەین.» چایەکەم هەڵدەقۆڕێنم و دەڵێم «ئەگەر لێم بەریتەوە، ئەوە لەوانەیە سبەینێ نەڕۆمەوە.»

دیاری بە دەموچاوێکی جیدییەوە ڕووم تێ دەکات و دەست دەخاتە سەرشانم. دەڵێت «پێش ئەوەی بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە شتێک هەیە دەبێت بیکەین، وەرە دوام کەوە تا بتبەم بۆ لای هەڵماتەکانت.» ئەژنۆکانم ڕەق دەبن و لەشم بەم گەرمایە دەست بە لەرزین دەکات. دیاری بە دەنگێکی غەمگین بەردەوام دەبێت «دوای ڕۆیشتنت، دە ساڵ لەسەریەک هەموو سەری مانگێک دەڕۆیشتم بۆ لای بەردەڕەش.» دەستێک دەهێنێت بە ڕیشیدا و لەسەر کورسییەکە دادەنیشێتەوە. «لە بەر ڕووناکی شەودا یاریم بە هەڵماتەکان دەکرد، بیرم دەکردەوە کە ئەو مانگەی من سەیری دەکەم هەمان مانگە کە لای تۆش دەدرەوشێتەوە. هەڵماتەکانم هەڵدەڕشتنە سەر خۆڵە ڕەشەکە، دەستم پێدا دەهێنان و بۆنم دەکردن، دەمخستنە سەر سنگم و بەسەر پەراسووەکانمدا دەمگێڕان، تا ئازار زۆری بۆ دەهێنام. چاوم دەبڕییە ئاوەکە، بەڵکوو نیشانەیەکم لەلای تۆوە بۆ بهێنێت. دەمهێنایە پێش چاوی خۆم کە نامەیەک بە دەستوخەتی تۆ لەناو بوتڵێکی شووشەدا بدۆزمەوە. لەبەر تریفەی مانگدا فرمێسکەکانم دەدان بە ئاودا، بەڵام کاتێک ڕووبارەکە وشکی کرد، ئیتر بەتەواوی بێ ئومێد بووم، دڵنیابووم کە ئەوە نیشانەی هاوڕێیەتییەکەی ئێمە بوو.» پێش ئەوەی جگەرەکەی خۆی داگیرسێنێت دانەیەک دەداتە دەست من. «دوو سێ ڕۆژ پێش ئەوەی فاتمە کە پێنج ساڵ بوو خۆشی دەویستم بگوێزمەوە، چاڵێکم لەژێر بەردەڕەشدا هەڵکەند و هەڵماتەکانم تێدا شاردنەوە، بەڵێنم بە خۆم دا کە هەرگیز جارێکی تر پێ نەخەمە ئەو شوێنەوە.»

شنەبایەک قژە تەنکەکەی بەلادا دەخات. کاتێک قسەکانی تەواو دەکات لێوی دەلەرزێت. منیش بێدەنگییەکە دەشکێنم و دەڵێم «داوای لێبووردن دەکەم، تکایە گەردنم ئازاد کە» لەسەر کورسییەکەم هەڵدەستم و دەڵێم «وەرە تا بۆت باس بکەم بۆ بەدرێژایی ئەم هەموو ساڵانە بێدەنگ بووم، بەڵام ئەم قسانە بە سکی خاڵییەوە ناکرێن، تۆ پێم بڵێ ژنە کوێرەکە هێشتا ماوە کە وەختی خۆی کولێرەبەقیمەمان لەلا دەکڕی؟»

## کورتەیەک لە بارەی ژیانی ژیوار ڕەشید

## نووسەری لاو ژیوار ڕەشید خەڵاتی باشترین کورتەچیرۆکی وڵاتی سوید دەباتەوە

ژیوار ڕەشید، خەڵکی ناوچەی هەورامانە و لە ئۆردوگای سەریاس لەدایک بووە. لەتەمەنی چواردەساڵییەوە دانیشتووی وڵاتی سویدە و لەوێ خەریکی کاری نووسینە. ساڵی پار یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی لەبن دارتووەکەدا بە زمانی سویدی بڵاوکرایەوە. پاش ئەوەی ئەم ڕۆمانە پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا، لەلایەن کەناڵی یەکی ڕادیۆی سویدەوە داوا لە ژیوار ڕەشید کرا بەشداری کێبڕکێی ساڵانەی کورتەچیرۆک بکات. هەموو ساڵێک دە نووسەری دەرکەوتووی ئەو ساڵە لەلایەن لیژنەیەکی ئەدەبییەوە وەک ڕێزلێنانێک ئەم ئەرکەیان پێ دەبەخشرێت. دواتر پێنج لەم چیرۆکانە دەپاڵێورێن و لەلایەن خەڵکەوە یەکێک لە چیرۆکەکان بە باشترینیان هەڵدەبژێررێت.

کورتەچیرۆکی (ئاگام لە هەڵماتەکانت دەبێت تا یەکتر دەبینینەوە)، خەڵاتی ساڵی ٢٠٢٤ی بردەوە، کە بێجگە لە ڕێزلێنان بڕی ٣٠٠٠ دۆلاریشی پێ بەخشرا.

*** ئەم چیرۆکە ژیوار ڕەشید بە سویدی نووسیویەتی، بە هاندانی هیوا قادر هەر خۆی کردوویەتی بە کوردی. (ڕامان)**



## عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:
## لە خوێندنی ئەکادیمیا تەنیا بیرم لەسەر هونەر بوو.. لە کوردستانیش پرۆگرامی هونەریم بە دڵ نییە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٤ – ٥)

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، یەکێکە لە هونەرمەندە داهێن و هەڵکەوتووەکانی کورد، هونەرمەندێکی زۆر تایبەت و دەگمەنە کە بۆ هونەری شێوەکاریی کوردی مایەی سەربەرزی و شانازییە. ئەو هونەرمەندە کە جێدەستی بەسەر هونەری شێوەکاریی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندێکی عاشقە هونەرە، هونەر بەناو خوێن و دەمار و مۆخ و ئێسقانەکانیدا ڕۆچووە، بۆیە لە ناو شێوەکارانی کورد بە ئاسانی لێت ون نابێ. ئەو جگە لەوەی لە بواری هونەری وێنەکێشاندا کەسێکی لێهاتوو و دەسڕەنگینە، شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی گشتی دەوڵەمەندیشە کە لە هونەرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

* ئەو هونەرمەندە زۆر لەناو هونەرەکەی خۆیدا قووڵ بووەتەوە، بە هەموو ڕێچکە و ڕێباز و قوتابخانە هونەرییەکانی دنیا ئاشنا و شارەزایە و بیروڕای تایبەتی خۆی لە بارەیانەوە هەیە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە سەبارەت بە هونەرمەندانی لای خۆمان و جیهان و کار و هونەرەکەیان قسەی خۆی هەیە، ئەو هەموو کاتەکانی ژیانی بۆ هونەرەکەی و کارکردنی بەردەوام تەرخان کردووە، بۆیە ئەم هونەرە بالآ و ئاستە بەرزەی پێی گەییوە، بەرهەمی عیشق و خولیایەکی سەرشێتانەیە، بە دیار هونەرەکەیەوە شەونخوونی کێشاوە و بێ هەدادان کاری کردووە، بەرهەمە تایبەتمەندانەکەشی بەرئەنجامی متمانە بەخۆبوون و تێڕوانین و ئەزموونێکی قووڵە کە هەروا بە ئاسانی بە دەستی نەهێناوە، بەڵکوو بەری ڕەنجی هەموو ژیان و تەمەنیەتی، ئەوەتا خۆی دەڵێ: (هونەر

کەمێکت ناداتێ، تاکوو هەموو خۆتی نەدەیتێ).

* ئەم هونەرمەندە، هەر لە منداڵییەوە حەزی بە هونەر کردووە، سەرەتا بە هۆی خۆڵفرۆشیی باپیرییەوە، عەشقی خاک و خوڵی وڵاتەکەی دەبێ، لەبەر ئەوەی هەر ئەو کەرستەیەی لەبەردەستدا بووە، بۆیە هەر لە تەمەنی (٥) ساڵییەوە هەوڵی داوە بە قوڕ، ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر دروست بکا، بۆ هەڵبژاردنی هونەر و ئەم کارانەی کردوویەتی، دایک و باوکی ڕێگرییان لێ نەکردووە، بەڵام لەناو کەسوکارەکەیدا تاک تاک هەبوون بە کارەکانی سەخڵەت دەبوون و بە دروست کردنی بت و سەنەمیان زانیوە، بۆیە ئامۆژگارییان کردووە دەست لەو کارە هەڵبگرێ، بەڵام ئەو گوێی بە قسەی ئەوان نەداوە، لەسەر کاری خۆی بەردەوام بووە و کۆڵی نەداوە، لە پاڵ ئیشی قوڕ، وردە وردە ڕەسمیشی کردووە.

* لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بووە کە مامۆستاکانی، وێنەکانی ئەویان وەک هۆیەلی ڕوونکردنەوە بۆ پۆلی یەک و ئەلفبێکەی باڵدار بەکار هێناوە. خەونی زۆری هەیە، هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، چاوی لە پێشخستنی هونەرەکەی و پێشکەوتنی زیاترە، چونکە ئەو لەو هونەرمەندانەیە کە سەرومڕ ژیانی خۆی بۆی تەرخان کردووە، خولیا هونەرییەکەی لەسەرووی هەموو شتەکانی دیکە، تەنانەت خۆشییەکانی ژیانی خۆشی داناوە، لە هەموو بارودۆخێکدا، لە هەر کوێ بووبێ کاری کردووە و لە هونەرەکەی دانەبڕاوە. بۆ پێشخستنی زیاتری هونەرەکەی شەو و ڕۆژی لێک گرێ داوە، تا ئێستا من زۆر کەم ڕێکەوتی کەسێکم کردووە وەک ئەو هونەرمەندە دڵسۆز و خەمخۆری هونەرەکەی بێ، یان هەموو ژیانی بۆ بەلاوە نابێ و خۆی نەزری هونەرەکەی کردبێ. ئەو سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خۆی بۆ هونەر



عەبدوڵڵا ڕەسووڵ- ئازاد عەبدولواحید

تەرخان کردووە و هەموو کاتەکانی ژیانی پێ بەخشیوە، بۆیە هونەر بە تەواوی ئەویان داگیر کردووە، چونکە هەست دەکا ئەوەی تا ئێستا کردوویەتی، لە ئاستی خەون و ئاواتەکانی ئەودا نین، لۆرکا دەڵێ هێشتا شیعرێکم نەنووسیوە وەک شمشێر بچەقێنە دڵمەوە، ئەویش پێی وایە هێشتا ئەو هونەرەی بەرهەم نەهێناوە کەفوکوڵی دڵی خۆی پێ دابمرکێنێتەوە.

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ هونەرەکەی بۆ میللەتەکەی تەرخان کردووە و هەرگیز لە تراژیدیاکانی دوور نەکەوتووەتەوە، چونکە هونەرمەندێکە هەڵقوڵاوی ڕوح و ناخ و هەناوی میللەتی خۆیەتی، ئەم پەیامەشی لە کارە هونەرییەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بە ڕەنگ و تەکنیک و شێوە و شێوازی جودا جودا گوزارشتی لێ کردووە. لە هەموو ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەکاندا، لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا، درۆی لەگەڵ جیهانبینی هونەریی خۆی نەکردووە، لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆی ژیاوە. ئەم هونەرمەندە ئەزموونگەرە بەردەوام بۆ نوێخوازی هەوڵی داوە، لەگەڵ خەیاڵ و خەون و دنیابینی و دەربڕینەکانی ڕاستگۆیانە کاری کردووە، بیکاسۆ دەڵێ: من لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا هەوڵم داوە وەک منداڵێکی حەوت ساڵان وێنە بکێشم، ئەم هونەرمەندەش ویستوویەتی ئەو منداڵەی لە

ناخیدایە، وەک خۆی بمێنێتەوە و گەورە نەبێ.
ئەو کە لە جیهانێکی پڕ لە ژاوەژاو و ئاژاوە و ئاڵۆزدا دەژی، بەدوای ژیانێکی هێمن و ئارام و سەقامگیردا دەگەڕێ، بۆیە لە تابلۆکانیدا زۆر ورد و پشوودرێژانە کاری کردووە، بە لێکۆڵینەوەی زۆرەوە هەوڵی داوە بچێتە نێو ناخی مرۆڤەکانەوە و خەمە سەرەکییەکانی وەک: دوورەپەرێزی و نامۆ بوون و تەنیایی و غەم و ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و وردبوونەوە و ڕامان لە ئایندەی کردووەتە بابەتی تابلۆکانی و بەرجەستەی کردوون.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ زۆر بە خاک و خەڵک و وڵاتی خۆیەوە نووساوە، هەر لەو ڕۆژەوەی فامی کردووەتەوە، وەک کەرستەیەک مامەڵەی لەگەڵ خۆڵ و قوڕ کردووە و کەوتووەتە دروستکردنی باڵندە و ئاژەڵ، پێوەندییەکی گیانی بە گیانی بەهێزی لەگەڵ خاک و خۆڵی نیشتمانەکەیدا پەیدا کردووە، بەو هۆیەشەوە بە خاکەکەیەوە بەستراوەتەوە و سەمەندەرئاسا لە پێناویدا سووتاوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو پێوەندییە گیانی بە گیانییە لەلای پتەوتر و بەهێزتر لە هونەرەکەیدا خۆی نواندووە، چونکە پابەندی و پێوەندی بە خاک و خۆڵەوە، تەنیا بەشێک لە یادەوەری و ڕابوردوو نەبووە، بگرە لەگەڵی ژیاوە و گەورە بووە و لە ویژدانیدا ماوەتەوە، تەنانەت بووەتە ڕەگەزێکی گرنگ و جەوهەری کارەکانی، بەڵکوو بەشێکی زیندووە لە جیهانبینی هونەریی ئەو، کە بەبێ ئەو ئامادە بوونە، هەستی بە تێکچوونی هاوسەنگیی خۆی کردووە، چونکە لە هەر کوێ بووبێ، نیشتمانی بە کۆڵی خۆی داداوە و لە یادەوەری و زەین و ویژدانیدا هەڵی گرتووە و لێی دانەبراوە، بۆیە هەرگیز لەلای کاڵ نەبووەتەوە.

* لە پاڵ کاری بەردەوامی لە بەرهەمهێنانی هونەرێکی جیاواز، وەک پەروەردەکارێکیش لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٩- ١٩٨٠ـەوە، یەکەم جار لە شەقڵاوە کە سەرەتای دامەزرانەکەی لەوێوە دەستی پێ کردووە، دەبێتە مامۆستای هونەر، پاشان بەهۆی ئەوەی بڕوانامەی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای هەبووە، دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی. دواتر وەک سەرۆکی لقی ڕەسم و مامۆستا لەو پەیمانگەیەدا، ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٦/٦/٢٨ دەست بەکار بووە. لە بریتانیاش لە ١٩٩٦- ١٩٩٧ بڕوانامەی وانەبێژی وەرگرتووە، وانەی بە قوتابیانی کۆلێژی هونەری ئەوێ وتووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر دامەزراوە، تا لە ساڵی ٢٠١٥، ڕۆژی خانەنشین بوونی، لە کاری پەروەردەیی بەردەوام بووە، لە هەموو ئەو جێیانەدا بە دەیان و سەدان قوتابی لەسەر دەستی ئەو هونەریان خوێندووە و خۆشویستووە و لەبن دەستی پێگەییون و دەرچوون.

* لەبەر سادەیی و ساکاریی و خاکێتی خۆی، لەناو ناوەندەکانی خوێندنی هونەری، هەروەها لە ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیریی کوردیدا کەسێکی شیرین و خۆشەویستە، تا ئێستاش کە خانەنشین بووە، قوتابییەکانی زۆریان خۆش دەوێ و ڕێز لە خۆی و هونەرەکەی دەگرن، ڕێزەکە لەلایەک هی کەسێتی پاک و سەنگین و ڕاستگۆیانەی ئەوە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەروبەر و ناوەندە هونەرییەکە، لەلایەکیش ڕێز گرتنە لە ئاستی هونەرە باڵاکەی کە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، بەردەوام کاری نوێ و نوێخوازانەی خۆی پێشکەش کردووە و پێشکەش دەکات. ئەم هونەرمەندە دانسقەیە دنیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، نە خۆی و نە هونەرەکەی بە هیچ هونەرمەندێکی دیکە

ناچن کە من لە ژیانمدا لە نزیکەوە دیومن و ناسیومن، ئەو تا بڵێی کەسێکی هەست ناسک و هەستیارە، لەو کاتانەی من بە گەرموگوڕی گفتوگۆم لەگەڵی دەکرد، لە زۆر هەڵوێست و گێڕانەوە و قسە و باسدا، بەبێ ویستی خۆی فرمێسک دەزایە چاوەکانی. ئەو هونەرمەندە کە ماسییەکی گەورەیە لە ئاوێکی بچووکدا مەلە دەکا، تا ئەمڕۆ کە دەکاتە زیاتر لە ٦٠ ساڵ کار کردنی بێ پسانەوە، بەپێی پێویست نرخی نەزانراوە، نازانرێ ئەوە چ گەوهەرێکە لەناو هونەری کوردیدا هەڵکەوتووە، زۆر کەم لەسەر کار و بەرهەمەکانی نووسراوە، یان زۆر سەرپێی و کورت و ڕووکەشانە دیمانەی لەگەڵ کراوە، تەنانەت ژیاننامەکەشی کە لە چەند شوێنێکدا بڵاوکراوەتەوە، لە هەر جێیەک بە جۆرێکە و زانیارییەکان لە یەکدی جیاوازن.

* وەرنەگرتنی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی بۆی بەخێر گەڕا، ئەو لەسەردانی بۆ بەغدا، لەبەر تەواونەبوونی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی، فایلەکەیان لێ وەرنەگرتووە، ناچار بووە بگەڕێتەوە هەولێر و بچێتە ئامادەیی بخوێنێ، لەوێ بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغەی بڕیوە. لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی لە ئەکادیمیا، بەهۆی ئەو کارە هونەرییانەی لەگەڵ خۆی بردوونی، کاری دیکەشی کە بە سەرکەوتوویی لەپێش چاوی مامۆستاکانی کردوویەتی، لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن نمرەی یەکەمیی بەدەستهێناوە، هەرچەندە بۆ وەرگرتنەکەی تەشقەڵەی پشتگیری ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕژێمی لێ دەکەن، بەڵام ئاستە بەرزە هونەرییەکەی سەرنجی مامۆستایانی لیژنەی وەرگرتن ڕادەکێشێ، هەر ئەوەش فریای کەوتووە، لەو چوار ساڵەی خوێندنیشیدا قوتابییەکی سەرنجڕاکێش و لە هونەردا تاک و تایبەتمەند بووە. ساڵەکانی خوێندنی لە ئەکادیمیا زۆر چالاک بووە، لەگەڵ هاوڕێ قوتابییەکانی بەشداری لە دوو پێشانگەی هاوبەشدا کردووە، پێشانگەیەکی تایبەتیشی بۆ هێڵکارییەکانی خۆی کردووەتەوە کە نزیکەی (٤٠٠) هێڵکاری بوون و لە هۆڵی ئەکادیمیادا نمایش کراون، بۆیە لە دوا ساڵی خوێندنی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بە یەکەمی بەشەکەیان دەردەچێ.

* وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی قوتابیانی هونەر گێڕاوە، بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە سلێمانی، چونکە ئەوسا کردنەوەی پەیمانگە خەونی ئەو و سەدان هونەرمەندی کوردی هەموو بوارەکانی هونەر بوو، دوای (٦) ساڵ خزمەت کردن، دیسانەوە تەشقەڵەی پێ دەکەن و هەر ڕۆژەی بیانوویەکی پێ دەگرن، ئەو سەردەمە گوشار لەسەر هەموو هونەرمەندانی کورد هەبوو، ئەویش گوشاری زۆری لەسەر بووە، وەک هەموو هونەرمەندەکانی سلێمانی ڕژێم هەڵیانی دەپێچا و تەنگاویانی دەکرد، دەیویست بە چاو سوورکردنەوە و هەڕەشە لێ دەکردن وێنەی دیکتاتۆر بکێشن، لەو کاتەدا کە ئەوان داوا و داخوازییان لێی زۆر دەبێ، شەڕی (عێراق — ئێران)یش بووە، ئیتر بیر لە جێهشتنی وڵات دەکاتەوە و بەرەو ئێران، دواتر سوریا، دوایی بۆ بریتانیا دەڕوات.

* لە ١٩٨٩/٢/١١ گەیشتووەتە بەریتانیا و ماوەی نزیکەی (١٧) ساڵ لە لەندەن دەگیرسێتەوە، کە گەیشتووەتە ئەوێ پتر بە داهێنان و هونەر و ڕێبازەکانی لە بەریتانیا و وڵاتانی ئەورووپا ئاشنا دەبێ. زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکرێتەوە کە ئەو چووەتە بریتانیا بۆچی ماستەرێک، دوکتۆرایەکی وەرنەگرتووە؟ ئەو دەڵێ لەبەر ناشارەزایی لە ژیانی ئەوێ، هەروەها لەبەر نەبوونی

و دەسـتکورتی نەیتوانیـوە خـۆی بـۆ خوێندنـی بـاڵا تەرخـان بـکات، زۆرجاریـش پێیـان گوتـووە تـۆ کـە هونەرێکـی ئاسـت بـەرز و جوانـت هەیـە، ماسـتەرت بـۆ چییـە و بۆچـی دەخوێنـی؟ دیـارە ئەویـش ئـەو قسـەیەی دەوروبەرەکـەی لـە گـوێ گرتـووە و نەیخوێنـدووە، لـە جیاتـی بـە دەسـتهێنانی بڕوانامـە، بـە گەرمـی سـەرقاڵی ئیشـی خـۆی بـووە و هێڵـکاری و مۆتیڤـی زۆری کـردووە، کـە هونـەری هێڵـکاری بـە پەگەزێکـی بنەڕەتـی هونـەری وێنەکێشـان دادەنـرێ.

* هونەرمەنـد عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ کـە زۆر زوو دەسـتی داوەتـە کاری هونـەری، قۆنـاغ بـە قۆنـاغ بەرهەمـە هونەرییـە جۆراوجۆرەکانـی کردووەتـە پێشـانگەی تایبەتـی، یـان لـە پێشـانگەی هاوبەشـدا لەگـەڵ هـاوڕێ هونەرمەندەکانـی بەشـداری کـردووە، کـە سـاڵی ١٩٧٥- ١٩٧٦ لـە ئەکادیمیـای هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا وەردەگیـرێ، ئـەم خوێندنـە بـۆی دەبێتـە وەرچەرخانێـک و سـەرلەبەری ژیانـی هونـەری دەگـۆڕێ. هـەر لـە سـاڵی ١٩٧٠ بـە دواوە، زۆر پێشـانگەی لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات کردووەتـەوە، کـە (٦) دانەیـان پێشـانگەی تایبەتـی، (١٤) دانەیان پێشـانگەی هاوبەشـن، لـەو شـارانەی پێشـانگەی تایبەتـی و هاوبەشـی تێیانـدا کردووەتـەوە ئەمانـەن: بەغـدا، هەولێـر، سـلێمانی، دهـۆک، کۆیـە، کفـری، مووسـڵ، سـوریا، لەنـدەن.

* لەگـەڵ ئـەو بەخششـە زۆر و زەوەنـدەی هەیبـووە، ئـەو داهێنانـە زۆرانـەی لـە کارەکانیـدا بـەدی دەکرێـن، وێـڕای ئـەوەی ئەزموونێکـی دەوڵەمەنـد و نـوێ و بـە بزوێـن پێشـکەش دەکات و هونەرەکـەی کردووەتـە مەسـەلەیەکی زینـدوو لـە ژیانـی خۆیـدا، وەلـێ کەمتـر وەک هونەرمەندێکـی گـەورە و دڵسـۆزی هونـەر و داهێنـان دەناسـرێ، زۆر بـە دەگمـەن بەسـەر کراوەتـەوە و ڕێـزی لـێ گیـراوە. زەینـم دایتـێ هەمـوو ئەوانـەی لـە کایـەی ئەدەبیـات و هونـەری کوردیـدا ڕێـز لـە خۆیـان، لـە داهێنـان و هونەرەکەیـان دەگـرن، ئیـش بـۆ خۆیـان ناکـەن، ڕیـکلام بـۆ کارەکانیـان ڕەت دەکەنـەوە، زۆر خۆیـان ناخەنـە بـەر ڕووناکـی، ئەوانـە کەمتـر ڕووناکییـان دەخرێتـە سـەر و دەردەکـەون.

* مـن لەمێـژە ئـەو هونەرمەنـدە، چ وەک خـۆی و چ وەک ئاشـنابوون بە هونەرەکەی دەناسـم، ساڵی ١٩٨٠ کـە هاتـە سـلێمانی و وەک مامۆسـتا لـە پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکان دەسـت بـەکار بـوو، مـن و شـێرزاد حەسـەن دوو سـاڵ زیاتـر بـوو لـەوێ بوویـن، بۆیـە کـە لـە سـلێمانی گیرسـایەوە، جاروبـار یەکترمـان دەبینـی، هەنـدێ ئێـوارە پێکـەوە پیاسـەیەکمان دەکـرد. لەوەتـەی دەیناسـم هـەر بـە پیاوێکـی جیددی دیومـە و ناسیومە، قـەت حـەزی بـە ڕیاکاری و موجامەلـەی درۆ نەکـردووە، لـەلای هەمـوو کـەس بـە مرۆڤێکـی ڕاشـکاو و ڕاسـتگۆ ناسـراوە، هونەرەکـەی خـۆی تـا ڕادەی عیشـق و تـا سـەر ئێسـکان خۆشویسـتووە، پیاوێکـی بـە هەڵوێسـتە، مێژوویەکـی گـەش و جـوان و پڕشـنگداری بـۆ خـۆی تۆمـار کـردووە. تابلۆکانـی لـە واقیعـی وڵات و میللـەت و سروشـتە جوانەکـەی هەڵێنجـاوە، زۆر سـوودی لـە کەلەپـوور و فۆلکلـۆری دەوڵەمەنـدی میللەتەکـەی وەرگرتـووە، بـەڵام قـەت بـە زەقـی لـە کارەکانیـدا داینەنـاون، بەڵکـوو زیاتـر وەک هێمـا و ڕەمـز بـەکار هێنـراون.

(١٩) سـاڵ بـوو بـە تەمـای ئـەو گفتوگۆیـە بوویـن، دواجـار بـە چەنـد مانگێـک و چەنـدان دانیشـتنی دوورودرێـژ هەڤپەیڤینەکەمـان سـاز کـرد، بڕیارمـان دا چەنـد بەشـێکی لـێ بـڵاو بکەینەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لـە دووتوێـی کتێبێکدا چاپـی بکەیـن.. فەرمـوون ئێـوە و جیهانـە تایبـەت و پاکەکـەی هونەرمەنـد عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ.

**ڕامان:** وەڵامەکەی چی بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** گوتـی تـۆ زۆر شـەعبی دیاری، هەمـوو قسـەیەک دەکـەی. گوتـم ئاخـر مامۆسـتا خۆت دەزانی ئەوانە لە پێشت زۆر پان دەکەنـەوە، لە پشتەوە دژی تـۆن.

**ڕامان:** ئەوەت چۆن دەزانی کە دژی ئەون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مـن ئـەوەم دەزانی، چونکە ڕۆژێـک هەنـدێ لـە قوتابیـان هەوڵیـان دا بـۆ لابردنـی و دەستنیشـانکردنی مامۆسـتایەکی دی، منیش گوتـم ئـەو باشترە بمێنێتـەوە و شـارەزای بووینـە، لەوانەیـە یەکێکیتـر بـێ خراپتـر بێـت، گوتیـان چونکـە کـوردە بەرگـری لـێ دەکـەی، ئیـدی قسـەمان لەگـەڵ یەکتر کـرد، لـە پەنـاوە ڕۆژنامەکـەم دایـە دەسـتی، جانتایەکـی گـەورەی هەبـوو، خسـتییە نـاو جانتایەکەیـەوە.

**ڕامان:** بەهـۆی ئـەو پێوەندییە باشـەوە سـوودت لە کتێبخانـە و ئەرشیڤە دەوڵەمەندەکەی وەرنەگرت؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، گوتـم تـۆ کتێبـی ڕووسـیت زۆرە، دوایی گوتـی باشـە هەنـدێ کتێبـت بـۆ دەهێنـم، تەماشایان بکـە، نایلۆنیشت دەدەمـێ، لەگـەڵ هەندێـک تابلـۆ و تێـپ، کتێبـەکان لـە لای تـۆ بـن، بـەڵام بەرگـی نایلۆنیـان تێبگـرە. گوتـم باشـە ئـەو کارەت بـۆ دەکـەم. دوو جـار بـە جانتـای گـەورەی جلـکان کتێبـی بـۆ دەهێنـام، کتێبـی ڕووسـی بـوون.

**ڕامان:** کتێبەکانی بۆ کوێ دەهێنا؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** کـە دەهاتـە ئەکادیمیا لەگـەڵ خـۆی دەیهێنـان، منیش لەگەڵـی سـەردەکەوتم، بـە ئۆتۆمبێـل تـا پێـش بەشـە ناوخۆیـی دەیهێنـان کـە لـە وەزیریـە بـوو، هەنگینـێ پۆلـی دوو بـووم، دوو جار بـە جانتـای جلـکان هێنـای، بـە نایلـۆن بەرگـم بـۆ کتێبـەکان دەکـرد، لەبـن نایلۆنەکـە تابلۆیەکـم دادەنـا و تێپەکەشـم لـێ دەدا، کـە دەمزانی کارم بـە کتێبـەکان نەمـاوە و ئامادەشـن، پێم دەگوت مامۆسـتا ئیشـەکە تـەواو بـووە، دەهـات و دەیبردنـەوە، ئێسـتا لـە کتێبخانەکـەی، ئـەوەی بەرگـی نایلۆنـی تێگیـراوە، ئـەوە مـن بـۆم کـردووە، لـەوەوە پێوەندیمـان خـۆش بـوو، پێشـتریش کـە لـە ئامادەیـی قوتابـی بـووم، دەمزانـی لـە پەیمانگـە مامۆسـتایە.

**ڕامـان:** تـۆ جارێ کـە لـە پۆلـی یـەک بـووی، باسـی مامۆسـتاکانی دیکەشـم بـۆ بکە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** باسیان دەکـەم.. سـاڵی ١٩٧٧ م. محەمـەد عارف پێشـانگەیەکی کردەوە، من ئەوکاتە تـازە بووبوومـە پۆلـی دووی ئەکادیمیـا، هاویـن بـوو، لـە هۆڵـی قوتابخانـەی ئەیووبیـە پێشـانگەی کـردەوە، یارمەتیمـان دا، مـن زۆر یارمەتیـم دا، هۆڵەکـە کاغەزیشـی دەویسـت، تۆپێـک کاغـەزی ڕۆژنامـەم هەبـوو، بـە تـۆپ دەمکـڕی، هەموویـم هێنـا، گوتـی تـۆ بیهێنـە خەمـت نەبـێ، مـن دوایـی کاغەزەکـەت دەدەمـەوە، هیچیشـی نەدامـەوە، هەمومـان لـە دیوارەکـەی هۆڵـی قوتابخانـەی ئەیووبیـەدا.

**ڕامـان:** دیارە کـە لـەو هۆڵـەدا پێشانگە دەکرایەوە، ئـەو کاغەزانەتـان لـە دیوارەکەی داوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، چونکـە هەمـوو جارێ کـە پێشـانگەت کردبـاوە، دەبـوو ڕێکـی بخـەی. ئەوکاتـی (کاکەمـەم بۆتانـی)ش لـەوێ بـوو، ڕۆژێـک لـە ڕۆژەکان قسـەمان دەکـرد، گوتـم ئـەوەی لێرانـە لـێ بـدە. گوتـی لـێ بـدە نـا، لـێ بـە! منیش زۆرم پـێ ناخـۆش بـوو، مـن ئەوکاتـە گوێـم بـەو شـتانە نـەدەدا، کامیـان ڕاسـتترە، یـان نـا، بـەڵام قسـەکەم پـێ خـۆش نەبـوو، دوایـی پێوەندیمـان لەگـەڵ م. محەمـەد عـارف بـەو شـێوەیە نەمـا، هـەر ئەوەنـدە بـوو، ئیـدی تـەواو بـوو.

**ڕامـان:** لـە کۆلێـژ چـی دی ڕووی دا شـایانی گێڕانـەوە بـێ و بـە زیندوویـی لـە یادەوەریتـدا مابـێ؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لـە چـواری کۆلیـج زۆر شـت ڕووی دا، یەکێـک لەوانـەی تووشـم بـوو، وانـەی «سـەقافەی قەومـی» بـوو، کتێبەکـەم نەبـوو، وەرم نەدەگرت، کاتـی دابەشـکردنی کتێبەکـە هـەر خـۆم دواخسـت و دوور خسـتەوە، دوایـی گوتـم ئێسـتا مـن نامـەوێ، قـەی نـاکا. چەنـد ڕۆژێـک دەوامـم کـرد، خوێنـدن دەسـتی پێکردبـوو، هەنـدێ ڕۆژ دەوامـم نەدەکرد، لـە کاتـی تاقیکردنـەوەکان کتێبەکـەم لـە قوتابییـەکان وەردەگـرت و دەمخوێنـدەوە و وەکـوو ئێنشـا وەڵامـم دەدایـەوە و دەمنووسـی نیشـتمان خزمـەت کردن و خۆشەویسـتی خـاک، ئەرکی قوتابی بۆ خوێنـدن، وایـە و وایـە و ئـەو قسـانەم دەنووسـی و لـە تاقیکردنـەوە دەردەچـووم، بـەڵام نمرەکـەم خـراپ بـوو، هێندێـک لـە کۆنمـرە - مەعەدەلەکەمـی کـەم دەکـردەوە، مـن گوێـم نەدەدایـە کۆنمـرە.

**ڕامان:** بیرت لەوە نەدەکردەوە یەکەم بیت؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڕاسـتی هیـچ بیـرم لەسـەر ئـەوە نەبوو یەکـەم بـم. مـن زۆر گرنگیم بە خۆشـم نـەدەدا، قـژم درێـژ بـوو، تەنانـەت کچەکانیـش دەیانگـوت، ئـەوە بـۆ گرنگـی بـە خـۆت نـادەی. منیـش دەمگـوت گرنگـی چییـە، ئـەوە نییـە ڕەسـم دەکەیـن، قوتابیـن و کاریشـمان وەکـوو کرێـکار زۆر پراکتیکییـە.

**ڕامـان:** بـۆ تـێ نەدەگەیشـتی مەبەسـتیان لـە گرنگـی بەخـۆدان چییـە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** وەڵـڵا بـرام زۆر بـاش دەمزانـی، بـەڵام قوتابـی بـووم، لەنـاو قـوڕ و زەیـت و ڕەنـگ کارم دەکـرد. دیـار بوو مامۆسـتا تەماشـامی کـرد، گفتوگۆمـان کـرد، گوتـی کوردەکان لـە چیای ئەلبـەوە هاتـوون، دوایـی گوتـی تـۆ کەسـێکی لاسـار و ناڕەحەتـی. منیـش گوتـم نـا، هەمـوو لەبـەر ڕژێمەکانـە کـە ڕەگەزپەرسـتن، کوردەکان بـۆ چیـای ئەلـب و چیاکانـی دی هەڵدێـن دەکـەن، کـە تەماشـای



هەولێـر، ١٩٧٦، ئۆتـۆ پۆرترێـت، ٣٢ بـە ٣٢ سـم، کاری پێش چوونی بۆ ئەکادیمیای هونەرەجوانـەکان لـە بەغدا.

کـردم پرچـم درێـژ و ئاڵـۆزکاوە، گوتـی هەسـتە تـۆ کەسـێکی زۆر لاساری. قوتابییـەکان یـەک دووێکیان لەسـەریان کردمـەوە، یـەک دوو کـچ بـوون، دوایـی چاودێرەکـە هەسـتا، کـە خەڵکـی نەجـەف بـوو، نـاوی محەمـەد بـوو، دووجـار بـە زەیـت پۆرترێتـم کـردووە، یەکیانـم دا بـە خـۆی، هەنگـی نەمدەزانـی شـیعە و سـوننە چییـە، بـەڵام پـێ دەچـوو سـۆزێکی لەگـەڵ کـورد هەبـێ، بـە گشـتی قوتابییـەکان لەگەڵـم خـراپ نەبـوون.

**ڕامان:** هەموویان باش بوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نا، هەندێکیان ڕەگەزپەرسـت بـوون، غیرەیـان دەکـرد، لەژێرەوە پـاک نەبـوون و خـراپ بـوون، دەنـا بـە قسـە بـاش بـوون، ئیـدی لەسـەرم هاتنـە وەڵام. مامۆسـتا گوتـی باشـە دێمـە هۆڵـی پراکتیکـی، ئەگـەر لـە کارەکانتـدا بـاش بـووی، ئـەوە قەیناکا لێت دەبـوورم، هاتـە ژوورەکەمـان، هۆڵـی م. فایـق حەسـەن بـوو، بینـی کارم زۆرە، ئیتـر بـووە بـرادەر و قسـەی خۆشـی

کرد، کە پێشانگەم کردەوە، هاتە پێشانگەکەم.
**ڕامان:** پێشتر گوتت لە ئاکادیمیا پێشانگەیەکت کردەوە، هەر ئەوە بوو؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هەر کردنەوەی پێشانگە تایبەتییەکەی هێڵکاری پۆلی چوار بوو.
**ڕامان:** کە گەیشتینە باسی پۆلی چوار زیاتر قسەی لە بارەوە دەکەین.. ئەی لە پۆلی یەک (سەقافەی قەومی)ت خوێند؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** (سەقافەی قەومی) تەنیا لە پۆلی یەک و چوار هەبوو، لە پۆلی یەک پێیان دەگوت (المجتمع العربي) کۆمەڵناسی عەرەبی.
**ڕامان:** ئەدی لە پۆلەکانی دی؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە دوو و سێ نەبوو.
**ڕامان:** مامۆستاکە ناوی چ بوو؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوی قاسم عیسا ئەلساجر بوو، کەسێکی حزبی بوو. دەفتەرێکی پێشانگەکەم هەیە، لەوێدا ناوی نووسیوە، تەنانەت ئەو قسانەی لەوێ بۆمی نووسیوە، قسەی قەومین. ((لە خزمەتی دەوڵەتی عەرەبی و عەرەبچێتی)) بوون، هیچ پێوەندی بە پێشانگەکەوە نەبوو، لە پۆلی چوار زمانی عەرەبیم باشتر بوو، چاوکراوەتریش بووم، منەتیشم بە بڕوانامە نەمابوو، دەروەست نەبووم دەربکرێم، دۆخی عێراق، یان باشترە بڵێم دۆخی کورد لە پۆلی چوار خراپتر بووبوو، لە پۆلی یەک هێشتا دۆخەکە نەگۆڕابوو. لە پۆلی یەک کە ١٩٧٥ - ١٩٧٦ بوو، هێشتا دۆخی کورد ئەوەندە خراپ نەبوو، عێراق لەگەڵ کورد ئەوەندە خراپ نەبوو، ((جەبهەی وەتەنی)) و ئەوانەش مابوون، هێشتا دژایەتی کورد بەهێز نەبوو، بەڵام کە هاتمە پۆلی چوار دژایەتییەکە بەهێزتر بوو، منیش بێمنەتتر بووم.
**ڕامان:** لەو قۆناغەدا هەستت کردووە لە ئەکادیمیا هەر ئەوەندە زانست و زانیارییە هەیە کە تۆ فێری بووی و وەرت گرتووە، بۆیە بێ منەت بووی؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، ڕێک وابوو.
**ڕامان:** با بگەڕێینەوە پۆلی یەک، بزانین چیتر ڕووی دا؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی یەک، مامۆستای عەرەبی هاتە ژوورێ، ئەویش وانەبێژ بوو، وانەی عەرەبیمان هەبوو، منیش لە بەشی ئەدەبییەوە چووبوومە ئەکادیمیا، کتێبی ئەدەبیاتم خوێندبووەوە، کە هاتبوومە خوێندنی هونەر، حەزم لێ بوو بابەتەکان تەنیا هونەری بن، هەر بیرم لەسەر هونەر بوو، ئاگام لە هیچی دیکە نەبوو، ئەویش شیعری بۆمان خوێندەوە، شیعری ((بشار بن برد))، گوتی دەبێ دوازدە دێڕی لەبەر بکەن، منیش هەستام قسەم کرد، گوتم مامۆستا دوازدە دێڕ زۆرە، ئێمە زۆربەمان لە ئەدەبییەوە هاتووین و لێرە هونەر دەخوێنین، ئیدی هەر گفتوگۆمان کرد، لە کۆتاییدا گوتم با وەک نموونە دوو دێڕ لەبەر بکەین. کە گفتوگۆ بەردەوام بوو، گوتی ئێستا لەبەری دەکەی یان نا؟ گوتم من لەبەری ناکەم! ئیدی بووە دەنگەدەنگ.
**ڕامان:** پەرچەکرداری ئەو مامۆستایە بەرانبەر بیروڕایەکەت چی بوو؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو مامۆستایە لە پۆلی یەک منی خست، نازانم بۆچی منی خستبوو، من ئەوەندە خراپ نەبووم، عەرەبییەکەم بۆ نووسین باش بوو، ئیدی منی خست، کە لە خولی دووەم بۆ تاقیکردنەوەکە چووم، زانیم کێ لەسەرم چاودێرە، مامۆستایەکی شانۆ بوو، ناوی ئیبراهیم جەلال بوو، دوایی کە چوومەوە دەوام، دەبینم ناوی من نییە، نەمزانی

دەرچووم، دەرنەچووم، بۆیە چوومە بەش، (ئیسماعیل شێخلی)م دی کە سەرۆکی بەش بوو، گوتم مامۆستا من لە تاقیکردنەوە ئامادە بووم، کەچی ئێستا ناوی من نییە، دەڵێن تۆ کەوتووی!. گوتم چۆن منی خستووە! گوتی تۆ ئامادە نەبووی و دەوامت نەکردووە. گوتم من هاتووم و فڵان مامۆستا لەسەرم چاودێر بوو، قوتابیان منیان بینیوە. کە وام گوت، گوتی بڕۆ دە دەقە، چارەکێکی دیکە وەرەوە. پاش ئەوەی چوومەوە، گوتی بڕۆ دەوام بکە، تۆ دەرچووی، بڕۆ پۆلی دوو.

**ڕامان:** هەروا سووک و باریک گوتی بڕۆ لە پۆلی دوو دەوام بکە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، منیش گەڕامەوە لای و گوتم دەفتەرەکەم دەوێتەوە، بزانم دەفتەرەکەم چی لێ هاتووە و بۆچی منی خستبوو. گوتی دە بڕۆ دەوام بکە، دەرچووی.

**ڕامان:** وانەی مێژووی هونەر کێ پێتانی دەگوتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی یەک مێژووی هونەری کۆنی عێراقی بوو، وەکوو سۆمەری، ئاشووری و ئەوانی تر، مامۆستاکە دوکتۆر شەمسەددین فارس بوو، کە بە ڕەچەڵەک کوردە، براکەشی نوورەددین فارس لە بواری شانۆ دەینووسی.

**ڕامان:** لەبیرمە لە ناوەڕاستی حەفتاکان ئەو برایەی زۆر وتاری لە بڵاوکراوەی ڕۆشنبیریی نوێ، بە زمانی عەرەبی دەنووسی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەمزانی بۆ بە کوردی قسەی نەدەکرد؟ وەکوو نەریتی قوتابخانە گوتی ڕاپۆرتێک بنووسن. من قسەم کرد، پێم گوت مامۆستا ڕاپۆرت ئاوا نانووسرێ، وەک قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بچم لەناو گۆڤار و کتێبان زانیاری کۆپی بکەم و دوو سێ لاپەڕە بنووسمەوە. گوتی ئەدی چۆن دەبێ؟ گوتم لێمان گەڕێ تا پاش نیوەی ساڵ لێکۆڵینەوە بکەین، وەک ئەرکێکی جیددی خۆمان بێ و بینووسین. گوتی نا ئەوەی ناوێ، تۆ تەنیا ڕاپۆرتێکم بۆ بنووسە. گوتم ئاخر ئەوە زۆر سوودی نییە. زۆر گفتوگۆم لەگەڵ کرد، گوتی نا دەبێ بیکەی. گوتم من نایکەم. گوتی تۆ کوردی، کوردیش کە دەڵێ نا، یەعنی نا. دوو سێ جار ئەو قسەیەم پێ گوتراوە.

**ڕامان:** ئەویش لە وانەکەی خۆی تۆی خست؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** گەنج و خوێنگەرم بووم، سەرلەقاندن و نمرە و دەرچوون و دەرنەچوونم نەدەزانی، من ڕاست و ڕاست دەمویست بە دڵی خۆم بکەم. پێم ناخۆش بوو نەقڵ بکەم، بەڵام لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەم پێ خۆش بوو، ئیدی ئەویش لە پۆلی یەک منی خستبوو.

**لە ئەکادیمیا مامۆستاکانمان دەچوونە ئەوروپا، نوێخوازیی ئەوێ کاری تێدەکردن، کە دەهاتنەوە نەدەزانرا سەرچاوەی هونەرەکەیان لە کوێوە هاتووە.**

**ڕامان:** ئەی دوایی چۆن کێشەکەت لەگەڵی چارەسەر کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** منی خست و لە خولی دووەم دەرچووم.

**ڕامان:** ڕقی لێت هەڵنەگرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، دوایی نەمدیتەوە، ئەوانەی وانەبێژ بوون، یان وانەی تیۆریان دەگوتەوە، زۆر پێوەندیمان پێیانەوە نەبوو، من بیرم لەسەر ئەوانە نەبوو، تەنیا بیرم لەسەر فایق حەسەن و هونەرمەندان بوو، بەڵام ناچار بووم بیکەم، چونکە قوتابی بووم.

**ڕامان:** لە پۆلی یەک مامۆستاکانی دیکەت باش بوون؟ ئەوانەی سوودت لێ وەرگرتن کێ

بـوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مامۆسـتا محەمـەد عەلـی شـاکر ڕەنگـی ئاویـی پـێ دەگوتیـن، ئـەوەش هـەر بـە وانەبێـژی هاتبـوو، خـۆی هونەرمەنـد بـوو، واتـە هـەر مامۆستا نەبوو، وەکوو گەلێک لەوانـەی مامۆسـتای هونـەرن!، بێدەنـگ بـوو، قسـەی نەدەکـرد، بـەڵام بـاش بـوو، دوو کاری ئاویـی منیشـی بـرد، گـەورە بـوون، هیـی کاتـی دەوام بـوون، گوتـی ئەوانـە دەبـەم. جارێـک پێـم گـوت مامۆسـتا لـە قوتابیانی پەیمانگەم بیستووە تـۆ کتێبێکـت لەسـەر قوتابیانـی سـۆڤێتی هەیـە کـە ڕەنگـی ئاوییـان کـردووە. گوتـی ڕاسـتە بـۆت دەهێنـم، کتێبەکـەی بـۆ هێنـام. بەڕاسـتی ڕەفتاری هونەرمەندانـە بـوو، زۆر ڕێـزی منیشـی دەگـرت.

**ڕامـان:** ئـەی بـۆ کاری پەیکەرسـازی کارکردنتـان چـۆن بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەشـی پەیکەرسـازی لـە پۆلـی یـەک زۆر گرنـگ نەبـوو، چـوار سـەعات بـوو، چونکـە پۆلـی یـەک گشـتی بـوو، وەک ئامـادەکاری وابـوو، بـەڵام لـە پۆلـی دوو دەکـرا بـە تایبەتمەنـدی، ئێمـە لـە وێنەکێشـان بوویـن، دەکـرا وانەیـەک هەڵبژێریـن، پەیکەرسـازی، یـان سـیرامیک، مـن پەیکـەرم هەڵبـژارد.

**ڕامان:** لە حەفتەیەکدا چوار سەعات بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵـێ، لـە حەفتەیەکدا چوار سـەعات بوو، لای منیش پەیکـەر لـە ڕەسم نزیکتـر بوو، بۆیە پەیکـەرم وەرگرت، بەڵام زۆر پەیکەرمان نەکـرد، تەنیـا هەندێـک ڕاهێنانمـان کـرد، ئـەوەی کـە چـۆن قـوڕ پـان دەکەیتـەوە و چـۆن سـەرێک بکەیـن، هـەر تەنیـا ڕیلیـف بـوو، واتـە موجەسـەم نەبـوو، منیـش سـەرێکم کـرد، لـە مـەلا مسـتەفای بارزانـی دەچـوو. چـووم چا بخۆمـەوە، تـا هاتمـەوە قوڕەکـە نەمابـوو، سـەرەکە جەمەدانـی لەسـەر بـوو،



بەغدا، ١٩٧٩، لە ڕاستەوە: فایەق حەسەن، عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، ئیبراهیم مستەفا.. دانیشتووەکان: ؟، ؟.

کـورد بـوو، مـن بـە خەیـاڵ وێنـەی (مـەلا مسـتەفای بارزانـی)م دەزانـی، ئیـدی هـەر ئەوەنـدە بوو، شـتێکی وامـان نەکـرد.

**ڕامـان:** هونەرمەنـد و مامۆسـتا گـەورەکان لـە پۆلـی یـەک نەدەهاتنـە لاتـان؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مامۆسـتای وا دەهاتـن کـە موعیـد بـوون، هونەرمەنـدە گـەورەکان نەدەهاتـن، بـۆ نموونـە محەمـەد غەنـی حیکمـەت دەرسـی بـە بەشـی پەیکەرسـازی دەگوتـەوە، قوتابیـی کەرکووکـی لـێ بـوو، ئەوانـە هـەر زوو منیـان ناسـی، یەکێکیـان گوتـی بۆچـی بـۆ ئێرە هاتووی، تـۆ پێویسـتت بـە خوێنـدن نییـە. منیـش گوتـم بـۆ پێویسـتم بـە خوێنـدن نییـە! هاتووم شـتێک فێر بـم، پـێ دەچـوو ئەوانـە لـەلای م. محەمـەد غەنـی حیکمـەت باسـی منیـان کردبـێ، دەیانویسـت بمبەنـە لای ئـەو بـۆ بەشـی پەیکەرسـازی.

**ڕامان:** هەر ئەو بەشانە هەبوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەشـێکیش هەبـوو پێیـان دەگـوت پـەروەردەی هونـەری، یـان ئامادەکردنـی مامۆسـتایان.

**ڕامان:** ئەدی بەشی دیزاین نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دوایی ئەویش کرایەوە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی تۆ لە ئەکادیمیا دەرچووی، ئەو بەشە کرایەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، بەڵام بەبیرم نایەت لە پۆلی یەک دیزاین هەبووبێت، دوایی کرایەوە. بەشێک هەبوو پێیان دەگوت پەروەردەی هونەری، ئەوە زیاتر بۆ ئەو کەسانە بوو کە لە چاوپێکەوتن زۆر باش نەبوون، یان لە ڕەسم زۆر باش نین، بەڵام دەیانەوێ وەریان بگرن، دەیانگوت ئەوانە دوایی دەبنە مامۆستای هونەر، مەرج نییە ببنە هونەرمەند. ئەوەی هەوڵی دەدا، ئەوە لەو چوار ساڵەی خوێندن سوودی وەردەگرت و باش دەبوو، لەناو ئێمەش هەبوو زۆر باش نەبوو. خۆت دەزانی ئەوکاتانە واستە هەبوو، کەسانی حزبییان دەنارد، ئێستاش ئەوە هەر هەیە و بەردەوامە، لای خۆمانیش هەیە!

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ فایەق حەسەن پێوەندیت چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پۆلی یەک بووم کە دەچوومە پۆلی فایەق حەسەن، ئەو نەیدەگوت بڕۆ دەرێ، منیش نەمدەگوت فلان کەسم. بەبیرم دێ چەند جاری لەوێ بووم، خەڵکی دەردەکرد، بەڵام منی دەرنەدەکرد، پێیانی دەگوت بڕۆنە دەرێ، منیش تەماشام دەکرد، بە دەستی دەیگوت تۆ نا، بەڵام پێک ئاشنا نەبووبووین تا بڵێم من فلان کەسم.

**ڕامان:** پتر بە چاو یەکترتان ناسیوە و بە یەکتر ئاشنا بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو لە ڕێگەی قوتابییەکانەوە منی دەناسی، چونکە هەندێ جار کە ڕەسمم دەکرد، قوتابیان دەچوون پێشانیان دەدا، من کەسێکی شەرمن بووم، خۆم نەمدەبرد. ڕۆژێک چوومە پەیمانگەی هونەر، لەوێ فیستیڤاڵی هونەری هەبوو، بە تەنیا چووم، هەر کە چوومە ژوورەوە م. محەمەد عەلی شاکر لەگەڵ قوتابیان ڕاوەستابوو، ئاوڕێکی دایەوە و گوتی ئەوە ئەوە لە ئەکادیمیا باشترین قوتابییە، کە وای گوت، منیش پێم چەقی، گوتی وەرە، بۆ شەرم دەکەی! چوومە لایان، ئیتر قوتابیان تێم ئاڵان و کەوتینە قسە و پرسیار، مامۆستاکەیان بەجێ هێشت.

**ڕامان:** تۆش حەز بە قەرەباڵغی و ناو خەڵکی ناکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوەڵڵا، زوو بێزار بووم، من حەزم لە قەرەباڵغی و قسە نەبوو، دەمویست بەدزییەوە بۆخۆم تەماشای کارەکان بکەم و بڕۆم، جارێکی دی لەگەڵ م. محەمەد عەلی شاکر لە پێشانگەی فایەق حەسەن یەکترمان بینییەوە، پێشانگەیەکی گەورە بۆ م. فایق حەسەن کرایەوە، لە کاتی کردنەوەی پێشانگەکە لەوێ بووم، ئیشەکانیم پێ جوان بوو، زۆر حەزم لەو ئیشانە بوو، کامێرا و سێپاشی هێنابوو.

**ڕامان:** لەو پێشانگەیەشدا لەگەڵ م. محەمەد عەلی شاکر، هەر قسەتان نەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، کە منی بینی، قسەمان کرد، گوتی وەرە لەگەڵم بە، وێنەی هەموو تابلۆکانی (فایق حەسەن)ی گرت، یارمەتیم دا تا هەموو کارەکان تەواو بوون. کارەکان زۆر بوون، لەناو مۆزەی نیشتمانیی هونەری هاوچەرخ کرا.

**ڕامان:** تۆ مەیلێکت بۆ هونەری فۆتۆگراف هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەخێر، کامێراشم نەبوو.

**ڕامان:** ئەی چۆن توانیوتە وێنەی تابلۆکانی خۆت بگری؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو وێنانەی پۆلی یەکم،

بەشی زۆری بۆیان گرتووم، قوتابییەکی خەڵکی (ئیمارات)م لەگەڵ بوو ناوی ئیبراهیم مستەفا بوو، ئەو کامێرای دەهێنا، زۆربەی وێنەکان ئەو گرتوونی. بەشێکیشیان بە کامێرای ڕەش و سپین، دیسانەوە هاوڕێیان کامێرایان هێناوە، خۆم کامێرام نەبوو.

**ڕامان:** لە پۆلی دووی ئەکادیمیا، هیچ گۆڕانکاری و پێشکەوتنێک ڕووی نەدا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی دوو گۆڕانکاری هاتە پێشەوە، بەتایبەتی لەلایەنی نیگارکێشان زیاتر چڕ بووەوە، پەیکەرسازی نەما، کاری ڕەنگ، بووە ڕەنگی چەور (زەیتی)، مامۆستا وانەبێژەکان کەمبوونەوە، وانەی دارشتن- انشاء زیاد بوو.

**ڕامان:** ئەی مامۆستاکانتان نەگۆڕان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامۆستاکانیش گۆڕان، م. ئیسماعیل شێخلی ‹‹توخمەکانی هونەر - عناصر الفن››ی پێ دەگوتین، ئەو وانەیە لە پۆلی یەکیش هەبوو، تەنیا قسەکردن و نووسینەوە بوو، باسی ئەوەی کە دارشتن چییە و خاڵ چییە و هێڵ چییە و سێگۆشە چییە و ئەوانە بوو، ئەوە پێیان دەگوت ‹‹بنەماکانی هونەر››، یان توخمەکانی هونەر، بەڕاستی شتەکان زۆر بەهێز نەبوون، بەڵام ئێمە وەک وانەیەک دەمانخوێند.

**ڕامان:** گوتت تەنیا قسە و نووسینەوە بوو، ئەی مەلزەمەتان نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، مەلزەمە نەبوو، مامۆستا قسەی دەکرد و ئێمە دەماننووسییەوە، وانەیەک بوو دەبووایە بیخوێنین و تاقیکردنەوەی تێدا بکەین. من تێیدا باش بووم، باشم دەزانی، بەڵام وانەکە زۆر بەهێز نەبوو، هەندێک شت هەبوون دوایی خۆم فێریان بووم. من زۆر لەگەڵ توێژینەوەم، پاشان زانیم ئەکادیمیاش هەر لاوازە. لە پۆلی دوو جیددیتر بوو، بەڵام مامۆستای ڕەنگمان هەبوو، دارشتن و هێڵکاری یەک کەس بوو، دوایی باسی دەکەم.

**ڕامان:** م. فایق حەسەن (ڕەنگ)ی پێتان دەگوتەوە؟ ئەو لەو بوارەدا هونەرمەندێکی گەورە بوو، ناویان لێ نابوو، ‹‹شای ڕەنگەکان - ملک الالوان››.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو وانەکانی پۆلی چواری دەگوتەوە، من دەچوومە پۆلەکەیان، مۆدیلی کردبا، ئیشی کردبا دەچووم، زۆر لەوێ دانیشتووم، کە لە پۆلی یەک و دوو و سێش بووم، زۆر کاری هەیە کە مۆدێلی کردووە، یان پۆرترێتی کەسێکی وەکوو (ئەسعەد عەبدولڕەزاق)ی دەکرد کە ڕاگر بوو، یان عامر ئەلعوبێدی دەکرد کە بەڕێوەبەری مۆزەی نیشتمانی بوو، من لەوێ بووم.

**ڕامان:** دیارە پێی سەرسامی، سوودت لێی وەرگرتووە؟

**دواجار گەیشتمە قەناعەتێک کە مەرج نییە ئەوەی مامۆستا پێمی دەڵێ، هەمووی ڕاست بێ.**

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، سوودم لێ وەرگرتووە، چونکە کارەکانی جوان بوون، بەتایبەت لە مۆدێلکردن، بەڵام هێشتا نەبووبوومە پۆلی چوار. لە پۆلی دوو ژنێک هەبوو ناوی نیعمەت مەحموود حیکمەت بوو، وەکوو پێشتر گوتم باسی دەکەم، مەبەستم ئەو ژنە مامۆستایە بوو کە ساڵێکم لەگەڵی بردەسەر، سێ بابەتی پێ گوتین، سوودی زۆر زۆر کەم بوو! ژنێکی بەقەڵافەت بوو، ئەوەش ڕەسمی دەکرد، هونەرمەندێکی باش نەبوو، دەیگوت دەرچووی ئەمریکایە، لەناو فڕۆکە بووە، فڕۆکەکە تێکچووە، ویستوویانە خەڵکی فڕێ بدەنە خوارێ، بە تایبەتی ئەوانەی کێشیان زۆرە، دەیگوت من کێشم زۆر بوو، زۆر ترسام، ئەو قسانەیم بەبیر دێ.

**ڕامان:** قسەکەی زۆر عەنتیکەیە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەیگوت فڵچەی ددان فڕێ مەدەن، دەتوانن پشتملی کراسی پێ بشۆن، بەڵام هیچ باسێکی هونەریم بەبیر نایەت.

**ڕامان:** بەهۆی ئەوەی کەمتر بەلای هونەردا چووە، لەگەڵی تووشی مشتومڕ نەبووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕۆژێک ئەو لێم تووڕە بوو، دەیگوت تۆ زۆر دەچیتە لای قوتابییەکان و قسەیان لەگەڵ دەکەی. منیش پێم گوت ئاخر ست تۆ هەڵناستیتە سەر پێ، ئەو قوتابیانە دێن پرسیارم لێ دەکەن، چارم چییە، چی بکەم، زۆربەیان هاوپۆلن، پێیان بڵێم نەیەن!

**ڕامان:** ئەوجا بۆچی دەچوویتە لایان و دەهاتنە لات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پێم دەگوتن ئەوە وایە، یان وا نییە و ڕێنماییم دەکردن، دەستم لە کارەکانیشیان وەردەدا، دەمگوت دەستم نەگرن هەر دەستکاریی ئیشەکانتان دەکەم، یان ئەگەر شتێکم بدیتبایە و بەدڵم نەبووایە، پەنجەیەکم لێ دەدا، هیی وا هەبوو دەیگوت نا نا دەستکاری مەکە. دەمگوت بەخوا ناتوانم، وێنەکاری، یان نیگارکێشان پراکتیکییە، بە قسەکردن نابێت. بە ڕاشکاوی بڵێم هەندێ لە قوتابییەکان پێیان خۆش بوو من وانەکەیان پێ بڵێم! ئەگەر لێمی بپرسیبا، من دەستم تێ وەردەدا. بەپێی زانینی خۆم پەنجەیەکم پێدا دەهێنا و دەمگوت ئاوای لێ بکە.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە ئەوەی پێ ناخۆش بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، زۆریش پێی ناخۆش بوو، پێم گوت ئاخر تۆ هەڵناستی و هیچ ناڵێی، ئەوانیش دێن لە من دەپرسن، بەڵام لەگەڵ ئەو تێکم نەدا، هەر ئەو جۆرە قسانە بوون.

**ڕامان:** تۆ کەسێکی شەرمن بووی، چۆنە ئەوەندە بە ڕووی مامۆستاکانت هەڵشاخاوی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، من دەترسام و شەرمیشم دەکرد، دەمگوت مامۆستایە، با شتێک بەرانبەرم نەکات. جارێک هەر لە پۆلەکە تابلۆیەکم کرد، مۆدێل بوو، کوڕێکی گەنج دانیشتبوو، چونکە گەلێک جار خەڵک دەهاتن بە پارە وەک مۆدێل دادەنیشتن، ئەوانە وەک کرێکار پارەیان پێ دەدرا.

**ڕامان:** بیستوومە ژن و منداڵ و پیاو دەهاتنە حەوشەی ئەکادیمیا، ئێوە وەک مۆدێل بەکارتان دەهێنان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، لە حەوشە دادەنیشتن، خەڵکی هەژار بوون، دەمانگوت وەرن بینە مۆدێل، ئەوانە دەهاتنە پێش و دەیانگوت من، من، من! یەکێکمان وەک مۆدێل دادەنا، زۆرجار من دەچووم هەڵم دەبژارد، ئەوجا مەرجیشم هەبوو، وەکوو نابێ بجووڵێ، دەبێ تا کۆتایی دانیشێ، ئەو جارە کوڕێکی گەنجمان دانابوو، دوایی ئەکادیمیا چەند دینارێکی دەدایە کەسەکە، ئەو ڕەسمەم پێ جوان بوو.

**ڕامان:** ئەو ڕەسمەت ماوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەخێر، ڕۆژێک دەرسی ڕەنگ بوو، چووم دەبینم زەیتیان بەسەر ئەو تابلۆیەدا کردووە و تێکیان داوە. منیش بەوە تووڕە بووم، گوتم بڵێن کێ وای کردووە، ئەگەرنا قسە دەکەم! ئاخری جوێنم دا، ئاوڕم دایەوە دەبینم م. نیعمەت مەحموود دەستی دەسووڕاند و دەستی لە سەری دەدا، واتە ئەوە شێتە! یان عەسەبییە و تەواو نییە، کە دیتم ئیحراج بوو، بەڵام قسەم نەکرد، وەک دەڵێن بەسەر خۆمدا نەهێنا.

**ڕامان:** ئەکادیمیا مامۆستای بیانییان نەهێنابوو دەرستان پێ بڵێنەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مامۆسـتای بیانـی هاتبـوون، بەڵام ئەوە لە پۆلی سێ و چوار بوو، ئەرتیمۆفسکی و ژنەکـەی هاتبـوون کـە دوایی باسیان دەکەیـن.

**ڕامـان:** لـە پۆلـی یـەک و دوو مامۆسـتای بیانیتـان نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، نەمانبوو.

**ڕامـان:** مامۆسـتای نـوێ لـە پۆلـی دوو هاتبێتـە لاتـان کـە لـە پۆلـی یـەک دەرسـی پـێ نەگوتبێتـن کـێ بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** م. نیعمـەت مەحموود حیکمەت ڕەنـگ و هێڵـکاری و داڕشـتنی پـێ دەگوتیـن، زۆر خەمـم دەخـوارد، چونکـە هەسـتم دەکـرد ئـەو ساڵەم بەفیـڕۆ ڕۆیـی، هەرچەنـدە بۆخـۆم زۆر خـۆم ماندوو دەکرد، بـەڵام هیـچ سـوودم لـەو مامۆسـتایە وەرنەگـرت، هـەر ئەوەنـدە بـوو مۆدێـل دادەنـدرا، شـتێکی لـەوە زیاتـرم نـەدی، وێنەکەیـم بـە قەڵـەم و مەرەکـەب کێشـاوە، هـەر لەسـەر کورسـییەکەی دانیشـتووە، ئێسـتاش وێنەکـەم مـاوە. موعیدێـک هەبـوو نـاوی ڕیـاز خەیـات بـوو، بەبیـرم دێ ڕۆژێـک هـات بـۆ ئـەوەی ڕەنگمـان پـێ بڵـێ، چیتـر نەهاتـەوە، بە منی گوت یارمەتیم بدە و ئاگات لە قوتابییـەکان بێـت.

**ڕامـان:** چـۆن یارمەتـی قوتابییـەکان بـدەی، مەبەسـتی لـەو قسـەیەی چـی بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** بۆخـۆم پێـم سـەیر بـوو، مـن یارمەتـی چیی قوتابییـەکان بدەم، دیار بـوو مەبەسـتی ئـەوە بـوو بڵێـم تـۆ شـوێنت ئێرەیـە، یـان تـۆ لێرە دانیشـە، تـۆش لـەوێ بوەسـتە.

**ڕامان:** سەبارەت بە پۆلی دوو چیت ماوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی یـەک وانـەی مەنـزوور (ڕوانگە) هەبـوو، هـەروا ڕۆیـی و گرنگـی پـێ نـەدەدرا، نازانم کێش مامۆستامان بوو، بـەڵام وانـەی تەشریح (توێـکاری) ئەناتۆمـی، ئـەوەش هەبـوو، هەروەکـوو ڕوانگـە پشـتگوێ خرابـوو، ئەوجا ئـەوە لـە یـەک و دوو هەبـوو، چونکـە پێوەنـدی بـە لەشـی مـرۆڤ و ڕووتبوونـەوەوە هەیـە، زۆر زەحمـەت بـوو هەقـی خـۆی بدرێتـێ. لـە پۆلـی سـێ وانـەی مێـژووی هونەر کێشـەی بـۆ دروسـت کـردم، مامۆسـتاکەمان ژنێـک بـوو، خـۆی شـارەزا بـوو، ئەوانـە زۆریـان وانەبێـژ بـوون.

**ڕامان:** ناوی چی بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** وا دێتـە بیرم ناوی شـەهرەزاد بـوو، دیـار بـوو شـتی لەسـەر مێـژووی هونـەری کـۆن و ئیسـلامی نووسـیبوو، پسـپۆڕییەکەی لـە هونـەری ئیسلامی بـوو، منیش هونـەری ئیسلامیم پـێ خـۆش نەبـوو، حـەزم لـەو شـتانە نەبـوو، هـەر تەنیـا حـەزم لـەو وانانـە بـوو کـە پێوەندییـان بـە ڕەسـمەوە هەبێـت. هونـەری نـوێ، ئـەوەی خـۆم حـەزم لـێ بـوو، دەمویسـت فێـری بـم.

**ڕامـان:** کێشـەت لەگـەڵ ئـەو مامۆسـتایە چـی بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** دیسـان گوتـی ڕاپۆرتێـک بنووسـن، منیش گوتـم با ڕاپۆرت کۆپـی نەکەیـن و ئـەو قسـانەم کـرد، حـەزم لـە وانەکـە نەبـوو. گوتـی نـا، هـەر دەبـێ بیکـەی. گفتوگۆمـان کـرد، تۆزێـک لێـم بـووە عینـادی، دوایـی گوتـم باشـە دەیکـەم، نەمویسـت وەک پۆلـی یـەک بێـزار بـم و لـە وانەکـە بمێنمـەوە. هەسـتم دەکـرد هەنـدێ لـە قوتابیـان حەزیـان دەکـرد کێشـەم هەبـێ و مامۆسـتا لێـم ڕازی نەبێـت.

**ڕامان:** دواجار ڕازی بووی ڕاپۆرتەکەت نووسی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** چـووم ڕاپۆرتێکـم نووسـی، هەمـووی وەرگرتـن بـوو، خۆشـم نازانـم چیـم نووسـیبوو، سـێ چـوار لاپـەڕەم نووسـی و لەنـاو فایلێکـم دانـا، تەنانـەت لاپـەڕەکانیشـم سـەراوژێر دانابـوو، نـاوی خـۆم لەسـەر فایلەکـە نووسـیبوو، ڕاسـت فڕێـم دا، گوتـم هـا! دەرسـەکەم لـە کـۆڵ

بووەوە. ئەوەش کێشە بوو، زۆر نێوانمان خۆش نەبوو، بەڵام مامۆستایەکی هێمن بوو، خراپەی بەرانبەرم نەکرد.

**ڕامان:** باشە کە ئەو هەموو کارە هونەری و هێڵکاری و شتانەت کردووە، ئەوانەت لەگەڵ خۆت دەهێنانەوە هەولێر؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، باوەڕ ناکەم هیچیانم فەوتاندبێ، هەندێک هێڵکاریم داوەتە عەرەبێک، ئەو پۆلی دوای من بوو.

**ڕامان:** ئەو عەرەبە کێ بوو، هونەرمەند بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قوتابی بوو، ساڵێک دوای من بوو، ئێستا ناوەکەیم لەبیرم نییە، بەڵام لەوانەیە لە دەفتەری پێشانگەکەم شتێکی نووسیبێ، حەوت، هەشت، یان دە هێڵکاریی خۆمم دایێ، دوایی پەشیمانیش بوومەوە، بەبیرم دێ یەکێکیان ئەسپ بوو، هەموویان هێڵکاری ناو بۆرد بوون، سکێچی پێ دەڵێن، هەندێ کەس دەیانگوت ئەوە دەبەم، منیش دەمدانێ، لەوەدا هەڵەم، ئێستا پەشیمانم.

**ڕامان:** ئەگەر لەبیرت بێ، بەرهەمی هونەریی دیکەت کەوتووەتە لای کێی دیکەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** برادەرێکی خۆمان هەیە، هاتە بەشی دیزاین، ناوی (مۆفەق سەلاحەددین)ـە، ئێستا لە سوید دەژی، ئەوە وەک مۆدێل زۆر بۆم دانیشتووە، کوڕێکی زۆر باش بوو، هونەرمەند نەبوو، خەڵکی هەولێر بوو، کۆمەڵێک هێڵکاریشم دایە ئەو، نازانم حەفتە هەشتە، چەندە، چەندی پێم گوتووە بمداتەوە، نامداتەوە، دەڵێم باشە تۆ بۆ چیتە؟ لە ماڵەوە هەڵتگرتوون، بیانهێنە لە فەیسبووک بڵاویان دەکەمەوە، هیی دیکەت دەدەمێ، پێدەکەنێ، دەڵێ دەزانم نامدەیتەوە.

**ڕامان:** ئەو کارانەت هێندە جوان و خۆشەویستن، ئەوەندە سووری لەسەر وەرگرتنەوەیان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێکیان جوانن، حەز دەکەم بمداتەوە، مەرجیش نییە باشترین کارم بێت. ئەو کاتی کە دامێ بیرم نەدەکردەوە، نەمدەزانی ڕۆژێکی وەک ئێستا دێت، حەز دەکەم کارەکانم تەماشا بکەم.

**ڕامان:** ئێستا گەیشتینە پۆلی سێ، لە بەشی ناوخۆیی مایتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی سێ چوومە بەشی ناوخۆیی گشتی.

**ڕامان:** تۆ تەنیا لە ئەکادیمیا هێڵکاریت دەکرد، یان کە دەچوویتەوە هەولێر، لە ماڵەوەش خەریکی هێڵکاری بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە بازاڕ و چایخانەکان، لە ماڵەوەش زۆر هێڵکاریم دەکرد، پێش ئەکادیمیاش وەکوو پێشتر باسم کردووە، بۆم دادەنیشتن، برایەکم هەیە، ناوی (سەعدی)یە، ڕۆژێک بۆم ڕاوەستابوو، تەمەنی گچکە بوو، دە دوازدە ساڵان بوو، بەڵام نەیدەوێرا بجووڵێتەوە، کەمی مابوو بەربێتەوە و لە هۆش خۆی بچێت. من ئێستاش هەر وام، مۆدێل بجووڵێتەوە، زۆر تووڕە دەبم.

**ڕامان:** بێجگە لەو برایەت، کێی دی جووڵاوەتەوە و لێی تووڕە بوویت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** جارێک خوشکەکەم جووڵایەوە، شیشی گۆشت برژاندنم ڕاوەشاند، بەر ڕانی کەوت، زۆر لێی تووڕە بووم، ئەوە کۆنە و ساڵانێکی بەسەردا تێپەڕیوە، هێشتا لە ئەکادیمیا نەبووم، ئێستا بە گونجاوی دەزانم داوای لێبوردنیان لێ بکەم. لە چایخانە و بازاڕ زۆر ڕەسمم دەکرد، هەمیشە کاغەز و بۆردم پێ بوو، لە گیرفانیشم دام دەنا، یان دەبووا بەردەوام جانتایەکم پێ بێ، ئێستاش ئەگەر جانتایەکم پێ نەبێ، هەست دەکەم لایەکم قورسە و لایەکم سووکە، وەکوو ئەوە وایە شتێکم ون کردبێ.

**ڕامان:** منیش لەوەتەی تۆ دەناسم، هەمیشە تۆم بە جانتایەکی بن هەنگڵتەوە دیوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دەبێ شتێکم لە دەست بێ، بەتایبەت ئەگەر لەبن هەنگڵم بێ، زۆر دڵم خۆشە، ئێستا جانتای ملم هەیە، زۆریشم لەو جانتایانە هەیە، زۆرم لە ئەمازۆن کڕی، لەو ساڵانە بایی ٥٠٠ دۆلار زیاتر جانتام لە ئەمازۆن کڕیوە، بەڵام هەر ئاسوودە نیم، حەز دەکەم جانتایەکی میسالیم هەبێ، هەندێک کتێب و کاغەز بگرێ و زۆر گەورە نەبێ، لەو جۆرەش نییە بەدڵی من بێت، ئێستاش لە ئەمازۆن تەماشای جانتا دەکەم.

**ڕامان:** دێینە سەر قۆناغی سێی ئەکادیمیا، پێم خۆشە بۆمان باس بکەی ئەو مامۆستا نوێیانەی لەوێ دەرسیان بە تۆ گوت، یان سوودت لێیان وەرگرت، یان ئەگەر لەو قۆناغەدا کێشەیەک ڕووی دابێ، وردەکارییەکانم بۆ باس بکە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی سێ گۆڕانکاری زۆر ڕووی دا، مامۆستای باشتر هاتن، خۆشم شارەزاتر بووم، لە زمانی عەرەبی و هەڵسوکەوتم چاوکراوەتر بووم. مامۆستای هێڵکاری، حافز درووبی بوو، هەروەها لە سێ و چوار جداریات- (Mural، یان دیواربەندی) هەبوو، م. غازی ئەلسعودی پێمانی دەگوت، ئەوەش کارێکی تەکنیکی بوو، چۆن تابلۆ بۆ کاری فریسکۆ ئامادە دەکرێ، یان بەکارهێنانی غەرە لەگەڵ ڕەنگ، چەند کارێکمان کرد، یەک دووێکیان کۆپیی کاری هونەرمەندان بوو، من کارێکی (کارەڤاگیو)م کۆپی کرد. ئەو مامۆستایەش ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیاند، سودمان لێی وەرگرت.

**ڕامان:** چ وانەیەکی دیکەتان دەخوێند، یان هەر ئەوەندە بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وانەیەکی تریش لە سێ و چوار تەکنۆلۆجیای وێنەکێشان بوو، (م. ئەحمەد ئالشلبي) پێی دەگوتین، کتێبێکیش بوو باسی کەرستە و ئامادەکردنی تابلۆی دەکرد، مامۆستاکە لەگەڵمان باش بوو، بە خۆشیی بەسەرمان دەبرد، تەنیا کێشە لەوەدا بوو، کەرستەکان زۆریان نەبوون تاکوو بە کرداری بیکەین، ئەوەی کردمان ئامادەکردنی چوارچێوە و کوڵاندنی غەرەی پێستی کەروێشک بوو، بۆ ئەوەی بۆ کاری زەیتی (ڕەنگی چەور) قوماش ئامادە بکەین. گرافیکیشمان هەبوو، م. غالب ناهی مامۆستای وانەکە بوو، مامۆستایەکی زۆر باش بوو، زۆر خۆی ماندوو دەکرد، زۆر بە پاکی وانەی خۆی دەگوتەوە، گرافیکیش خۆی تەکنیکە، فێربوونە، ئەو زۆر باش بۆمانی ڕوون دەکردەوە.

**ڕامان:** گرافیک زیاتر پێوەندیی بە هونەری چاپەوە هەیە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بە ئینگلیزی پێی دەڵێن پرینتینگ، واتە چاپکردن- تیباعە، وشەی گرافیک زۆر بەکار ناهێنن، گرافیک ئێستا هاتووەتە ناو کتێب و دیزاین و ئەوانە، بەڵام لەلای ئێمە هەر گرافیکی پێ دەڵێن، ئەو مامۆستایە زۆر شتی پێ گوتین.

**ڕامان:** هیچ کتێب و مەلزەمە و شتی واتان لە بارەی گرافیکەوە هەبوو، لەسەری بخوێنن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هیچ نەبوو، هەر ئەوە بوو کە چی دەکەی و چۆنی دەکەی، تەکنیکی و پراکتیکی بوو، هەر جارێ لەسەر لایەنێک کارمان دەکرد، وەکوو- کاوچوک (لاستیکێکی ڕەقە)، زەنگ، هەروەها چۆن پاک دەکرێتەوە، یان دەبێ چەند لەناو تێزاب بێت، کە پێمان دەگوت حامز.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە بە زارەکی قسەی دەکرد

و ئێوە دەتاننووسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نووسین نەبوو، هەر کردەکی بوو، مامۆستاکە ستۆدیۆیەکی هەبوو، کەرستەی گرافیکی لێ بوو، لەوێ بەپێی پرۆگرامی ئەکادیمیا کارەکانمان دەکرد.

**ڕامان:** خۆت کاری گرافیکت کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، زۆر تێیدا باش بووم، بەڵام من هەر بیرم لەلای وێنەکێشان بوو، هەندێکیان لەلای خۆم ماون، یەکێکی گرنگم ماوە، ئەوە هیی پۆلی چوارە، لیسۆغرافە، لە پرۆگرامی ئەکادیمیا نەبوو، کە دێینە سەر قوناغی چوار باسی دەکەم.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە لە گرافیکدا کارت کردووە، واتە لە هەموو تەکنیکەکانی گرافیک بەرهەمت هەبووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوەی لەوێ هەبوو، لە هەموویاندا کارم کرد، بەڵام من لە قوتابیانی دیکە زیاتر کارم کردووە، ئەوەی لە ئەکادیمیا دەخوێندرا. بۆ خۆم لە ماڵ کاری گرافیکم نەکردووە، ئەوەی لە ئەکادیمیا کردوومە، هەر بۆ فێربوون بووە.

**ڕامان:** ئەی شاکر حەسەن ئالسەعید دەرسی بە ئێوە نەدەگوت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، ئەو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، وانەکانی زیاتر تیۆری بوون، وابزانم وانەی کردەکیی نەبوو. دەزانم ڕەسمیشی کردووە، کاری تەجریدی دەکرد، کەسێکی ڕۆشنبیر بوو. لە زۆربەی هونەرمەندەکان ڕۆشنبیرتر بوو، هەندێک کاری جوانی تەجریدیشی کرد.

**ڕامان:** ڕاستە، کە دەڵێی کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، کتێبێکیشی لە بارەی گرووپی (البعد الواحد) هەیە، کە تەوژمێکی هونەری شێوەکاری بوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوانە دەچوونە ئەورووپا، نوێخوازی ئەورووپاییەکان کاری تێدەکردن، کە دەهاتنەوە خەڵکی نەیاندەزانی سەرچاوەی هونەرەکەیان لە کوێوە هاتووە، بە ڕای من ئەوانە کاریگەریی ئەورووپایان زۆر لەسەرە، هەڵبەت نەک تەنیا بەڕای من، بگرە زۆر بە زەقی دیارە.

**ڕامان:** (ڕافع ئەلناسری)یش هەر لەو گرووپەیە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەویش هەر لەو گرووپەیە، بۆ نموونە ئێستا ئەرتیمۆفسکی، مامۆستاکەم، لەوانەیە کاریگەریی لەسەر ئەو هەبێ. زۆرتر گرافیکی بوو، خۆی گرافیکی خوێندووە، لە پورتۆگاڵ و لە چین خوێندوویەتی. ڕافع ئەلناسری ڕۆشنبیریی نوێی هەبوو، لە پەیمانگە حەزی لە نوێخوازی بوو، ئەو لە ئەکادیمیا نەبوو، بەڵام هونەرمەند بوو، کاریگەری مارک ڕۆسکۆی لەسەر هەبوو.

**ڕامان:** پێوەندیت لەگەڵی هەبوو، ڕاستەوخۆ دەتبینی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا.

**ڕامان:** ئەی بۆ پێشانگەکانی نەدەچووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با، پێشانگەکەیم بینیوە. ڕافع ئەلناسری هونەرمەندە، بەڵام هونەرمەندی ئەکادیمیا و ئەوانە نەبوو، تەنانەت ئەگەر سوودی لە هیی تر وەرگرتبێت ئاساییە، هەموومان سوود وەردەگرین، بەڵام کەسانی وەک شاکر حەسەن دەچوونە ئەورووپا، کاریگەریی ئەوێیان دەهێنایەوە، بینەری ئاسایی پێی نەدەزانی.

**ڕامان:** دیارە کاریگەرییەکە زۆر زەق بووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، کاریگەرییەکە زەق بوو، بۆ نموونە هیی ڕافع ئەلناسری زەقە، هیی (شاکر حەسەن)یش زەقە، بەڵام هەموو خەڵک بەمە نازانێ، خۆی ئەوەش هەر باشە، بە ڕای من شاکر حەسەن لە هونەری کردەکی زۆر کاریگەر نییە، کاریگەرییەکەی زۆرتر لە

لایەنە تیۆرییەکە بوو، قسەکانی جیددی بوون، کابرایەکی هونەردۆست بوو، هونەر و مێژووی هونەر و تیۆرییەکان و مێژووی هونەری عێراقی نووسیویەتەوە، ئەمانە هەموویان گرنگ و باشن، بەڵام وەک هونەرمەندی تابلۆ لەبەرچاوی من ئەوەندە کاریگەریی نییە، تەنیا هەندێک کاری تەجریدیی جوانی کرد. وەکوو پێشتر باسم کرد.

**ڕامان:** ئەو کارە تەجریدییە جوانانەی بە کاریگەریی هونەری ئەورووپا کردبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بە ڕای من ئەوە گۆڕانکاریی ناوخۆی کەسەکە نییە، کاریگەریی هونەرمەندی ترە کە لە ئەورووپا دەیاندی.

**ڕامان:** گوتت غالب ناهی لە پۆلی سێ گرافیکی پێ گوتی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، چونکە لە پۆلی چوار ئەرتیمۆفسکی هات، ژنەکەیشی ناوی سۆفیا ئەرتیمۆفسکا بوو، کەتەلۆگێکی گچکەم هەیە، هی ئەوانەیە، هەردووکیان دەرسیان دەگوتەوە، زۆر زانستی و جیددی بوون، بۆ خۆیان ئەکادیمیانە کاریان نەدەکرد، بەڵام بە زانستی کاریان دەکرد، پۆڵۆنیش بوون، لەناو قوتابییەکاندا جیاوازییان نەدەکرد، حزبی و عەرەب و کورد و ئەوانەیان بەلاوە گرنگ نەبوو، هەرچەند هەر من کورد بووم.

**ڕامان:** تۆ بۆ خۆت زیاتر سوودت لە کامیان وەرگرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** غالب ناهی پێش ئەرتیمۆفسکی گرافیکی پێ گوتین، زانیاری سەرەتایی لێوە فێر بووین، باش بۆمانی ڕوون دەکردەوە، دوایی کە ئەرتیمۆفسکی هات، جیددیتر وانەکەی پێ گوتین، بەڵام کەمتر دەچووە ناو شتەکانەوە جموجووڵی بە کرداری لە غالب ناهی کەمتر بوو، تەمەنی گەورە بوو، پرۆفیسۆر بوو، کەسێکی زانا بوو، زۆر بووینە هاوڕێ، منی زۆر خۆش دەویست، دەیگوت کوڕەکەشم وەکوو تۆ زۆر حەزی لە مۆسیقایە، یەک دوو جار کە ئەو دەهاتە ژوورێ، من بە دەم مۆسیقام لێ دەدا، مۆسیقای بتهۆڤن بوو، ئەویش دەیگوت ئەوە سەمفۆنیی (بتهۆڤن)ـە، من بە دەم لێم دەدا، چونکە من زۆر گوێ لە مۆسیقا دەگرم، لەوێ کاسێتم پێ نەبوو، هەر لەبەر خۆمەوە دەنگە دەنگێکم دەکرد.

**ڕامان:** بە گشتی مامۆستاکانی دیکە لەگەڵتان چۆن بوون، ئەوانەی وانەکانی دیکەیان پێتان دەگوتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی سێ حافز دڕووبی هێڵکاریی پێ دەگوتین، بەڕاستی ئەویش زۆر باش نەبوو، ناڵێم لە هێڵکاریی خراپ بوو، مەبەستم شتێکی پێ نەگوتین بەبیرم بێت. پێشتر زۆر زوو لە گۆڤاری کۆن من دەمزانی حافز دڕووبی چووەتە لەندەن، لەوێش خوێندوویەتی. یەکەم جار هاتە ژوورەوە گەنجێک دانیشتبوو، قۆڵی ڕووت بوو، منیش بە هێڵکاری دەماری دەستیم کێشابووەوە، هات گوتی ئای لەو وردەکارییە! وردەکارییە. زۆر قسەیم بەبیر نایەت، تەمەنیان گەورە بوو، ئەوانە لەمێژ بوو مامۆستا بوون، بێتاقەت بووبوون، بە جەستە ماندوو بوون، لە قوتابیانیش بێزار بووبوون، ئەوەندە قوتابی خراپ و بێوەفایان بینیبوو، تاقەتیان نەمابوو بێن سەری خۆیان لەگەڵمان بێشێنن.

**ڕامان:** ئەگەر بەو شێوەیە بێ، دیارە تەنیا کاتەکەیان بەڕێ کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێکیان تاڕادەیەک وابوون، سۆفیا ئەرتیمۆفسکا بۆ وانەی ڕەنگ هات، ئەو جیددی بوو، بە وشەی ئینگلیزی لێک تێدەگەیشتین، عەرەبیی نەدەزانی، هەر سەلاموعەلەیکوم و ئەوانەی دەزانی، هەندێ جار ژن و مێرد دەیانگوت ئەڵڵا کەریم، ئەگەر ویستبایان کەسێک لە کۆڵیان بێتەوە

بەو قسەیە بەڕێیان دەکرد. بەبیرم دێ جارێک ئەرتیمۆفسکی وای گوت و پێکەنی، تەماشای منی کرد، بە یەکێکی گوت ئەڵڵا کەریم.

**ڕامان:** لەوە دەچێ نێوانت لەگەڵ ئەو ژن و مێردە باش بووبێ، ئەوە هیی ئاستی بەرزی هونەرەکەیان بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** من بڕوام بەوە هەبوو ئەوان شت دەزانن، ئەوانیش دەیانزانی من نیازم فێربوونە. سۆفیا ئەرتیمۆفسکا کە یەکەم جار هاتە ژوورەوە، ستیلایڤێکی دانا، نیوەی پەیکەرێک بوو بەبێ سەر، لەگەڵ هەندێ شت، ئێمەش کەرستەی خۆمان فایبەر و ئەو شتانەمان دانا. گوتی ئیش بکەن، منیش بە فلچە و زەیت دەستم پێ کرد. گوتی نابێ بە فلچە دەست پێ بکەی، دەبێ بە وردی بە قەڵەم ڕەساس هێڵکاریی بکەی، ئەوجا بە زەیت کار بکەی. گوتم من وا ناکەم. گوتی ئاخر ئاوا ناکرێ! گوتم من دەتوانم بیکەم.

**ڕامان:** دواجار بە قسەی ئەوت کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەخێر، ئەو هەر گوتی وا نابێ و منیش هەر گوتم دەبێ. پێم گوت من بە قەڵەم هێڵکاریی ناکەم، ئیدی لێم گەڕا، دواجار گوتی ئاخر ئەوە زەحمەتە و هونەرمەندەکان وا دەکەن. من پێم نەگوت هونەرمەندم، بەڵام گوتم من ئاوا دەکەم. گوتی باشە با بزانم.

**ڕامان:** کە کارەکەت کرد بیروڕای لەسەری چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە کارەکەم کرد و دەستم پێ کرد، گوتی ئەهااا ڕامبراند ڕامبراند. دیارە منیش ڕامبراند دەناسم، پێدا هات و دەستی پێ کرد، قوتابیانیش بەو قسەیە چاویان زەق بووەوە. ناوی لە من نا ڕامبراند، پێم خۆش بوو، هەندێک شەرمیشم دەکرد. قوتابییەکان بینییان لەگەڵ من باشە و جیددییە و دەرفەتی فرتوفێڵ نادا.

**ڕامان:** ئەو نازناوە لە جێی خۆیەتی، من ڕاست دەیکەمە ڕامبراندی کورد!

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو وای دەگوت، بەڵام برام من ڕامبراند نیم، عەبدوڵڵا ڕەسووڵی کوردیم. نازناوی زۆریان پێ گوتووم، بۆ نموونە گوێم لێ بووە گوتوویانە، پاشای هێڵکاری، بەڵام من بەو قسانە نازم نەکردووە، هەرچەندە هاندەریشە، ئیدی قوتابی تووڕە بوون، وابزانم لەبەر ئەوەی دەرفەتی بە فێڵ و خۆدزینەوە نەدەدا، ئەوە کێیە و ئەوە چاودێرە و ئەوە بەرپرسی سەندیکایە و ئەوانە، بەجیددی وانەی خۆی دەگوتەوە. گوتیان ئەوە عەرەبی نازانێ و ئێمە لێی تێناگەین و نازانم چی! گۆڕییان، بەڵام گۆڕینەکە بە ویستی من نەبوو، من لەو شتانە کێشەم نەبوو، پێشم خۆش نەبوو، ئیدی دەی دەی کێ بێنن، کازم حەیدەریان هێنا.

**ڕامان:** م. کازم حەیدەر هونەرمەندێکی ناسراو و باش بوو، ئەو مامۆستایەت پێ چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** م. کازم حەیدەریش باش بوو، مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەند بوو، بەڵام هەر یەک دوو جار هات، وێنەیەکیشی لەگەڵم هەیە، یەکەم جار هات گوتی ئەوە ئیشی کێیە؟ منیش گوتم ئیشی منە. ئەویش گوتی بۆ هێڵکاریت نەکردووە! هێڵکاری بکە، ئەگەر دەتەوێ وەک فایق حەسەن ڕەسم بکەی، خۆ (فایق حەسەن)یش هێڵکاری دەکات، تۆ بۆ نایکەیت؟

**ڕامان:** تۆ چۆن وەڵامت دایەوە و چیت گوت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** منیش نەمزانی بڵێم چی، هەرچۆنێک بێت وەڵامێکم دایەوە، ئیدی قسەمان کرد، گوتی تۆ هێڵکارییەکەت بکردبا. قسەکانی

باش بوون، منیش گوتم باشە، دەمزانی ئەو ڕەسم دەزانێت، کەسێکی ڕۆشنبیریش بوو، گوتیشی کتێبێکم بەدەستەوەیە، دوایی لە ئینگلیزی بۆ عەرەبی وەری دەگێڕم، بەڵام کتێبەکەیم نەدی. خۆی دەرچووی بریتانیا بوو، وابزانم دەرچووی... سڵێد سکووڵ بوو، ئیدی دوو ڕۆژ هاتەوە، ساڵ تەواو بوو.

**ڕامان:** ئیسماعیل شێخلی لەلاتان نەما کە پێشتر (توخمەکانی هونەر)ی پێتان دەگوتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو (عناصر الفن- توخمەکانی هونەر)ی پێداین، دوایی دیار نەما، هەر بە تەواوی بزر بوو، وابزانم لە سەرۆک بەشییەکەش نەما، سەعد ئەلتائی بووە سەرۆک بەش.

**ڕامان:** وەک وێنەکێشان بەدڵت نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وەک وێنەکێشان و هونەرمەند (سعد ئەلتائی)م بەدڵ نەبوو، شتی زۆر گرنگیشی نییە، بەڵام هونەری خوێندبوو، لە دەرەوە بوو، لە ئیتاڵیا خوێندبووی، هەندێک جار لە کەتەلۆگەکان کارەکانیم دەدی، ئەویش نە بە شێوازی نوێ و نە بە گوێرەی کۆن سەرنجی ڕانەکێشام، بەڵام سەرۆک بەش بوو، ئیدی نازانم چیی کرد، ئەگەر دوایی جار بە جار قسەمان کردبێت. لە ١٩٧٩ کە چووینە سلێمانی بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی زانکۆی سلێمانی، سەعەد ئەلتائی وەک هێڵکاری پۆرترێتی منی بە شێوەی تەعبیری- ئیکسپرشنیزم کرد. لەگەڵ (م. فەرەج عەبۆ)ش نێوانمان باش بوو، زوو یەکترمان ناسی.

**ڕامان:** م. فەرەج عەبۆ جێگری ڕاگریش بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بەبیرم نایەت لە جێگری ڕاگر گۆڕابێت، وا بزانم جێگری ڕاگرێکی دیکەش هەبوو، پێوەندی بە شانۆوە بوو. سامی عەبدولحەمید، لەوانەیە بۆ کاروباری کارگێڕی بێت.

**ڕامان:** ئیشی کارگێڕی، یان کاروباری قوتابیانی بەڕێوە دەبرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پێم وایە کاروباری قوتابیان جیاواز بوو، نازانم کێ بوو، لەوانەیە ئەوەیان هونەرمەند نەبووبێت، ڕاگرەکەش ئەسعەد عەبدولڕەزاق بوو.

**ڕامان:** پێشتر باسی (ئەسعەد عەبدولڕەزاق) مان کرد.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوم هێناوە، کە م. فایق حەسەن پۆرترێتی کرد.

**ڕامان:** گوتت فەرەج عەبۆ، جێگری ڕاگر بووە و هاتووە دەرسی بە ئێوە گوتووەتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەوەیان لە پۆلی سێ نەبوو، مامۆستای داڕشتن لە پۆلی سێ، ئەرتیمۆفسکی بوو.

**ڕامان:** پێشتر پەسنی ئەو مامۆستایەت دا و بەدڵت بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو مامۆستایە داڕشتنی نەدەگوتەوە، زانستی و باش بوو، داڕشتنی وەکوو وانەی ڕەنگ دەگوتەوە، مۆدێلی دادەنا، جارێک سێ کەسی دانا، دەیویست لەناو ڕەسمکردنی مۆدێل، داڕشتنیش دروست بکەین، بەڵام زۆر شتی لەبارەی داڕشتن ڕوون نەدەکردەوە، یان لە پێشمان ڕەسم بکات، ئەرتیمۆفسکی لە پۆلی سێ ئەوەندە وانەی پێ نەگوتین سوودی بۆ داڕشتن هەبێ، ئەوی کە بەلامانەوە باش بوو، لە پۆلی چوار بوو کە گرافیکی پێمان گوت، دیار بوو زۆرتر حەزی لە گرافیک و کاری نوێ بوو، نەک ئەکادیمی.

**ڕامان:** هەر ئەو مامۆستایە، ئەرتیمۆفسکی گرافیکی پێ دەگوتنەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەرتیمۆفسکی، لە پۆلی سێ داڕشتنی پێ گوتین، لە چوار گرافیکی

پێمان گوت، دارشتن بە ڕەنگەکانی زەیتی، بەڵام دارشتنەکەی نەدەگوتەوە کە چۆن کاری دارشتن بکەین، هەر مۆدێلی دادەنا، مۆدێلیش دارشتنی تێدایە، هەموو شتێک دارشتنی تێدایە، یان بڵێین دیزاینی شتەکە، ئەوەی پێ دەگوتین، باش بوو، زانستییانە بوو.

**ڕامان:** سوودت لێ وەرنەگرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قسەی دەکرد و مۆدێلی دادەنا، سوودم لەوانە وەرگرت، بەڵام سوودەکە لە دارشتن نەبوو، هەر بەگشتی بە ڕای من دارشتن لە هەموو خوێندنی عێراق لاوازە، لە ئەکادیمیاش هەر لاواز بوو، لای ئێمەش لاوازە.

**ڕامان:** ئەو بیروڕایەتم زۆر پێ ڕاستە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئێستاش لەلای ئێمە لاوازە، من دارشتنم نەگوتووەتەوە، بەڵام زۆر جار دەمگوت ئەگەر دارشتن بڵێمەوە دەبێ زۆر شت بکەم، هەندێک شتی نوێم گوتووە، بەڵام بەو شێوەیەی خۆم ویستوومە، دارشتن نەبووە.

**ڕامان:** باشە بۆچی ئێوە کە لەو بوارانەدا زانیاری و ڕۆشنبیریتان هەیە، ئەو بیروڕا و زانیارییانەتان نەکردووەتە نووسین؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەبەر ئەوەی من پێم ناکرێ، ئەوەتا من نەمتوانیوە ژیانی خۆم بنووسمەوە.

**ڕامان:** پێتوانییە ئەوەش بەشێک لە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی ئێوە بێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەخێر، ئەوە شتێکی پەروەردەیی و بوارێکی ترە، نووسین و کتێب و چاپکردنە، وەک زانیاری و کتێب یەکێک بە دوایدا بگەڕێ بە دەستی دەکەوێ، من مەبەستم لە لاوازیی پرۆگرامی خوێندنە لە بارەی دارشتن.

**ڕامان:** بەڵام تۆ دەرتخست ئەوەی هەیە بەدڵت نییە و ئاستەکەی نزمە، دواجار کتێبەکان بە زمانی کوردی، لە کتێبخانەی کوردی نین، چارە چییە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەموو ئەوانە پێوەندییان بە زانکۆ و کۆلێج و پرۆگرامەوە هەیە. وانەکە و پرۆگرامی هونەریم لە بارەی دارشتن بەدڵ نییە. دارشتن لای ئێمە پشتگوێ خراوە، لە عێراقیش هەر وا بوو، لەبەر ئەوەی لەلای ئێمە ڕەسمکردن و خوێندنی هونەر هەر ئەوەیە شتێک ببینی وێنەی بکەی، من بەگشتی پێی دەڵێم ئینتیباعی- ئیمپریشنیزم، چونکە ئیمپریشنیزم لە سەرەتای سەدەی بیستەم زۆر باو بوو، هەندێک هونەرمەندی ئێمەش کە چوونە دەرێ ئەو شتانە باو بوون، هێنایانەوە بۆ عێراق.

**ڕامان:** مامۆستاکانیشتان ئیتیباعی بوون، بۆ نموونە ئیسماعیل شێخلی وەک ئینتیباعییەکی گەورە ناوی ڕۆیشتبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامۆستای وامان نەبوو، خۆزگە هەمانبا، بینینی مۆدێل و سروشت، یان ستیل لایف، ئەو جۆرە بینینانە پێوەندییان بە ئیتیباعیەتەوە هەیە، بینینی ڕەنگ و هێڵ و دانانی شتەکە، بۆ ئەوەیە قوتابی فێر بێت و ڕەسم بکات، ئەو شتانە زۆرن، بەڵام ناگاتە قۆناغی دارشتنێکی بەهێز، دەنا خۆی هەموو ئیشەکە هەر بۆ دارشتنە، چونکە دارشتن، واتە دەربرین و تابلۆکاری بە شێوەی زانستی.

**ڕامان:** ئەوە لە شیعریش هەر وایە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، تۆ وشەیەک فێر دەبی، بینای شیعر فێر دەبی، بەڵام دوا جار دەبێ شیعر بنووسی، هەمووی لەبەر ئەوەیە شیعرەکە بنووسی، بۆ نموونە بە ڕەنگ و هێڵ و ئەوانە، ڕەسمی مۆدێل دەکەین، وێنەی سروشت دەکێشین، بەڵام وانەی دارشتن لاوازە، هەندێک جار مامۆستایەک دەیڵێتەوە، ئەویش

لاوازە، دێ وانەکە دەڵێتەوە، خۆشی باش نییە، دەی قوتابیش هەر ئەوەندە فێر دەبێ.

**ڕامان:** وانەی کۆلێجەکانی هونەریش هەر وایە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر ئەوەیە، کە تۆ دەڵێی هێڵکاری، یان دارشتن، یان ڕەنگ، یان گرافیک، خۆی حەفتەی چەند کاتژمێرێکە، حسابی بکەی ساڵی خوێندن چەند حەفتەیە، من گەلێ جار حەفتەم ژماردووە، هەمووی دەکاتە بیست و چوار، بیست و پێنج حەفتە، مانای وایە ئەو مامۆستایە ٢٢ جار دەبینی، ئەگەر بەتەواوی بێت، بێجگە لەوەی تاقیکردنەوەیە و هەندێ جار دەڕوا، ئەوجا ئەگەر ئەو بە بەرنامە شتێکت پێ نەڵێ، ساڵەکە تەواو دەبێ.

**ڕامان:** لەو قۆناغەشدا هەر لە بەشی ناوخۆیی بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەشی ناوخۆ کە پێیان دەگوت خانەی قوتابیان، چوومە جێگەیەک هەموویان قوتابی کۆلێجی وەرزشی بوون، ئەوان دەچوون وەرزشیان دەکرد، ماندوو دەبوون، من ماندوو نەدەبووم، کە دادەنیشتم، کێشەم هەبوو، هەندێک جار لێم بێزار دەبوون، دڵیشیان نەدەهات بڵێن بۆچی نانووی، من قسەی خۆشم بۆیان دەکرد، بەڵام ئاسوودە نەبووم، ئەوانیش لە من ئاسوودە نەبوون، دەیانویست گڵۆپ بکووژێننەوە، دەمگوت نابێ گڵۆپ بکووژێننەوە، دوایی زانیم بەختیار قەفتان کە دەمناسی، لە هۆڵێک بوو لە نهۆمی سێیەم، ئەوجا چوومە ئەوێ. من لە سێ بووم، ئەو پۆلی دوو بوو، ئازاد جەلال هاتبوو، ئەوکاتە لە شانۆ پۆلی دوو بوو، هاوڕێ هەبوو پۆلی یەک بوو، زاهیر مەحموودیش بوو.

**ڕامان:** زاهیر مەحموود کە بە زاهیرە سوور ناسراوە، تەنیا شانۆنامەیەکی (برێخت)ی دەرهێنا کە لە سلێمانی نمایش کرا.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەوەش هات، پۆلی دوو بوو، منیش پۆلی سێ بووم، (حەمە ساڵح)یش هەبوو، ئەوەشم ناسی کە لە بەشی سینەما بوو، ناوی باوکیم لەبیر نییە، کوڕێکی ڕیشدار بوو، پێ دەچوو ساڵێک لە پێش منەوە بێ، کە پێشتر دەمدی ڕیشێکی درێژی هەبوو، کابۆیەکی لەبەر دەکرد، وام دەزانی ئەوە لە بێباکییەوەیە، هەندێکیان لە حزبی شیوعی، یان لە حزبی دی کاریان دەکرد و سیاسی بوون، کە دەمدی کابۆ لەبەر دەکا و ڕیشی هەیە، هەستم نەدەکرد کەسێکە لە هونەر جیددییە، بەڵام کە چوومە خانەی قوتابییان، قەرەوێڵەکەی لە تەنیشت منەوە بوو.

**ڕامان:** ڕێکەوتێکی سەیر بووە، لە کاتێکدا تۆ بە ڕواڵەتەکەی نەچووەتە دڵتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دوایی دەرچوو کوڕێکی زۆر سادە و باشە، لەو کاتەوە گوتم نابێ کەس بە شێوە و جلوبەرگی هەڵسەنگێنین، زۆریش بووینە هاوڕێ، لەولامەوە بەختیار قەفتان و ئازاد جەلال بوون، نازانم زاهیر مەحموودیش لەو هۆڵە بوو، یان نا، ئەوانە بە منیان گوت بۆچی نایەیتە لای ئێمە، ئیدی چووم، لەوێ زۆر ڕەسمم دەکرد، ئەوانە زۆر لەگەڵم برادەر بوون، زۆر کاری هێڵکاری و ئاوی و ئەوانەم کرد، ئەو کارانەم هەمووی ماون.

**ڕامان:** لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەت هیچ شتێک لە نێوانتان ڕووی دا، یان هەر کەس خەریکی ئیشی خۆی بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر کەس ئیشی خۆی دەکرد، هاوڕێیەتیمان لەگەڵ یەک هەبوو، پێکەوە دەچووینە دەرێ و نانمان دەخوارد، یان دەچووینە

بارێک.

**ڕامان:** ئەی پێکەوە نەدەچوونە سەیری فیلم و نمایشە شانۆییەکان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەچووینە شانۆ، دەچووینە مۆزەکان، بەتایبەت بەختیار قەفتان زۆر لەگەڵم بوو، باسی شانۆمان دەکرد، چونکە هەندێک زانیاریم هەبوو و کتێبم لە بارەوە دەخوێندنەوە، لەگەڵ حەمە ساڵح باسی سینەماشم دەکرد.

**ڕامان:** ئەی بابەتی فیکریت دەخوێندەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەبیرم دێ باسی مارکسیەتم دەکرد، لە مارکسیەتدا هەندێ شت فێر بووبووم، کتێبم هەبوو، هێندێکیانم خوێندبووەوە، بیرمە (المادية الديالكتيكية) و (المادية التاريخية)م هێنا، باسی ئەوانەم دەکرد، ئەوان لێیان نەدەزانی، من لەوان شارەزاتر بووم، لەبەر هونەر دەچوومە ناو ئەو جۆرە بابەتانەوە، لەگەڵ حەمە ساڵح باسی سینەمام دەکرد، باسی کادر و دیافراگما و پازۆلینی و فدریکۆ فلینی و ئەوانەم دەکرد. گۆڤاری میسریم زۆر خوێندبووەوە، گۆڤارێک هەبوو ناوی سیناریۆ بوو، وەختێک ئەوانەم دایە فەهد.

**ڕامان:** فەهد کێ، ناوی باوکی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بە فەهد گردەوانی ناسراوە، ڕۆژێک بەبیرم دێ گوتی من حەز لە سینەما دەکەم و لەبارەیەوە دەخوێنمەوە، ئەوەی پێوەندی بە سینەماوە بوو دامێ، ئەوجا لەگەڵ ئەو قوتابییەی سینەما، مەبەستم (حەمە ساڵح)ە کە ئێستا لە دەرەوە دەژی، زۆر باسی ئەوانەم دەکرد، بەڵام ئەو شارەزای بابەتە فیکرییەکان نەبوو، لەگەڵ ئەوەش قوتابییەکی جیددی بوو، زۆر ڕەسمی ئەوم کردووە، بۆم دادەنیشت، یان هەر سکێچی خێرام دەکرد.

**ڕامان:** لە چ قۆناغێکدا بەیەکەوە بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** حەمە ساڵح لە سینەما بوو، لە بەشی ناوخۆ پێکەوە بووین، ئەوکاتە من پۆلی سێ بووم.

**ڕامان:** کەواتە لێرە باسەکەت لە بارەی فەهد گردەوانی نییە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، لەگەڵ حەمە ساڵح و ئەوانەی دیکەیە کە پێکەوە لە بەشی ناوخۆیی بووین، ئەو بەشە چێشتخانە و کارگێڕی هەبوو، ئەوجا لێرە لەو بەشە ناوخۆییە لەگەڵ زۆر لە برادەران بە یەکگەیشتین.

**ڕامان:** دیارە ئەو بەشی ناوخۆییەت بەدڵ بووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قەرەباڵغییەکەی خۆش نەبوو، بەڵام چێشتخانەی هەبوو، خواردنەکانی هەرزان بوو، بە پلیت دەمانکڕی، بەبێ خواردنەکە پلیتەکەمان دەدا.

**ڕامان:** کە شەوان گڵۆپت نەدەکووژاندەوە، هەڵوێستی هاوڕێکانت لەگەڵت چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەوێ گڵۆپمان نەدەکووژاندەوە، هەندێکمان خەریکی کاری هونەری بووین، هەندێک عەرەبیشی تێدا بوو، ئەوانیش لە بەشی شانۆ بوون، سەرخۆش دەبوون، کێشەی ئەوەم نەبوو، ئەوانەی خۆمان لێمیان قبوول دەکرد. هەندێک جار ڕەسمم دەکرد، وەک سوعبەت بە ئەنقەست شتم پیس دەکرد، بەڵام زۆر بۆم دادەنیشتن، هێڵکاریم دەکردن، ئەگەر دانیشتن بووایە، یان ئاگای لێ نەبووایە، زۆریشم لەو ئیشانە ماون، هەبوو کتێبی دەخوێندەوە، یان گەمەی دەکرد. جارێک وێنەیەکی گووگووشم کرد، لەسەر دۆلابەکەم دا، بە پاستیل کردم، پاستیلیان بۆ ڕاگرتبووم، بەپێی ئەوکاتی وێنەکە زۆر جوان دەرچووبوو.

**ڕامان:** تا کەی بەم شێوەیە لەو هۆڵەدا مایتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کە بوومە پۆلی چوار

لەوێ نەمام، لە خانوویەکی دیکە بووم، کە پۆلی چوار تەواو بوو، بۆ ئەستۆپاکی چووم، ئەو دۆلابەیان لە نهۆمی سێیەمەوە هێنابووە خوارێ، هێنابوویانە ژووری بەڕێوەبردنی بەشی ناوخۆ، ئەو دۆلابەی وێنەکەی گوگوشی لەسەر بوو، بەرانبەر خۆیان دایاننابوو. کە چووم (کەریم دەشتی)م دی، ئەوە پۆلی چوار بوو، ٢٥ فلسیان بۆم نووسیبوو، خۆی کە قوتابی دەردەچێ دەبێ هەندێ پارە بدات، ٢٥ فلسیان بۆ من نووسیبوو. فەرمانبەرێک گوتی ٢٥ فلس چۆن دەبێ! هەر ئەوکاتە باسی ئەوەش کرا کە من ئەو وێنەیەم کردووە.

**ڕامان:** ٢٥ فلسەکەیان لە بری چی نووسیبوو، هەقی چی بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەیانگوت هەر قوتابییەک کە دەردەچێ دەبێ وەک قەرەبووی ئەو شتانەی لەلای بوون و شکاندوویەتی پارە بدات، من هیچم لەسەر نەبوو، پێشانگەشم کردبووەوە، ٢٥ فلسیان نووسیبوو، گوتیان تۆ نەبووی پێشانگەت کردبووەوە؟ گوتم با، ئیتر ٢٥ فلسیان نووسی. بەڕێوەبەرەکە گوتی ٢٥ فلس چۆن دەبێ. گوتم ئەوان وایان نووسیوە. گوتی با بیکەینە ٥٠ فلس.

**ڕامان:** ئیتر ٥٠ فلسەکەت دا و ئەستۆپاکییان بۆ کردی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هەر دەبوایە پارەیەک بدەی، ئەوە نەریتە، کە دەردەچی، ئەگەر شتێکی گەورەت لەسەر بێ دەبێ بیدەی، بەڵام ئەگەر هیچت لەسەر نەبێ، ئەوە چەند فلسێکت دەدا.

**ڕامان:** گوتت ئیدی لە پۆلی سێ شارەزاتر بووی، لە چ ڕوویەکەوە شارەزاتر بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** زانیم بە قەناعەتەوە ئەوەی مامۆستا پێمی دەڵێ، مەرج نییە هەمووی ڕاست بن، بەڵام لە پۆلی یەک و دوو ئەگەر مامۆستا بیگوتبا لەو سەربانەوە خۆت فڕێ بدە، دەمگوت هەقی خۆیەتی، مامۆستایە و هونەرمەندە و پێمی گوتووە و دەمکرد، دەمگوت دیارە لە من شارەزاترە، هەرچەندە وەک باسم کردووە پێشتریش دژی مامۆستا هەڵوێستم هەبوو.

**ڕامان:** ئیدی وردە وردە زانیت ئەوانە هەموویان مامۆستا و هونەرمەندی باش نین، مەرج نییە هەموو قسەکانیان بۆ تۆ باش بن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئیدی وام لێ هات شتم هەڵدەبژارد کە چی بەدڵمە و چی بەدڵم نییە، نەک هەرچی بیڵێن بیکەم، وەک بەبیرم بێ جارێک هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری (محو الأمية) بوو، ئەوەمان پێ خۆش نەبوو، دەیانگوت زمانی عەرەبی بڵاو دەکەنەوە و مامۆستای عەرەب دێنن، ئەو قسەیە هەبوو، گوتیان دەبێ وێنەیەک لە بارەی (محو الأمية)یەوە بکەی. من دەمگوت نایکەم. م. فەرەج عەبۆ هات، گوتی وەرە کوڕم، من خەڵکی مووسڵم، باوکم لەگەڵ کوردان کاری کردووە، من کوردم خۆش دەوێ، تۆشم زۆر خۆش دەوێ، خۆزگە بهاتبای لە مەرسەم کارت لەگەڵم کردبا، دوایی زۆر بووینە برادەر. دەیگوت حەز دەکەم بێیتە ماڵەکەم و مەرسەمەکەم ببینی، ئەوجا گوتی شتێک بکە. گوتم ئاخر بە ئارەزووی خۆم دەیکەم. گوتی بە ئارەزووی خۆت بیکە، شتێکی بچووک بکە. چووم پارچە فایبەرێکم هێنا، بچووکتر لەوەی دیار بێ، لەوانەیە ٤٠ بە ٥٠ سم بێ.

**ڕامان:** دواجار بە نابەدڵی شتێکت کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر پێم ناخۆش بوو بە قسەی ئەوان ئیشەکە بکەم، دەنا ئەوەندە شتێکی خراپ نەبوو، هەموو کەس فێری خوێندەواری دەبوو، چووم سێ ژنی کوردم کرد

کە کتێبێکیان بە دەستەوەیە و لەناو داروبار دەڕۆن.

**ڕامان:** جلوبەرگی کوردییان لەبەر بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دواتر چوومە بەش، گوتم ئوستاد ئەوە (محو الأمية)کە. گوتی تەواوە، ئیدی تابلۆکەم فڕێ دا، ئەوەش لەوانەیە پۆلی سێ بووبێ.

**ڕامان:** لە پۆلی سێ پێوەندیت لەگەڵ کچان چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پێوەندی نا، بەڵام نزیکبوونەوە هەبوو، کچ هەبوو لەگەڵم جیددی بوو، یەکێکیان هەر زۆر جیددی بوو، برایەکەشی هێناو بە یەکی ناساندین، کاغەزی بۆم دەهێنا، بەڵام من نەدەجووڵام و جیددی نەبووم، ژنیشم نەدەهێنا، دەمویست بێمەوە هەولێر، چونکە دۆخەکە بەرەو خراپی دەچوو، ناخۆش بوو، وەرە و بڕۆ و ئاگات لە خۆ بێ، زۆر قسە دەکرا، هاوڕێ کوردەکانیش کەم و زۆر یەکدیمان دەدی.

**ڕامان:** لەو کاتەدا لەناو ئەو هاوڕێیانەتدا زۆرتر کێت دەدی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوانەی دەهاتنە چایخانەی پەرلەمان، یان عەلی نەسیم، تا پەیمانگەیان تەواو کرد دەمبینین، ئەوانەی ئەکادیمیاش بەردەوام یەکترمان دەدی. قەرەنی جەمیل تا دەرچوو، لە چوار بۆ پێنج تا تەواو بوو، لەوێ دەمدی، چونکە ئەو زووتر لە پەیمانگە تەواو بوو، زۆر لەوانی تریش تەواو بوون.

**ڕامان:** بێجگە لە هونەرمەند قەرەنی جەمیل لە قوتابییەکان کێی دیکەت دەبینی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** شێرکۆ جەلال تا لەوێ مابوو دەمدی، سەروەت ئەنوەر سەوز، ڕەمزی قوتبەددین، حەمەجەزا فەریق بوون، هەموویان لە ڕەسم نەبوون، هەندێکیان لە بەشی گرافیک بوون، کوڕێکی دیکە لە پەیمانگە بوو ناوی بەختیارە سوور بوو، هەندێک لەوانە لە من بچووکتر بوون، لە پەیمانگە بوون، پێوەندی لە نێوانمان دروست دەبوو، چونکە دەهاتن بۆ چایخانەی پەرلەمان هێڵکاریمان دەکرد، هەندێک جاریش دەچوومە چایخانەی عەلی نەسیم، لەوێ زۆر ڕەسمم دەکرد.

**ڕامان:** پێ دەچێ عەلی نەسیم فەیلی بێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەوانەیە، من خاوەنەکەیم نەدی، ئەوە ناوی چایخانەکە بوو، هی خۆشمان دەهاتنە ئەوێ، چونکە لە هۆتێل سامان نزیک بوو، ئەوەی کوردبوو دەچووە ئەوێ. لە بارەی ڕووداوەکانەوە پرسیارت کرد، جارێک یەکێک کە لە چایخانەکە دانیشتبوو لێم توورە بوو، گوتی بۆ زۆر تەماشام دەکەی! ئەوە لە چایخانەی عەلی نەسیم بوو، دوایی کە بینی هەر هێڵکارییە و هیچ نییە، ئیدی قسەی نەکرد.

# ئاوڕێک لە دەنگی نەبیستراوی شاعیرێک:
## هەڵوەدای سەربەخۆیی بە هەڵۆی شیعری ڕزگاری

حیسامەدین (هیوا) خاکپوور
(سەقز)

**پوختە**

مرۆڤی کورد بە هۆی هەڵکەوتن و تێکەوتن لە دۆخێکی تایبەت و دەگمەندا، بەردەوام میراتی فیکری، فەرهەنگی، ئەدەبی و شیعرییەکەی لەگەڵ ئەو ژین- جیهانە تایبەت و دەگمەن، یان بە گوێرەی هەندێک لە نووسەران ئەو ژین -جیهانە «ئاوارتەدا» دەستەویەخەیە. یەکێک لەو مرۆڤە بیرەوەرە هاوچەرخانەی کە ژانری ئەدەبی شیعری لە خزمەتی پرسی کورددا تەرخان کردووە، پۆڵا نانەوازەدەیە (١٩٥٥ - ٢٠٢٤).

لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێت بە قووڵبوونەوە لە شیعرەکانی پۆڵادا کە بە ناوی «هاواری سەربەخۆیی» چاپ و بڵاو کراوەتەوە، دوو ئەپیزۆدی مانایی لە شیعرەکانی شاعیردا پیشان بدرێت. ئەپیزۆدی یەکەم لە شیعرەکانیدا ئەو هەلومەرج و دۆخەیە کە مرۆڤی کوردی تێدا هەڵکەوتووە کە بە دۆخی جەهەندەمئاسا و مەرگاوی دنیای مۆدێرن ناومان بردووە، واتە دۆخی بێدەوڵەتی. هاوتەریب لەگەڵ وەسفی ئەو دۆخە و لە ئەپیزۆدی دووەمدا شاعیر هاوڕا لەگەڵ ئاماژە بە بەرخۆدان و بەرەنگاری کوردی لە هەمبەر دۆخی زاڵدا، چارەسەری یەکلاکەرەوەی ڕزگاربوون لەو دۆخەیشی نواندووەتەوە کە ئەویش بریتی بێت لە سەربەخۆیی. لە ئاکامدا دەتوانین بڵێین شاعیر جیا لە بابەتگەلێکی دیکە کە ناوبەناو پەرژاوەتە سەریان وەک ژن و ژینگە و دادپەروەری و ... بە ئامرازی سیاسیکردنی شیعر لە زومرەی ئەدەبی دەروەستی ڕزگاریخوازدا دەگونجێت کە هۆشیارانە و بە هەست و نەستەوە لە ڕەنجی نەتەوەکەی دواوە و بە ئاگاییەوە بە شیعر چارەسەریی مەسەلەی کوردی کردووە.

**وشە سەرەکییەکان**

پۆڵا نانەوازدە، ئەدەبی ڕزگاری، دۆخی بێدەوڵەتی، جەهەندەمی کورد، سەربەخۆیی.

### دەروازەی باس

مرۆڤی کورد بە درێژایی مێژوو بە هۆکاری جۆراوجۆر تا ڕادەیەکی زۆر لە دۆخی ژێردەستەییدا ژیانی بەڕێ کردووە. بە چاوپۆشین لەو باسە تیۆرییانەی کە مەسەلەی کورد بە مەسەلەیەکی

سازێنراوی سەردەمی مۆدێرن و بۆنە و لێکەوتەکانی مۆدێرنیتە دەزانێت، دەتوانین بڵێین کورد لە سەردەمی پێش مۆدێرن، جگە لە چەند بڕگەی مێژوویی، «مرۆڤی بێدەسەڵات» بووە و لە سەردەمی مۆدێرنیشدا «مرۆڤی بێدەوڵەت» دەژمێردرێت. ئەم هەلومەرجە تایبەت و دەگمەنە ژین- جیهانێکی تایبەتی لە دیالێکتیکی دووانەی «دەسەڵات و بەرخۆدان»، یان «سوڵتە و بەرەنگاری» (١)، یان «نکوڵیکردن و بەرگری»، یان بە چەمکاندنی ئەم وتارە «جەهەندەمی زاڵ و ڕزگاری» خوڵقاندووە. لەم نێوانەدا میراتی فیکری کوردی کە بە تایبەت لە درێژایی سەد ساڵی ڕابوردوودا لە ژانری ئەدەبی شیعردا خۆی نواندووەتەوە، بەردەوام سەرقاڵی پرسی کورد بووە، هەر بۆیە زۆرینەی شیعرەکانی «قوتابخانەی تەنویر» (٢) لە ئەدەبی کوردیدا کە بەرەی یەکەمی ڕۆشنبیرانی کورد وەک حاجی قادر، قانع، پیرەمێرد، فایەق بێکەس، شوکری فەزڵی و... دەگرێتەوە، بە پێی سەردەمی خۆیان لەگەڵ مەسەلەی کورد دەستەویەخە بوون و بۆ نموونە وەک حاجی قادر «لە خەوی شەمع و پەروانە و مەستیی مەی و مەیخانە ڕاپەڕێ و زامەکانی نەتەوەکەی بە زەقی بخاتە بەرچاو و نووشتەی بۆ بنووسێ» (٣).

بە باوەڕی خاوەنی ئەم قەڵەمە لە میراتبەرانی قوتابخانەی تەنویر، بە تایبەتمەندیی سەردەمییانەترەوە، پۆلا نانەوازادەیە. پۆلا شیعری خۆی تا ئاستێکی زۆر بۆ دەربڕینی ڕەنجی ژێردەستەیی و بەرخۆدانی کوردی و نوسخەی ڕزگاری، واتە سەربەخۆیی تەرخان کردووە. پرسیارێ کە هەوڵ دەدەم لەو وتارەدا وەڵامی بدەمەوە ئەوەیە وەسفکردنی شاعیرانەی پۆلا لە دۆخی زاڵی نەخوازراوی کورد چلۆنە و ڕێگەی دەربازبوون لەو دۆخە زاڵە بەرەو دۆخی خوازراو بە چی دەزانێت؟ سەبارەت بە پێشینەی توێژینەوە لەسەر شیعرەکانی پۆلا نانەوازادە هیچ کارێ نەکراوە



پۆلا نانەوازادە

و ئەم نووسراوە دەیەوێت دەنگی خامۆشکراو و پەراوێزخراو و نەناسراوی ئەو شاعیرە بێنێتە گۆ.

## ئەدەبی ڕزگاری و پۆلا نانەوازادە

ئەدەبی ڕزگاری وەک بەشێک لە فەلسەفەی ڕزگاری (٤) لە ئەدەبی سیاسیی جیهاندا بە گشتی و بە تایبەتی لە کوردستاندا ڕەنگدانەوەی تایبەتی هەبووە. ئەو ئەدەبیاتە خۆی دەروەست دەبینێت بە ڕزگاری لە داگیرکاری، هەژاری، بێبەشی، بێدەرەتانی، شەڕ، نەهامەتی، بێ وڵاتی، تاڵان، بڕین، فەوتان، تاوان، نەمان، ئەنفال و قڕان و «ئێش و ئازار و تیرۆر و کوشتار» (٥) و لە هەوڵی ئەوەدایە کە زمانی شیعر (٦) بکاتە ئامرازی دەربڕینی ڕەنج و ڕەنجی دەربڕین. یەکێک لەو کۆڵەکە هاوچەرخانەی کە هەر هەمووی شیعری خۆی بە شێوەی تایبەت تەرخان کردووە بۆ مەسەلەی ڕزگاری نەتەوەیی شاعیری کۆچکردوو «پۆلا نانەوازدە»یە. ئەو بە دڵێکی عاشق و هەڵوەدای نیشتمان و بە عەقڵێکی بەهێزی سیاسی هەر لە سەردەمی لاوییەوە بە ئازاری کوردبوونەوە تێوەگلا و وەک زۆرێک لە میراتی شیعری کوردی لە (خانی) یەوە بگرە تا حاجی و قانع و هەژار و هێمن و... زمانی شیعری خۆی بۆ بەیانی ڕەنج و ئازاری ژێردەستەبوون و دۆخی داگیرکراوی و

کۆلۆنیالیستی مرۆڤی کورد وەگەڕ خستووە، بەڵام خاڵێکی تایبەت لە شیعری پۆڵادا، ئەوەیە کە ئەو تەنیا بە وەسفی دۆخی زاڵی جەهەندەمئاسای کورد نەوەستاوە، هەروەها بەپێچەوانەی فرەیەک لە خوێندەوار و بیرمەندە مۆدێرنیستەکان نەکەوتووەتە نێو پاراداییمی دیموکراسیخوازی و دیموکراتیزەکردنی نەتەوە سەردەستەکان، بەڵکوو ڕاستەڕێگەی ڕزگاری، بێ ئەم لاو ئەو لا بە سەربەخۆیی و سەروەریی سیاسی دەزانێت و دەیشعرێنێت. لە درێژەدا تێ دەکۆشێت بە هەندێک چەمکاندنی تیۆریکەوە، جیا لەوەی ڕەنگدانەوەی دۆخی ژێردەستەیی و داگیرکراوی و نەبوونی سەروەریی و سەربەخۆیی مرۆڤی کورد کە لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکەی بووەتە «ژیانی ڕووتوقووتی جەهەندەمئاسا» لە شیعرەکانی پۆڵادا بخرێتە ڕوو، هەروەها ڕێگەچارەی شاعیر بۆ ڕزگاری و دەربازبوون لەو دۆخە بە ئاماژە بە هەندێک لە شیعرەکانی بە کورتی شەنوکەو دەکرێت.

شایانی باسە بە سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە و گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکانی لە ئاستی فیکری فەلسەفی، ئابووری و سیاسی و...دا لە ڕووی سیاسییەوە سەرچەشنی زاڵ و جیهانداگری سەردەمی مۆدێرن دەبێتە ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە کە بەندیکەت ئەندەرسۆن بە «فۆرمی پێوەر» (٧) ناوی دەبات. ئەم فۆرمی پێوەرە وەها جیهانی دەرهەست و بەرهەست دەگۆڕێت و مرۆڤێکی وەها نوێ ساز دەکات کە کەمترین شتی لە دەرەوەی بازنەی ناسیۆنالیزم دەتوانێت ڕوو بدات. ئەتین بالیبار ئەو مرۆڤە نوێیە بە «مرۆڤ ناسیۆنالیست» (٨) چەمکاندنی لەسەر دەکات، بەڵام نەتەوەیەک کە خاوەنی ئەو سەروەرییە سیاسییە نەبێت و لەو فۆرمە پێوەرە بێبەش بێت لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە نەتەوەی بێدەوڵەت (٩) ناسراون (١٠) و ئەگەر ناسسیۆنالیستیش بن تەنیا دەتوانن بۆ مانەوە هەوڵ بدەن و ناتوانن خاوەن مافی مرۆڤە دەوڵەتدارەکان بن. دۆخی بێ دەوڵەتی کە نەتەوەگەلێک وەکوو کورد و ئەمازیغی و بەلووچ و ... دەگرێتەوە لە لایەن زانایانی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە چەمکاندنی جۆراوجۆری لەسەر کراوە. «چەمکی بێ دەوڵەتی، واتە نەبوونی سەروەریی سیاسیی سەربەخۆ، زیاتر بە بیرۆکەیەکەوە بەیان دەکرێت کە ئاماژەیە بۆ «بێ مافی» (١١) و «خەسارهەڵگری» (١٢)، چونکە وا گریمان دەکرێت کە «ئامرازی ساردی تاراندن و دەرهاویژتن» دەنوێنێتەوە.

بە گشتی چەمکی بێ دەوڵەتی لەناو بوارێکی گوتاریی نەرێنیدا هەڵکەوتووە. بۆ نموونە بێ دەوڵەتی وەکوو «وەدەرنانی بەتەواوەتی لە مرۆڤایەتی»، «بۆشایی یاسایی دنیای کافکایی» (١٣)، «مەرگی کۆمەڵایەتی» «پێناسەی کتومتی جەهەندەمی مۆدێرن» «ژیانی ڕووتوقووت» و «هەلومەرجی مەترسی بێکۆتایی» چەمکاندنی لەسەر دەکرێت (١٤). ئەم چەمکاندنە کە بارگاوییە بە دۆخێکی مەترسیداری مەرگ و نەمانەوە، لەلای پۆڵا نانەوازادە و بە تێگەیشتنی هزریی و هێرمنۆتیکی شهوودی زۆربەی چەمکاندنی ئەو بیرمەندانەی بە زمانی تایبەتی خۆی بە شیعر کردووە. لە درێژەدا هەندێک لەو چەمکاندنانە لە شیعرەکانی شاعیردا شرۆڤە دەکەین کە بۆ وەسفکردنی دۆخی کورد بەکاری هێناون.

## شاعیر و جەهەندەمی داگیرکراوی

شاعیر دۆخی مرۆڤی کورد بە دۆخی داگیرکراوی و کۆلۆنیالیستی دەناسێنیت و لە شیعرەکانیدا سەدان وەسفی نەرێنی و وێرانەحاڵی بۆ دۆخی مرۆڤی کورد بەکار دێنێت. بۆ نموونە دەڵێت ئەگەر لە شەڕ و نەهامەتی سروشتیی وەک بوومەلەرزە و لافاو ڕزگارم بێت لە دەست دۆخی دەستکردی داسەپاوی داگیرکاری ڕزگاریم نایە:

**لە بوولەرزە و لەلافاو ڕەنگە ڕزگار بم بە یەکجاری**

**لـە دەس داگیرکـەری زاڵـم نەجاتـم نایـە یـەک جـاری** (١٥)

ئـەو داگیرکـەرەی کـە هـەر لـە خەونـی کوشـتن و شـەڕ و فەوتـان و نەمـان و سـووتانی کوردداپـە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەو دۆخـی کوشـتارە و ئـەو جەهەندەمـە مۆدێرنـەی بـۆ کـورد ڕێـک خـراوە، گوتـاری بەرخـۆدان و مانـەوەی کـورد هـەر لـە ئارادایـە:

**سـەدان سـاڵە کـە دەمکوژن دەبیـن هـەر هـەم و مـاوم**

**سـەدی دیشـم بکـوژن هـەر دەمێنـم چاوەکـەی چـاوم**

هـەر وەک ئاماژەمـان پـێ دا هەندێـک لـە بیرمەنـدان دۆخـی بـێ دەوڵەتـی و نەبوونـی سـەروەریی سیاسـی لەگـەڵ دۆخـی «بـێ مافـی» بەرابـەر دەزانـن، شـاعیریش بـە دروسـتی ئـەو دۆخـی بـێ مافییـەی پێـکاوە و دەبێژێـت:

**کـە چـل ملوێـن خەڵـک لـەم نـاوە مافـی زەوت و نـەدراوە**

**زمانیشی هەزارانی لەسەر کوژراو و گیراوە.**

واتـە کـورد جیـا لـەوەی سـەرزەوینی داگیـر کـراوە و بـێ ماڵوحـاڵ کەوتـووە، بـە تەعبیـری مارتیـن هایدیگـەر ماڵـی بـوون و وجوودیشـی (The home of being)، واتـە زمانەکەیشـی تێکـدراوە و زمانکـوژی کـراوە و لەسـەر ئـەم بـێ مافکردنـە هەزارانـی لەسـەر کـوژراو و گیـراوە. لـە جێگەیەکـی دیکـەدا پـاش باسـکردنی دۆخـی داگیرکراوی، ئـەوەی عەجـەم و عـەرەب بـە گشـتی لـە تاوانـی وێرانەماڵکردنـی کـورد کردیانـە، ئـاوا دەینووێنێتـەوە:

**زمانت نییە ئەتۆ تۆ خەڵکی کێویت**

**وڵاتیشت نییە و تۆ تورکی کێویت ...**

دواتـر چەمکـی «تاراندن و وەدەرنان و دەرهاویژتنی» مرۆڤی بێ دەوڵەت ئاوا پیشان دەدا:

**عەرەب دەستی لە نێو دەستی عەجەم نا**

**لە باباگوڕگوڕیش ئەمنیان وەدەرنا**

خـەم و دڵەڕاوکێـی مەزنـی شـاعیر، دۆخـی «خەسـارهەڵگری» و «لەمرۆڤ خستن»یشـی (Dehumanizatian) (١٦) بـۆ وەسـفی دۆخـی کـوردی بێدەسـەڵات بـاس کـردووە، تەنانـەت دەتوانـم بڵێـم لـە شـیعرەکانیدا دەسـتی بـاڵای هەیـە. بـۆ نموونـە لـە شـیعری «بەهـار»دا دەبێژێـت:

**هەموو جارێ لە باتی باسی چارە**

**ژیانم تێک دەدەن بۆ نەوت و پارە**

**هەموو ساڵێ لە چەشنی ساڵەکەی پێش**

**بەشم هەر تاسەیە و هەر ناڵەیە و ئێش**

**بەشم هەر گرتن و لێدان و کوژران**

**بەشم هەر حەسرەت و هاوار و گریان**

**هەموو ساڵێ بەجێگەی تۆوی نەسرین**

**دەچێنن شەقلی تۆڵە و دوژمنی و قین**

هـەر چەنـدە هـەر وەک میشـل فووکـۆ دەڵێـت: «لە هـەر شـوێنێک دەسـەڵات هەبێـت، بەرخۆدانیش هەیـە» (١٧) و دەسـەڵاتی داگیرکـەری دژ «بـە چـوار داگیرکـەری دژ تێـم دەهاڵێـن/ جیهانـی بەرژەوەندخوازیـش چ ناڵـن» شـاعیر گوتـاری بەرخـۆدان و مانـەوە دەورووژێنێـت: «ئەمـن سـوورم لەسـەر بڕیاری مانـێ»، بـەڵام هـەروەک لە درێژەدا باسـی دەکەیـن بەرخـۆدان ئیمکانـی گۆڕانـی ڕادیکاڵ ناخوڵقێنێـت و نوسخەی شـاعیر بـۆ وەدیهاتنـی ئـەو گۆڕانـە ڕادیکاڵـە سـەربەخۆیی سیاسـییە.

هـەروەک ئاماژەمـان پـێ دا دۆخـی بـێ دەوڵەتـی و بـێ دەسـەڵاتی دۆخێکـە کـە بـە «جەهەندەمـی مۆدێـرن» و «دۆخـی کوشـتار و کونتـڕۆڵ و قڕکـردن» و «دۆخـی مەرگـی کۆمەڵایەتـی و مرۆڤ سـڕینەوە» نـاو نـراوە. نانـەوازدە ئـەو ڕەنجـە گەورانـە کـە لـەو چەمکانـەدا باسـی کـراون، کاتێک کـە دەڵێـت داگیرکـەر «دوژمنێکـی کـە گەلێـک غـەددارە/ شـارەزایە لـە پـەت و سـێدارە» «دژی ئینسـان و جوانییـە» و «مەترسـییە لەسـەر ژینـی

خەڵـک» ئـاوا بـە زمانـی شـیعر دەینووێنێتـەوە:

**چ شتێک ماوە بە دەستی زۆردار**
**ئێش و ئازار و تێرۆر و کوشتار**
**زەجر و ئەشکەنجە و لێدان و ئەتک**
**بەند و سێدارە و لێدان و پەتک**
**لە ژینۆساید و لە ئەنفال و قڕان**
**گازی کیمیایی و لە تاڵان و بڕان**
**بە دژی میللەتی کورد نەکرابێ**
**بست هەیە خوێنی لەسەر نەڕژابێ...**

ئـەو دۆخـەی کـە جورجیـۆ ئاگامبێـن بـە دۆخـی «ژیانـی ڕووتوقـووت» و «دۆخـی ئاوارتـە» نـاوی دەبـات (١٨) ڕێـک هـەر ئـەو دۆخەیـە کـە مرۆڤـی کـوردی تـێ کەوتـووە و شـاعیریش باسـی دەکات، تەنانـەت لێرەدا ئـەو شتەیش هەیـە کە یاساکان بۆ ئـەم مرۆڤـە هەڵدەپەسـێنرێن و «بۆشـایی یاسایی» لەسـەری بەنـد دەکرێـت تـا ڕاحەتتـر لـە مرۆڤایەتـی بخرێـت، تەنانـەت ناوەنـدە نێودەوڵەتییەکانیـش کـە باسـی دیموکراسـی و مافی مرۆڤ بنێشـتە خۆشـەی سـەر زمانیانـە لەمـەڕ ئـەو مـرۆڤ سـڕینەوە کـپ و بێدەنـگ دەبـن کاتێـک «سـوپای خوڵقێنـەری شـەڕ» بەهـاری کـورد دەکاتـە «نەعرەتـەی پاسـتار و سـەرباز» و:

**هەزاران کۆرپەکوردی چەشنی ئاڵان**
**لەناو دەریا و لە ژێر ئاواری ماڵان**
**دەخنکێن و دەسووتێن و دەکوژرێن**
**لەبەر چاوی دیموکراسی دەنێژرێن**
**بە چوار داگیرکەری دڕ تێم دەهاڵێن**
**جیهانی بەرژەوەندخوازیش چ ناڵێن**

ئەوجـا شـاعیر لـە شـیعرێکدا کـە «چیـا» دەکاتـە بەردەنگـی خـۆی دەڵێـت: چیـا بەخاتـری ئـەو هەمـووە تـاوان و کوشـتار و بـێ خانوومانـی و جەهەندەمـەی بەسـەر کـورددا هاتـووە: «خاکەکـەی زۆرەملـێ دابـەش بوو/ خەڵکەکـەش ڕۆژی گەشـی لێ ڕەش بـوو...» و لەسـەر ئـەو بێدەنگییـەی شـووورای میلـەل (ئەنجوومەنـی نەتەوەیەکگرتووەکان) و چەپ و ڕاسـت کردیانەتـە پیشـە دەبێژێـت ئـەی چیـا:

**بگوڕێنە بە سەر ویژدانی بەشەردا**
**بەسەر بڕیاردەرانی مافی گەلدا**
**بەسەر گوێچکەی کپی شوورای میلەلدا**
**بەسەر مارکسیست و چەپدا تا بزانێ**
**دیموکراسی ئەدی تەشریفی کوانێ...**

بـە گشـتی وەسـفکردنی شـاعیرانە و دەربڕینـی ڕەنـج و خـەم لـە ئـەم دۆخـە جەهەندەمئاسـایەی کـە مرۆڤـی کـوردی بـێ دەسـەڵات و بـێ دەوڵەتـی تـێ دەکەوێـت بەشـێکی زۆر لـە دیوانـی شـیعری پـۆڵای نانـەوازادەی تەنیوەتـەوە، بـەڵام ئەمـە ئەپیرۆدێکـە لـە بەهـرەی شـاعیرانەی شـاعیرێکی هەڵـوەدای نیشـتمان، ئەپیزۆدێکـی مەعنایـی دیکـە لـە شـیعرەکانیدا ئـەو دەنگـە هۆمێدبەخشـانەیە کـە چاوەڕوانـی داهاتـووی ڕزگارییـە. هۆمێـد بـە ئەویـن و مرۆڤایەتـی و مافـی نەتەوەیـی کـوردی ژێردەسـتە.

## هیوا بە ڕزگاری لە ڕێگەی سەربەخۆییەوە

شـاعیر وەک هەمـوو نەتەوەکـەی هۆمێـد بـە داهاتـوو و لێکتـرازان و تێکشـکاندنی دۆخـی زاڵـی زۆڵـی تێدایە. چاوەڕوانی ڕوانێنێکی سـەردەمیانەیە بـۆ ڕزگاری لـە مەینـەت و چەرمەسـەری. ئـەو ڕوانینـەی کـە دەبێـت هەمـوو چیـن و توێـژەکان بتەنێتـەوە:

**چاوەڕوانی ڕوانیی ڕوانینێکی تازەی سەردەمم**
**پیر و لاو و خوێندەواری ئەم گەلە بیبینێتەوە**
**بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە ڕزگاری ببێ لەم مەینەتە**
**وەک گەلان ئازاد بژین دژمن لە یەخەی ببنەوە**
**چم لەوەی داوە لە قوم یا کەربەلا هەر چی دەکەن**
**بۆ بە زۆری من بە داگیرکەر گرێ بدرێمەوە**
**گەر لە ڕاستی من بپرسن چارەنووسی خۆم بووێ**
**سەربەخۆیی چارەسازە با وەدوای وی کەومەوە...**

پڕووونـە شـاعیر بـە تێپەڕاندنـی ئـەو ئایدیـا چاکخوازانـە وەک «دیموکراسـی بـۆ ئێـران» و...

هەوڵ دەدات عەقڵییەتێکی سیاسیی بێنێتە گۆڕێ کە لە ژێر دیسکۆرسی مەعریفی نەتەوە زاڵەکاندا، خامۆش کراوە و وەپەراوێز خراوە، یان بە گوتەیەکی تر «نەبینراو» (١٩) کراوە و ئەویش بریتی بێت لە گوتاری سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی کە بە وتەی خودی شاعیر «دەوڵەتێکی کورد لە بیر شۆڕاوە» و بێدەنگ کراوە. هەوڵی زیاتری مرۆڤی کورد بە باوەڕی شاعیر دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە بووە و لەم ڕێگەیەدا ڕەنج بە خەسارانە-چەندان- بریندار و شەهیدی داوە:

**گەلی ئێمە سەدان ساڵە لە حەوڵ و یارمەتی واندا**
**لە حەولی جێبەجێبوونی دیموکراسی لە ئێراندا**
**لە ئەو ڕێگایەدا چیها بریندار و شەهیدمان دا**
**لەبەروان هەر نەپەرژاوین بە حاڵی زاری خۆماندا**
**ئەویش تەنیا لە پیلانی ئەوەیدایە کە لێمان دا...**

شاعیر پارادایمی- نموونە-ی دیموکراسی تێ دەپەڕێنێت و گوتاری سەربەخۆیی بە چارەسەری مەسەلەی کورد و گەرەنتی ئازادی ئەو دەزانێت. لێرەدا شاعیر بەڵگاندنێکی عەقڵانی بەهێز بۆ نامومکین بوونی دیموکراسی و بە شێوازێک پێکهاتەشکێنی دروشمی زریقەوبریقەداری دیموکراسی دەخاتەڕوو. ئەو پێی وایە کە تاکوو کەسێک لە ڕووی سیاسییەوە ژێردەستە بێت و کەسێکی دیکە باندەست بێت و هاوسەنگی هێز و دەسەڵات لەئارادا نەبێت، خەڵک بە دیموکراسێکی بەرابەر ئەژمار ناکرێن تا ئەوەی کە چاوەڕێی دیموکراسی بکرێت:

**سەربەخۆیی گەلی کورد زامنی ئازادی ئەوە**
**تاکوو ژێردەست بێ دیموکراسی بەجێ نایە خەوە**

نانەوازادە دوای بەڵگاندن بۆ تێپەڕاندنی دیموکراسی (٢٠)، دەبێژێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەتوانێت زامنی ئازادی ئەو بێت و لە هەمبەر هەڕەشە و مەترسی نەمان و تێداچوون بەرگری لێ بکات، بۆیە بە غەیری سەربەخۆیی باسی شتی کەم کەم وەک ئۆتۆنۆمی و فیدراڵ و ... پەسەند ناکات:

**لە شەڕی مان و نەمان بۆ منی کوردیش مەرجە**
**کە خەباتی گەلەکەم ڕێک وەکوو هی سەردەم کەم**
**سەربەخۆیی گەلی کورد تاسە و ئاواتی منە**
**غەدرە گەر غەیری ئەوە باسی شتی کەم کەم کەم...**

پۆڵا، پۆڵائاسا پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی کە تاقەڕێگەی ڕزگاری تەواوەتی لەو سەردەمەیدا کە دەوڵەت نەتەوە لەسەر هەموو کەلێن و قوژبنەکانی ژیان زاڵە، بە گەیشتن بە سەروەری سیاسی و دەوڵەت نەتەوەی سەربەخۆی کوردی مومکین دەبێت:

**منی کورد تاقە یەک ڕێگەم لە بەردەمدا کە ڕزگار بم**
**لە ژینووساید و ئەنفال و لە تێداچوون و فەوتانم**
**دەبێ من لەمپەرێ ساز کەم بە ناوی دەوڵەتی کوردی**
**هەتا نەمگاتە دەستی دوژمنانی چەشنی ئێرانی**
**کە بەر بگرم بە وێرانی و بە کوشتار و بە زۆرداری...**

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا «ساقی» دەکاتە بەردەنگی خۆی و دەپرسێت دەزانی «بۆچی مەی چارەی خەمی من ناکات؟» چونکە تا ئەم نەتەوە ژێردەستە نەجاتی نەبێت و چارەی خۆی بە سەربەستی نەنووسێت و ڕزگاری لە داگیرکاری نەیەت، مەی سارێژی ئەو هەموو ژان و برینە ناکات:

**تاکوو ئەو ڕۆژە غەریبێ مابێ**
**گەلەکەم کۆیلە و بێ ئاڵا بێ**
**دەستی داگیرکەری لێ نەبڕابێ**
**خاکەکەم تێکەڵی یەک نەکرابێ**
**مەی تەواوی ڕەزی ئەم دنیایە**
**دەرەقەت ژان و خەمی من نایە**

دیسانەوە لە شیعرێکی دیکەدا کە وەکوو

ئازیەتینامەیەکە بۆ پێشەوا قازی محەمەد و ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، کۆیلەیی و بێ مەسکەن و بێ مەئوایی کورد و ئازادی گەلانی دیکە دەبەستێتەوە بەوەی ئەوان کیان و ئاڵا و دەوڵەتی سەربەخۆیان هەیە و کورد نییەتی:

**زۆربەیی خەڵکی جیهان ئێستە لە بەند ئازادن**
**هەر منم کۆیلە و بێ مەسکەن و مەئوا دەگریم**
**وا سەدەی بیست بە پەنا گوێچکەیی مندا ڕۆیی**
**دەستی داگیرکەرەکەم هەر لەسەرم ما دەگریم**
**بە سەدانساڵی تریش بێت و ئەویش تێپەڕ بێت**
**بێتوو داوا نەکرێ مافەکە ناگا دەگریم**
**میللەتی کورد هەموو لێی ڕوونە چییە ئاواتی**
**سەربەخۆیی دەوێ کورد کوا ئەدی داوا دەگریم...**

لە جێگەیەکی دیکەدا خولیای سەربەخۆیی، بە ڕزگاری لە دۆخی ژێردەستەیی و بێ بەشی و هەژاری و زمانکوژی و زۆرداری ئەداتە ئەژمار:

**ئەویش پێی خۆشە منداڵی وەکوو منداڵی تۆ تێر بێ**
**زمانی خۆی بە ئازادی بخوێنێت و ئەوی فێر بێ**
**ئەویش ئاڵا و کیان و دەوڵەتی خۆی و وڵاتی بێ**
**ئەویش وەک میللەتانی تر لە زۆرداری نەجاتی بێت**

کەوایە پۆلا نانەوازادە لە شیعرەکانیدا هەم دەرد و ڕەنج و زامی مرۆڤایەتی بە گشتی باس دەکات «تاکوو چەوساندنەوە نەبڕێ لە جیهان دەگریم» و هەم بە تایبەتی دەرد و ڕەنج و زامی بێ دەسەڵاتی و بێ دەوڵەتی و بێ دەرەتانی مرۆڤی کورد بەباشی دەنوێنێتەوە، کە هەر وەک باسمان لێ کرد «دۆخی جەهەندەم ئاسا»ی مرۆڤی کورد لە سەردەمی مۆدێرندایە. زیاد لەوانە، پۆلا تەنیا دەردناس نەبوو، بەڵکوو نوسخەیشی بۆ دەربازبوون لەو دەرد و زامانە پێچاوەتەوە کە ئەویش بریتی بێت لە نوسخەی «سەربەخۆیی». شاعیر بە تەعبیری مارتین لۆتەر کینگ «خولیایەکی هەبوو» و هیوامەند بە ڕزگاریی لە دۆخی ژێردەستەیی و ئارەزوودار بە دوارۆژی سەربەستی و گەیشتن بە سەروەری سیاسی بوو. بە داخەوە لە خاکی غوربەتدا بە هیوای گەیشتن بە بەهاری ڕزگاری، ماڵئاوایی هەمیشەیی لە نەتەوە و نیشتمان کرد، بەڵام دەیگوت:

**بەهاری میللەتی کوردیش دەگاتێ**
**دەگاتێ هەر دەگاتێ هەر دەگاتێ...**

**پەراوێزەکان:**

(١) بۆ نموونە عەباسی وەلی لە وتاری «کوردەکان و ئەوانی تریان»دا لەم دووانە و نزیک لە دووانەکانی دیکە کەڵکی وەرگرتووە. ( vali , ١٩٩٨:٨٥-٨٦).

(٢) قوتابخانەی تەنویر، یان ڕۆشنگەری ناوێکی گشتییە لە مێژووی مۆدێرنی فیکری کوردیدا و شاعیرەبیرمەندانێک لەخۆ دەگرێت کە بە ئاشنایی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دنیای مۆدێرن، هەوڵ دەدات ئەو ئەندێشە نوێباوانە لە ڕێگەی ژانری زاڵی ئەو سەردەمە، واتە شیعر بگوازێتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی. لە گۆڕانکارییە مەزنەکانی عەقڵی فەلسەفی مۆدێرنەوە بگرە کە هەوڵ دەدرێت بکرێتە جێگرەوەی چەتری پیرۆزی ئایین و خوڕافەسڕینەوە لە کۆمەڵگەی کوردی، هەتا لێکەوتەی سیاسی دنیای مۆدێرن، واتە ناسیۆنالیزم کە گرینگایەتییەکەی لەلای ئەم قوتابخانەوە بە وردی خراوەتە بەرباس، هەروەها لە ڕووی ئابووری و سەنعەت و مۆدێرنیزاسیۆنی ماددیشەوە خوازیار و بانگەشەکەری ئەو گۆڕانکاریانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا بوون. لەگەڵ ئەمانەیشدا باسی دادپەروەری و مەسەلەی ژن و زۆر شتی دیکە بە شێوەیەکی نوێخوازانە لەم قوتابخانەدا ئاوڕی لێ دراوەتەوە. باڵکێشە مەعریفەیەک کە ئەم قوتابخانە و ڕێڕەوەکانی بەرهەمی دێنن، مەعریفەیەکی کوردانەیە و بە پێچەوانەی زۆربەی مۆدێرنیستەکان لە ژێر

پارادایمی مەعریفی ئەوانی دیکەی سەردەستدا نییە، بەڵام بەداخەوە لەسەر ئەم قوتابخانە فیکرییە کەمتر کاری زانستی ئەکادمیک کراوە.

(٣) بڕوانە دیوانی حاجی قادری کۆیی، وتەی چاپی نوێ، لاپەڕەی ٩.

(٤) بڕوانە وتاری فەلسەفەی ڕزگاری بەم ناوونیشانە:
https://zanistname.com/en/entries/liberation

(٥) هەمووی ئەم دەستەواژانە ڕێک لە خوێندنەوەی وردی مانناسانەی شیعرەکانی پۆلای شاعیردا دەرم هێناون. لە درێژەدا باسی ئەوە دەکەین کە شیعری پۆلا نانەوازادە ئاوێنەی باڵانوێنی پیشاندانی «دۆخی جەهەندەمئاسای مرۆڤی بێدەسەڵاتی کوردە». لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگەچارەی دەربازبوون لەو دۆخەیش دەخاتەڕوو و هیوای گەیشتن بە ڕزگاریش لە شیعرەکانیدا نەکوژاوەتەوە و بەتەعبیری هێمن «هەمە هیوا بە دواڕۆژێکی ڕوون».

(٦) ئەوەیشی کە ئایا ئەمانە شیعرن، یان هۆنراوە، باسەکە دەگەڕێتەوە بۆ فۆرم و پێکهاتە و زمانی ئەو هەڵبەستانە کە لێرەدا بەرباسی ئێمە نییە، هەر بۆیە بە چاوپۆشییەوە وشەی زمانی شیعریم بە کار هێناوە.

7- Modular form.

(٨) Homo nationalist مرۆڤ ناسیۆنالیست چەمکێکە کە بالیبار و ڤالێرشتاین بەکاری دێنن و ئاماژەیە بەو مرۆڤە مۆدێرنەی کە ناسیۆنالیزم تەواوی کەلێن و قوژبنەکانی ژیانی تەنیوەتەوە و لەم واتایەدا سەرهەڵدانی مرۆڤی ناسیۆنالیست بە واتای لاچوون و زەوالی مرۆڤی ئایینییە، چونکە هەروەک کە گرینفێڵد دەڵێت: ناسیۆنالیزم چوارچێوەی ئاگایی کۆمەڵایەتی مۆدێرن دەخەملێنێت (Soleimani, 2016:24).

(٩) Nation Without State.

(١٠) خوێنەر دەتوانێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم چەمکە بڕوانێتە وتاری «ناسیۆنالیزم، جیهانوەتەنی و بێ دەوڵەتی: وتووێژی بەرزوو ئەلیاسی لەگەڵ کرەیگ کەلهۆن لەم ناوونیشانە:
https://jineftin.krd/ 2023/ 12/17/ %D9 %86 %D8 %A7 %D8 %B3%DB%8C%DB%86%D9%86%D8%A7%D9%84 %DB %8C%D8%B2%D9%85%D8%8C%D8%AC%DB%8C %D9%87 %D8%A7%D9%86%D9%88%DB%95%D8%AA%DB%95%D9%86%D8%AE%D9%88%D8%A7%D8%B2%DB%8C-%D9%88-%D8%A8%DB%8E%D8%AF%DB%95
دەقی ئینگلیزی ئەم وتارە لە ساڵی ٢٠١٤ لە گۆڤاری 'خوێندنەوە کوردییەکان Kurdish studies، بەرگی ٢، لاپەڕەی ٦١-٧٤ بڵاوە کراوەتەوە، هەروەها بۆ ئەم باسە خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە وتاری:
Montserrat Guibernau, Nations Without States: Political Communities in the Global Age, 2004, Volume 25, Issue 4, Michigan Journal of International Law.

(11) Rightlessness.

(12) Vulnerability.

(13) Kafkaesque legal vacuum.

(١٤) بۆ ئاشنایی زیاتر لەگەڵ باسی بێ دەوڵەتی و ئەم چەمکاندنانە، خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە کتێبی:
Eliasy.barzu, Narratives of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences, 2021, P-P:5-15. PALGERVA PRESS.

(١٥) هەمووی ئەو شیعرانەی لەم وتارەدا ئاماژە پێ دراون لەو فایلە دەنگییانەدایە کە بە خوێندنەوەی خودی شاعیر بڵاو بوونەتەوە. بە داخەوە دیوانە چاپکراوەکەی بەردەست نەبوون.

(١٦) ئەم دەستەواژەیە و نزیک لەمە لە کتێبی «ڕیشەکانی تۆتالیتاریزمی» (هانا ئارێنت)دا هەیە کە دۆخی بێ دەوڵەتی و بێ دەسەڵاتی جوولەکەکان بەو دەستەواژانە دەچەمکێنێت. بڕوانە:
-Arendt, H. (1951). The origins of totalitarianism. Shocken Books, p: 297.

(17) foucault , michel , 1978. The history of sextulity, volum1, an introduction , newyork, vintage books, p:95-96.

(١٨) ئاگامبێن لە شرۆڤەی چەمکی هۆمۆساکێردا دەڵێت کەسێکە کە لە ماف دەخرێت و دەخرێتە دەرەوەی یاسا و ناسێنەری دۆخی ئاوارتەیە. هۆمۆساکێر

جەستەی سووژەیەکە کە لە بایۆس، یان ژیانی سیاسی دادەشکێنرێت بۆ زیئوس، یان ژیانی بایۆلۆژیکی ڕووتوقووت (bare life). بۆ ئاشنایی زیاتر لەگەڵ ئەو چەمکە بڕواننە:

Agamben, G. (1998). Homo sacer. Sovereign power and bare life. California University Press.

(19) Unvisable.

(٢٠) بۆ باسوخواسی زیاتر لە بارەی ڕوانینی ڕەخنەیی لەسەر مەسەلەی دیموکراسی، بە تایبەت لە ڕوانگەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانەوە، بڕوانە وتاری سیروان ڕێناس بە سەرناوی:

دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی: ڕەخنە لە بنەماکانی تیۆری سیاسەتی دیموکراتی لە ڕوانگەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانەوە. بەم ناوونیشانە:

https://www.politiajournal.com، بەرگی ١، ٢٠١٨


**سەرچاوەکان:**

1-Agamben, G. (1998). Homo sacer. Sovereign power and bare life. California University Press.

2-Arendt, H. (1951). The origins of totalitarianism. Shocken Books, p: 297.

3- Eliasy.barzu, Narratives of Statelessness and Political Otherness: Kurdish and Palestinian Experiences, 2021, P-P:5-15. PALGERVA PRESS.

4-foucault , michel , 1978. The history of sextulity, volum1, an introduction , newyork, vintage books, p:95-96.

Montserrat Guibernau, Nations Without States: Political Communities in the Global Age, 2004, Volume 25, Issue 4, Michigan Journal of International Law.

Soleimani, kamal, Islam and competing nationalism in the Middle East1876-1926, palgrave, 2016.

Vali, Abbas , The Kurds and Their “Others”: Fragmented Identity and Fragmented Politics, Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, Vol. XVIII No. 2, 1998, pp. 83-94.

٥- ئەلیاسی، بەرزوو «ناسیۆنالیزم، جیهانوەتەنی و بێ دەوڵەتی: وتووێژی بەرزوو ئەلیاسی لەگەڵ کرەیگ کەلهۆن، وەرگێڕانی حیسامەدین خاکپوور.

٦- ڕێناس، سیروان، دیموکراتیزەکردنی دیموکراسی: ڕەخنە لە بنەماکانی تیۆری سیاسەتی دیموکراتی لە ڕوانگەی نەتەوە بێ دەوڵەتەکانەوە. بەم ناوونیشانە:
https://www.politiajournal.com، بەرگی ١، ٢٠١٨.

مەندییێتتا، ئیدواردۆ، وەرگێڕانی وتاری فەلسەفەی ڕزگاری، بە وەرگێڕانی حیسام خاکپوور، لە ئەنسیکلۆپیدیای ئیستەنفۆرد، بەم ناوونیشانە:
https://zanistname.com/en/entries/liberation2023

٧- کۆیی، حاجی قادر، دیوانی شیعر، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، انتشارات کوردستان، چاپی دووەم، ١٣٩١.

# دەرکەوتن و پێناسەی جۆرەکانی توندوتیژی لە دوو ڕۆمانی بەندەر فەیلی و نیشتمانی سارادا

## (خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە بە پێی بۆچوونەکانی ئێسلاڤۆی ژیژەک)


**هێرۆ کەریمی**

**(بانە)**


**(٢- ٢)**

بۆ وەڵامی ئەو دوو ڕستە پارادۆکسیکاڵەی نووسەر کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسی لێ کردووە، لەوانەیە بتوانین ئاوا ڕووبەڕووی پرسەکە ببینەوە کە مەبەستی نووسەر لە نووسینەوەی ئەو مێژووە بە جۆرێک لەو بەرپرسیاریەتییە داماڵێ، زەقکردنەوەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر و تاکی کوردە کە ئەگەر ئێمە پەروردەی کۆمەڵگە و پێکهاتەیەکین بە ناچاری و بە زەبری جوگرافیایەک تێوەی گلاوین، ئەی کەواتە ڕۆڵی تاکەکەسی چی لێ دێ؟ ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد کە لەو پرسەدا بێ هەڵوێست بووە بە چ ئاراستەیەکدا تێدەپەڕێ؟ ئەمانە هەموو ئەو پرسیارانەن دەبێ هەر تاکێکی کورد، وەک کەمینەیەک لەو کۆمەڵگەیە، کە بۆ خۆشی چەوساوە و ژێردەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان بووە، لە خۆی بکات کە مرۆڤ چۆن دەتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و هەڵوێستی ببێ؟

بنەماڵەی خایم کە سەنتەری چیرۆکەکەن بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان باس لەو زوڵم و ستەمە دەکەن، کە لەلایەن هاونیشتمان و هاوزمانییەکان دەرهەقیان کراوە، هەموو کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک لە خەمێکی قووڵدا دەژین، هەر کام هێمایەکن لە ئازار و برین.

ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی نەوە دوا نەوەی جووەکانی سلێمانی لە زمانی هەر کام لە کەسایەتییەکان دێنێتە بەر باس. کارەکتەری سارا کوڕەزای خایم کە دەتوانین وەک کۆنوێنەری هەموو جووەکانی نێو چیرۆک باسی لێ بکەین، کەسێکە کە لەناو هەموو خەمەکاندا ژیاوە، واتە بوونی ئەو هەردەم لەگەڵ نەبوون و مەرگ بەرانبەر بووە، ئەو کە بەردەوام لەگەڵ مردووەکاندا دەژی هیچ شتێک لەسەر زەوی دڵخۆشی ناکات، تەنانەت بە هاتنە دنیای ئارۆنی کوڕی هیچ دڵخۆش نییە و دەیەوێ ئەویش لەو بوونە ڕزگار بکات.

سارا ڕازی نییە لە وڵاتێکدا ببێتە دایک کە هیچ پێناسە و شوناسێکی نییە. «سارا ڕازی نەبوو

بەوەی ئەو وەک دایکێک لە خاکێکدا منداڵی ببێت کە تاکوو ئەو ڕۆژەش دۆزەخێک بوو بۆ ئەوان» (ئەبراهام، ٢٠١٩: ٢٩١). بنەماڵەی سارا کە بەبێ خواستی خۆیان شاربەدەر کراون، شار بە بێ ئەوان بۆ سارا دەبێتە دۆزەخ و ناتوانێ چاو بە کووچە و کۆڵانەکانیدا هەڵبێنێ. «کۆچی ئەوان بۆشاییەکی خستووەتە ژیانی ئێمەوە کە بە هیچ شتێک پڕ نابێتەوە» (هەمان: ٣٥٦).

سارا کە بەردەوام لە ناو بیرەوەرییەکان و ڕابوردوودا دەژی، باس لە بەردبارانەکانی منداڵانی گەڕەک دەکات لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ شەقامی جووەکان. «لە بیرم دێت هەموو جارێک لە کاتی گەڕانەوە بۆ شەقامی جوولەکەکان هەموو جارێک لەلایەن منداڵی ئەو گەڕەکە بەردباران ئەکراین» (هەمان: ٣٦٢). توندوتیژییەکی شایەد نەخوازراو، بەڵام داسەپاو کە لەلایەن منداڵانی گەڕەک بە ئەنجام دەگات. بیرەوەرییە تاڵەکانی سارا وای لێ دەکات کە بیر لە کوشتنی کوڕەکەی بکاتەوە. «دەست بنێتە سەر دەمی کۆرپەکەی و ژیانی لێ بستێنێتەوە» (هەمان: ٢٩٨).

توندوتیژی ئەو کۆمەڵگەیە وەها دزەی کردووەتەوە ناوئاخنی سارەوە، کە تا هەتایە لەناو مەرگ بژی و بەردەوام بیر لە مردن بکاتەوە. مەرگ و سارا دوو دیوی یەک دراون کە وەها تێکەڵ بە یەکدی بوونە ناتوانین لە یەکتریان جیابکەینەوە. عەشق بۆ ئەو، عەشق بۆ کەسە مردووەکان بوو، هەر بۆیە لەدایکبوونی کوڕی هیچ دڵخۆشی ناکات، بەڵکوو هەوڵی لەناوبردنیشی دەدات. ئەو لە ئاخافتن لەگەڵ سالاری هاوسەری باس لەوە دەکات کە لە ناو ڕوحیدا شتێک تێکشکاوە و ئیدی هەستانەوە وەک مەحاڵ دەبینێ. «سالار لە ناو ڕوحی مندا شتێک تێکشکاوە بە بیرم دێ بە منداڵی لە گەڕەکی جوولەکان بە دایکتیان



**بەختیار عەلی**

ئەوت ژنە ئێرانییەکە! ئەزانم ئای بەوە قەڵس بووم وامەزانی جنێوم پێ ئەیەن» (هەمان: ٣٠١). بە ڕای ژیژەک دروستبوونی ئەو جۆرە هەستە، توندوتیژییە زمانییە کە وردە وردە زەینی تۆ لاواز دەکات لەخۆنامۆبوونێک دروست دەکات کە خۆنەویستانە دەتخاتە تاقمی کەمینەیەکی ژێردەست کە هیچ بایەخ و شوناسێکت بۆ ناهێڵێتەوە و دەتخاتە بازنەیەکی بێ شوناسییەوە.

سارا کە پڕە لە بۆشایی و تەژییە لە پووچی و بێمانایی ژیان، هیچ ترووسکاییەک نابینێت بۆ ئەوەی جارێکی دی خۆی پێ هەستێنێتەوە، ئەو بەردەوام لەگەڵ ڕابوردوودا دەژی و لێی نابێتەوە، ئەمەش پیشاندانی داڕمان و ڕووخانی ڕوحی سارایە وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە کە بووەتە قوربانی توندوتیژیی ڕەوشتی و سۆزدارانە.

تەواوی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک، خۆیان وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر پێناسە دەکەن و پێداگرن لە سەر ئەوەی کە سلێمانی زێد و نیشتمانی باو و باپیرانیانە. لە زمانی باپیرە خایەمەوە کە بە حەکیمی کوڕی دەڵێ «سلێمانی شاری ئێمەیە و وڵاتی کوردستان جێگای باووباپیرانمانە

نەک ئیسرائیل، ئێمە پێش دروستبوونی شاری سلێمانیش لە قەڵاچوالان بووین و بە ڕەنجی شانی خۆمان ژیاوین (هەمان، ٢٦٠). بە گوێرەی وەگێڕ، ئەوان تەنانەت لە دروستکردنی شاری سلێمانیدا ڕاوێژکاربوون و ڕۆڵیان گێڕاوە. «ئەوان خۆیان یەکەم بەردی بناغەی گەڕەکی جوولەکانیان داناوە. بە پارە و بیری ئەو بازاڕ و ئابووری شار دروست کراوە و بووژاوەتەوە» (هەمان سەرچاوە). بە پێچەوانەی هەموو ئەو ستەمانە کە دەرهەقیان کراوە، بەڵام لەسەر شوناس و زمانی خۆیان پێداگرن و بەردەوام هەوڵی بڕگەیەک دەدەن کە بەرخۆدانی تێدا بکەن، گەرچی زۆر کورت و بێ کاریگەریش بێت، بەڵام پێی دڵخۆشن، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە ئەوی دی گەورە لە کۆتاییدا بوونی نییە و هیوا و خۆڕاگری بەردەوام تووشی نوقسانی دەکات.

## نموونەی بەشێک لە جۆرەکانی توندوتیژی لە ناو ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا

١. توندوتیژیی کارا (ئاشکرا)

١-١- لێدان و کوشتن و کۆمەڵکوژیی جووەکان، پەلاماردانی ماڵ و حاڵیان بۆ ئەوەی ببنە موسڵمان. «پەلاماری ماری جووەکانی ناو قەراتیان دا، دوایی تاران کردن و سووتانی مارەکانیان، کوشتنیان بۆ ئەوەی ببن بە موسرمان» (هەمان: ١٠٢).

١-٢- بە بڕیاری نووری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، جووەکان هەموویان دەستبەسەر ئەکرێن و موڵک و ماڵیان دەستی بە سەردا ئەگیرێت (هەمان: ٢٠٩).

١-٣- کاتێک مەلا و دەروێشەکان دەچنە قوتابخانەیەکی جوو و لە کاتی دەرسخوێندندا شمشێر بە دەست قوتابییەکان سەردەبڕن (هەمان: ٩٩).

١-٤- لە ڕێگا هەر دوکانێکی جوویان ئەهاتە پێش هەوڵی تاڵان کردن، یان سووتانیان ئەدا... دەرگا و پەنجەرەکانیان شکاندن (هەمان: ٢١٨).

١-٥- دەرکردنی جووەکان لە سلێمانی و هەولێر: کاتێک بە فەتوای مەلا ئەبووبەکر لەناو خانووەکانی قەراتێ دەرکران و بەرەو بەغدا وەڕێ دەکەون و ئاوارە دەبن (١٠١).

١-٦- دانی باج و جەزییە بە شێخ و مەلاکان بە هۆی ئەوەی جوو بوون (١١٦-١١٥).

٢. توندوتیژیی بەرکار (شاراوە): بەسەر دوو جۆری هێمایین و سیستماتیکدا دابەش دەبێت.

٢-١. توندوتیژیی هێمایین.

٢-١-١ ئەو سنوورەی کە ترس و دوودڵی لە گەڕەکدا بە دەوری ئێمەی جوودا کێشابوویان (١١).

٢-١-٢ ئەو دەرد و بەڵایە هەموو لەو شیوە پێمان دەگات، ئەو شیوەی گوومیزی هەموو خەڵکی شار بە ناو دەمارەکانی ئێمەی جوودا تێدەپەڕێت (٦٩).




میران ئەبراهام

٢-١-٣ بەردبارانی جووەکان لەلایەن منداڵانی گەڕەک، لە گەڵ دایکم پێکەوە لە گەڕەکی سەر شەقامەوە بۆ گەڕەکی جوولەکان دەگەڕاینەوە (٣٦٣).

٢-١-٤- ناسیۆنالیستەکان لە گەڵ گەیشتنیاندا جووەکانیان بەردباران کرد (٢١٨).

٢-١- ٥- هەڵدانەوەی گۆڕەکانیان و گەڕان بە نێو ئێسک و پروسکی مردووەکاندا بۆ دەستکەوتنی خشڵ و زیو (٢١٠).

٢ -١ -٦ - جنێو و سووکایەتی پێکردن: کافرن، کافرن، جوولەکە پیس و کافرن (١٦٢).

٢-١-٧- بە منداڵی لە گەڕەکی جوولەکان بە دایکتیان ئەوت ژنە ئێرانییەکە (٣٠١).

٢-١- ٨- مەرگ دۆستی سارا

٢-١-٩- کۆچاندنی زۆرەملێیان بۆ وڵاتی ئیسرائیل

٢-١-١٠- لە قوتابخانەی ڕوشدییە نەیەوێرا لای کەس دابنیشێ (٢٠)

٢-٢- توندوتیژیی سیستماتیک: ئەم جۆرە لە توندوتیژییە لەلایەن نوێنەرانی سەرمایەداری و وڵاتانی لایەنگری لیبرالیزم و دیموکراسی بە ئەنجام دەگات. لە ڕۆمانی ناوبراودا کاتێک ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٧ بەغدا دەگرن، جووەکان پەنایان بۆ دەبەن بۆ ئەوەی لە دانی باج و جەزییە ڕزگاریان ببێت و وەک شارومەندێکی ئاسایی ژیان بەسەر بەرن، بەڵام بە نائۆمێدی ڕووبەڕوو دەبنەوە. لە یازدەی ئازاری ١٩١٧ کاتێک سوپای بەریتانی هاتنە ناو شاری بەغداوە، جووەکان بەم مەسەلە دڵخۆش دەبن کە چیدی جەزیە و باج نادەن و وەک شارومەندێک چاویان لێ دەکەن، بەڵام مام سلێمان و حاخام دوو کارەکتەری ڕۆمان کە وەک نوێنەری جووەکان دەچنە لای ئینگلیزەکان، بەو قەناعەتە دەگەن کە داگیرکەر هەر داگیرکەرە و باوەڕ ناکەن بەوەی ئەمانیش هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا هەبێت (١٢٤).

٣. توندوتیژیی ناهێمایین

بەکارهێنانی ئایین و باوەڕ بە ژیانی دوای مەرگ، وەک ئامرازێک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئیشوکارەکانیان بە ئاراستەی سەرکوتکردنی کەمایەتییەکان بۆ پێشڤەچوونی ئامانجەکانیان: «شێخ و مەلا و ئاغاکانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئازاری جووەکانی کوردستانیان ئەدا» (١١٢).

## ئەوەی دییەکی ناشوێن: بەندەر فەیلی

ڕۆمانی بەندەر فەیلی بەسەرهات و چیرۆکی ئەو منداڵە فەیلییەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە بەشی سێدارە لە یەکێک لە زیندانە گەورەکانی بەغدا، لە ساڵی ١٩٨٠ لە دایک دەبێ. سەید شەهاب یەکێک لە بەڕێوبەرانی بەشی سێدارەیە کە ڕۆڵی سەرەکی لە ناو چیرۆکدا دەگێڕێ، چونکە هەر لە زمانی ئەم کەسایەتییەوەیە کە زۆر لە نهێنییەکانی ژیانی بەندەر ئاشکرا دەبێ. بەندەر بە گوێرەی گێڕانەوەکان لە دایکێکی فەیلی لە دایک دەبێ (٢٤). بەندەر فەیلی ئەو منداڵەی ناوەخت هاتە دنیا و ناشوێن ژیا. ئەو لە ناو دەنگەدەنگی زڕەی زنجیری زیندان و ئاه و ناڵە و تووڕەیی گیراوەکان و هیستریای پاسەوان و جەللادەکاندا گەورە دەبێت. ئەو هەموو چەشنە توندوتیژییەک ئەزموون دەکات. بە شێوازی دیار و نادیار، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تووشی توندوتیژی دەبێتەوە. بەندەر جگە لە توندوتیژیی ئاشکرا کە لەلایەن ڕژێمی بەعس بە سەر خۆی و کەسوکار و هاوڕەچەڵەکەکانیدا هاتبوو، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی

تـر دەبێتـەوە.

چاندنـی بیـر و بـاوەڕ و ئایدیۆلۆژیـای ڕژێمـی بەعس لـە زەین و نیگای بەندەردا جۆرێکی تـر لە توندوتیژیـی پیشـانی خوێنـەر دەدات، کـە بەسـەر ئـەو منداڵـەدا هاتـووە. «کـە هاتمـەوە دەبێ فێـر بووبیـت ئـەم وشـانە بنووسـیت: بەغـداد، بەعـس، سـەرۆک، بابـە سـەدام» (عەلـی، ٢٠٢٢: ٩١). ئـەم جـۆرە لـە توندوتیژییـە کـە ژێژەک بـە ناوی شـاراوە نـاوی دەبـات، لەلایـەن داودەزگا ئایدیۆلۆژییەکانـەوە بـە سـەر ئـەوی دییەکانـدا دەسـەپێنرێ. ئیشـی ئایدیۆلۆژییەکانیـش پتـر کارکردنـە لـە سـەر زەینـی منـداڵان لـە هەنـاو پەرەپێدان بـە ئامانجەکانیـان. بۆ وێنـە ئایدیۆلـۆژی خەلافەتـی ئیسـلامی (داعـش) بـە هەمـان شـێوە ئیشـی لەسـەر منداڵان دەکـردە تـا پـەرە بـە ئایدیۆلـۆژی خۆیـان بـدەن و بیانکـەن بـە بەشـێک لـە خۆیـان.

بەنـدەر کـە هێـدی هێـدی لـە نـاو زیندانـدا گـەورە دەبێ دەبێتـە شـایەتحاڵی لـە سـێدارەدانی دیلەکانـی نـاو زینـدان. جەللادانـی بەشـی سـێدارە بـۆ ئـەوەی بەنـدەر بـەو جیهانـەی کـە تێیـدا دەژی ڕابێنـن، ڕۆژانـە ڕاپێچـی هۆڵـی سـێدارەیان دەکـرد ئامانـج لـەم کارە بـە گوێـرەی نوێنەرانـی توندوتیژیـی نـاو زینـدان بـە جەللادکردنـی بەنـدەر بـوو، واتـە بەنـدەر مەحکوومـە بـەوەی ببـێ بـە جەلـلاد، توندوتیژییەکـی ئاشـکرا کـە لەلایـەن دامـودەزگا سـەرکوتکەرەکانەوە بـە ئەنجام دەگات، ڕاسـتە کـە بەنـدەر بـەم پێیـە مەحکـووم دەبـێ کـە لـە وڵاتێکـدا بێتـە دنیـا کـە نـاوی عێراقـە و لـە ژێـر سـایەی سـەرۆکێکی بـێ بەزەییـدا بـژی، بـەڵام ئایـا خـۆی مەحکـووم بـوون بـەو جەبـری جۆگرافیکـە بەنـدەر دەکات بـەو کەسـایەتییەی کـە جەلـلادەکان ئامانجیـان بـوو؟ بەنـدەر بـە پێچەوانـەی نـاو و پاشـناوەکەی کاریگـەری ئـەو شـوێنە کار ناکاتـە سـەری و خـۆی سـەر بـە هیـچ ئاییـن و مەزهەبێـک نازانـێ، واتـە لای ئـەو ئاییـن و ئاییـنزا ڕەگەزنامـە نییـە، بەڵکـوو ئەوەی شوناسـی پـێ دەبەخشـێ لـە سـەروو ئـەو چەمکانەوەیـە کـە بـۆی پێناسـە کرابـوون «بەنـدەر بـە پێچەوانـەی ئـەو شـوێنەی لێـی دەژیـا مێردمنداڵێکـی ناسـکی لـێ دەردەچـێ» (هەمـان: ٢٥٥). «ئـەو دەیتوانـی هەمـوو چەشـنە مرۆڤێکـی خـۆش بوێـت، هەمـوو جۆرەکانیـان، سـپی و ڕەش، لاواز و قەڵـەو، دەم بەخەنـدە و گـرژ، تاوانبـار و بـێ تـاوان» (٢٥٦).

نووسـەر لـەم بەشـەدا نیشـانی داوە کـە مـرۆڤ چەنـد جەختـی پێکهاتـە و بەسـتێن بەسـەریەوە بـێ، دەتوانـێ ڕۆڵ بگێـڕێ لەمـەڕ ئـەوەی نەبێ بەو شـتەی داگیرکـەر دەیـەوێ، بەڵکـوو بـە پێچەوانەوە دەتوانـێ ڕۆڵـی تاکیەتـی خـۆی نیشـان بـدات و سـەر بـۆ داگیرکـەر و سـتەمکار دانەنوێنـێ.

هـەر بـەو چەشـنە جگـە لـە بەنـدەر، خوێنـەر ڕووبـەڕووی کەسایەتییەکانی تریـش دەبێتـەوە کـە بـوون لـە وەهـا کۆمەڵگەیـەک کاریگـەری نەرێنـی نەکردووەتـە سـەریان. هەڵبـەت لـە کەنـار ئـەوەدا کەسـانێک هـەن کە هیوا و ئۆمێدیان لەو کۆمەڵگەیە هێشـتووەتەوە، بەنـدەر بـەردەوام ڕووبەڕووی دووانە لێکدژەکان دەبێتـەوە کـە دەتوانێـت مـرۆڤ بەسـەر دوو دنیـای جیـاوازدا دابـەش بـکات. «هەسـتی کـرد دەتوانێـت مرۆڤـەکان، بـە سـەر دوو جـۆردا دابـەش بـکات باشـەکان و خراپـەکان» (١٨٩) لـە پەنـای ئـەوەدا کـە جەلـلاد، بەرپۆەبـەر، ژنـی مامۆسـتا فوئـاد شـەبیب، مـەلا و تـاد... هـەن بـەو دیویـدا کەسـانێکی تریـش هـەن وەک شـادی پاسـەوانی زینـدان، نەوفەلـی هاوڕێـی، مامۆسـتا فوئـاد شـەبیب، ئەفسـەری نـاو پۆلیسـخانە، شـۆفیر و تـاد... کـە ناهێڵـن هیـوا بـە ئاسـۆیەکی ڕوون لەنـاو دڵـی بەنـدەردا بمرێـت.

بەنـدەر جـار دوا جـار و دوای هەوڵدانـی هەڵاتـن لـە زینـدان ڕووبـەڕووی شکسـت دەبێتـەوە! دەڵێیـت بۆ دوا جار ئـەو مەحکوومـە بـەوەی کـە لـە زینـدان بمێنێتـەوە و ئـەویٚ ببێتـە مەنزڵگـەی ئەبەدیـی! بـەڵام ئـەم مەحکـووم بوونـە ئەوەنـدە دەوام ناهێنێت، چونکـە کاتێـک لـە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینـی ئەمریکییـەکان بەغدا بۆردومـان دەکەن تریووسکەیەک هیـوا بـۆ ژیانـی بەنـدەر دەگەڕێتـەوە، بـەڵام ئایـا بـەم ئازادبونـەی بەغدا لـە ژێر سایەی دیکتاتۆردا و دارمـان و ڕووخانـی زیندانـەکان، مرۆڤـی ئـەو کۆمەڵگەیـە کـە بەنـدەر یەکێـک بـوو لـەو قوربانیانـە هەسـتیان بـە ئـازادی و دارمانـی زیندانـە دەرەکـی و ناوەکییەکـەی دەروونیـان کـرد؟ بەنـدەر دوای ئازادکردنـی لەلایـەن ئەمریکییـەکان و قۆڵبەسـتکردنی جەلـلاد و بەڕێوبەرانـی نـاو زینـدان و گێڕانـەوەی بەسـەرهاتی ژیانـی بەنـدەر لەلایـەن ئەوانـەوە بـەم چەشـنە ڕووبـەڕووی بەسـەرهاتی خـۆی دەبێتـەوە، کـە ئـەو دایکـی ژنێکـی فەیلـی بـووە بـە نـاوی ئیسـرا مەلەکشـاهی کـە ئەفسـەرێکی باڵادەسـتی ڕژیمـی بەعـس بـە نـاوی یاسـر شـاهین دەکەوێتـە عەشـقی دایکییـەوە و پەیمـان دەداتـە ئیسـرا کـە ئەگـەر ببێتـە دۆسـتی دەیباتـە دەرێ و بـە نهێنـی دەیکاتـە هاوژینی خـۆی، بـەڵام ئیسـرا مەلەکشـاهی داواکـەی ڕەت دەکاتـەوە و جگـە لـە قێـز و نەفـرەت هیـچ هەسـتێکی تـری بـۆ ئەفسـەر نابێـت. (لاپـەڕە ٤١٥) هـەر بـەو هـۆکارەش ئەفسـەر بڕیـاری لـە سـێدارەدانی ئیسـرا جێبەجـێ دەکات و بەنـدەر لـە ڕۆژی لـە سـێدارەدانی دایکـی دێتـە دنیـاوە. یاسـر شـاهین داوا لـە سـەرۆک دەکات کـە لێـی گەڕێـن تـا منداڵەکـە بمێنێتـەوە تـا وەک سـەرباز و خزمەتـکاری سـەرۆک گـەورە ببێـت. (٤١٩) ئـەو ئامانجـەی کـە پێشـتر باسـی لـێ کـرا کـە تـەواو دامـودەزگا ئایدیۆلۆژییـەکان دەیانەوێـت، کـە کەسـەکان بکـەن بـە بەشـێک لـە خۆیـان.

یاسـر شـاهین دوای لـە سـێدارەدانی ئیسـرا و لـە دایکبوونـی کوڕەکـەی سـەدان فەیلـی کوشـتووە، وەک ئـەوەی ویسـتبێتی بـە شـاردنەوە و ناشـتنی فەیلییـەکان ناکامـی و دۆڕانـی گـەورەی خـۆی بنێژێـت و بیشـارێتەوە (٤٢٥)، ئەمـەش جۆرێکـی تـر لـە توندوتیژیـی ئاشـکرا پیشـان دەدات کـە بـە ڕۆژی ڕوون و لەبەرچـاوی تـەواوی ڕێکخراوەکانـی مافـەی مـرۆڤ ئـەو کارەسـاتە ڕووی داوە، بـێ ئـەوەی هیـچ هەڵوێسـتێک لەلایـەن ئـەو کەسـانەی ئیـش بـۆ (نـا بـۆ توندوتیـژی دژی کەمینـەکان) دەکـەن گیرابێـت.

بەنـدەر هیـچ کات هەسـت بـە سەربەسـتی ناکات، چونکـە لەلایـەن هێـزە ئەمریکییەکان بە شـێوازێکی دی بـەر پەلامـار و توندوتیـژی درابوو، بەر کامێرای توندوتیـژی ئـەوان چـون «ئەمریکییـەکان هەمـوو شـتێکیان بـۆ پێـش کامێـراکان دەویسـت» (٤٠٤) بـە وتـەی ژیژەک کـە ڕەخنـەی جیددی ئاراسـتەی وڵاتانـی ڕۆژاوا دەکات و پێـی وایـە وڵاتانـی لیبراڵـی ڕۆژاوا لەژێـر ناوونیشـانی ڕێکخـراوە خێرخوازییەکان زیاتـر پەرەیـان بـە توندوتیـژی داوە، کەواتـە بـەم جـۆرە بیـر و بۆچوونانـە توندوتیـژی لـە پاشـخانی لایەنگرانـی (نـا بـۆ توندوتیـژی) زیاتـر بوونـی هەیـە و بەرهـەم دێت.

بەنـدەر فەیلـی دەبێتـە خۆراکـی ڕاگەیاندنـەکان و کۆمپانیـاکان، هـەرکام بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان دەیانەوێـت ژیانـی بنووسـنەوە و بـە تـەواوی جیهاندا بـڵاوی بکەنـەوە، بەنـدەر ئـەم جارەیـان دەکەوێتـە بـەر توندوتیژیـی سیسـتماتیک کـە ئـەم جـۆرە لـە توندوتیژییـە بـە ڕای ژیـژەک کـە پێشـتریش ئامـاژەی پـێ کـرا، لەلایـەن وڵاتانـی بـورژوازی و کاپیتاڵیسـتیدا ڕوودەدات.

ئـەو کاتێـک دەکەوێتـە دەسـت ئەمریکییـەکان دەیخەنـە ماڵێـک و دەرگاکـەی لـێ دادەخـەن. «دەنگی

داخستنی دەرگاکە لە گوێیدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ دەنگی داخستنی دەرگاکانی زیندان» (٣٩٤)

بەندەر نەیدەتوانی جیاوازی نێوان ماڵ و زیندان لە یەکدی جیا بکاتەوە، بۆیە بە سەرسامییەوە دەپرسی «زیندانە یان ماڵ» (٣٩٤) دروستکردنی فیلمی بەندەر لەلایەن کۆمپانیا زەبەللاحە ئەمریکییەکانەوە و بڵاوکردنەوەی لە سەرتاسەری دنیادا، لافاوی چاوپێکەوتنەکان کە هەموو شاند و گرووپ و تاقم و پارتێکی لە خۆ دەگرت، کامێرای ڕاگەیاندنەکان هەموو ئەمانە هەستێکی ناخۆشی لای بەندەر دروست دەکرد، هەستێک لە ئەشکەنجە و خنکان، ئەو بە گومان بوو لەوەی ئازاد بێت، چونکە دەیزانی کە هەموو کۆمپانیا و میوانەکان هەموو شتێکیان تەنیا بۆ پێش کامێرا دەویست.

بەندەر قوربانیی توندوتیژییەکی هەمەلایەنە بوو کە هێڵەکەی لە ڕژێمی بەعسی شۆڤێنییەوە دەستی پێ دەکرد و بەرەو وڵاتانی سەرمایەداری درێژ بووبووەوە. ئەمە ئەو توندوتیژییە شاراوەیە بوو کە ژیژەک باسی لێ دەکات، ئەو پێی وابوو ئەو توندوتیژییەی لەم سەدەیەدا دەستی پێ کردووە، ئەشکەنجەیەکی ڕوحی چاخی مودێرنە کە تەواوی کۆمەڵگە لیبراڵەکان تێوەی گلاون، چونکە بە ڕای ژیژەک، ئەم کۆمەڵگەیانە لەژێر ناوونیشانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تاد... وەهم و گومانی ئەخلاقی دروست دەکەن، چونکە ئەوان دەیانەوێت ئەوە بسەلمێنن کە یەکەم هێزی گەورەی جیهانن کە ئیش بۆ نەمانی توندوتیژی دەکەن و دەیانەوێ هەموو شتێک بەو ڕێڕەوەدا تێپەڕێ کە ئەوان دەیانەوێت. «زیندان، ماڵ، بەندەر» (٣٩٦) ئەم سێ وشە بۆ بەندەر وەک سووڕانەوە بوو لە ناو جوغزێکی بەتاڵدا کە کەیهان مەحکوومی کردبوو بە گەمەیەکی هەتاهەتایی.

## جۆرەکانی توندوتیژی لە بەندەر فەیلی

١. توندوتیژیی ئاشکرا، یان کارا:

ڕژێمی بەعس بە کوشتن، لە سێدارەدان، دەربەدەرکردن و دەستگرتن بە سەر ماڵ و حاڵیاندا، ئەم جۆرە توندوتیژییەی دەرهەق بە فەیلییەکان ئەنجام داوە (٢٥). «حەوت ساڵ لەمەوبەر کە دەوڵەت لە سەرتاسەری وڵاتدا هەموو فەیلییەکانی کۆکردەوە و بە لۆریی گەورە هەموویانی گواستەوە بۆ سەر سنوور و تاقی نەهێشتن» (٦١)، ڕژێمی بەعس بەمانەوە نەوەستا و هێرشی زۆر توند و دڕندانەی کردە سەریان و پەلاماری ئافرەت و منداڵی دا و بەشێک لە پیاوەکانیانی کوشت و بنبزر کرد (٢٦). «سەدام حسێن هەموویانی بە ئێرانی حیساب کرد. بۆ؟ ها ... بۆ؟ نازانم بەڵام زۆری لێ کوشتن، ئەوەشی مایەوە ناردنی بۆ تاراوگە» (٩٧).

٢. توندوتیژیی شاراوە:

(بەرکار) کە بەسەر دوو جۆری سیمبۆلیک و سیستماتیک دابەش دەبێ.

٣. توندوتیژی سیمبۆلیک

١ -٢ - پاکتاوی نەژادی: «لەو سات و سەردەمەدا ڕۆژگاری پاکسازیی فەیلییەکان بوو، وڵات خۆی بۆ جەنگێکی گەورە دژی ئێرانییەکان ئامادە دەکرد. « (٤١٨).

٢-٢- سووکایەتی پێ کردن: «فەیلییەکان لە جوولەکەکان پیسترن» (٦١)، ئەم جۆرە توندوتیژییە دەچێتە خانەی توندوتیژیی زمانییەوە.

٣-٢- دروستبوونی هەستی زیندانیی هەتاهەتایی لە دەروونی بەندەردا، ئەم جۆرەش دەچێتە خانەی توندوتیژیی عاتیفییەوە.

٤-٢- چاندنی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژی ڕژێمی بەعس لە زەین و نیگای بەندەردا. فێرکردنی

بەنـدەر بـۆ ئـەو وشـانەی لای ئـەو ڕژێمـە پیـرۆز بـوون. «بەعـس، سـەدام، بەغـدا» ( (٩١).

٥-٢- بردنـی بەنـدەر بـۆ بینینـی لەسێدارەدانی کەسـەکان و چاندنـی تـرس لـە دڵـی ئـەودا. «بەڕێوەبـەر دەسـتی منداڵەکـەی گـرت و تـا لای لاشـەکانی بـرد» (٤٨)

٣. توندوتیژیی سیستماتیک:

١-٣-فرۆشتنی بەندەر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە.

٢-٣- سووکایەتی پێ کردنی سەربازە ئەمریکییەکان بە بەندەر (٣٧٣).

٣-٣- هەبوونی ڕاگەیاندنـەکان، جۆرێکـی تـرە لـە توندوتیژیـی سیسـتماتیک (٣٧٩).

٤-٣- هەسـت بـە بەرهـەم هاتنـەوەی دووبـارەی دیلیەتـی لە دەروونیـدا (٤١١).

٥-٣- بوونی ڕێکخراوە ساختەچییەکان (٤٣٧)

٦ -٣ - دروسـتبوونی هەسـتی نائومێـدی، نەفـەس گیـران، تـرس، غەمناکـی (٤٣٨-٤٤١)

٧-٣- بازرگانیکردن بـە فیلـم و وێنەی بەندەرەوە (٤٠٢).

٨-٣- فرۆشتنی بەندەر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بە کۆمپانیاکان (٤٠٢).

٩ -٣ - لافـاوی چاوپێکەوتنـەکان، بەنـدەر دەیزانـی کـە هەمـوو ئـەو کەسـانەی دەچـن بـۆ دیـداری هەمـوو شـتێکیان بـۆ پێـش کامێـرا دەویسـت (٤٠٣ -٤٠٤).

١٠-٣- دروسـتبوونی هەسـتی وەڕەزبـوون و بێقـەراری لـە کامێـرا و میوانـە سـاختەکان لـە دەروونـی بەنـدەردا. (٤٠٤).

١١-٣- بەسـەرهاتی بەنـدەر کـە بـووە خۆراکـی ڕاگەیاندنـەکان (٣٧٩، ٣٨٢، ٣٨٣).

**دەرەنجام**

ئـەم دوو ڕۆمانـە هەموو جۆرەکانـی توندوتیژی لەخۆ دەگرن و هەڵگری دەیـان نموونـە لـەو تاوانانـەن کـە دەچنـە خانـەی ئـەو جـۆرە توندوتیژییـەوە کـە ژیـژەک بـە ڕاشـکاوی شـرۆڤەیان دەکات. نووسـەری هـەر دوو ڕۆمـان لـە زمانـی کەسـایەتییەکانی چیرۆکەکەیانـەوە (سـارا و بەنـدەر) وەک کۆنوێنـەری دوو کەمایەتـی جـوو و فەیلـی لـەو وڵاتـەدا بـەم چوار هۆکارە تووشـی توندوتیـژی و گیروگرفـت هاتـوون. یەکـەم سـارا، چونکـە جـوو و بەنـدەر، چونکـە شـیعەی ئێـران بـوو، دووەم هـەر دوو چونکـە کـورد بـوون، سـێیەم چونکـە بـە بێگانـە لـە قەڵـەم دەدران (ئیسـرائیل، ئێرانـی) و چوارەم چونکـە بەشـێکی گرنگـی بـازاڕ لە ژێـر چنگـی ئەوانـدا بـوو. لـەم نووسـینانەدا توندوتیژیـی ئاشـکرا و شـاراوە و ناهێمایـیـن بـە شـێوازگەلی جۆراوجـۆر کاریگـەری نەرێنـی و نەشـیاویان بـە سـەر فەیلـی و جووەکانـدا هەبـووە. نـە تەنیـا توندوتیژیـی فیزیکـی، ئاشـکرا و ڕاسـتەوخۆ، بەڵکـوو فۆرمگەلێکـی زەریفتـر لـە نەفـرەت، تووڕەیـی و فریودانیـش لەخۆدەگرێـت. ئـەو فاکتەرانـەی کـە لـە سـەرەتاوە لـە هـەردوو ڕۆمانـدا دەوریـان بـۆ پەرەپێدانـی توندوتیـژی گێـڕاوە، بنیادگەرایـی ئایینـی بـووە، پاشـان نوێنەرانـی سـەرمایەداری و وڵاتانـی لیبـراڵ کـە بـە ڕواڵـەت هەسـت بـە بەرپرسـایەتی مافـی مـرۆڤ دەکـەن، بـە هەمـان شـێوە ڕۆڵـی نەرێنییـان لـە فریـودان و تاڵانکردنـی ئابـووری و کولتـووری بـووە، هـەر ئەمەش ئـەو پرسـیارە جیددییـەی ژیـژەک بەرجەسـتە دەکات کـە ئایـا بـە ڕاسـتی ئایین، سـەرمایەداری و تەمـەدون بـۆ ئـەوە هاتـن کـە دژایەتـی توندوتیـژی بکـەن، یـان خۆیـان ببنـە فاکتـەری سـەرەکی دروسـتبوونی توندوتیـژی؟ ئایـا ئـەوی دی بـوون و دراوسـێ بـوون بـە مانـای دوژمـن بوونـە؟

نووسـەرانی نیشـتمانی سـارا و بەنـدەر فەیلـی ڕاشـکاوانە وەڵامـی ئەو پرسـیارانە دەدەنەوە و پێیان وایـە هەمـوو ئـەو نموونـە ناوبراوانـە لەگـەڵ خۆیانـدا

توندوتیژییەکی ڕادیکاڵ و نوێیان بەرهەم هێناوە، کە دەرکەوتنێکی زۆر ڕادیکاڵتر و ئاڵۆزتریان لە بەراورد لەگەڵ توندوتیژییە کلاسیکییەکاندا هەیە. ئەوان ئێمە تا دەروونیترین توێژەکانی تووڕەیی و نەفرەت ڕێنوێنی دەکەن و پیشانمان دەدەن کە چۆن کۆمەڵکوژی، جنێو و سووکایەتی پێکردن بە ئایین و ڕەگەز، فریودان و پەراوێزخستن و سەدان توندوتیژیی دیکە دەتوانێ یەک بە یەکی ئێمە سەرشکێن بکات.

ئەوان باس لە بەرپرسیارییەتی تاکەکەسیمان دەکەن، خەون بە چالاک بوون، بەشداری کردن و پاشگەزنەبوونەوە دەبینن. ئەوان بیرمان دەخەنەوە کە هەندێک جار بێ هەڵوێستی و دەستەوەستان بوون وەک خراپترین ڕەهەندی توندوتیژی دەردەکەوێت. ئێمە دەبێ فێر بین بیربکەینەوە لەوەی کە چۆن هەوڵی ئەوی دی گەورە بەردەوام لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو بکەینەوە، تا بەو ئاکامەی ژیژەک بگەین کە «ئەوی دی (٢٧) گەورە بوونی نییە». دەبێ هێزێک لە دەروونی هەر تاکێکدا بێت و بنەمای سەرەکی ئەخلاقی لە سەر ئەو دامەزرێنێت و بەردەوام لای خۆی بڵێتەوە «بە ئەوی دییە (٢٨) چەوساوەکان وەفادار بمێنە».

**پەراوێزەکان:**

٢٤- کوردە فەیلییەکان کە ڕێبازی شیعەبوون و بە ڕەچەڵەک ئێرانی ناونووس کرابوون، لەو وڵاتە هەمیشە بەر هێرش و پەلاماری دەسەڵاتدارانی عێراق بووبوونەوە. لە ساڵی ١٩٦٨ کوردە فەیلییەکان ڕووبەڕووی شاڵاوی توندی ڕاگواستن و لەناوبردن دەبنەوە و سەرۆکی ئەو کاتی عێراق ئەوان لە هەموو تۆمارەکان دەسڕێتەوە.

٢٥- ڕۆمانی بەندەر فەیلی، ل٦١.

٢٦- دەرکردنی بڕیاری ٦٦٦ لە ساڵی ١٩٨٠ کە بە پێی ئەو بڕیارە مافی هاووڵاتیبوون لە فەیلییەکان سێنرایەوە و دەست بە سەر ماڵ و سامانەکەیاندا گیرا.

٢٧- لێرەدا ئەوی دی لە بەستێنی هزری (لاکانی) دا مەبەست یاسا و زمان و هێزە داگیرکەرەکانە.

٢٨- لێرەدا ئەوی دی بە واتا لێڤیناسییەکەی مەبەستە، کاتێک لەبەر هۆکاری لێک نەچوویی ڕەگەز و زمان و ئایین دەخزێنرێتە پەراوێزەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- ئابراهام، میران (٢٠١٩)، نیشتمانی سارا، دەزگای چاپ ئەندیشە، سلێمانی.

٢- بەختیار، عەلی (٢٠٢٢)، بەندەر فەیلی، چاپەمەنی ڕەهەند، سلێمانی.

3 - Hobbes, Thomas (1969), The English Works of Thomas Hobbes of Malmesbury, vol 3, Leviathan, collected and edited by William Moleswortth, John Bonhn Henrietta Street, Covent Garden: London.

4 - Myers, Tony (2004). Slavoj Zizek, London: Routledge.

5 - Rasmussen, E. D. (2004) «Liberation Hurts: An Interview with Slavoj Žižek,» Electronic book review available at: http://elecrtonicbookreview.com/thread.

6 - Waddington, P.A.J., D. Badger and Bull R. (2004), «Appraising the Inclusive Definition of Workplace 'Violence«. British Journal of Criminology, 45, 141–164.

7 - Žižek, Slavoj. 2008, Violence: Six Sideway Reflections. New York: Picador.

8 - Žižek, Slavoj, 2005, The Obscenity of Human Rights: Violence as Symptom, in www.Lacan.Com.

# گەمەی میتاگێڕانەوە لە ڕۆمانی ئەفسانەی ڕەنگستان

**عەلی شێخ عومەر**
**(کەرکووک)**

**( ٢- ٢ )**

**گەمەی ڕۆمان و ڕەهەندەکانی پەیکەر**

ئەگەر بەگوێرەی قسەی جان ڕیکاردۆ بێ، لە زمانی گێڕەرەوە ڕۆمان زیندەوەرێکی وێژەیی بێ، ئەوە لای ڕۆلان بارت زیندەوەرێکە لە کاغەز، لە پاش زارەگۆییەک لەنێوان نووسەر و خوێنەری شارەزادا، بە کورتی کەرەستەکانی ڕۆمان لەخۆی مارەدەکات، بە دۆزینەوەی پێوەندییەکی تر، بە گێڕانەوەی چیرۆکێکی تر، ئاوێتەی هەمان تەوەری نووسینی ڕۆمانەکەی دەکات، لە سێ ڕەنگی جیاواز، سێ پەیکەری دروست کردووە، هەر یەکەیان بە ناوێک، یەکەم سوورە بە عەزیز، دووەم پرتقاڵییە بە یەشار (ئاپۆ)، سێیەم کەسکە بە عەلی (ماملێ) دەناسێنێ، یەکەم زمانی فارسی و تورکی، دووەمیان عەرەبی و فارسی، سێیەم تورکی و عەرەبی نازانێ، بۆ گفتوگۆ پێویستیان بە زمانی دایکزایانە، نە تورکی، عەرەبی و فارسییە، کوردییە.

ڕەنگە جیاوازەکانی چەوساندنەوە، سێبەری تراژیدیای ڕامیاری زمانی کوردی دایک نەبێ، هیچ زمانێکی تر ناتوانێ بۆشایی نێوانیان پڕکاتەوە، ئەمانە هەرسێکیان نووسەرن، یەکەمیان باشوورییە لەو گەرمیانە لە ڕۆخی ئاوەسپی داری قولاپ و تۆڕکەیەکی ماسیگرتنی پێیە، بەر شاڵاوی کۆمەڵکوژی کەوت، بە ئەنفالی هەشت ناسراوە، دووەمیان باکوورییە، قەڵماسنگێکی پێیە جار ناجارێک دەشریقێنێ، سێیەمیان لوڕستانییە، تاپڕی دوو لولەی پێیە، جیاوازی لە ڕاوی ئاوی، یان شکاری ئاخی و ئاسمانی ناکات.

ئەم سێ کەسە لە پێوەندییەکدا هەر کەسێ بە زاراوەی خۆی دەدوێت، بۆ نموونە ماملێ بە زمانی لوڕی دەدوێت، لە ئامێزی دیالۆگێکدا، ڕۆدەچنە نێو سەدەی شەشەمی پێش زایین ئەستوورەی (نینۆس)ی زۆردار دەگێڕنەوە، دوایی دێنە سەر ئەوەی فارابی ئازەرییە، ڕازی ئێرانییە، غەزالی ئەفغانییە، سینا-ش خەڵکی بوخارایە، کندی جوو بوو، ئیبن خەلدوون ئەمازیغییە، لەبەر ئەوەی نووسینیان بە زمانی عەرەبییە بوونەتە موڵکی ئەو زمانە، لە کاتێکدا ئەمانە بە بیر و زانست خزمەتی ئەو زمانەیان کردووە، کەچی زانایان و نووسەرانی خۆیان، سەیرکەن

سـەلیم چـی دەربارەیـان دەڵێـت، ئەبـوو عـەلای مەعەڕی ناچاربووە بەشێک لە کتێبەکەی زانستی مەنتیـق لـە گۆڕەکەیـدا بنێژێـت، ئەبـوو حەیانـی تەوحیدی زۆربەی نووسراوەکانی سووتاند، ئەبوو داود تائی دەستنووسەکەی هاویشتە دەریاوە.. تاد، بە لێبڕینێکی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ، لێرەدا بە ئاماژەدان بە دەرکەوتنی هەڵۆ وەک دالێک، مەدلوولە بە گرێدان، بە دیوێک بە کرانەوەی چیرۆکەکەی مانی و هێمابوونی خانای لەپزێڕین بە هەڵۆ، بە دیوێکی تر بە کرانەوە لە ئاست خوێنەر و تێکشکانی زەمەنی نێوانیاندا، گێڕانەوەی لەتەک چیرۆکی مانی و هەڵۆ ملکەچی ڕستی بە نۆرە دەبێ، بۆیە لە بیناسازی گێڕانەوەدا درک بە پێوەندیی پێکهاتەیەک لەنێوان هەردوو چیرۆکەکەدا دەکەین، لەپڕ نزیک کاولە ئاواییەک سێبەری هەڵۆیەک بەژوور سەریانەوە گوزەری کرد، ماملێ ساچمە زەنەکەی ئاراستەکرد، ئاپۆش بەردەقانییەکەی تێ سرەواند، بەرد و ساچمە بە فیرۆچوون، سەلیمی باشووری لە خەنینەوە، ئازایەتی و نەبەردی سەلامەتی هەڵۆکە، لە فرمێسکدا هەڵە و ئاراستەی ئەوانی خوێندەوە، جارێکی تر هاتەوە، بەسەریاندا خولایەوە، وەک ئەوەی بیەوێت یەکیان خات، گەر بە دوای خۆی نەیانهێنێتە ئەو خانگە جێماوەی نزیک ئاوەسپی، ئەوە دەبێتە خەونێک و لەبیری دەکەن.

مەرج نییە ڕای کارەکتەری میتارۆمان لەتەک خەیاڵگەی خوێنەر، یان نووسەردا یەک بێتەوە، بۆیە بڕیاری چوونی ئەو سێ نووسەرە بۆ خانگە جێماوەکەی ئاوەسپی، بە ئا و نا بۆ خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، خوێنەری هۆشیار بە توانایی گێڕانەوەی سەرسام دەبێ، نووسەر پرسیاری ئەوە دەکات ئەو هەڵۆیە بۆ خۆی بەو کەلاوەیەدا کرد، لە هاوشانی ئاوەسپی بە دوایدا بچن، مەژگی ئاپۆ بۆ سەردەمی هەتیتەکان گەڕابووەوە،



**عەبدوڵڵا سەڕاج**

لە شوێنەواری حەسەنکێف دەسووڕایەوە.

مێشکی سەلیم لەو پێستە نووسراوەی دەکۆڵییەوە کە تۆماری هێرشی سەر شارەزوور و پاوەی تێدابوو، مامڵێش هۆشی لای شانامەی فیردەوسییە، کە دوایین فەرمانڕەوای میدییەکان ئاستیاک لەلایەن (کۆروش)ی فارسەوە لادرا، ڕەگەزپەرستەکان کۆروش بە کاوە، (ئاستیاک) یان بە ئەژدەهاک داناوە، ئیتر لە گێڕانەوەی هەڵۆکە و جووڵە پێکردنی ئەو سێ کارەکتەرە، کە ژیانی پێ بەخشین بە چڕی و پڕی ئەو سیمبۆل و ئاماژانە ڕوون دەکاتەوە کە بۆ چ مەبەستێ لە دەرەوەی شوێن و زەمەندا ڕەخساندی، تا ئێمە و خوێنەری هاوبەش بە ئەزموونێکی نوێدا تێپەڕێنێ، کە ئاماژە بە هێرشەکەی پێر هاربەری نێوان ژاپۆن و ئەمریکا دەکات، دەڵێت ئێستا کاتی نییە، بە ڕێنمایی خۆی هەر لە ڕەنگگرتنەوە شێلانی قوڕی ئەو سێ پەیکەرە کە لە سێ کارەکتەری سێ ڕەنگدا خۆیان نمایش کرد، سوور، پرتەقاڵی و سەوزبوو، تێکەڵکردن و هەڵکێشانیان لە نێو ئاودا بە خوێنەری هاودەمی دەسپێرێ، ڕەنگی بۆری لێ دەرچوو، ئەم قوڕە بۆ دروستکردنی

هەڵۆیەک باشە ڕات لێیە لە بڵندایی ئەم جامخانە کتێبانەی دانێن.

حیکایەتخوان بە سوود وەرگرتن بە دۆناودۆن لە یەکبوونێکدا توانی گیانی هەر سێ نووسەرەکە سەلیم، ئاپۆ و مامڵێ لە هەڵۆکەدا زیندوو بکاتەوە، لە هەمان کاتدا کاتێ مانی و خانی لەپڕێرین بە یەکدی شاد دەکات لە هاوسەنگییەکدا ڕایەڵەکانی هێزی هونەر بە ڕایەڵەکانی سیمبۆلی نیشتمانی پەیوەست دەکات، لە کاتێکدا دۆزی نیشتمانیبوون، لە ڕێچکەی هاوبەشی یەک زماندا توانی هەر سێ کارەکتەرەکە لە یەک چارەنووسی پاکدا کۆبکاتەوە، هەر سێ سنوورەکەی عەرەبی و فارسی و تورکی ببەزێنێ، گیانی ئەو سنوورە ناپاکانە ببەزێنێ کە لە نووسینی سێ جۆرە فاوستدا خۆیان نمایش دەکەن، یەکەمیان لەلایەن (ویدمان)ی ئەڵمانییە، دووەم لە لایەن کریستۆفەر مالرۆیە، سێیەمیان (یوهان گووتێ) یە، بۆیە نەفرەت لەو فاوستانە دەکات، بە فڕین هانی هاوڕێ خوێنەرەکەشی دەدات، بەشکوو ببێتە مانیی سێیەم.

خوێنەرە هاوڕێکەی لەمەڕ پاراسایکۆلۆجییەوە پرسیاری لێ دەکات، نووسەر دوای ئافەرین دەڵێت با پێکەوە خەون ببینین کەسانێک دروست بکەین، وابزانە لە ئەورووپاین لە دەڤەرێکی نێوان فەرەنسا و سویسراین، باسی چەندان زانای فیزیکی و پرۆفیسۆر دەکات، وەک مستەر هێگر، ڕێدەر، پیتەر هێگز، ئابداڵ، لین ئیڤانزی، بریان کۆکس، ستیڤن هۆکنگ، لە زمانی هەریەک لەم زاتانەوە سەرە باسێک دەکاتەوە، وەک چۆنیەتی هاتنەکایەی ماددە، ڕوانگەی هابکی ئاسمانی، گەلاکسی، تەقینەوە مەزنەکەی بگبانگە، پەیدابوونی ژیان، ئەمانە هەندێ جار لە جیاوازی تێڕوانینی نێوان خۆیاندا گفتوگۆی جیاوازدەکەن، میوانداری نووسەر و هەواڵەکەی دەکەن، لە کۆتایی دیمانەکەدا وێنەیەکی پێنج قۆڵی دەگرن، لە گرێدانێکدا هاوشێوەبوونێک لە بەیەک گەیشتنی دووجەمسەری جیاوازدا بەدی دەکەین، لە ئاست ماناوە، لە چۆنیەتی هاتنە کایەی دەقەوە، ڕوانگەی نووسەر لە تەقینەوەی زماندا، هیچی کەمتر نییە لە تەقینەوەی بگبانگە، لە پەیدابوونی خوێنەر کە لە ئاسمانی دەقدا دەژێت و دەبووژێتەوە.

## میتاڤیکشن و ئەفسانەی کچە کافرۆشی

بگێڕێرەوە بۆ نووسینی پاری چواردەی ڕۆمانەکەی، ئەم جارەیان لە دیمەنی گرتەیەکی سروشتەوە، لە هەستی تەنیاییەوە کاتێ خەریکی نیگارێکی نیوەچڵ بوو، بیری بۆ ئەو پیرەژنە دەچێت، چۆن توانی دەرگای داڵانەکەی بکاتەوە، ئەوەتانێ چاوی لێ ناترووکێنێ، داوای دانوستانی لێ دەکات، کەوتە پاککردنی ئەو سیازدە پارەی کە لەتەک خوێنەردا نووسیبووی، لەناکاو پیرەژن ڕوخساری گۆڕا و بووە وێنەی کیژە کافرۆشی، لە تاو خورپەی ئەو جوانییەدا، لە داهێنانێکدا بە دیوێک خۆی لێ دەبێتە ئەرخەمیدس، بە جوانی چارەسەری هەژاری سۆماڵ و دارفۆر دەدۆزێتەوە، بە دیوێکی تر دەیکاتە شەوچراغی داوود پێغەمبەر، هەر لەبەر ئەمەشە ئەو حەمکە شیعری ئیرۆتیکییە لە تەوراتدا هۆنراونەتەوە، بە دەنگی ئەفسووناوی هاتە دەنگ "فەرموو لە میوانی ناوەختە ناکەی"ڕۆمان لا ١١٨، چووە ژوورەکەم، لەسەر کورسییەک دانیشت، پرسیاری ناوی دەکات، چ ناوێکت پێ خۆشە با ئەوبێ، کەنگێ و چۆن هاتیتە ماڵەکەمەوە، نووسەر مەبەستی ئەوەیە چۆن هاتە نێو ڕەگەزی خوێندووم، ئەمەش بەو مانایە دێ، کە ئەم کارەکتەرە بوونەوەرێکی خەیاڵی دروستکراوی بنووسە،

لە بووژاندنەوەی میتاگێڕانەوەدا، دەکرێ لەنێوان ڕیالیست و بەخەیاڵکراو، گوێزانەوە ئاماژەیەک بێ بۆ پەیدا بوونی ململانێی کارەکتەرێک، کە لە ڕاکێشانی خوێنەردا، گومانێک لە دیدەی سروشتی ڕاستییەک فەراهەم دەکات، لە کاتی گۆڕیندا چەمکی بە گومانکراوی تێدا جێگیر دەکات، بەوەی ڕاستینە و مانایەکی جێگیرمان نییە.

ئەوەی نووسراوە و دەنووسرێ، لە نووسینی ئەم ئەنتی ڕۆمانەدا، ئەوەی لە بارەی پیرەژنەوەیە، ئایا بووەتە واقیع، یان دەرخەری خەیاڵێکە، بەرهەمی وەهم و وڕێنەیەکە، کە هەرگیز ڕووی نەداوە، لە پاش چرکەیەک، چاوی نووقاند و کردییەوە، هەمان پیرەژنی کەپوو درێژ و ددان شاشەکەی، ئەو دیو پەنجەرەکەیەتی، بەرانبەری دانیشتبوو، وێناکردنی ململانێی نێوان دەقی میتاگێڕانەوەی دانەر و کارەکتەر لە دژەڕۆماندا، بە زۆرەملێ ئاوێزانی خوێنەر دەبێ، ئەمەش دەرخەری گەمەیەکە، دانەر لە ڕێگای ململانێ و دیالۆگێکەوە، پیرەژن لە دوازدە خاڵدا ئاشکرای دەکات، بۆ بەرچاو ڕوونی، نزیکبوونەوە لە سەرەداوی چیرۆکەکانی، ناچارین بە کورتبڕی ئاماژە بە دەستەواژەی زۆربەی دەقەکان بکەین، بۆیە لێرەدا لەبەر گرنگی ئاماژە بە خاڵەکان دەکەم، یەکەم کیژی کافرۆشیم پێ نیشاندایت، لە خۆتی مارەکە، دووەم گەنجینەی قاروونت لەکن کەڵەکە دەکەم، سێیەم کڵاوی سەخرەجنت لەسەر دەنێم، ئیتر کەس ناتبینێ، چوارەم بۆ فڕین جووتێ باڵت لێ دەڕوێنم، پێنجەم تیژترین چاوی هەڵۆت پێ دەبەخشم، شەشەم دوور دەبی لە هەموو نەخۆشییەک، حەوتەم دەتکەمە دەسەڵاتداری ئەو شارەی کە دەتەوێ، هەشتەم دەتکەمە کیمیاگەر و ئەفسوونزان، دەستت بۆ ئاو برد ببێتە شەراب، نۆیەم دۆناودۆنت پێ دەکەمە تافی نەوجەوانی و لاوی، دەیەم هەمیشە لە بەهاردا دەبی، یازدەیەم لە زمانی زیندەوەرانی ئاوی، ئاسمانی، زەمینی و ژێرزەمینیش بزانی، دوازدەیەم ئەو خەرەکە خەون ئامێزەت پێ دەبەخشم کە پێی هاتمە حەوشەکەت، یان بۆ هەر شوێن و سەردەمێکی تر، ئەگەر بتەوێت چیی تریشت بوێت لە خزمەتم.

ڕێسای ئەم دوازدە خاڵە، هاوسەنگی خاڵەکانی ئەو دوازدە پاژەیە، دانەر لە نووسینی دژەڕۆمانەکەیدا بەکاری هێناوە، دانەر فاوست دەهێنێتە بیری ئەو خوێنەرەی کە لە پاژەکانی پێشوودا ئاماژەی بۆ کردبوو کە هاوشێوەی پیرەژنەکەیە، هەڵبەت ئەم پیرەژنە، ڕمۆزنی شەیتانە، بۆیە لە دواجاردا داوای ئەو دەفتەرەی لێ دەکات کە ڕۆمانەکەی تێدا نووسراوە، بە تووڕەیی بەرپەرچی دەداتەوە، مەسیحی بیردێتەوە، سامانی دنیا بە کەڵکی چیی دێ، گەر تۆ ڕەوانیی خۆت بدۆڕێنی، ئەم دەستنووسە ڕەوانیی ئێمەیە، کەواتە لە ئاست نەگوتراودا عەبدوڵڵا سەڕاج خۆی بە شوێنگرەوەی مەسیح دەزانێ، لە پاش مشتومڕێکی زۆر پیرەژن زانی هەوڵەکانی بێ سوودن، بە کردەی دۆناودۆنی بە دەعبایەکی قێزەون گوشار دەخاتە سەری، هەڕەشەی لێ دەکات، لە ئاست سەمتی بەکارهاتووی ڕۆمانەکە، پێشنیازی ئەو دوازدە خاڵەی پیرەژنەکە، دەبێ چ فاکتەرێک هەبێ، دانەر نەک پێی قایل نییە، بەڵکوو دەمارگیریشە، بنجبڕانە ڕەتی دەکاتەوە، ئایا خوێنەری کارا، بەشداربووی دەق، وەک دانەر لە خاڵەکاندا، درک بەو چەوتبینییە دەکات، کە پیرەژن دەیەوێ دەق و خەیاڵی داهێنەرانەی نووسینی ڕۆمان، لە نووسەر بسێنێ، باوەڕی مەسیحی لەق بکات، ڕایکێشێتە نێو واقیع، بە مردنی خەیاڵ واقیعی بەرخۆر زیندووبکاتەوە.

ئەمە لەتەک شێوازی نووسینی ڕۆمانەکەی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا نایەتەوە، کە پێشتر گوتمان، دەق لای ئەم بە یاسای خەلیفە ناڕوات، بە بەشداری خوێنەر بڵاچە دەکات، بۆیە وەک داکۆکییەک لە سێ خاڵدا ڕوونی دەکاتەوە، یەکەم هەر بە تەنیا خۆی خاوەنی ئەم تێکستە نییە، تا گۆڕینەوەی پێ بکات، دووەم هەرگیز بابەتی دەستنووسەکەمان سەودای نییە، سێیەم هێشتا سێزدە پارمان لێ نووسیبوو، ئەو ئەهریمەنە بووە هۆی دارشتنی پاری چواردەم، لە ئاست پرنسیپەکانی نووسەردا، پیرەژن شکستی هێنا، ملی شکاند، لە دڵنیابووندا، ڕەنگ و هێڵە بینراوەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان، خۆیشی گەڕایەوە سەر تەواوکردنی کەڤاڵەکەی بۆ مەبەستێک ناوەندێکی جێ هیشتبوو.

هەنووکە ئەو بەڵێنە دەهێنێتەدی کە لە لاپەڕەی یەکەمی ئەم پاژەدا، بە خوێنەری هاوبەشی دابوو، لە چوارگۆشەکەیەوە بۆ شێوە بازنەییەکەی و چەقەکەی دەدوێت، خانی لەپزێرین و مانی، من و تۆ، هەر یەکەمان لە گۆشەیەکی کەڤاڵەکە وەستاوین، لە چەقی ناوەند دەڕوانین، خانی مێرخاس و مانی لە دوو گۆشەی سەرەوەن، ئێمەش لە دوو گۆشەی خوارەوەین، لەنێوان ئێمە و چەقی کەڤاڵەکە، بازنەیەکی مرۆڤ هەیە، ئەم بازنەیە لە سێ نووسەر و سێ زانان، نووسەرەکان (ماملێ، ئاپۆ و سەلیم)ن، سێ زاناکان ئەوانەن کە لەپاژی سێزدەمدا، میوانداریمان کرد، خوێنەری نموونەیی بۆی تەواودەکات، پرۆفیسۆران، (هێگز، ئیڤانز و کۆکس)ن، لە کەڤاڵەکەدا هەر زانایەک دەستی دوو نووسەری گرتووە، هەر نووسەرێک دەستی دوو زانای گرتووە، دوازدە چاویشیان لە کەسێکە هێشتا ڕەسم نەکراوە، سەرنج بدە ژمارەی چاوەکان یەکسانە بە ژمارەی خاڵەکان، چاوی هەر کارەکتەرێک خاڵێک دەبینێ.

بنووس لەبری هەموویان مامەڵە لەتەک سەرجەم خاڵەکاندا دەکات، کە هیشتا ڕەسم نەکراوە، مەبەستی هێشتا چارەنووسی ئەو پیرەژنەیە کە بە بێچووە ئەهریمەن دەیناسێنێ، بۆ گریمانە، بە سێ هێڵ نووسەران ببەستین، لەنێوان سێ زاناکە، سێ هێڵ بکێشین، ئەوە دەبن بە دوو سێگۆشە، هەروەها لەنێوان جەنابت و (مانی)دا، خان و من دا، هێڵ بکێشین، ئەوە چوار سێگۆشەی یەکسان دروست دەکەین، بۆیە کەڤاڵەکەشم بە نیوەچڵی جێ هێشتبوو، چەقەکەیم بۆ گەمارۆیەکی ناپەسەند دانابوو، لە وێنەی هیتلەر، فرانکۆ، سەددام و مۆسۆلینی، ئەو بێچووە ئەهریمەنە هاتە ژوورەکەم، لەوانە زیاتر شیاوی ناوەندی کەڤاڵەکەم بوو، بەمەش کەسی یازدەمی چەقەکە ئاشکرابوو، کە هێمای چەپەڵین، کەسانی بازنەی ناوەندی، کەسانی چوارگۆشە کە فیزیا و وانەکانی ئاماژەی زانستن، نووسەرانیش سیمبۆلی وێژەن، خانی نوێنەری مێژوومانە، مانی چاوگی هونەرە، منیش ئافریدەکارم، تۆی خوێنەریش دەبیتە نموونەی گەلێکی هۆشیار، نووچدانی پێنووس، نووچدانی خوێنەرە، پێشتر گوتمان خوێنەری میتاگێڕانەوە، بەزۆرەملێ ئاوێزانی دەقی گێڕانەوەی دانەر دەبێ، ئەمەش لەو بۆشاییەوە دێ، نووسەر ڕێگای بۆ خۆش دەکات، ئەگەر بۆشایی نێو دەق نەبێ، خوێنەری گریمانەکراو ناتوانێ پڕی بکاتەوە، کەواتە عەبدوڵڵا سەڕاج دانەری دەق، دەیتوانی بە شەپۆلی هۆش، هەر لەگەڵ خۆیدا قسان بکات، وەلێ ململانێی ئەم تەنیا لەتەک خوینەر و کارەکتەری چیرۆکی میتاگێڕانەوەدا نییە، بەڵکوو لە ڕووی پرنسیپەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەگ بەدژخودی نەرسیسی دادەنێ، ئەمی مرۆڤ لە ئەوی نووسەر جیادەکاتەوە، لە مۆنۆلۆگێکدا، ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، کەسێکی دی ناخی، ئەوە ڕەت دەکاتەوە ببێ بە دیکتاتۆر، گشت

کەسێک لە چێوەی خۆیدا مافی گرتنە دەستی قەڵەمی هەیە، نموونەی زیوان و گەنم دێنێتەوە، پاشان وەک بەشدارییەک ئەرکی مۆنتاجکردنی ئەم دەقەمان بە خوێنەری هاوبەش دەسپێرێ، ئاماژە بە مێژووی نووسینی یەکەم ڕۆمان دەکات، ناوی دۆنکیخۆتەی سرڤانتیسی ئیسپانی و تۆم جۆنزی ئینگلیزی ..تاد.

دێتە سەر ناوی ڕۆمانی حەکایەتی جەنگی شیکیبو مۆراساکی، دەربارەی تیشک و گەردوون، بڕێک زانیاریمان دەداتێ، بە گەڕانەوەی زەمەنی ڕابوردوو لە ئێستای گێڕانەوەدا، حەمەسەعید حەسەن واتەنی "نووسەر تەنیا سوود لە ئەفسانە نابینێ، بەڵکوو ئەفسانەش دادەهێنێ" (٤) بە وردی باس لە پاش نیوەڕۆیەک دەکات، لەگەڵ گرمەیەکدا، هەورەکان ڕەوینەوە، تارماییەک لە حەساری حەوشەکەوە، تەشەنەی کرد، خەون، ئەندێشە، فانتازیا، جیهانبینی و فەلسەفەش لەم تێکستەماندا، چەمکێکی باشی هەیە، ئەمەیان بە زیندەخەو مەزانە، با ئیبن سیرین، فرۆید، یۆنگ، ئەدلەر و فرۆم بێن بۆ ڕاڤەکاری، ئەمە هونەری ڕووداو دروستکردنە، ڕاستی دروستکردنە، تۆمارکردنی واقیع نییە، وەک خۆی، دەبا ڕۆلان بارت بێ، مەرگی ئێمە و عەبدوڵڵا سەڕاج ڕاگەیەنێ، چۆن لە سەرەتای دەقەکەیەوە، خوێنەر پرسیار لەم دەکەن، ئێستا ئەم خۆی وەک خوێنەرێک پرسیارێک ئاراستەی ڕۆلان بارت دەکات، گوایە "بەبێ دەقی وێژەیی، کەسێتی نووسەر نییە و بێ واتایە"، ڕۆمان لاپەڕە ١٣٦.

لە کاتێکدا ئەو نووسەرە دەتوانێ دەقێکی دیکە بەرهەم بێنێ، بەڵام هیچ دەقێک ناتوانێت، نووسەرێک بۆ خۆی قووت بکاتەوە، نموونەش دەقە فۆلکلۆرییەکان، با بێینەوە سەر دەقەکەمان، نووسەر تا شتێکی دیکە باس بکات، چنینی دەقەکە دەپچڕێنێ، دەبینین لە ڕۆمان و چیرۆکدا لەناوکۆی گێڕانەوەدا هەڵهێنجان، زارەگۆ، خەیاڵکردن و وێناکردن چۆن جووڵە بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی وەک میتاگێڕانەوە دەکات، کە بوونی خۆی لە خەیاڵکردنی میتاڤیکشندا دەبینێ، ئەمەش لە زۆرزانیی نووسەرەوە دێ، کاتێ هۆشمەندێکی خودی بە دەق دەدات، بەربەستەکانی نێوان واقیع و خەیاڵ تێک دەشکێنێ، ئەوەتانێ بە خەیاڵ دەچێتە خەیاڵی خوێنەرەوە، بە پێچدانەوەیەک باسی هەمان توخمی دەعەجانی دەکات، کە بە دەمامکی کیژە کافرۆشییەوە بۆ لەخشتەبردن، وا بە جوانییەوە دێتە بەر دیدەی، نووسینەکەمان لەو دوازدە تەماحەی ئەو بە چێژترە، دەیەوێ بەو هۆیەوە من و تۆی خوێنەر لەیەک بکات، بمکات بە مێردی خۆی، بۆ هاوسەرگیری بە دوو مەرج ڕێک دەکەوین، یەکەم هاوسەرگیریمان دوا دەخەین، دووەم دەمەوێ وەک هەمووی نەبێ، دەیگەڕێنێتەوە بۆ هەڕەتی لاوی، بە گەنجینەی قاروون هەر لەزێڕ و گەوهەر.. تاد، باڵاخانەکەشی بۆ دەکات بە مەرجان، لە ماڵی دنیا بێزار دەبێ، بۆ ئەوەی نەبینرێت، کاتێ کڵاوە سەخرەجندە دەخاتە سەری، لە دیمەنی قێزەونی ئەو دیوی دیوارەکان شەرم دەیگرێ، هەر لە جووتبوونی ترسناک، خیانەتی ژن و مێردان، پیلان لە ژێرزەمین، جووتێ باڵی دەداتێ تا بە کامی دڵی خۆی بەرزبێتەوە، بەرزتر تا بگات بە کۆستارەی ئەندرۆمیدا، بڕوانێتە گۆی زەوی، کە وەک پنتێک دیاربوو، دوایی چاوێکی تیژتری پێ بەخشی تا ژێرزەوی، قووڵایی ڕووبارەکان ببینێ.

گوێی لە پرتەو بۆڵەی زیندەوەرانی خوارەوە بوو، شەریعەتی جەنگڵستانە، ڕاوکەر و نێچیر، تێر و برسی، جەللاد و قوربانی، لەم ناڕەوایەدا، دڵی تەنگ بوو، هێشتا بە تلیسکۆپیش نەبینراوە، گەڕایەوە حەوشەی خۆیان، بردی بۆ موزەی مۆمی مەدام تۆسو، دەیان جۆر و ڕەنگ پێستی

لێ بوو، باڵا لەو کەسانە بخوازە، دەتگەڕێنمەوە تافی لاوی، هەستی بە نائۆقرەیی کرد، ئێستا شووت پێ دەکەم، دەشێ لە بەهەشتیش مەردم لە زۆری پەرییان، شەراب و مێوە بێزاربن، بە دەنگێک گەڕاندمییەوە نێو دۆنی ئاسایی، دەبینم سنووری دەسەڵاتم لە چەندان کیشوەر، زەریا، ئۆقیانووس، کەنیزەک و بندەستە ترازاوە، بیرم بۆ دەستبەسەراگرتنی ئەستیرانیش چوو، هەرچی میر و شای دنیا هەیە لە ڕکێفی خۆما بن، لە کاتێکدا نیگام وا زۆر بڕی دەکرد، کەپووی خۆم نەدەبینی، بە خۆم گوت ئەو هەموو تفاقە، چەک و شمەکانەم، ئەو سەرباز و لەشکرەم دژ بەکێ بجەنگێ، کە سەرانسەری دنیا لە پەنجەی تووتەمدا ئەموستیلە بێت، ئەوجا ئەو ئۆردووانە بێکار و بێ کەڵک و سەرگەردان دەبن، ئەگەر بڵاوەیان پێ بکەم زۆر ناخەیەنێ، هەڵبەت ناحەزێک کوودەتا دەکات، بە فەتارەتم دەدات، وەڕزبووم، گەڕاندمییەوە دۆخی پێشووم، خەرەکەکە بئاژۆ، گەشتی شوێن و سەردەمانێک بکە، کە هەرگیز نەتدیون، نەتبیستووە، چاوت بکەرەوە ئەورۆ لە سایەی تەکنۆلۆجیاوە، فریای دنیای بە گوندکراو دەکەوم، من و تۆ ماینەوە، دوو ئەنگوستیلەی دەرهێنا با لە پەنجەی یەکتری بنێین، سرووتی ئەنگوستیلەکان بەسەرچوون، خۆمان لە باڵەخانەیەکی ڕازاوە بینی، بۆنی سمڵ، مێخەک و بخورد، مرۆیان دەورووژاند، کچە کافرۆشی هەراسانی کردم، دیقم کرد، دەمویست تامی شەرابی لێوی بکەم، مەگەر مانی توانیبێتی وێنەی چاوی بکێشێت.

هەستم کرد ناهێڵێ نە ماچی بکەم، نە لەگەڵی جووت بم، تاوەکوو ئاوە سپی دووگیانبوون ناو قەدی قەوی نەکات، پێناچێت شووی پێ کردبم، ناهێڵێ لەشولاری ببینم، بۆم ساغ بووەوە تەنیا بۆ خۆی ڕادەکات، ئاشقی خۆیەتی، ئەستەمە دەستم لەگەڵدا تێکەڵ بکات، داوێکە، بە توندی دەستیم ڕاپسکاند، بە توندی لەسەر زەوییەکە ورد و خاشم کرد، دەنگم هەڵبڕی خۆپەرست، ئەو هێشتا دژ نەبوو، تۆ هەمیشە کەیل و کاسی خۆتی، چش لە من و تەماشاوانی وێنەکەت، ناشێت بە گەمژەم بزانی، تۆ ئالۆشداری ئاوێنە و مێخەک و عەتر و خشڵەکانتی، چرنووکی لە هەردوو مەچەکم گرت، خوێنیان لێ چۆڕا، ئازاری زۆرم پێ گەیشت، کەمتیارانە ئاوڕی لێ دامەوە، چاوەکانی چاوی ماسی مردوو بوو، ها.. ها نوێنەری گرێی شۆخەژن، هەی نالەبار، ئەو چاوەکانی خێل بوو، بۆ ئۆقرە لێ سەندنی دواییین تیرم تێ سرەواند، هەی سیسارکە کەچەڵەی تۆرەمەی ئیبلیس، گەندەڵ لاچۆ، حەوت بەرد لە دوات، ئەویش گوتی وەل بە، ملت بشکێنە، ئێرە تەلاری منە، ئەوەی گوت خۆم لە ناوەندی حەوشەکەم بینی، لە ئاست گوتراوی دەقدا پێشتر تۆ خۆت بە مەسیح و ئەوت بە بێچووە ئەهریمەن چواندبوو، لە ئێستاشدا لە کردەی ئەفراندندا قودسیەت و نەفرەت یەکسان دەکەیت، پردی هاوشێوەبوونێک چەند بە یەکتان دەگەیەنێ، ئەوەندەش جیاتان دەکاتەوە، دەنگێ لە گوێم زرنگایەوە، تۆش لە کەرەستەی ئەوی، مەبەستم لە تۆی ئافریدەکارم، خوێنەری دەلالم تۆ و من با لە یەکدی شوناس بین، با ئەو ناحەزە لە گوێی خۆی بدا، ئەوە نەماوە هەتا بۆ ئێمە هەرەشە بێ، بەوەش ڕەوانی خانی لەپزێرین دەسرەوێت.

کە دژەڕۆمان پابەندی پۆستمۆدێرن بێت، کاتێ نووسەر وەک ژێدەرێک سەرجەم دنیای ڕۆمان دەخاتە ژێر ئەزموونی خۆی، بایەخ بەوە نادات خوێنەر پێشبینی چی دەکات، چۆن لەسەر پردی نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا دەپەڕێتەوە، دەبینین کچە کافرۆشی وەک دلبەرێ لە پێناو ئەویندا بە

هەموو شێوەیەک دێتە پێشەوە، هەر لە بەخشینی سامان و دەسەڵات و باڵ و کڵاوە سەخرەجندە.. تاد، کەچی ئەوی دڵدار ئەو دەسکەوتانە لەبەرچاو ناگرێت، نەک بێ منەتی دەکات، بگرە لە پێناو شکستهێنانی هاوسەرگیرییەکە، پەلپی پێ دەگرێ بە خودئەوینی و نەرسیسیەت برینداری دەکات، تانووت لە سروشتی شەمەکی تایبەتی ئافرەتانە دەدات، بۆنوبەرام و ئاوێنە، لە دواجاردا بە خەسڵەتی قێزەونەوە دەیبوغزێنێ، تا ناچاری دەکات وازبێنێ، خۆی لەتەک خوێنەردا ئاشنا دەکاتەوە، ئەمەش بەو مانایە دێ بوونی ئافرەت لەتەک بوونی خوێنەردا یەک نایەتەوە.

خوێنەر نەبێ دەقیش بوونی نابێت، کەواتە لە مەیانەی نووسیندا، نەرسیسیەت و تێڕوانینی عەبدوڵڵا سەڕاج دوور نییە لە بۆچوونی تۆفیق حەکیم کە دەڵێت "ئافرەت تاقە مێملی هونەرمەندە، هەروەها سەرچاوەی دوژمنایەتییەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەتوانێ وەک هونەرمەند کردەی ئەفراندن ئەنجام بدات" (٥)

لە کۆتاییدا کردەی ئەوین لەتەک ئەوی دلبەر، ئەفراندن لە چوارچێوەی باڵەخانەیەکدا کۆدەکاتەوە، ئەمەش پارادۆکسی لەتەک ژیان و تێڕوانینی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا دەکات، جومگەکانی ژیانی وەک دەقی ڕۆمانەکەی پارچە پارچەیە، پێچەوانەی یەک پارچەی ئەوینە، لە باڵەخانەی تەوەرێکدا کۆکردنەوە و کۆتایی ڕەت دەکاتەوە، بێجگە لەوەی کچە کافرۆشی بە داوای هاوسەرگیری کۆتاییەک بۆ چیرۆکی ئەوینداری دادەنێ، ئەمەش لەگەڵ ئەمی نووسەردا نایەتەوە، ئەم بڕوای بەوەیە نەک ئەوین، بەڵکوو گشت چیرۆکێک نابێ کۆتایی هەبێ، دەق دەبێ ژیانئاسا کراوە بێت، نەک مەرگئاسا داخراو بێت، نابێ ئەوین ئاسا تەنیا لە خولگەی قەوارەیەکدا بخولێتەوە، هەڵبەت ئەگەر ئەم دلبەر بکات بە تاقە ئاوێنە و خۆی تێدا ببینێ، ئەی چی لە دەق بکات، کە دەق ڕوحی نەرسیسیەتی بێت، ئەی چۆن ڕەنگدانەوەی خۆی لە جەستەی دەقدا ببینێ، لە هەژموونی نەرسیسیەتی ئەوینداری چەند لە تۆفیق حەکیم نزیک دەبێتەوە، ئەوەندە لە هەژموونی "ڤیکتۆر هۆگۆ و جولێت دروویە" (٦)، دوور دەکەوێتەوە، پەنجا ساڵ ئەوینداری و هەژدە هەزار نامەی دڵداری، لە ڕوانگەیەکی ترەوە، ئەمی نووسەر بە کردەی خستنەسەر داکۆکی لە خود دەکات، لەبری ئەوەی ئەو خەسڵەتانە بە خۆی بڵێت، کەچی ئەوی دلبەری پێ تاوانبار دەکات، کە خۆی لە سزادانی ئەودا دەبینێ، هەوێنی ڕقێک دەگرێتەوە، بەوەی بۆ خۆی ڕادەکات، ئاشقی خۆیەتی، بە خۆپەرست بانگی دەکات، خاڵێکی تر لە دوو مەرجەکەی هاوسەرگیری، یەکەمیان دواخستنی هاوسەرگیرییان بوو، پێشخستن و کرانەوەی دەق و کۆتایی ئەوی دلبەر بوو، چونکە ڕادەستبوون بە دلبەر، واتا لەدەستدانی نەرسیسیەتە.

دەکرێ بەهرەی نووسینی لە دەست بسێنێ و بە چەمکی موقەدەس، دۆگمابوونی ئەشق وێرانی بکات، ئەمەش لە تەک چەمکی پۆست مۆدێرن و دژەڕۆماندا نایەتەوە، کە بڕوای بە ڕێژگەرایی و بێکۆتابوون هەیە، لە دووەم مەرجدا کە پێی دەڵێت وەک هەموو نەبێ، مەبەستی لەو جۆرە ئافرەتە نەبێ، بە ویستی پیاو پشتاوپشت نەخشەی بۆ کێشراوە، هەمیشە لە ئارەزووەکانی پیاودا چەقیون، خۆیان دووبارەدەکەنەوە "جۆرێک بوون لە ژندا هەیە، کە لە ژندا کۆتایی نایە" (٧).

نووسەر باس لە شێوازی نووسینەکەی دەکات کە بەلادان، خاوکردنەوەی گێڕانەوە نابێ هەناسەسواربن، چونکە ئەم بناغەکانی دەقی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنی داناوە، ئەم دەرگای قەسابخانە بۆ دەق ناکاتەوە، لاشەی دەق بۆ

شوێن، کات، گێڕانەوە، کەسێتی و هێما..تاد پارچە پارچە ناکات، گەر ئەمانە پێکهاتەی ڕۆمان بن، ئاخۆ چیی گێڕاوەتەوە، گۆشەنیگا لەمەڕ ئایین، ڕەنگ، بە جیهانکردن.. تاد، دەق مێلۆدییەکە گوناهـ پەرت بکرێ، سیمبۆل و خوێندنەوەی نەگوتراوەکانە، بە جوانسازی ئەم دەقەمان لە بواری فەلسەفە و جیهانبینی، خۆمان دابەش کردە سەر هونەر، داستان، ئەدەب ..تاد، لەو پازدە پاژەدا، وێنەگەلێکمان نمایش کرد، وەرە با بیر لە کۆتاییەکی ناباو بکەینەوە، ئەمەش دژوارە، ڕەنگە کۆتاییەکی جیاواز لەوانی دی بخوازێ، بە نموونە کۆتایی بابەتێکی شێوەکاری، یان ئەدەبی، لە ڕوانگەی مانی، سێ کووچکەی سەلیم، ئاپۆ، یەشار و ماملێ، هەڵبەت لای ئێمەش چۆنیەک نابن، بە دیوێک گرێدانی ئەدەب و هونەر، بە داستان و ئەفسانە، مێژوو بە دیوێکی تر بە لۆژیکی زانستەوە بنیادی میتاڤیکشن، ئەدگاری شێوازە، تەکنیکەکانی دژەباوە، واز لە کۆتایی بێنە هۆشم لای شێوە کتێبێکە، پارەکان بە گوێرەی خۆیان کۆتاییان دڕاندووە، واتا چەندان کۆتایی جیاواز لە ئاردایە، بۆیە ناوی دەنێم ناکۆتایی.

ئەم دەقەمان کراوەیە، بێکۆتایە، وا دیارە عەبدوڵلا سەڕاج کافکا ئاسا ڕێسا باوەکەی گێڕانەوە دەشکێنێ، هیچ ناوێک بە خوێنەری پەنهانی نادات، هەر جارەی بە خەسڵەتێک ئاماژەی بۆ دەکات، ئەوەتانێ بە دانپێنانی خۆی، من تەنیا بە خوێنەر ئاماژەم بۆ کردووی، بە گۆڕینی ئاوەڵناوەکان هێژا، دەلال، جەناب، بەڕێز ...تاد، چونکە تۆم بە نوێنەری خوێنەرانم داناوە، هەتا ئەم دەقە مابێت، من تۆ دەگێڕمەوە، تۆ من دەگێڕیتەوە، ئاخر دەق دوو دیوی هەیە، یەکەمیان دەرەکیی ڕواڵەتییە، وەهم و توێکڵە، دووەمیان قووڵایی زەینی سیمیائییە، ماهییەت و کاکڵە، سەلیم دێتە خەوی " زمان خەون ئەندێشە چڕبوونەوەی ڕەمز و هێماکانە"ڕۆمان لاپەڕە (١٥٢)، گێڕانەوە وەلاخستنی بێدەنگییە، پێکەوە بە کۆنسێرتی پیانۆی شۆپان، کەمانچەکەی باخ لە چوار وەرزی ڤیڤالدی چاومان بڕییە مانگەشەوی بتهۆڤن، باوەشی حەزمان بۆ عایدەی ئۆپرای ڤێردی کردەوە، چ خەونێکی فانتازیا بوو.

ژێدەرەکان:

١- ماڵپەڕی ئینتەرنێت لەسەر میتاسەرد.

٢- عەبدوڵلا سەڕاج، ئەفسانەی ڕەنگستان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، ساڵی ٢٠١٠.

٣- لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتەوە وا پێناسەکراوە: متبوونی گشتی کە لەپاش لێکدانەوەیەکی قووڵ پێی دەگات چیتر دەرەوە کاریگەری لەسەر نامێنێ، بەجەستە و زەین لە دنیای دەرەوە جیادەبێتەوە، ئامانج بارگاویکردنی ڕوحە بۆ بەگیرخستنی حەز و بەختەوەری، کوشتنی شەهواتە.

٤- حەمە سەعید حەسەن، ڕۆمان و ژیاننامە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٨، لا ٢٦٠.

٥- جورج طرابيشي، لعبة الحلم والواقع، دار الطليعة، بيروت، الطبعة الاولى، سنة ١٩٧٢، ص ١٠٥.

٦- سمير شيخاني، اشهر رسائل الغرام، دار النهار للنشر، بيروت، ١٩٧٣، ص ٣٧.

٧- بەختیار عەلی، دوا خەندەی دیکتاتۆر، چاپخانەی کارۆ، ساڵی ٢٠٢٠، لا ٢٣٨.

# ئاكار:
# ڕاستی و بەها

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەڵاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

١ – هەر لە سەرەتاوە ئەو پرسیارە سەرئاو دەکەوێ:

ئایا شتێک، بابەتێک هەیە لە خۆیدا بوونی سەربەخۆیی هەبێ و بە – بەها – ناوببرێ؟! ئایا ئەمە خەسڵەتێک، تایبەتمەندییەکی خودی مرۆڤ نییە کە دایهێناوە و بۆ هەڵسەنگاندن دەیداتە پاڵ ئەنجامی کار و کردار و بڕیارێک؟ وەڵامەکە هەر چۆنێک بێت و بە هەر لایەکدا بخرێ، پێوەرێک هەیە ئەنجامی پێ هەڵدەسەنگێنرێ و وشەی نیمچە کوردی (بەهای) بۆ بەکار دەهێنرێ، ئەو چەمکە بەپێی قۆناغ و کات و جێگا و پەرەسەندنی ژیان و گوزەران و کۆمەڵگە لە وردەکارییەکاندا گۆڕان بەسەر ڕوخسار و ناوەرۆکیدا هاتووە.

– بۆ نموونە پەرەسەندنی زانست و شۆڕشی تەکنۆلۆجی لەگەڵ خۆیاندا جۆرە کولتوور و هزر و ڕەوشت و شارستانییەتێکیان جێگیر کردووە کە لەگەڵ ئامانجی خوازراوی خۆیاندا بێنەوە. لەو ڕەوشەدا بەهاکان بە گشتی و بەهای ئاکار بە تایبەتی پڕیشکی بەرکەوتووە و لە ناوەرۆک و ڕوخساردا، گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

– ڕاستە، لەگەڵ ئەوەدا، کە تەکنۆلۆجی مۆدێرن، مرۆڤی لە زانین و زانیاری بێ نیاز کردووە، بەڵام لەلایەکی ترەوە شێوازێکی لەگەڵ خۆی گونجاوی ڕەوشت و کرداری بەسەر مرۆڤدا

سەپاندووە، ئەمەش بەهای تری ئاکاریی لەگەڵ خۆیدا هاوردە کردووە.

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانی سەرنج ڕاکێشیان بەسەردا هاتووە. خۆشەویستی، بە زەیی پێداهاتنەوە، ڕک و کینە، ئازایەتی و ترسنۆکی بە جۆرێکی تر و بە شێوازی جیاوازتر لە ڕابوردوو داڕێژراونەتەوە و پێناسەکراون (پێوەندی نێوان کچ و کوڕ، ژن و پیاو، نێرومێ لە دەرەوەی هاوسەرگیری) بە شێوازێکی تر پێناسە دەکرێن و پاساو دەدرێنەوە. لە جیاتی هاوسەرگیری جۆرە هەست و سۆز و مەیل و پێوەندییەک لەنێوان نێرومێدا کراوە بە پێشمەرج، تەنانەت هەندێک وشە لە قاموسدا نەماون، کەوابوو بەها لە خۆیدا چییە؟ خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کامانەن؟ کە مرۆڤ دەڵێ: بەها باسی چی دەکات؟

– مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە لە کۆمەڵگەیەکی دیاردا ژیان بەسەر دەبات. لەو کۆمەڵگەیەدا چەند دامودەزگا و دامەزراوێکی سیاسی و ئابووری و قانوونی و کۆمەڵایەتی دەست بەکارن و تاکەکانیان کۆنترۆڵ کردووە. ئەگەر ئەو بۆچوونە نارێیە ڕەشبینە بخەینە لاوە کە (ئەو دامەزراوانە – بە دەوڵەت و کۆمەڵگەوە – بەدار و قەمچی ستەم و بێدادی دەبینێ)، ئەوجا بە سایەی ئەو هەژموون و کۆنترۆڵەوە بە ئاشکرا ڕەنگی ژیان و ڕەوشت و کرداری ئاکارییانە دەڕێژن و پشت ئەستوور بە ئایین، سنوورێک بۆ ڕێگەدراو و ڕێگە نەدراو (حەڵاڵ و حەرام) دەکێشن، ئەمە مەبەستەکە لەو بۆچوونەی ئەو سێ کارکردەیە بە هۆکاری گۆڕان بە گشتی و گۆڕینی بەهاکان بە تایبەتی دەبینێ:

**یەک:** سیاسەتمەدارێکی سەرکردەی خاوەن کاریزما.

**دوو:** دامەزراوێکی ئابووری خاوەن سامان (کارتێل، مۆنۆپۆل).

**سێ:** زانایەکی ئایینی پشت ئەستوور بە ڕێنماییە ئایینییەکان.

**چوار:** زانایەکی زانستی وەک ئاینشتاین کە بنەمای (تیۆری) ڕێژەیی بە هەردوو تایبەتی و گشتییەوە.

– بوونی ئەو سەرچاوە هەمەجۆرە بەهێزانەی بنەما و ڕێنماییەکانی ئاکار و کێشەیەکی سەخت بەرپا دەکات: ئەگەر هاتو بڕیارێک، هەنگاوێک ئیتر بە سروشت و ڕەهەندە ئاکارییەکانییەوە لەگەڵ سوود و قازانجی تاکەکاندا نەگونجا، دەکرێ یاخی بن لێی و پێوەی پابەند نەبن؟ ئایا تووشی سزای سەخت نەبنەوە؟

پاساوی ئەو ڕەوشە بەوە دەدرێتەوە گوایە بەهۆی پێشکەوتنی شارستانیەتەوە ئاسۆی زانین و هزری زانستی ئەوپەڕی فراوان و گەشەیان کردووە، کەچی لە بەرانبەردا خواستی مرۆڤ و هەست و سۆز و هۆشیاریی و (شعوری) لە چاو زانینەکە ئەوپەڕەیان نەسەندووە و فراوان و گەشەکردوو نین، بەڵام لاری لەوە نییە کە ئەو شارستانیەتە خۆی کە لافی مرۆڤدۆستی و ئازادی و داد و یەکسانی لێ دەدات، لە چاو قۆناغەکانی پێشتر، ئامراز و شێوازی ئەوتۆی بەدکاریی و تۆقاندن و ئەشکەنجە و ئازاردان و کوشتن و بڕین و قڕکردنی داهێناوە لە چاو ڕابوردوو گشت سنوورێکی بەزاندووە. ئەمە دەچێتە چ خانەیەکی ئاکارەوە؟ چۆن پاساو دەدرێ و لێک دەدرێتەوە؟ ئەگەر لەشکری خوێنڕێژی تورک دوای جەنگی سەفەر بەرلک بە فەرمانی ئەتاتورک بە هەفتەیەک – دە ڕۆژ لە ئەنکەرە – ئەستەنبوڵەوە گەیشتبێتە ناوچەکانی باشووری کوردستان و بە تفەنگەکانیان تاک تاک خەڵکیان ڕەشەکوژ کردبێ، لەم سەردەمەدا ئامرازی تەکنۆلۆجی

مۆدێـرن (تانـک و زرێـپـۆش و چەکـی کیمیایـی و دۆشکە و فرۆکەی تیـژڕەو فرۆکـەی بێ فرۆکـەوان – درۆن-) لـە ماوەیەکـی ئەوپـەڕی کورت و کەمدا دە ئەوەنـدە تـاوان بەرانبـەر بـە میللـەت دەکـەن، ئەمـەش لایەنێکـی نـاڕێ و بەدکاریـی تەکنۆلۆجـی و زانستـی سـەردەمە، کەوابـوو بنەمـا ئاکارییەکانـی پاسـاودانی ئـەو تاوانـە و ڕەشـەکوژی و قڕکردنـە دەبێ چـی و چـۆن بـێ؟ ئـاکار بـە هەمـوو ڕەهەندەکانیانییـەوە لـەو ڕەوشـەدا بـەکار دەبـرێ، بـە ئـارەزوو بەبـێ گـوێ دانـە بنەماکانـی، تۆمـەت هەڵدەبەسـترێ و دەدرێتـە پـاڵ سـتەم لێکـراوان! بـە جۆرێکیش ئـەو بنەمایانـە لێک دەدرێنـەوە کـە ئـەوەی دووچـاری بێـدادی و قاتوقڕیـی و سـتەم لـێ کـردن بـووە، گوایـە (شایسـتەی) ئەوەیـە بەرانبـەری، یـان بەرانبەریـان کـراون.

٢ – ئـەو پرسیارەی لـە بارەی چییەتـی و پوختـەی بەهـاوە دەکـرێ لـەو پرسـە جیـا ناکرێتـەوە: چ پێوەندییەکـی بـە هەڵکەوتـی دەوروبـەرەوە هەیـە؟ بەهـا خـۆی لـە خۆیدا خەسـڵەتی بڕیـار (حوکمێکـە) دەربـارەی هەڵسـەنگاندنی شـتێک، کارێـک، کردارێـک، ڕەفتارێـک کـە دەدرێ، چەنـد نیشـانەیەکی هەیـە وەک:

**یـەک**: تـا چەنـد توانایـی پیـادە و جێبەجـێ کـردن و بەکاربردنـی تێدایە؟

**دوو**: تایبەتمەنـدی و جیـاوازی هـەر یەکێـک لـە بەهـاکان (١) چۆنـە؟

**سـێ**: پێوەنـدی دەسـتیاوی نێوانیـان چـۆن هەڵدەسـەنگێنرێ؟

**چـوار**: ئایا دەکـرێ قسـە لـە ڕوخسـار و ناوەڕۆکـی بەهـا بکرێت؟

**پێنـج**: بەهـا کـە لـە ئەنجامـی هەڵسـەنگاندنی کاروکردار دەکەوێتەوە، جۆرە هەڵوێسـتێکی سیسـتمی نەزمیانـە بەرجەسـتە دەکات، ڕەنـگ ڕشـتنەکەی لـە ویـژدان و خواسـت و کار و کـردار و ڕەوشـتەوە سـەرچاوە دەگـرێ. ئەمانـەش تانوپـۆی ژیانـی ئاکارییـان لـێ پێـک دێت. دوور نییـە لێرەدا بگوتـرێ ئـەو پۆلێـن و جیاکردنەوەیـە دەربـارەی پوختـەی بەهـاکان بـە گشـتی و ئەکادیمـی لـە چوارچێـوەی فەلسـەفەدا بـە پێویسـتی دەکات، ئیتـر ئـەوەی هەیـە و لـە ئارادایـە شـتێکە و ئـەوەی گریمانـە و مەزەنـدە دەکرێ و لـە توێژینـەوەوە دەکەوێتـەوە شـتێکی تـرە.

– توانایـی پیادەکردنـی بەهـا پەیوەسـتە بـە گەوهـەری کردارەکـە کـە کـراوە و ئـەو دەرکەوتـەی لێـی کەوتووەتـەوە. کێشـەکە لـە بنەڕەتـدا پێوەری هەڵسـەنگاندنەکەیە، چۆنـە؟. بەهـاکان بێگومـان لـە وردەکاریـدا لـە یەکتـری جیـاوازن، چونکـە بکـەری کار و کـردار لەنێـوان خۆیانـدا و لـەو مەبەسـتەی هەیانـە لـە یەکتـری جیـاوازن، بـەڵام لـە چوارچێـوە گشـتییەکەدا پێوەنـدی پابەندبوونـی دەسـتیاوی لەنێوانیانـدا هەیـە.

– بەهـاکان وەک هەمـوو بابەتێکـی هەڵسـەنگاندن، جـۆرە نـەزم و سیسـتمێک لـە نێوانیانـدا هەیـە و هەسـت پـێ دەکـرێ، بـەڵام ئـەو نەزمـە دەرکەوتـەی هەسـت و سـۆز و ویژدانـی بکـەر و بڕیـاردەر و هەڵسـەنگێنەر بـە یەکـەوە کـۆ دەکاتـەوە و دەیانخاتە نێـو دوو تـای یـەک تـەرازووەوە.

٣ – ئەگـەر بێتـو بـۆ ڕوونکردنـەوەی بەهـا بشـێ پەنـا ببرێتـە بـەر لۆجیکـی ڕوخسـارەکی (چونکـە جیـاوازی نێوانیـان لـە لەیەکچوونیـان پتـر و گەورەتـرە) دەکـرێ بگوتـرێ:

– بابەتێـک کـە خەسـڵەتی بەهـای بکـەوێ و پێـی ببەخشـرێ بـە بنەمـای بەهـا (مەوزوعـی بەهـا) ناودەبـرێ، چونکـە بەهاکـە بـووە بە بار بەسـەریەوە.

– ئـەو بەهایـەی دەدرێتـە پـاڵ بابەتەکـە بـاری بەهاکـە (مەحمولـی بەهـا) دەردەبـرێ (٢). جگـە لـە هـەردوو ڕەوشـی بنەوبـار دەکـرێ بەهـا بـە شـێوازی کار بەکاربهێنـرێ؛ هەڤـاڵ گوناهبـارە،

دزی گوناهــ و تاوانــه.

هــەر لەســەردەمی پرۆفیسـۆر (جـۆرج مۆر)ــەوە ئــەو بـاوەڕە جێگیـر بـووە کـە چەمکی بەهـا لـە پێناسـەکردن نایـەت، چونکـە خەسـڵەتی بەهـا دەکـرێ بـە چـاو (هەسـت بـە بوونـی بکـرێ)، بـەڵام شـرۆڤەکردنی سـەختە.

ئەوجـا پێناسـە وەک بابەتێکی لۆجیـک پشـت بـە هـەردوو بابەتـی ڕەگـەز و جیـاکار دەبەسـتێ، ئـەم دووانـەش لـە بەهـادا بوونیـان نییـە، چونکـە بەهـا وەک خەسـڵەت و چەمـک لـە خۆیـدا سـادە و سـاکارە، ناکـرێ ببرێتـەوە سـەر هیـچ بنەمایـەک و لـە خۆیشـیدا بابەتێکی سـەربەخۆ نییـە. دەکـرێ وەک سـیمبۆلێک دابنـرێ کـە لـە چوارچێـوەی دەسـتەواژەدا واتـای دەبێـت، خـۆی لـە ناوەرۆکـدا، ئایا هەیەتـی، یـان نیەتـی؟ کێشـەی لەسـەرە، بـەڵام ناکـرێ بـە چەمکێکـی بـێ واتـا دابنـرێ!

لـە توێژینـەوەدا مـرۆڤ قسـە لـە چەمکی بەهـای ئـاکاری، چەمکـی بەهـای ئیسـتێتیک (جوانـی و هونـەر)، بەهـای سـوود و قازانـج: بـۆ نموونـە لـە کایـەی ئـاکاردا دەگوتـرێ: پابەندبـوون، ویـژدان، چاکەکاریـی، بەدکاریـی (ڕەوەنـد و گەنـد). داوێـن پاکـی، دڵسـۆزی، دووزمانـی.

- ئەگـەر فەلسـەفەی ئـاکار ئامانجەکانـی کرداری مـرۆڤ و ئـەو ئامرازانـە کـە بەهۆیـەوە بـە ئـاوات دەکات، بـکات بـە کەرەسـتەی توێژینـەوە، ئـەوە چەمکی ویـژدان چەمکی سـەرەکی و بەختـەوەری دوا ئامانجیەتـی کـە ئامـراز نییـە، ئامانجێکـی تـر بـەدی بهێنـێ. بەختـەوەری لـەلای خۆیـەوە هەسـتکردن و شـعوورێکە بـە ڕەزامەنـدی لـە ژیـان و هیـوا خواسـتنی بـەردەوام بوونیەتـی بـە درێژایـی گـوزەران و ژیـن.

دوور نییـە بگوتـرێ ئـەو جـۆرە هیـوا و ئاواتـەی بەختــەوەر بــوون گشــت ســنوورێک دەبەزێنــێ. لەلایەکـەوە باسـکردنی ئـەو ڕەوشـە لـە خۆیـدا ئەگـەر لـە کـردن نەیـەت، وا سـووک و ئاسـان نییـە، چونکـە لـە مرۆڤێکـەوە بـۆ یەکێکـی دیکـە و لـە کات و جێگەیەکـەوە بـۆ هـی تـر جیایـە و گۆڕانـی بەسـەردا دێت، ئەوجا ژیانـی بـێ کێشـە، بەختەوەریـی هەمیشـە تەنیـا هـەر ئەندێشـەیە و لـە هەڵبەسـتی شـایەراندا بوونـی هەیـە! ئـەوی دەکـرێ بگوتـرێ:

دەکرێ لـە ژیانـدا مـرۆڤ ساتە کاتێـک، ماوەیـەک، لـە هەلومەرجێکدا هەسـت بـەو ڕەزامەندییە بکات. بێ نیاز بـوون لـە هەمـوو شـتێک تەنیـا لـەو بەهەشـتەدا بوونـی هەیـە کـە ئایینـەکان دڵـی لایەنگرانـی خۆیانـی پـێ خـۆش دەکـەن، بەبـێ ئـەوەی بزانـرێ چییـە و چۆنە!

٤ – فەیلەسـووفەکان (مـن پێـم شـک نایـەت لـە ژیانیانـدا بەختـەوەر بووبـن) چاکەکاریـی (ڕەنـد – فەزیلـەت – خێـر) بـە بـەردی بناغـەی بەختەوەری دادەنێـن، چونکـە ئـەو چاکەکارییـە (سـەرکەوتن، لـەش سـاغی، دۆسـتایەتی، پێوەنـدی کۆمەڵایەتـی، یارمەتیدان و کۆمەک کردن، دەسـتگرتنی کەسـانی پێویسـت پـێ بـوو)، لـە خۆیـدا بـاش و پەسـند و خـوازراوە بەبـێ ئـەوەی چاوەڕێـی سـوود و قازانج و چێـژ پـێ گەیشـتنی لـێ بکرێـت!

بەختەوەریـی وەک ڕەوش (دۆخ) و چاکەکاریـی وەک (ڕەنـد) بەبـێ گوێدانـە هـۆکاری پاڵنەرەکـەی لـەوەوە دەکەوێتـەوە تـا چەنـد مـرۆڤ دەتوانـێ دەسـەڵاتی بەسـەر خـودی خۆیـدا، بەسـەر ناخـی دەروون و هەسـت و ئـارەزوو و هەڵچوونەکانیـدا بشـکێ؟ ئەوکاتـە دەتوانـێ جـۆرە هەماهەنگییـەک، پارسـەنگێک لەنێـوان هـەردوو تـای تـەرازوو: کـردار و بڕیـار (حوکـم دان) ڕابگـرێ، ئەمـەش خـۆی لەخۆیدا جـۆرە ڕەزامەندییـەک کـە ڕێگـەی بەختەوەریـی خـۆش دەکات، دەسـتەبەر دەبـێ، یان

بەلای کەمەوە ناڕەزاییەکە لا دەبات و گلەیی و گازندە و بێ ئومێدی کاڵ دەکاتەوە. دەمێنێتەوە کێشەی نێوان ئارەزووی کورت خایەن و ئارەزووی درێژخایەن و بەردەوام! ڕەزامەندیی ئەگەر لە تێرکردنی (حەز و ئارەزووی ڕەوا) نەکەوێتەوە، بەرەو چ شتێک هەنگاو هەڵدەگرێ؟ بە هیچ جۆرێک بەختەوەریی خەسڵەتێک نییە مرۆڤ بە دەستی بهێنێ، چونکە هەمیشە ناجێگیرە و دەگۆڕێ و بەپێی قۆناغەکانی ژیانی پەرە دەستێنێ و گەشە دەکات!

ژیانی بەختەوەر ئەوەیە کە پابەندی بنەماکانی ژیانی ئاکارییانەیە.

ئەمەش دوو خەسڵەتی هەیە:

**یەک:** چاکەکاریی جێبەجێ کردنی ئەرکی ژیری مرۆڤە. (٣)

**دوو:** ئەو جێبەجێ کردنەی ئەو ئەرکە دەکرێ بە جۆرێک لە بەختەوەریی دابنرێ، چونکە ئەو چاکەکارییە دەبێ ڕەهابێ و چالاکییەکانی ژیان بەرجەستە بکات، هەروەها خۆی لە خۆیدا مەیل و ئارەزوویەکی سروشتییە لە ناخی مرۆڤدا، ئەو مەیلەش جۆرێکە لە چالاکی ژیر و ژیرەکی، بۆیە ناکرێ بەختەوەری ڕەوشێکی ڕێک کەوت بێ و بێ کۆشش لە خۆیەوە پەیدا ببێ!

٤ — بە دوور لەو پرسیارەی بۆنی سیاسەتی لێ دێ: کێشەی دیاری کردنی سەرچاوەی دەسەڵاتی ئاکاریی، کۆمەڵگە خۆیەتی، دەوڵەت و هێزی دەسەڵاتدارە، دانا و فەیلەسووفەکان و ڕابەرانی ئایینن؟ ئایا دەکرێ یەکێکیان بێ، یان گشتییان پێکەوە بن؟ ئایا پێوەری ئەو بڕیاردانە چییە، دوور بێ لە هەڵەوە کە لە ئیسلامدا (عصمة)ی پێی گوتراوە؟ ئەو بابەتە پرسیارانە دەکرێ لە دوو سەرچاوەدا چڕ و خەست بکرێنەوە کە پوختەکەی ئەمەیە:

**یەک:** سەرچاوەکە ئاسمانە (ڕەب، ئایین، پەیامبەران)، یان:

**دوو:** مرۆڤ خۆی (سەرزەوی — کۆمەڵگە — تاک).

ئەو جۆرە جیاکردنەوەیە دوو ڕەنگیی ئاکاری کێ دەکەوێتەوە، ئاکاری ئایین بە گشت ڕەهەندەکانییەوە، لە بەرانبەر ئاکاریی دنیا کە لەو ڕوانگەیەوە تەماشای ئاکار دەکات کە ئاکار نەمامێکە لەسەر زەوی هەڵکەوتی لە ئارادابوودا شین دەبێ و هیچ پێوەندییەکی بە ئاسمانەوە نییە، بەڵکوو لە ناخی دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ بەو بەڵگەیەی ئەرکی سەرشان کە پێویستە مرۆڤ بیکات و ئۆباڵی ئەنجامەکەی بکێشی، بریتییە لە گوێڕایەڵی کردنی دەنگی ویژدان کە لە ناخی دەروونی مرۆڤەوەیە! لەو ڕۆژەوە مرۆڤ بووە بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خۆی و خەڵکی دەوروبەری ناسیوە و کۆڕ و کۆمەڵە و گرووپی لێ پێک هاتووە بنەماکانی ئاکاری داناوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیڕەو کراون و جۆرە پابەندبوونێک پەیدا بووە، بەڵام فەلسەفەی ئاکار وەک لقێکی ڕێکوپێکی فەلسەفە داهێنانێکی یۆنانی پێش زایینە! کێشەی ئاکار بە بەهاو ئەنجام و هەڵسەنگاندن و بڕیار و پێوەرەوە هەر لە سەرەتاوە لە فەلسەفەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە:

– کەواتە ئەگەر ئومێدی ئەوە لە زانست کرابێ کە بەهۆی داهێنانەکانییەوە بتوانێ، یان توانیبێتی بەدکاری و ئێش و ئازار و وەی مرۆڤ کەم بکاتەوە و چاکەکاری و خێر و خۆشی پتر دابین بکات و بە گژ نەخۆشیدا بچێتەوە! چی لە فەلسەفەی ئاکار چاوەڕوان دەکرێت؟ ئایا دەکرێ قسەکەی کارڵ مارکس لەو کایەیەدا بە وەڵام دابنرێ کە گوتوویەتی:

– ((فەیلەسووفەکان بەشێوەی جیاواز تەنیا

هەر جیهانیان شرۆڤە کردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بگۆڕدرێ – تێزە)).

– ئەو پرسیارە: ڕاستیی بابەتییانە بدرێتە پاڵ بیرکردنەوەی مرۆڤ، کێشەیەکی تیۆرییانە نییە، بەڵکوو کێشەیەکی کرداریی پراکتیکییە (٤). تێزە)).

من وای بۆ دەچم کە بڕیارەکەی مارکس پتر بەلای سیاسەتدا شکاندوویەتی و ئەگەر فەلسەفە بچێتە ژێرباری گۆڕینی جیهان، خۆی فەلسەفە نامێنێ و دەست بەسەر کایە و ئەرکی هەردوو بابەتی زانست و سیاسەتدا دەگرێ.

هەر لەو بڕیارەی (مارکس)ـەوە ئەو ڕەوشە کەوتووەتەوە کە ئاکار و بنەماکانی ببن بە پاشکۆی سیاسەت و خزمەتی دەسەڵات و سوود و قازانجی سیاسەتمەداران بکات، ئیتر بە پاساودانی بڕیار و کردارەکانیان بێ، یان بە شێوازێکی دیکە کە لەگەڵ ڕەوشی هەڵکەوتی لە ئارادابوودا بێتەوە. پێشتریش بەو جۆرە خۆی ئایین دەستی بەسەر قەدەغە و پاوانی ئاکاردا گرتبوو بەو جۆرەی بنەماکانی پێ جێگیر و پشتڕاست بکاتەوە بە کاری بردووە، لەوەوە هەردوو بابەتی ڕێگەدراو-ڕێگەنەدراو (حەڵاڵ و حەرام) پەیدا بوون.

– ئەو گازندەیە کاڵ دەبێتەوە کە ئەگەر سیاسەتمەدار بۆ سوود و قازانجی گشتی بڕیار بدات و شت بکات، بۆ دەبێ پشت بە یارمەتی بنەماکانی ئاکار نەبەستێ؟ وەڵامەکە بەو جۆرەیە: ڕەوایەتی بڕیار و کرداری سیاسی لە خۆیدا پەکی لەسەر بنەماکانی ئاکار ناکەوێ، هەر ئەو بۆچوونە بۆ ئایینیش پەسندە و دەگونجێ! ئەگەر بڕیارەکەی سیاسەتمەدار لە جێگەی خۆیدا بێ، بیر لە پەنابردنە بەر ڕێنمایی و بنەماکانی ئاکار ناکاتەوە! پەنابردن بۆ ئاکار، ئیتر پەنابەرەکە سیاسی، ئایینی، زانستی بێت جۆرە ئەگەر و گومانێک لە بڕیار و ڕاز و نیاز و مەبەستی پەنابەرەکە دەورووژێنێ، کورد گوتوویەتی: منداڵی بە دەرمانان ناڕواتن لەسەر بانان! پینە و پەڕۆ تاڕادەیەک بڕ دەکات!.

فەلسەفە لەو ڕۆژەوە پەیدا بووە، لەسەردەمی کۆنی یۆنان، چووەتە ژێر باری ئەرکێکی دیار کراو و جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی بەسەر لقە سەرەکییەکانیدا دابەش کردووە:

– لۆجیک: توێژینەوەی بنەماکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ.

– پرۆسەی (تیۆری زانین) شرۆڤەکردنی سەرچاوەکانی زانینی مرۆڤ و تا چەند ئەو زانینە جێگەی دڵنیایی لێ کردنە؟

– میتافیزیک: تاووتو کردنی بابەتە سەرووسروشتییەکان (بە قسەی کانت) کە سنووری بڕکردن و توانایی ژیری و مرۆڤ دەبەزێنن.

– ئاکار: لێکۆڵینەوەی سروشتی کار و کردارەکانی مرۆڤ، جیاکردنەوەی بەدکاری لە چاکەکاری، داهێنانی پێوەرێک، بنەمایەک بۆ بڕیاردان دەربارەی ئەنجامەکانی کرداری مرۆڤ! مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ژیری کۆمەڵایەتی لە بەرانبەر خۆی و ئەوانی دیکەدا چی پێویستە بیکات و چی نەکات. بە درێژایی پەرەسەندنی مێژوو، کۆمەڵگە ئەو تایبەتمەندییەی خۆی پاراستووە و دەستبەرداری نەبووە.

٥ – ناکرێ لاری لەوە هەبێ کە شتێک لە ئارادا نییە بە کوڵک و پێستەوە پەسند بکرێت: مەبەست لە ڕاستییە (هەقیقەتە) جێگیر و نەگۆڕاو و دروستە ئاکارییەکان کە هەمیشە گونجاو بێت و بۆ گشت کات و جێگەیەک بگونجێ، ئەوی هەیە بژاردەی ئاکارییە لەگەڵ پێوەر و بڕیارە (حوکمە) ئاکارییەکان، ئەو ڕەوشە ئەنجامێکە لە

جیاوازی ئەو بنەمایانە (پێوەرانە) کەوتووەتەوە کە بڕیاری ئاکارییانە پشتیان پێ دەبەستێ، ئایا ئەو بنەمایە سروشتێکی ئایینی، ژیری، ویژدان، کۆمەڵایەتی هەیە، یان پشت بە سوود و قازانج و بەرژەوەندی دەبەستێ. بە هەر جۆرێک ئەو پرسیارە یەکلایی بکرێتەوە لەو سنوورە دەرباز نابێ کە بڕیارە ئاکارییەکان دوو جۆرن:

**یەک:** پێوەری بڕیاری ڕەها:

ئەو جۆرە پێوەرە پتر ڕەهەندێکی ئایدیالیستی - ئایینی هەیە و کێشە لەسەرە. پشت بە بنەما گشتی و بەها ڕەهاکان دەبەستێ و لەو ڕەوشەوە هەنگاو هەڵدەگرێ کە بڕیار (حوکمە) ئاکارییەکان بابەتین و پەکیان لەسەر ڕاز و نیاز و مراز و بڕیاری ناخی خودی مرۆڤ نەکەوتووە، چونکە ئەو جۆرە پێوەرەی بڕیاردانانە لە خۆیاندا ڕوون و ڕەوانن، بە واتای دیکارتی، بە ناچاریی هەمیشە ڕاستودروستن و بڕیاری گونجاو لە کات و جێگەی خۆیدا دەستەبەر دەبن، لەو سۆنگەیەوە ئاکار خۆی دەبێتە بابەتێکی پێوەرییانە لەوە دەکۆڵێتەوە کە پێویستە چۆن بێت، ئەوی لە ئارادا پشتگوێی دەخات لەو ئەرکەیدا پشت بە ژیر دەبەستێ. ئەگەر ئەو جۆرە پێوەرەی بڕیاردان پێی لەسەر چاکەکاری داگرتبێ بۆ گەیشتن بە مرازی خوازراو کە بەختەوەرییە، لە فەلسەفەی مۆدێرنی ئاکاردا پابەند بوون بەجێبەجێ کردنی ئەرک و فەرمان بە خاڵی سەرەکی دادەنرێت. ئەم هەڵوێستە بەشێوەیەکی ڕوون و ڕەوان لەلایەن ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی ئەڵمان ئەمانوییل کانت (١٧٢٤ – ١٨٨٤ز)، بە تایبەتی لە هەردوو شاکاری ڕەخنەکردنی ژیری کردەکی و دانانی بنەماکانی میتافیزیکی ئاکاردا تۆمار کراوە.

**دوو:** بنەمای بڕیاری ڕێژەیی:

ئەمەیان بە پێچەوانەوە، پێوەرەکە پابەند دەکات بەوەوە کە گشت بڕیارێکی ئاکاریی لەخودی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ و بەهاکانیش ڕێژەیین و لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی دیکە و بەپێی کات و جێگە و کۆمەڵگە دەگۆڕێن و پەرە دەستێنن. مرۆڤ بە تەنیا خۆی داهێنەری بەهاکانە و بڕیار دەدات، بڕیاریش هەندەکی و دەگۆڕێن. پێوەری ئاکار لە هەلومەرجی لە ئارادا بووەوە دەکەوێتەوە.

ئەو ڕێبازەی ئاکار، ژیر دوور دەخاتەوە و هەست و سۆز پشکی شێریان بەردەکەوێ، ئیتر بەهاکان ئەو هێزەیان نامێنی خەڵک پابەندی بنەماکانی ئاکار بکەن و سوود و قازانج و بەرژەوەندی سەرئاو دەکەون و ئاکار بە قازانج و چێژەوە بەند دەکرێت. لەو ڕەوشەدا خواستی تاکەکەسی (ئیرادە) تاجی شاهانەی دەخرێتە سەر.

– ئەگەر مرۆڤ لە هەردوو ئاراستەکە وردببێتەوە چەند خاڵێک سەرنجی ڕادەکێشن، ئەگەر بە کێشەیان دابنێ وا بە سووک و ئاسانی یەکلایی ناکرێنەوە: بۆ یەکلایی کردنەوەیان پشت بە چی ببەسترێ و چی لەبەرچاو بگیرێ؟

**یەک:** ویژدان، خواست، ژیر، ئەزموون لە یەکتری خراونەتە سەنگەرەوە! کامیان لەوی دیکەیان کارا و شایستەترن بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی فەلسەفەی ئاکار کردوونی بە خەمی خۆی.

**دوو:** ئەگەر بەختەوەری ئامانجی سەرەکی ژیان بێ، ئەمەش پەیوەستە بە لایەنی کار و کردارەوە، ڕۆڵێکی ئەوتۆ بۆ بەهاکان نامێنێ کە بتوانی پابەندبوونی ئاکارییانە جێگیر بکەن، چونکە سوود و قازانج و بەرژەوەندی لە بەهاکاندا جێگەیان بۆ ناکرێتەوە، ئەوکاتە پابەندبوون لاواز دەبێ و بەندکردنی ئاکار بەو سوود و قازانجە

ئەگەر نەبێ بە کێشە، وا ئاسان نامێنێ.

سێ: ئەو لایەنە گرنگە فەرامۆش کراوە کە بەهاکان جۆرە جێگیرییەکی ڕێژەییان پێوە دیارە (٥)، ئەگەرچی هەندێک لایەنی پێوەر و بڕیارەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت، ئیتر گۆڕانەکە تەنیا هەر لە ناوەڕۆکدا دەبێ و بنەما بنەڕەتییەکە جێگیرە و دەرفەتی گۆڕان نادات و نادرێ.

- بەو پێیە ئەو دوو ئاراستە سەرەکییەی پێوەری بڕیارەکانی ئاکار کە یەکێکیان ژێری کردووە بە سەرمەشق و ئەوی دیکەیان دەست بە دامێنی خواستی ئازادی مرۆڤەوە دەگرێ، دەکرێ بەو جۆرە هەڵبسەنگێنرێن:

لە چوارچێوە گشتییەکەدا ڕەهایەتی گرەوی خۆی بردووەتەوە، بەڵام لە وردەکارییەکاندا بنەمای ڕێژەیی کارا و باڵا بە دەستە، بەو پێیە بنەمای ڕەها و بنەمای ڕێژەیی هەردووکیان ڕاستن بەپێی کایە و هەلومەرجی لە ئارا بوودا.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


1- Paul Bommersheim: Vertrechts und Wertmacht. Berlin 1931.S.114.ff.

2- Viktor kraft: Wertberiff und Werturteile:S.44.In: Hrsg.von:Hans Albert und Ernst Topitsch: Werturteils- Streit. WB. Darmstadt.1990.

٣ – مونیک کانتو سبیربیر و روڤین ادجیان: الفلسفة الاخلاقیة، ترجمة: الدکتور جورج زیناتي، دار الکتاب الجدید المتحدة، لیبیا – طرابلس، ٢٠٠٨، ص٣٤ – ٣٥.

4-Marx, k.: Thesen uber Feuerbach 1843. In: Marx, Engels: Gesammelte Werke. Koln 2016. S.29 – 31.

٥ – د. منتهى عبد جاسم: معیار علم الأخلاق في الفلسفة البراغماتیة، دار التنویر، بیروت، ٢٠١٣، ص٥٦ وفي اماکن أخرى.

# شاعیرەکانمان چۆن باسی نالی دەکەن

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود

١- فەنایی دەڵێ (١):

**هەر چەندە هەموو باسی کوڕە جوابی (حەریق)یش**
**هەر چاترە لەو باسە کە ڕوویداوە لە (ناڵی)ی** ١٩٩

حەزرەتی نالی قەسیدەیەکی (١٧) دێڕی بەناوبانگی هەیە، موڕەددەفە، واتە پاش سەرواى هەیە، ئەویش کچە. (حەریق)یش قەسیدەکی (١٩) دێڕی هەیە پاش سەرواکەی کوڕە، فەنایی لەو دێڕەیدا باس لەو دوو قەسیدانە دەکا.

* دیسان دەڵێ:

**شەرعی قەڵەمی نالی و پێنووسی حەریقت**
**بۆ پیری خیرەد چاکە نەبۆ تۆ کە منداڵی** ١٩٩

ناوی نالی و حەریق، قەڵەم و پێنووس هاتووە.

* دیسان دەڵێ:

**ڕەحمەت لە حەریق نالی کە فەرمووی چی یە ناڵی**
**بێهودە بە زولفی کەچی کچ شیفتە حاڵی** ١٩٩

دیارە فەنایی لەبری نالی، (ناڵی) دەنووسێ

٢- شێخ ئەنوەر بەرزنجی دەڵێ (٢):

**بە مەدحی تاهری و هیجری بە حەمدی و مەولەوی نالی**
**بە شێخی عالمی ڕازی، ڕەزای دەوران و هیرانی** ١٠٩

لە قەسیدەی (شیوەنێک بۆ حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی)، شێخ ئەنوەر ناوی دەیان کەسایەتی ئایینی، زانستی، فەلسەفی، ئەدیب و شاعیری تۆمار کردووە. هەر لەو دێڕەی ناوی (٧) شاعیری کورد و زانا و پزیشکی ناوداری ئیسلامی دەورکردووەتەوە.

٣- حەیدەری دەڵێ (٣):

**شەشەم بۆ مەللا خدری شارەزووری**
**کە (نالی) شوهرەتی بوو هەر لە شیعری ٢٠٩**

(مێژووی بنەماڵەی حەیدەرییان لە هەریر و ماوەران بە شیعر)، کە (٢٩٩) دێڕە شیعرە. خاڵی شەشەمی بۆ مەلا خدری شارەزووری تەرخان کردییە. کە نالی خۆیەتی. دەشڵێ: وەکوو بیستوومە نالی لە حوجرەی مزگەوتەکانی ماوەراندا خوێندوویەتی.

**هەیە لە ماوەران تەحصیلی نالی**
**وەکوو بیستوومە بەعزێ لە مەقالی ٢٠٩**

٤- ڕەمزی دەڵێ (٤):

**لە شارێکا کە نالی و حاجی قادر، سالم و کوردی**
**کە خاوەن تاج و تەختی موڵکی دانش بوون و مەعنازان ١٩٦**

لەنیوە دێڕی یەکەم، ناوی چوار شاعیر هاتووە و نالی سەردەستەیانە، کە بەڕاستی خاوەنی تاج و تەخت، زانست و زانیاری و مەعنازان بوون.

* دیسان دەڵێ:

**لە ئیعجازی زمانی خامەکەی نالی نەدوێی زینهار**
**کە ڕەوشەنتر لە تیشکی ڕۆژە دەستی مووسا و عومران**
**١٩٦**

ئیعجاز، موعجیزە: شتێک ئەوەندە قورس و گران بێت ئادەمیزاد بۆی نەکرێ، کارێک کردنی لە عەقڵ و ئاسایی بەدەربێ. کار و کرداری باری تەعالا و پێغەمبەرەکان (د. خ). زینهار: ئەمان، مۆڵەت، زەمان و زامنی.

مووسا: حەزرەتی مووسا (د.خ). عومران: ناوی باوکی حەزرەتی مووسایە (د. خ)، ئالعومران: ناوی سوورەتێکە لە قورئانی پیرۆز.

٥- هەوری دەڵێ (٥):

**سەد وەکوو نالی و کوردی وەسفی تۆی بۆ ناکرێ**
**قوڕ بەسەر (هەوری) کەوا سەوداسەری دەرد و خەمە ٢٨١**


نالی

ئەگەر سەتی وەکوو نالی و کوردی نەتوانن وەسفی تۆ بکەن، قوڕ بەسەر هەوری، ئەمن چم پێ دەکرێ!

سەوداسەر: عاشق، شەیدای عیشق، خەیاڵاوی، گێژ و وێژ.

* دیسان دەڵێ:

**لە دەوری خۆی چ ئوستادێکی کەم وێنە و بلیمەت بوو**
**لە دەرگای کەوتبوو هەردەم هەزارانی وەکوو نالی ٣٢٦**

پارچە شیعری (سەرچاوەی عیلم و زانست) کە (٧) دێڕە، هەوری باس لە عیلم و زانستی ئیمامی غەزالی دەکا. ناوی بەرهەمە بە ناوبانگەکەشی نووسیوە (احیاء علوم الدین).

* دیسان دەڵێ:

**یار بە لەنجە تێپەڕی جەرگی سووتانم وەک تەننوور**
**شۆخ و شەنگ و نازەنینە گەردنی چەشنی بلوور**
**وەسفی جوانی زۆر مەحاڵە سەد وەکوو (نالی) دەوێ**
**پرچی زەرد و کوڵمی ئاڵ و لێوی وەک گوڵناری**

سوور ٤٩٥

هەوری لەو چوارینەیدا، خۆی وەسفێکی خۆشەویستەکەی کردییە، لۆ ئەوەی گلەیی لێ نەکرێ دەڵێ: قسە لەسەر ئەو یارە چەندانی وەکوو (نالی)ی شارەزای دەوێ، واتە: ئەوانەی من هیچ.

٦- ڕاجی دەڵێ (٦):

**(نالی)ی ناڵەی دێ لە گۆڕ و (حەمدی)ی دڵخۆشی ئەدا**

**وەک (مەلای کۆیە) بەرامبەر (حاجی قادری)ی گۆڕقەرەج** ١٠٨

لە نیوە دێڕی یەکەم، ناوی نالی و حەمدی هاتووە، لە نیوە دێڕی دووەم، پاش و پێش بە مەلای کۆیێ و حاجی کراوە. هاتنی ناوەکان ئەوەیان لێ دەفامرێتەوە نالی و حاجی لە غەریبی وەفاتیان کردووە و حەمدی و مەلای گەورەش لە کوردستان.

٧- کاکەی فەلاح دەڵێ (٧):

**لەو ڕۆژەوە هەوری چاوی**

**هەردوو چامەی نالی و سالم**

**لەم وڵاتی شارەزوورە** ٣١٩

کاکەی فەلاح باسی هەدوو چامەکەی نالی و سالم دەکا.

* دیسان دەڵێ:

**جاران (نالی)**

**بۆ (حەبیبە) و**

**بۆ (خاک و خۆڵ) شیعری ئەوت** ٣٦٠

ناوی نالی و هەردوو خۆشەویستەکەی هاتووە، یەکەم حەبیبەی و ئەوی تریان زێدی لە دایک بوونیەتی! ئەگەر هەبن! لە نووسینێکمدا وتوومە: نالی لە دنیای ئەفراندن و داهێناندا ئەوەندە گەورەیە بووەتە ئەفسانە. بە من لەو لایەنە زۆر بە شکسپیری ئینگلیزی دەچێ.

٨- مەلا عەلی تووتاقاجی دەڵێ (٨):

**ئەو نیشانە دڵ کە تۆ هەڵت دا**

**هەر یادت ئەکرد لە نالی ئەکا** ٤٣

مەلا عەلی لە نامیلکە شیعرییەکەیدا ناوی نالی هێناوە.

٩- حەسیب قەرەداخی دەڵێ (٩):

**کۆچێکی ڕەش پۆش**

**کۆچی نالی**

**- لەسەر حەوزەکەی خانەقا دەست نوێژ ئەگرن**

**مەلایەکی تر پێش نوێژە**

**سەد و چل ساڵێک لەمەوبەر**

**مەلا خدر،**

**عەبایەکی دا بەشاندا و لە ژوورەکەی هاتە دەرێ**

١٥٤ تا ١٦٠ ب١

لەو قەسیدە درێژەدا بەدەیان جار ناوی نالی هاتووە، ئەوەندە جارەش لە هەردوو بەرگەکان ناوی هاتووە:

(بەرگی یەکەم): ١٢٢، ١٢٣، ١٢٨، ٢٧٥، ٣٣٨، ٣٧٤، ٤١٥، ٤١٧، ٤٢٦، ٤٢٧، ٤٢٩.

(بەرگی دووەم): ٤٠، ٧٨، ٨١، ١١٠، ١٢٦، ١٣٦، ١٥١، ١٥٢، ١٥٧، ٣١٨، ٣٧٨، بۆیە بە پێویستمان زانی دووبارەی بکەمەوە.(١٠)

قەسیدەی: پیرە مەگروون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا- بۆ یادی دوو سەد ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی پێشکێشە:

٩- دڵشاد مەریوانی دەڵێ (١١):

**ئینجا گەییە بەر خانەقا**

**لە جێگەی حوجرەکەی (نالی)، ناڵەی ژانێکی لێ هەڵسا** ٣٢٤

* دیسان دەڵێ:

**ڕەز و باخی ژیانمان، سەروینە**

**لەوەتەی (نالی) ڕۆییوە، بۆن و بەرامەکەی بەهار**

**نەگەڕاوەتە ناو شار** ٣٢٦

* دیسان دەڵێ:

**داخۆ خەونەکە هەر ماوە**

**(نالی) دەگەڕێتە دواوە؟! ٣٢٧**

* دیسان دەڵێ:

**نە ئاسوودەکی و ڕزگاری ئینسان لەدەست زەبری ئینسان**

**(نالی) لە ئێوە زویرە**

**نەک هەر زویر، ! وەها توورەو وا شێتگیرە ٣٢٨**

* دیسان دەڵێ:

**نالی هەر دەگەڕێتەوە**

**نالی هەر دەگەڕێتەوە**

**نالی هەر دەگەڕێتەوە ٣٢٩**

* دیسان دەڵێ:

**(تۆپەرێتی)، لە چاوەڕوانی نالی دا**

**کوڕان و کچان:**

**زەنگی وڵاخی کاروانی بەهار**

**حەزرەتی (نالی)ی خستەوە گوفتار ٣٣٥**

* دیسان دەڵێ:

**لە پێناوی گەیینە (نالی)**

**ڕوح و دڵی بە قوربان ٣ ؟!**

* دیسان دەڵێ:

**نامەی حەبیبە دەگاتە ئەو حەزرەتەی کە (نالی)یە**

**لە نیوە شەوی دەیجوریێ ٤ ؟! (*)**

**پەراوێزەکان:**

(١) فەنایی (دیوان)، مەلا عەبدوڵڵای کاتیب، ئامادە کردنی، عابد عبداللە مصطفی، چاپخانەی وەزارەتی کشت و کاڵ، هەولێر، ٢٠٠٦.

(٢) شێخ ئەنوەر بەرزنجی (دیوان)، ئامادەکردن و پێداچوونەوەی: شێخ سەربەست بەرزنجی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، هەولێر، ٢٠٠٩.

(٣) حەیدەری (دیوان)، ئامادەکردنی شێروان حەیدەری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٠.

(٤) ڕەمزی مەلا مارف (دیوان)، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی کەمال ڕەمزی، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ کراوە، سلێمانی، ١٩٩٩.

(٥) هەوری (دیوان)، شێخ عوبێد شێخ لەتیف بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

(٦) ڕاجی (دیوان)، عوسمان دەشتی (د)- ئیسماعیل ڕاجی ساغیان کردۆتەوە و ئامادەیان کردووە، لەسەر ئەرکی زانکۆی کۆیە لە چاپ دراوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

(٧) مەلا عەلی تووتاقاجی، کاڵای کوردستان، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٥.

(٨) کاکەی فەلاح (دیوان)، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی بنەماڵەی شاعیر، بەڕێوەبەرێتیی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٤.

(٩) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم (سەرجەم شیعرەکانی)، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١٠) حەسیب قەرەداخی، فەرهەنگی خەم، (سەرجەم شیعرەکانی)، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢.

(١١) دڵشاد مەریوانی، کۆ بەرهەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

(*) کاتی خۆی هەموو نموونە شیعرییەکانی (دڵشاد مەریوانی)م، لە نامیلکەکانی وەرگرتبوو، ئێستا لە کۆبەرهەمەکەم وەرگرتووە و ناچمەوە سەر ژمارەی لاپەڕەکانی ئەو دوو دێڕە.

– بەشی یەکەمی ئەو باسە، تایبەت بوو بە حاجی قادری کۆیی، ڕامان، ژمارە (٢٠)، (١٩٩٨/٢/٥).

– بەشی دووەمی ئەو شاعیرانە بەشداربوون: سالم، مەلا وەسمان، ناری، حەریق، حەمدی، پیرەمێرد، کۆشکی، ناجی، خادیم، قانیع، کانی، سەفوەت، گۆران، ئەحمەد فەوزی، بەختیار زیوەر. ڕامان، ژمارە (٣٩) ٥/ ٩/ ١٩٩٩.

ـ بەشی سێیەمی ئەو شاعیرانە بەشداربوون: حەریق، ئەدەب، موجریم، زیوەر، سابری، تاهیر فوئاد، میهری، ئەسیری، جاهید، هەژار، دیلان، حەسیب قەرەداخی، محەمەد عوسمان سیراجوددین نەقشبەندی، هەرشەمی، قازی لەتیف، عەبدولواحید عینایەت، عەلی فەتتاح دزەیی، جگەر خوێن. ڕامان، ژمارە (١٣٠) ٥/ ٣/ ٢٠٠٨.

# قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی مێژووی مرۆڤ

هەڵکەوت محەمەد پشدەری
(کەنەدا)

ئەگەر لە مێژووی فەلسەفە بدوێین، باسکردنی کاتەکەی بنچینەییە، دابەشبوونی کاتەکانی ئەو مێژووە دەبێ ڕەنگدانەوەی دابەشبوونی ژیرویێژی پێشکەوتنخوازی ناو مێژوو بێت، بە بۆچوونی فەیلەسووفی فینلاندایی (مەتی پۆلاککا ١٩٤٧ – ٢٠١٨)، فەلسەفەی مێژوو لە سەرێکەوە بە بیردۆزی پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە بەندە، واتە بەندە بە چەمکەکانی پێشکەوتنی ئەخلاقی، سیاسی و ڕەوشت بەرزی. لە سەرێکی دیکەوە بە پێناسەی کۆمەڵگەی ڕەسەن و نوێی مرۆڤەوە بەندە.

لە چەند ساڵی ڕابوردوودا، چەند کارێکی باش بڵاوکرانەوە، تێیاندا نوێترین زانیارییەکان سەبارەت بە سەدەکانی پێش مێژوو لەگەڵ تێڕوانینێکی گشتگیری مێژووی مرۆڤایەتی، تێکەڵ کراوە، دەکرێ لە بەناوبانگترینیان ئەوەی یۆڤال نووح هەراری بێت بە ناوی (ساپیانس – کورتەیەکی مێژوویی مرۆڤ) و سێ بەشەکەی ویلیام جارید کە تێیدا تێڕوانینی خۆی بۆ مێژوو نیشان دەدات، بە تایبەتی بە ڕای ئێمە (چەکەکان، میکرۆبەکان و ئاسن) باشترین بەشە، لە پاڵیاندا ئەوەی جەی ئاڕ مەکنیڵز بە ناوی (تۆڕی مرۆڤ- ڕوانین لە چاوی باڵندەوە بۆ مێژووی جیهان) و لە کاتی خۆی سەرنجی زۆری ڕاکێشا، ئەوەی

لە ناو هەموویان وەک کەموکووڕی دیارە، نەبوونی فەلسەفەی مێژوویییە، کە تێڕوانینێکی گشتگیریان بۆ فەلسەفەی مێژوو نییە، بە تایبەتیش گەنگەشەکانی هزر لە سەردەمی پێشوو. چەمکی ماددی مارکسیزم بۆ مێژوو پەیڕەو کرا و هەندێ کەموکووڕی کوشندەیشی قبووڵ کرا، لە ئەنجامدا سەرلێشێواوی بۆ چەمکەکان لە ئەدەبیاتی ئەو بوارەدا دروست کرد، هیچ توێژەر و زانایەک نەیتوانی وێنەیەکی یەکگر و تەواو، پێک بهێنێ، بەڵام کارەکانیان هەریەکە بە تەنیا، مایەی دەستخۆشین.

خاڵی سەرەتای فەلسەفەی پۆلاککا بۆ مێژوو، ڕەخنەگرتنی ڕێکخراو (سیستماتیک)ی مارکسیزمە. لەسەر ئەو بنەمایە، تێکەڵەیەکی نوێی بۆ فەلسەفەی مێژوو داهێنا، تێڕوانینی پۆلاککا بریتییە لە تێکەڵکردنی ئەرستۆ – هیگڵ- مارکس، لە هەموویانی هەڵێنجاوە و هەڵیگەڕاندوونەتەوە.

## ڕەگی سایکۆلۆجیەتی کرداری گۆڕان، گەشەکردن و بەرەوپێشچوون (evolution)

لە ڕوانگەی توێکارییەوە، مرۆڤ نەوەی مەیموونەکانە. پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی بایۆلۆجی نەبووە لە دایکبوونی باپیرەگەورەی مرۆڤ، ئەوە گۆڕانکاری کۆمەڵگەبوو ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو، هۆمۆجینەس (باپیرەگەورەی مرۆڤە)، ڕەگی لە ناو هەموو ئەو بوونەوەرانەدا هەیە کە ئەندامەکانی کاریگەرییان بە پێی کارلێککردن و وەرگرتن لە یەکتری، لەسەر شوێنی تاکەکانی لە کۆمەڵگەکەیدا هەبوو، کاتێک ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە وەک میراتی کۆمەڵگە دەمێنێتەوە، دەبێتە بەرەوپێشچوونی ئەخلاقی بوونەوەرەکە، دەکرێ ئەو جۆرە بەرەوپێشچوونە لە هەندێ لە شیردەرەکان ببینرێ (نەهەنگی پشت کووڕی کوشندە و دۆلفینی لووت باریک)، لە باڵندەدا (قەلەڕەش، قەلەڕەشی کالیدۆنیای نوێ، تووتی بۆر)، سەگەکان، مەیموونەکان (چامپانزی، بۆنۆبۆ، گۆریلا، مەیموونی پرتەقاڵی، کاپوچین و ماکاک) و شەمشەمەکوێرەی خوێنمژ.

## کۆمەڵەکانی مرۆڤی هۆمۆجینەس (٢ ملیۆن و نیو ساڵ لەمەوبەر)

ساردبوونی کەشوهەوا لەوەرگەی پانوبەرینی ئەفریقای هێنا کایەوە، لەو بارودۆخە نوێیەدا، وەک لە پاشماوەی ئامرازە بەردەکانی بڕین دیارە، هەندێکیان لاشەی ئاژەڵە مردووەکانیان دەخوارد، ئەو کاتە ئابووری کۆمەڵە ڕاوچییەکان دەرکەوت، ژیانی تاکی هەر کۆمەڵێک پشتی بە دابەشبوونی ئەرکەکان بەسەر تاک، یان چەند تاکێک، بەستبوو، دەستکەوتنی خواردن بە دابەشکردنی ئەرک پێویستی بە هەندێ ڕێسا و سەرپەرشتی بوو، دابەشکردن لە ژێر چاودێری و بەکۆمەڵ دەکرا، فێڵباز سزا دەدرا، ئەوە شێوازێکی نوێی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بوو، لەوێوە کۆمەڵگە، خونچەی دا.

«ڕوحی یاسا» بووە سریشی بەیەکەوە بەستنی کۆمەڵەکان، بۆیە لەگەڵ تاکەکانی ناو ئەو کۆمەڵە، کۆمەڵەکان بوونە یەکەمین یەکەی هەڵبژاردنی سروشتی، دواییش بووە تاکە یەکەی ئەو داکردنە (پرۆسەیە)، هەرچی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، هەموو مرۆڤی هۆمۆجینەس لە نێوان ٢ ملیۆن و نیو تا ٦٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، لە هەمان جۆر بوون، لەوانە هۆمۆسابیان بەر لە ٢٠٠ هەزار ساڵ دەرکەوتوون، پێچەوانەی ئەدەبیات بە هەموو ئەوانە دەڵێین «پیاوی مەیموون».

پێشکەوتنی ڕیکخراو و باشبوونی خواردن، لە

کرداری گۆڕان، گەشەکردن و بەرەوپێشچوون (التطور) بەشداربوو، بۆ نموونە، بە گەورەبوونی مێشک، کە ئەویش وای کرد ئامرازی باشتر دروست بکات، لەو ماوەی ٢ ملیۆن و نیو ساڵە، جینەکانی ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی تاک و کۆی مرۆڤ دەرکەوتن، لە ناویاندا حەزی کوێرانەی دەسەڵات و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو یاسایانەی دەسەڵات سنووردار دەکەن – توانایی خۆ کپ کردن.

## خێڵە ڕاوچییەکان ٦٠ هەزارساڵ لەمەوبەر

بە تێکچوونی بارودۆخی سروشت، هەندێ کۆمەڵی هۆمۆساپییان کۆمەک و هاوکاری هەمیشەییان گرتەبەر، خێڵەکانی ڕاوچییەکان دەرکەوتن، ئەوانە پێیان دەڵێن کۆمەڵگە سەرەتاییەکان. لە خێڵەکاندا، ئەرک و داهاتەکان بەسەر دەستەدا دابەش دەکرا، نەک بەسەر ئەندامانی کۆمەڵگە، یەکە سەرەکییەکان بۆ دابینکردنی خواردن، پشتیان بە یەکتر نەدەبەست. هەموو ئەندامانی خێڵەکە لە ژێر هەمان یاسادا بوون.

لەگەڵ دەرکەوتنی درککردن، هەستی دادوەریی پەیدابوو، ئەوە لە هێماکان، هونەر، داهێنانی تەکنۆلۆجیا و توانایی خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانەکان، دیارە. ئاماژەکانی ئەو هەستە دۆزراونەتەوە (بۆ نموونە بەر لە ١٢٠ هەزار ساڵ لە باشووری ئافریقا)، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ٢ ملیۆن و نیو ساڵ، ئەو گۆڕانە زۆر بوو، هیچ بازێکی جین ناتوانێ ئەو گۆڕانە گەورەیە بکات.

هەستی دادپەروەری، مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە. ئەوە ڕەوشتی دادپەروەرییە ئامادەبێ، بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی کەسی و لە بارودۆخی زۆر دژبەیەک، بابەتیانە بیر بکاتەوە.

لە خێڵدا، یاساکان مافی مرۆڤ بوون کە تاکەکانی خێڵەکەی لە تاکەکانی دیکە دەپاراست. مرۆڤ پێویستی بە کۆمەڵگە بوو تا خۆی لە سروشتی خۆی، بپارێزێ. ئەندامەکان دەیانتوانی لە دەستەیەک بۆ دەستەیەکی دیکەی ناو یەک خێڵ بگوازنەوە (ئەوە لە مرۆڤی سەرەتایی نەبوو). لە ئەنجامدا ئەندامانی خێڵ بۆ پاراستنی ئەو بەهایەنەی بە گرنگیان دانا، یەکیان گرت و هاوڕێیەتی و پەیوەندی خۆشەویستییان هەڵچنی. چەمکی دادپەروەری، مەرجە پێشینەکانی ژیریی ڕەوشت لە دایک بوون.

لە ناو خێڵدا، هەستی دادپەروەری خۆی بووە ئامراز و مەبەست. خێڵەکان ڕێکخراوەی داخراو بوون، هەموو خێڵەکانی دیکەی وەک دوژمن تەماشا دەکرد، لە دژی ئەوانی دیکە، ڕوحی خێڵەکیمان ئاژەڵانە بوو، ئێستا بەو ئەنجامە گەیشتووین، کە ڕابوردوومان پڕ توندوتیژی بووە، بەڵام جەنگ نەبووە، چونکە جەنگ بە قازانج بۆمان نەدەشکایەوە. پێشکەوتنی کۆمەڵگە درێژکراوەی پێشکەوتنی بایۆلۆجییە.

خێڵ ڕێکخراوەیەکی سیاسی بوو، ناکۆکییەکانی لە بەرژەوەندی کۆمەڵگە، چارەسەر دەکرد. پێشکەوتنی سیاسی بووە هێزی پاڵنەری گەشە و بەرەوپێشچوون.

## شارستانییەتی بێ دەوڵەت، ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر

لە شارستانیەتدا، شێوازە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان لە لایەن هەمان دەستەوە بەڕێوەدەبران، بەرهەمهێنان کۆمەڵگەی ڕێک خست. شارستانیەتەکان لە کۆتایی سەردەمی پێش مێژوو دەستیان پێ کرد. کۆمەڵی خەڵک لە چەند ناوچەیەکی دەوڵەمەندی سروشتی جێگیربوون. ئەو جێگیربوونە

تا ڕادەیەک بە کشتوکاڵەوە پەیوەست بوو، ئەوە بووە هۆی دابەشبوونێکی هەمیشەیی کار و بازرگانی، بۆ نموونە جووتیارەکان، ئاژەڵداران، ڕاوچییەکان و دروێنەری بەرووبوومەکان. ئەو داکردنە درێژخایەن و ئاڵۆز بوو، لەگەڵ بارودۆخی سروشتییش دەگۆڕا، ژمارەی ئەندامان زۆر بوون. شوێنی نیشتەجێ و حەوانەوەیش زۆربوون، دابەشکردنی ئەرکەکان والاتر بوو و جۆری دیکەی لێوە دەرکەوت، چەندی دەهات دابەشکردنی کالاکان ئالۆزتر دەبوون.

لە خێڵەکانی کۆمەڵە ڕاوچییەکان، هەر یەکەیەکی خێڵەکە بەشی خۆی خواردنی دابین دەکرد. لە شارستانیەتدا، ژیان لە بنچینەدا بە دابەشکردنی ئەرکەکان لە نێوان یەکە سەرەتاییەکان، یان تەنانەت لە نێوان یەکە ئابوورییەکاندا بەندە. بە دەرکەوتنی شارستانیەت، ڕێگای مرۆڤایەتی بۆ دوو لا دابەش بوو، ئەگەرچی تێکەڵبوون هەبوو، بەڵام جیاوازییەکان دیار بوون:

١) لەسەر بنچینەی خزمایەتی و پێوەندی خێڵەکی و میراتگری کە تێیدا سەرۆکەکەیان شوێن پێی باڵاتری بەدەست دەهێنا، هاوپەیمانیەتی لە نێوان چەند خێڵێک (نێوخێڵەکی) دروست بوو. ئەو کۆمەڵگەیانە یەکەمین کۆمەڵگەی چینبەند (کۆمەڵگە بۆ چەند چینێک دابەش کرابوو) بوون و زۆریش توندئاژۆ بوون، بە ناویان بنێین سەرەخێڵەکان. لە ناوخۆیاندا جێگیر نەبوون، پێکهاتەی بەڕێوەبردنیان نەبوو تا بتوانن ناوچەی دیکە بۆ بەردەوامی باکارهێنانیان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، جەنگەکان بۆ دەست بەسەرداگرتنی ڕێگەکانی بازرگانی، یان زەوی کشتوکاڵی بوو، هەندێ جاریش چەتەیی و ڕووت کردنەوە بوو.

٢) شارستانیەتی یەکسانی و ئاشتی، لەگەڵ هەندێ جیاوازی ئاستی کۆمەڵایەتی و هەندێ ئاماژەی توندوتیژی، بەڵام هیچ بەڵگەیەک بۆ خراپ بەکارهێنان و جەنگ نییە. لە بەناوبانگترینیان چاتالهۆیوک لە تورکیا، شارستانیەتی دۆڵی ئیندوس لە هیند و پاکستان و نۆرتی چیکۆ (کاراڵ) لە پیرۆ هیچ یاسای نووسراویان نەبوو، بەڵام بۆ نموونە مۆرەکەی دۆڵی ئیندوس بۆ خاوەنداریەتی موڵک، ئاشتی لە کۆمەڵگەکەدا بەرپا کردبوو.

یەکە ناوخۆییەکان تا ڕادەیەک سەربەخۆ بوون تا ژیان و کاری ڕۆژانەی خۆیان بەڕێ بکەن. ئەو شارستانیەتە ئاشتی ویستانە ڕاستی ڕای هیگڵ دەسەلمێنێ کاتێک دەڵێ موڵکداری مەرجێکی ئازادییە، مارکسیزم گریمانەی ئەوەی هەبوو نەمانی موڵکداری تایبەت، سەرەتای دادپەروەری، ئاشتی و یەکسانییە، بەڵام وا نەبوو. لەگەڵ ئەوەیش شارستانیەتی ئاشتیخواز بەرەو نەمان چوو، لە ناو ئەو شارستانیەتانەدا کۆمەڵگە بۆ مەبەستی کۆمەڵگە دانەمەزرابوو، بەڵکوو بۆ بەکارهێنانی سروشت دروست بووبوو، کۆمەڵگە چینبەندەکان بوونە ئاراستەی سەرەکی گەشەسەندن، سەرەتا سەرەخێڵەکان، دواتر ئیمپراتۆرییەکان و وڵاتان، لەوانەدا دەسەڵات بەسەر خەڵکدا بووە مەبەست.

بە پێچەوانەی خێڵە ڕاوچییەکان، هەموو شارستانیەتەکان ڕوو لەدەرەوە و کراوە بوون، مەبەستیان فراوانخوازی بوو. کاتێک پێوەندییەکانی ناوەوە هاوسەنگ بوون، فراوانبوون ئاشتییانە بووە. کۆمەڵگە چینبەندەکان پشت بە توندوتیژی دەبەستن، بۆیە جەنگ بووە بەشێکی مێژووی مرۆڤایەتی.

## کۆمەڵگەکانی وڵات، ٥ هەزار ساڵ لەمەوبەر

لە کۆمەڵگەی چینبەنددا، مرۆڤەکان دژی

ئەوانی دیکە هاوپەیمانییان بەست، بە جۆرێک گەیشتن بە دەسەڵات خۆی بووە مەبەست. ئەوە لە یەکەمین یاسای نووسراوی سۆمەردا دیارە، بە جۆرێک یەکەمین شاری سەربازی دامەزرا، بەکارهێنانی هێز بووە کارێکی گرنگ. دابەشکردنی ئەرکەکانی سەربازیی بووە گرنگترین کار و دابەشکردنی ئەرک و هێز بووە یەکەمین بابەت و کاڵا، بەکارهێنانی سروشت کەوتە ژێر سێبەری دامەزراندنی کۆمەڵگە.

وڵات کۆمەڵگەیەکی چینبەندە تێیدا یاسای فەرمانڕەوا لەسەر بنچینەی دابونەریت نییە، بەڵکوو نووسراوە. لە جێی پێوەندی خزمایەتی، کەسی کارا و سوپای بەهێز بۆ جێبەجێکردنی یاساکان دامەزرا، ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەی وڵات بە جیاجیا لە چەند شوێنێکی کەمی جیهان دەرکەوتن، وەکوو ڕێکخراوەی جەنگبازیی وابوون بۆ سەرکوتکردن و خراپ بەکارهێنان بوون، بە بەکارهێنانی یاساکان و نووسینەوە و خوێندنەوە، دەستیان بۆ داگیرکردن و بەخۆوە لکاندنی زەوی و وڵاتانی دیکە واڵا بوو، ئەگەرچی ئیمپراتۆریەتەکان دەردەکەوتن و ئاوا دەبوون، بەڵام هەیکەلی دەوڵەت لە هەموو جیهان لە مێژووی نووسراودا بڵاوبووەوە.

ئەوکاتەی کۆمەڵگەکانی وڵات دروست بوون، مرۆڤ خۆی بووە گەورەترین دوژمنی خۆی. وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەوە، ئاراستەی ئەخلاقی و هیوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە ئایینەدا دەرکەوتن، کۆمەڵگەکان هەنگاوی گەورەی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری، تەکنۆلۆجیا و زانستیان هەڵێنا، ئەو هەنگاوە تینی لە ڕکابەری نێوان ئاراستە جیایەکانی کۆمەڵگە وەردەگرت. نەک تەنیا لە جیاوازی نێوان چینەکانی، بەڵکوو هەر چینەی لە ناو خۆیشی.

**خەسڵەتە دیارەکانی مێژوو، بۆ نموونە ئەمانەی خوارەوە بوون:**

- لە دایکبوونی فەلسەفە لە یۆنانی کۆن

فەلسەفە — گەڕان بە دوای ڕاستیدا وەک کۆتا خاڵ- خاڵێکی وەرچەرخانی سەرنجڕاکێشە لە زانیارییەکانی مرۆڤایەتی، بناغەی شۆڕشی زانستی دانا. گفتوگۆی یۆنانی کۆن سەبارەت بە ڕاستیودروستی تا ئێستەیش بە کۆڵەکەی تێڕوانینی زانستی بۆ سروشتی مرۆڤ دادەنرێ.

- لە دایکبوونی جیهانی هاوچەرخ و ڕۆشنگەریی

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەورووپای ڕۆژئاوا بۆ نموونە لە چاو ڕۆشنبیری و کولتووری چین، زۆر لە پاشی دابوو، بەڵام نەبوونی دەسەڵاتێکی چەقگر وای کرد کۆمەڵگەی بچووک بچووکی سەربەخۆ پێش بکەوێ، لە سەدەی دوازدەوە، بە تایبەتی لە شارەکانی ئیتاڵیا، ئابووری بازاڕی دیموکراتی (ئەوەی پێی دەڵێن سەرمایەداری) بەرهەم هات. پێشکەوتنی زۆری خستە بەردەست، بەڵام لە هەمان کاتدا دژوێژیش بوو.

بەرهەمهێنان بۆ بازاڕ، لە ناو چینی فەرمانڕەواکان پێویستی بە دیموکراسیەت و سەروەریی یاسا هەبوو، ئەوە جیهانی نوێی لە جیهانی چینبەندی کۆن، جیا کردەوە. بەربڵاوبوونی بازرگانی، یاساکانی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای سەربەخۆیی وڵاتان، هێنا کایەوە. هزرە ڕۆشنگەرەکان بوونە سەرچاوەی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی کڵێسا، بیروباوەڕی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئایین لە وڵات و هزری مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی.

لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی، کرێکار، تەنانەت منداڵیش ١٦ کاتژمێر بە مووچەی نانە زگ، کاری دەکرد. وڵاتانی داگیرکار (ئیستعمار) داپڵۆسینی زۆریان دژ بە خەڵکی وڵاتانی داگیرکراو

کرد، تا سەربەخۆ بوون. لە هەلومەرجی جیهانی هاوچەرخدا، زۆربەی گەلان دەرفەتی داواکردنی مافی دیموکراتی و یەکسانییان لە دژی یاساکانی خراپ بەکاربردنی ئابووری و بەرتەسککردنەوەی دەربڕینی هزری سیاسی هەبووە، لە کۆمەڵگە چینبەندەکاندا، هەردەم چالاکی سیاسی بۆ پارێزگاریکردن لە یەکسانی و دادپەروەری، لایەنێکی ئەخلاقی تێدایە.

## مارکسیزم و سەردەمی پێشوو

دەرکەوتن و دامرکانەوەی سیستمی سۆشیالیزمی جیهانی و بزووتنەوەکانی جیهانی شیوعییەت، دیارترین خەسڵەتەکانی ئەو سەردەمە بوون، ئەگەر هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین لە دژی دەرکەوت، واتا قۆناغەکانی گەشەسەندنی سەرمایەداریی داگیرکاری و داگیرکاریی هاوچەرخ و جەنگەکانی جیهان. ئابووری بازاڕی دیموکرات و دەسەڵاتی یاسا، سەلماندیان تاکە بناغەی پتەون تا لەسەریان هەڵچنین.

لە لایەکی دیکەوە، بە بێ کورتکردنەوەی تاقیکردنەوەکانی سەردەمی ڕابوردوو و ڕەتکردنەوەی مارکسیزم (بەپێی هیگڵ)، ناکرێ تێڕوانینێکی مێژوویی- فەلسەفی بۆ ڕێڕەو و ئایندەی مرۆڤایەتی، بخرێتە بەردەست.

## سووڕانەوەی سەردەم

کڕین و فرۆشتنی بازاڕی دراو و کاڵاکانی دیکە بوونەتە هێزێکی جیهانی سەرمایەدار. ئەو هێزانەی تێدایە دەتوانن بۆ دیمکراتیبوونی وڵاتێک هەڕەشە بن، لە لایەکی دیکەوە تەکنۆلۆجیای زانیاری دەرفەتی داوەتە هەموو مرۆڤێک بەشداری لە بڕیاری ژیانی تایبەتی خۆیان و هەموو مرۆڤایەتیدا بکەن، بارودۆخی ماددیی لەبار بۆ ڕزگاربوونی تەواوی مرۆڤ بەردەستە. بەدرێژایی مێژوو، بیروڕای دژبەیەک سەبارەت بە خۆخواردن و خۆناسین، لە یاسا دەرچوون و شەرعیەت وەرگرتن، جەنگ و ئاشتی لە نێو هەمان قەوارەی بەڕێوەبردندا هەبووە. هەردوو باڵ بەهێزتر بوون، بەڵام باڵی خۆخواردن و خۆلەناوبردن تا ئێستە باڵا دەستە.

پێشکەوتنی بەرچاو بۆ یەکخستنی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەکانی وڵاتدا بەدی هاتووە، بەڵام مەبەست لە هەبوونی وڵات بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دژی وڵاتانی دیکەیە کە لە کۆتاییدا دەبێتە جەنگ، تەنیا لەو بارەدا مرۆڤایەتی یەک دەگرێت، ئەگەر گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سروشتی وڵاتدا بکەین.

## کۆمەڵگەی جیهانیی – هاوچەرخ و ئایندە

کۆمەڵگەی جیهانیی بە واتای وڵات، وڵات نییە، چونکە هیچ دوژمنێکی دەرەکی نییە. وەک هەموو کۆمەڵگەیەک، بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش دەبێت:

١- هێزی چەق، وەکوو کۆبوونەوەی وڵاتان لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

٢- وڵاتان و لە ناویاندا حزب و کۆمەڵەکانی دیکەی خاوەن بەرژەوەندی.

٣- کۆمەڵگەی مەدەنی ئەخلاقی، لە ناوخۆوە بۆ ئاستی نێودەوڵەتی.

مرۆڤ وەک جۆرێک لە بوونەوەر یەکەیەکی هەڵبژاردنی سروشتییە. بۆ مانەوەی دەبێ مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای- خۆناسی خۆی- یەکگر بێ، دەنا خۆی لەناو دەبا.

کۆمەڵگەیەکی جیهانی، دەستی بە دەرکەوتن کردووە. بە شێوەیەکی گشتی، دەکرێ خەسڵەتەکانی لەسەر بنەمای مێژووی کۆمەڵگەکان و ئاراستەی

بەرچاوانی گەشەسەندنیان، ببینرێ، بە شێوەیەکی سروشتی، ئەوە پرۆسەی چەند نەوەیەکە، لە ئێستەوە وردەکارییەکانی نابینرێ، ڕەگی کۆمەڵگەی جیهانی لە هێزی یاسای دیموکراتی و پێشکەوتنی یاسای نێودەوڵەتی سەرچاوەی گرتووە، بەڵام وڵاتان، حزبەکان، ئەو کۆمەڵانەی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوورییان هەیە، لە ناو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە ڕاستی تەواو ناگەڕێن، جگە لە کۆڕبەندی ڕاستی، یان کۆمەڵگەی مەدەنی ئەخلاقی (تۆڕی خەڵکن کە دەزانن ئەرک و مافەکانیان چییە - لە کۆمەڵگەی جیهانیدا دەبنە هێزی پاڵنەری گەشەسەندن)، کام بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەتوانێ لە «ڕاستیی ڕەها» لە ناو ئەو هەموو ناکۆکییە سیاسییە و هزرییەدا بگەڕێ؟

بە پێچەوانەی بزووتنەوەکانی گۆڕان لە ڕابوردوودا، کۆمەڵگەی مەدەنی ئەخلاقی جگە لە هەموو مرۆڤایەتی، خزمەت بە بەرژەوەندی هیچ چین و کۆمەڵێک ناکات، وەکوو بزووتنەوەکانی یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی یاساکان نییە، بەڵکوو تینووی شۆڕشی یاسایە، تا ئابووری بازاڕی دیموکرات پابەندی یاسا و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بێ، لە لایەکی دیکەوە، بواری یاسادانان پێویستی بە چاکسازییە. لە هەموو ئەوانیش گرنگتر داواکردنی دروستکردنی دەستەیەکی هەمیشەییە بۆ گەڕان بە دوای ڕاستییەکاندا.

بە هاتنەدی ئەوانەی سەرەوە، وڵاتەکان سروشتی ئیمپریالیبوونیان نامێنێ، تێکۆشان لە پێناو دادپەروەریی، دەبێتە تێکۆشان بۆ گفتوگۆیەکی ڕاستگۆیانە، گفتوگۆی فراوان و ئاست بەرز بۆ تێڕوانینی جیهانیی لەسەر ئاستی نیشتماندا، سەرەکیترین ئامرازی بەهێزکردن و پاڵپشتکردنی هێزی ئایدیۆلۆجی و سیاسی و ئابووری نا چەقبەندییە. میدیا و زانکۆی پڕ ڕەوشت دەبنە «وڵاتی چوارەمی» نوێ کە لە ئاست داواکارییەکانی سەردەمە.

لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، مرڤایەتی دەچێتە سەر ڕێڕەوی شۆڕشی ڕەوشت بەرزی. باوەڕی بنچینەیی، بنەما سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، وانە سەرەتاییەکانی مێژووی مرۆڤ دەبێت:

١- لە چەق لابردنی هێزی ئایدیۆلۆجی، سیاسی و ئابووری.

٢- لەسەرووی هەموویانەوە ئەوەی ڕاستگۆ و پاڵپشتە و هەستی دادپەروەریی هەیە، دەبێ خەڵات بکرێ.


**سەرچاوە:**

https://newhistory.fi/the-evolutionary-phases-of-human-history/?fbclid=IwAR0WswibsM0ccIxbYGCVV6dk7U2Webe2SyBgzwnEzzhSXH7zpan1kmWQ1sc

# کورد لە نیگای سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا

**(لە سەرهەڵدانی دەوڵەتی مەغۆلییەوە تا ڕووخانی دەوڵەتی ئاق قویونلو)**
**(٦٥٦ - ٩١٤کۆچی/ ١٢٥٧-١٥٠٨زایینی)**

**د. ڕابیعە فەتاح شێخ محەمەد**
**(زانکۆی سەلاحەددین- بەشی مێژوو/ کۆلێژی ئەدەبیات)**

**(٢- ٢)**

**٣- پەرەسەندنی چەمکی کەسایەتیی کوردی**

لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسیدا، لە ڕووی سیاسییەوە، سنوورەکانی ئێران بەرەو بەر لە ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی چوونەوە، ئەگەر زمانی فارسی لە سەردەمی مەرکەزیەتی عەرەبی ئیسلامیدا گەشەی بەرچاوی بەخۆوە دی، دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی هەردوو باری زمان و سیاسەت توانییان بەیەکەوە پایەکانی کولتووری ئێرانی بەرز ڕابگرن.

ڕاستییەکەی ئەو چەمکانەی ڕۆڵی بەرچاویان لە دروستکردنی وێنەی کورد هەبووە، زۆربەی زۆریان لە ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکان وەرگیراون، هەر ئەمەش ڕەسمی کەسایەتیی کوردی کردووە، چونکە ئەو ڕواڵەتانە دواجار لە کولتووری ئێرانیدا ئینتیمای کوردیان نیشان داوە.

ئینتیمابوون بۆ کۆمەڵێک واتا دابەش بووە، ئەو واتایانەش ڕوانگەی ئەوان لەبارەی سەیرکردنی دنیاوە ڕەسم کردووە، لەبەر ئەوە جیهانبینی ئەوان و ڕێبازیان مامەڵەی لەگەڵ خود و ئەوی دیکە و سروشتیان دیاری کردووە، بە شێوازێکی جودا لەگەڵ گرووپ، یان کۆمەڵێکی دیکە جووڵاونەتەوە (شوقی جلال: ١٩٩٧، ١٠).

سەرەتا واتای کەسایەتیی کوردیش هەر لەژێر چیرۆکی زوحاکەوە بەرهەم هاتووە، کورد

ئەو گرووپەن بەهۆی وەزیر، یان چێشتلێنەر ڕزگاریان بووە، دواتر چوونەتە کێو و دەشت، لەبەر ئەوە لە پلەبەندی کۆمەڵایەتییەوە کورد قەرزارباری کەسێکی دیکەیە، بە واتا لە پلەی خوارتری ئەو کەسەیە و کۆمەڵێک ڕواڵەتی کۆمەڵایەتی هەن کوردیان پێ ناسراوەتەوە.

لە سەردەمی مەغۆلیدا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی بەهێز بووە، لە کولتووری ئێرانیدا لە بارەی کەسایەتیی کورد هەر کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکەی برەوی هەبوو، بە واتا یەک ڕوانین بۆ کورد لە ئارادا بووە، کورد کەسێکی چیانشین و چادرنشین و کەم بیر و ڕێگرە، ئەم خاسڵەتانەش بۆ گرووپێکی وەک کورد نێگەتیڤن، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی سیاسی کورد کەناڵەکانی لەگەڵ دەوڵەتی مەغۆلی لاواز بووە، تاڕادەی ئەوەی کورد موعارەزە (ئۆپۆزسیۆن) بووە، سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی ڕاستەوخۆ ڕوانینی دەسەڵاتدارانی مەغۆلیان لەبارەی کوردەوە دەرنەبڕیوە، بەڵام ئاماژەی زۆریان پێ داون، کە دەبێ مەغۆل کورد و ناوچە کوردییەکان پاک بکەنەوە، ئەو ناوچانە جێگەی دڵنەوایی و ئارامی نین و بەلای دەسەڵاتدارانی مەغۆلەوە دەبێ بخرێنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتەوە (همدانی: ١٣٧٤، ٦٨٦- ٦٨٧، ٧٠٥- ٧٠٧)، ئەگەر بە دوای ڕوانینی تەواوی سوڵتانی مەغۆلی بڕوانین و بزانین لەبارەی کوردەوە چ ڕوانگەیەکی هەبووە، دەبێ بۆ ململانێی سوڵتان ئەحمەد تەکۆدار کوڕی هۆلاکۆ (٦٨٠- ٦٨٣ک/ ١٢٨١- ١٢٨٤ز) لەگەڵ سوڵتان ئەرغۆن کوڕی ئەباقا کوڕی هۆلاکۆ بگەڕێینەوە، کە سوڵتان (تەکۆدار) ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیاندووە و ویستوویەتی لە ڕووی سیاسییەوە بەرەو دراوسێکان ڕێبازێکی کرانەوە پەیڕەو بکا، ئەرغۆنی برازای دژی وەستاوەتەوەو گوتوویەتی: (مامی ئەحمەد تەکۆدار ئیسلامبوونی خۆی ڕاگەیاندووە و دوور لەوەی جەنگیزخانی بنیادناوە و بە دوای کوردان کەوتووە و دەیەوێ زەویوزاریان پێ بدا و وڵاتی تەتەریان بداتێ و مەزنایەتیی خاقان شونبزر کا) (الدواداري: ١٩٧١، ٢٦٤. ابن الفرات: ١٩٣٩، ٨/٣).

ڕاستییەکەی ئەو گوتارە لە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی سەردەمی مەغۆلی ئیلخانی بەو جۆرە بەرچاو ناکەوێ، ئەمەش پێگەی کوردمان وەک کەسایەتی لە کۆنتێکستی دەسەڵاتی مەغۆلی نیشان داوە، بەر لە هەموو شتێ کورد بە گشتی دژی دەوڵەتی مەغۆلی بووە، توێژەرێک پێی وایە نەفرەت لە دەوڵەتی مەرکەزی یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی زەینییەتی سیاسیی کورد، چونکە ناتوانێ لەژێر دەسەڵاتی مەرکەزی ئۆقرە بگرێ، نابێ لەو بارەشەوە سێیانەی (چیا، شوانکارەیی، خێڵ) لەبیر بکرێ (احمد: ٢٠١٣، ب ١٥٧). لێرەدا ڕێگە نادرێ بێجگە لە کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی کورد، هیچ کەسایەتییەکی دیکەی لە ئارادا هەبێ، هەر ئەمەشە وای کردووە بەشداری و نوێنەرایەتیی کورد لە سەردەمی مەغۆلیدا لە ڕووی سیاسییەوە پەیدا نەبێ و کەناڵی پێوەندیی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی لاواز بێ و دواجار سیاسەتمەداران نزمتر لە کوردیان ڕوانیوە.

لەو گوتارەی سوڵتان ئەرغۆندا دەردەکەوێ، کورد بەلای ئیسلامەوەیە و دژی مەزنایەتیی مەغۆلە و زەویوزاریان نییە و لەنێو کێوە سەختەکاندان و ئەوان بە دوای ئەوەوەن گەورەیی مەغۆل بزرکەن، لەبەر ئەوە لە سەردەمی دەوڵەتی مەرکەزیدا لەسەر ئاستی باڵا کورد بەو شێوەیە ناسێنراوە، کە دوورە لە بەشداریی

سیاسی و تەنیا یەک کەسایەتیی ناسێنراوە، ئەویش ئەو وێنەیەی ڕواڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی دروستی کردوون. بەجۆرێ کورد بۆ سەر دەوڵەتی مەرکەزی جێگەی نیگەرانی بووە، ئەمەش ئەو هاوکێشەیەیە کە کورد لە پەراوێزدایە و دەستەبژێری کولتووری ئێرانی بە گوێرەی داواکارییەکانی مەرکەز باسیان لە کەسایەتیی کورد کردووە.

وجوودی کورد لە زەینییەتی کولتووری ئێرانیدا تەنیا وێنەی کۆمەڵایەتیی کورد بووە، کورد هەرچی دیکەی هەبووە لە دەرەوەی بازنەی کولتووری ئێرانیدا بووە، ئەو ڕوانینەش تا مانی دەوڵەتی مەرکەزی لە گۆڕەپانەکەدا تەنیا ڕوانین بووە، دواتر لەگەڵ لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەتی مەرکەزی کولتووری ئێرانی گوشارەکانی لەسەر کورد گۆڕیوە و باسی کەسایەتیی سیاسیی کوردیشی هێناوەتە پێشەوە، کەواتە لەگەڵ ئەوەی باسی کەسایەتیی کۆمەڵایەتی لە ئارادا بووە، لە سەردەمی نامەرکەزیدا کەسایەتیی سیاسیی کوردیش لەو بازنەیەدا ڕۆڵی گێڕاوە.

بێگومان دەوڵەتی ئەیووبی ڕۆڵی بەسەر کورد و خێڵەکانیانەوە هەبووە، کاشانی مێژوونووسی دەرباری مەغۆلی لە باسی کەسایەتیی شێرکۆ و سەلاحەددین (برازای) کە دەوڵەتی فاتمییان لەناوبرد، لەوە دواوە کە شێرکۆ پیاوێکی خوێنمژ بووە و سەلاحەددینیش هەروا، هەرچەندە خەلیفەی فاتمی شێرکۆی سەرکردەی لە ژەهرخواردن ئاگادار کردەوە، کەچی ئەو دوو کوردە ناهەقییان بەو بنەماڵەیە کرد (١٣٨٤، ١٢٧، ١٢٦)، ئەگەر لە کاریگەریی کەسایەتی ئەو دوو سەرکردەیە لەنێو کوردان لە سەردەمی مەغۆلی بدوێین، بۆمان دەردەکەوێ چ لە نێو وڵاتی کوردان و چ لە دەوڵەتی مەملووکی ڕۆڵی گەورەیان بەسەر کوردانەوە هەبووە، لەو کاتیشدا هەردوو دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی و دەوڵەتی مەملووکی دوژمنی یەکدی بوون، لەبەر ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر کەسایەتی کورد بەگشتی تێکەڵی ئەو سیاسەتە و پێوەندییانە کراوە و پیاوانی دەرباری مەغۆلی کە زۆربەیان نووسەری گەورەی سەرچاوەکانی ئەو کولتوورەن، لەو ڕوانگەیەوە لە کوردیان ڕوانیوە.

بە ڕووخانی دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی، ئێران ڕووبەڕووی شڵەژانی سیاسی بووەوە و چەند دەوڵەتێکی دیکە لە شوێنی ئەو دەوڵەتە گەورەیە دروست بوون، هەرچەندە دەوڵەتی جەلائیری بۆ ماوەیەک توانیی بەشێکی زۆری ئێران بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەتایبەتی لای ڕۆژئاوای، بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی و سەرەتای سەدەی نۆیەمی کۆچی ناوچەکە ڕووبەڕووی هێرش و شاڵاوەکانی تەیموورلەنگ بووەوە، ئەمەش وای کرد شڵەژان و ئارامی سیاسی لە ناوچەکە بکەوێتە بەر هەڕەشە.

ئەو بارودۆخە وای کرد لەو سەردەمەدا، لە کاتێکدا دەوڵەتی مەرکەزی (جەلائیری) جێگەی لێژ بووبوو، لە وڵاتی کوردان (ڕۆژئاوای ئێران) گەلێ میرنشینی کوردی سەری هەڵداوە و کورد بەرەو قەوارەی سیاسی خۆی چوو، ئەمەش لە ئەنجامدا وای کرد سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی باسیان لە کەسایەتیی میری کورد کردووە، کەواتە هاوکێشەکەش بەو شێوەیە بووە، لەو سەردەمەی مەرکەزییەتی دەسەڵات لاواز بووە، قەوارەی کوردی سەری هەڵداوە و کورد کەوتووەتە پێوەندیی کەناڵی سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران و سەرچاوەکانی کولتووریش باسیان لە میری کورد کردووە و بە کەسایەتییەکی پۆزەتیڤانە وێنەیان کێشاوە.

لە پاڵ کەسایەتیی کۆمەڵایەتیی کورد، کە لە زەینییەتی کولتووری ئێرانیدا مێژووییەکی دوور و درێژی هەبووە، پیاوانی دەربار بەتایبەتی دەرباری تەیمووری بە شکۆوە باسیان لە میری کورد کردووە، چونکە پێوەندییە سیاسییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران کەناڵی پێوەندییان لەگەڵ کورد کردووەتەوە، بگرە لە سەردەمی جەلائیریشدا میرانی کورد خەڵات کراون و دیارییان پێشکەش کراوە (حافظ ابرو: ١٣١٧، ب ١٩١، ٢١٤. السمرقندي: ١٣٥٣، ٣١٢/١).

شاڵاوەکانی تەیموورلەنگ بۆ ناوچەکە لە ئەنجامدا وای کرد ململانێ لەسەر ناوچەکانی ئێران دروست بێ، هەرچەندە دەوڵەتی تەیمووری لە ڕۆژهەڵاتی ئێران دروست بوو، بەڵام لە ڕۆژئاوا دەوڵەتی قەرەقویونلو دامەزرا، تەیموورلەنگ لە سەرەتای داگیرکارییەکانی هەستی بەوە کرد لە کوردستان کۆمەڵێک قەوارە دروست بوون و لەناوبردنیان ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوە زۆر گرنگی بە میر عزەددین شێر دا و کردییە مەلیکی کوردستان و دواتریش ئەو سەرچاوانە بە مەزنییەوە باسی ئەو پیاوەیان کردووە (حافظ ابرو: ١٣٧٢، ا ١٦٩، ٢٩٠/١، ٧٧٦/٢. الشامي: ١٩٣٧، ١٠٣. اليزدي: ١٣٣٦، ٣٠٥/١).

سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانی زۆر لە لێهاتوویی ئەو میرە دواون بەجۆرێک ناوبانگی بۆ هێندە ڕۆیشتووە تا بە (مەلیک عزەددین مەلیکی کوردستان) ڕۆیشتووە (sanjian: ١٩٦٩، ١١٠ . Minorsky: ٦٣ . زرار: ٢٠٠٩، ١٣٣).

سەرچاوەکانی دەرباری تەیمووری وەنەبێ هەر لە کەسایەتی ئەو میرە دوابن، بەڵکوو زۆر میری دیکەیان بە میری گەورەی کوردستان ناوبردووە (الشامي: ١٩٣٧، ١٣٠. حافظ ابرو:١٣٧٢، ١٠٣. میرخواند: ١٣٣٩، ٢٠٩/٦). هەتا لە باسی میر حاج شەرەف ڕۆژەکی خاوەنی بەدلیس گوتوویانە: (لە هەموو ویلایەتەکانی کوردستان کەسێک نەبووە لە پیاوەتی و شەهامەت و ڕاستگۆیی و ڕەوشتی جوان شان لە شانی بدات) (الشامي: ١٩٣٧: ١٥٢. اليزدي: ١٣٣٦، ٤٨٦/١).

ڕاستییەکەی لەسەر دەستی پیاوانی دەرباری تەیمووری بە تەواوی کەسایەتیی میری کورد لە کولتووری ئێرانیدا قاڵبی گرت و بە دیوێکی دیکەدا پێوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئێران ئەنجامێکی دیکەی لێ هاتە بەرهەم، لەو هاوکێشەی نەبوونی مەرکەزییەت، یان لاسەنگ بوونی مەرکەزییەت لە پاڵ کەسایەتی ئاسایی کورد، میری کوردیش هاتە مەیدانەوە، کە ئەو گوزارشتە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک خەڵکە لە سایەی بەڕێوەبردنێکی تایبەتیدا لە شێوەی قەوارەیەکی وەک میرنشین خۆی دۆزیوەتەوە.

ئەبووبەکری تارانیش باسی لە میرە کوردەکان کردووە و لە چالاکییەکانی و پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی قەرەقویونلو و ئاق قویونلو دواوە، لە کتێبەکەیدا زانیاریی گرنگی لەبارەی میرە کوردەکان بڵاوکردووەتەوە تاڕادەیەکی باش لە کەسایەتی و دەسەڵاتی ئەوان دواوە (١٩٧٧، ٥٩، ٩٩، ١٠٢، ١٦١).

لۆژیکی لاوازبوونی دەوڵەتی مەرکەزی ڕۆڵی سەرەکی لە پایەی کەسایەتی میری کورد لە کولتووری ئێرانیدا هەبووە، ئەوجا، یان ئەوەتا نێگەتیڤانە باسی لێوە کراوە، یان لەو ململانێیانەدا هەبووە بە شێوازێک باس لە ڕۆڵی کراوە، لە سەردەمی مەرکەزییەتی دەوڵەتی ئاق قویونلو، ئۆزۆن حەسەن لە کاتێکدا شاڵاوی بۆ میرنشینە کوردییەکان دەست پێ کردبوو، لەبەر چالاکیی عەشیرەتی ڕۆژەکی لە

بەدلیس و میر ئیبراهیم بەدلیسی لە ساڵی (٨٧٧ک/ ١٤٧٢ز) ویستی بچێتەوە بەدلیس، ئۆزۆن حەسەن لە هەمان ساڵدا کوشتی (البدليسي: ٢٠٠١، ٦٣٤) کەچی پاش ئەوەی دەوڵەتی مەرکەزیی ئاق قویونلو بەرەو لێژی ڕۆیشت، میر و سەرکردەکانی لەسەر دەسەڵات کەوتنە ململانێ، میر عیزددەین شێری هەکاری لەگەڵ سۆفی خەلیلی سەرکردەی گەورەی ئاق قویونلو، هاوپەیمانی بەست و بووە بەشێک لە ململانێ ناوخۆکان (فضل الله: ١٣٨٢، ٦٠).

ئەو دوو ڕووداوە نیشانی داوە کورد بەهۆی چالاکییەکانی، لە سەردەمی ململانێ و نامەرکەزییەت بەرەو کەسایەتیی سیاسی چووە و کولتووری ئێرانی لەژێر سەرنجی پێوەندییەکانی دەوڵەتی مەرکەزی، وێنەی کەسایەتی میری کوردی کردووە.

### ٤- کورد لەنێوان ئینتیمای ئایینی و خێڵەکیدا

ڕاستییەکەی توێژەر ناتوانێ بە تەواوی و بە ڕوونی ئینتیمای ئایینی کورد و پێوەندییە ئایینییەکانی بخاتەڕوو، بەتایبەتی لە سەردەمی دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی، چونکە ئەو سەرچاوانەی باسیان لە کورد و ناوچەکەیان کردووە، زیاتر گرنگییان بە بابەتی سیاسی داوە، بەبێ ئەوەی لە بابەتی دیکەی وەک ئابووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی دوابن، هەروەها گرووپێکی گەورەی ئەتنی وەک کورد کە لە مەرکەزی خەلافەت نزیک بووەو لە ململانێ سیاسییەکان بە گوێرەی قەبارە و دۆخی تایبەتی خۆی ڕۆڵی لە ڕووداوەکاندا هەبووە، لەنێو مەزهەب و ڕەوتە ئایینییە ئیسلامییەکاندا پێویستی بەوە هەبووە، لەسەر مەزهەبێک خۆی بدۆزێتەوە، کە پێناسی ئینتیمای ئایینی پێ بکا.

ڕەوتی گەشەسەندن و کامڵبوونی ئینتیمای ئایینی کورد بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە و پێویستی بەگەڕان و لێتوێژینەوەی زۆرە، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە جێگەی بایەخە، دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی دەتوانین بڵێین کورد لە ڕووی ئینتیمای ئایینییەوە تاڕادەیەکی زۆر خۆی یەکلا کردبووەوە، دوو کۆمەڵگەی گرنگ کاریگەرییان لەسەر یەکلاکردنەوەی ئینتیمای ئایینی کورد هەبوو.

**یەکەمیان:** کار و چالاکییە ئایینییەکانی سەرکردە و میرە کوردەکانی سەردەمی دەوڵەتی عەبباسی، بە واتای کاریگەریی سیاسی سەرکردە و میرە کوردەکان لە گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی مەزهەبەکانی سوننە بە تایبەتی لە شام، وای کردووە خەڵکی لە سەردەمێک لە سەردەمەکاندا ئەو مەزهەبە بەهی خۆیان بزانن، هەرچەندە کامڵبوون و گەشەسەندنی ئەو مەزهەبە لە نێو کورداندا لەو کاتەوە سەرچاوەی گرتووە، کورد لە مەڵبەندی دەوڵەتی عەبباسی نزیک بووە، بە واتا لە هەموو شوێن و ڕووگەیەک زیاتر لەسەر ئایین و مەزهەبی دەوڵەتی مەرکەزی ڕۆیشتووە، سەرکردە و دەسەڵاتدارانی کوردستان گەشەی بەرچاویان بەو مەزهەبە داوە، بێجگە لەناو کوردستان لە دەرەوەشیدا چەندان قوتابخانە و حوجرەی ئایینییان کردووەتەوە (التكريتي: ١٩٨١، ٤١١ -٤١٦).

**دووەمیان:** بوونی زانا و عالم و موتەسەوفی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان، ئەگەر سەیری تەبەقاتی شافعی بکەین بۆمان دەرکەوتووە زۆر زانا و عالم هاتوونەتە کوردستان، یان ئەوەتا لە کوردستانەوە چوونەتە دەرەوەی، هەروەها کوردستان لە بەغدای مەڵبەندی زانست و زانیاری نزیک بووە، کەواتە ڕەوتی هاتن و چوونی زانایان کارێکی ئاسان بووە و کاریگەریی لەسەر بڵاوبوونەوەی مەزهەبی سوننە، بەتایبەتی شافعی

له كوردستاندا به پلەی یەکەم هەبووە (السبکي: ١٩٧٠، ٣١/٦، ٥٧، ٣٩، ٣٥/٧، ٥٣).

بێگومان لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆری زانا و عالمەکان لە سەردەمی داگیرکارییەکانی مەغۆل کوردستانیان جێهێشت و ڕوویان لە شام کرد، بەڵام مەغۆل لەبارەی ئینتیمای ئایینییەوە کارێکی ئەوتۆی بەسەر گەلانی ناوچەکە و کوردستان نەبوو، زانا و عالمی کورد بەر لە مەغۆلیش لەگەڵ سەلاحەددینی ئەیووبی بەشێکیان ڕوویان لە دەوڵەتی ئەیووبی کردبوو، کەواتە دەرکەوتووە سەنتەرەکانی بەغدا و شام و میسر لەگەڵ حوجرە و قوتابخانەکانی کوردستان لە زۆر ڕووەوە وەک یەک بوون و هەمان مەزهەبیان پەیڕەو کردووە و تێیدا خوێنراوە (قادر: ٢٠٠٩، ٤٩-٥١، ٢١٤-٢٥).

کەواتە ڕۆڵی گەورە لە کامڵبوونی ئینتیمای ئایینی کورد، سەرکردە و میر و زاناکان گێڕاویانە، هەرچەندە کورد لەناو کوردستاندا مەرکەزییەتی سیاسی نەبووە تا مەرکەزییەتی ئینتیمای ئایینی بچەسپێنێ، بەڵام تاڕادەیەکی زۆر مەرکەزیەتی مەزهەبی سوننە کۆڵەگەی ئینتیمای ئایینی کورد بووە، دەرکەوتووە میرە کوردەکان مەرکەزییەتی ئینتیمای ئایینییان یەک بووە، کەچی مەرکەزییەتی سیاسییان یەک نەبووە، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی تا دەرکەوتنی دەوڵەتی سەفەوی زۆربەی زۆریان لەسەر مەزهەبی سوننە بوون ئەو ئاماژانەش لەو کاتەوە دەرکەوتوون کە لە ڕووی ئایینەوە پشتیان لە شا ئیسماعیلی سەفەوی کردووە (جوزرافابار بارۆ: ٩٥، ١٥٢، ١٥٧).

بێگومان وێنەی خێڵەکی کورد چ جای ئەوەی کاتێکی دوورودرێژ هەبووە و درێژەی کێشاوە، لە هەمان کاتدا بەردەوام زاڵ بووە، ئەو وێنەیەش هەر تەنیا سیما و خەسڵەتی کورد نەبووە، کەچی زیاتر بەلای کوردەوە باس کراوە، دیارترین جیاوازییش ئەوە بووە، نەتەوەکانی دیکە لە سەردەمێک لە سەردەمەکانی زاڵ بووندا توانیویانە ڕۆڵی مەرکەزیانە بگێڕن، کەچی کورد ئەو ڕۆڵەی وەک ئەوانی پێ نەگێڕاوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە لە سەرچاوە کولتوورییەکانی ئێرانیدا چەند جۆرێک وێنەی ئایینی کورد بەرچاو کەوتوون، کەچی زۆر کەم لە ڕواڵەتی خێڵەکی دابڕاون، کەواتە لە وێناکردنی وێنەی ئایینی کورد هیچ کاتێک زانا و عالیم و سەرکردەکانی لەبەرچاو نەگیراون، بۆیە وێنەی ئایینی کورد لە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا بە فلتەری وێنەکانی پێشوودا گوزەریان کردووە، هەروەک چۆن وێنەی کەسێکی نەزان لە بواری کۆمەڵایەتی باڵادەست بووە، بە هەمان شێوە لە کێو و چیاکانی کوردستان نزیکەی سی هەزار کەس لە کوردی هەڵگەڕاوە بە دوای پیاوێ کەوتوون کە گوایە مەهدی -مەهدیی مونتەزر-ە، ئەو پیاوە لە سەردەمی سوڵتان ئولجایتۆی مەغۆلی ئیلخانی سەری هەڵدابوو، دواجار هەندێک لە میرانی مەغۆل بەدوای ئەو ئاشووبەوە چوون و گرفتەکەیان دامرکاندووەتەوە، (کاشانی، ١٣٨٤، ٧٦-٧٧).

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەو گوتارەدا ژمارەی ئەو کەسانەیە کە سی هەزار کەسن و دواتر زۆر زوو ئەو بزووتنەوەیە بڵاوبووەتەوە، دواجار بە نێو کورددا بڵاوبووەتەوە، ئەوانە لەڕێ لادەر و ونبوون، ئەوان لە نەزانی و تاریکیدا هەر زوو بانگەشەی ئەو پیاوەیان قبووڵ کردووە، ئەو قبووڵکردنەش لە نەزانییەوەیە و دواجار بەهۆی نەزانییەوە زوو لە نێویاندا بڵاوبووەتەوە، لەگەڵ

ئەوەی وێنەی ئایینی کورد بە فلتەری وێنەی کۆمەڵایەتیدا تێپەڕیوە، لە هەمان کاتدا لە خودی حەقیقەتی کوردیش دوور بووە، کورد لە ڕووی باوەڕەوە جێگەی متمانە نەبووە، جاری وابووە هەڵگەڕاونەتەوە و لە ڕێبازی ڕەسمی و باوی ئایینی لایان داوەو بە دوای بانگەشەی پڕوپووچ کەوتوون (مؤلف مجهول: ١٣٥٠، ٣٤، مووسا، ٢٠١١، ٨٦).

بێگومان کورد مادام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خاوەن بنیادێکی لەرزۆک بووە، لە ڕووی ئیمانەوەش ڕاوەستاو نەبووە، لەبەر ئەوەی سادەیی و نەزانی پاڵنەری ئەو هەڵسوکەوتانە بوون، کە ئەنجامی داوە، تەنانەت ئەگەر بەو ئایدیۆلۆژیایانەوە پابەندبێ، کە ژیانی ڕوحی و ماددییان ڕێک خستووە. وەنەبێ هەر تەنیا تاکی کورد ئەو خاسڵەتانەی هەبێ، بگرە سەرۆک خێڵ و هۆزەکانیشی وان، چونکە ئەوان ئامادەن دەستبەرداری ماڵ و موڵکیان بن و بەدوای شێخێکی سۆفی بکەون، چونکە ئەو شێخە خاوەن کەرامات بووە، ئامادە بوون کچ و ماڵ و موڵکی پێ بدەن، شێخەکە هەرچەندە سەرەتا ڕازی بووە، بەڵام دواجار پشتی لەوان کردووەو ڕووی لە خودا کردووە (جامی: ١٣٨٢، ٢٤٩-٢٥٠).

وێنەی کورد بە گەلێ شێوازی دیکە باس کراوە، بە جۆرێک گومان لەوە نییە کورد بۆ خۆیان لەڕووی ئینتیماوە لەسەر مەزهەبی سوننە یەکلابوونەتەوە، کەچی لە ململانێی میرانی تورکمان و کورداندا لەو کاتەی هێزە کوردەکان سەرکەوتوون، بەم شێوەیە باسیان لێوە کراوە، کە کوردان دەرکەوتوون و بەسەر ئەهل- خەڵک-ی سوننەدا زاڵبوون و گەلێکیان لە دانیشتووانی ناوچەکە قەتڵ و بڕکردووە (طهرانی: ١٩٧٧، ٢٢٥/١)، لە کاتێکدا ئەگەر بەشێکی کوردی شیعە زاڵبووبن، وەک ئەوەی بەسەر تورکماندا زاڵبوون، زاڵبوون بێ بەسەر هەموو ئەهلی سوننەدا، لێرەدا وێنەی زاڵبوون ئاوێتەی کێشەیەک کراوە، لە خۆی گەورەتر نیشان دراوە، سەرباری ئەوەی ئینتیمای بەشێکی زۆری کورد لەبەرچاو نەگیراوە. بۆ ناساندنی ئینتیمای ئایینیی کورد کەمینە بە پێش خراوە و زۆرینە فەرامۆش کراوە.

دواجار وێنەی ئایینیی کورد لەلای مێژوونووسێکی وەک ڕەشیدەددین هەمەدانی بە تەواوی تێکەڵ بە سیاسەت کراوە و بە جۆرێک کوردی وەک گرووپێکی ئەتنی وەسف کردووە، کە هەڵگەڕاوەن و لە ئایین لایان داوە، لەگەڵ کۆمەڵێک نەتەوەی دیکە لە باسی ڕێگری و دزی باسی کورد و لوڕ و شوولی کردووە، کە دوور لە ئایین، ئاژاوەیان دروست کردووە، بەو جۆرە دواوە، کە کورد لە ڕیزی مورتەدن (١٣٦٢، ١٠٥١/٢) لێرەدا کورد لە دەرەوەی ئایینی ئیسلام وێنەی کێشراوە لەگەڵ کۆمەڵێک نەتەوەی دیکە ڕیز کراوە، هەرچەند لەو وێنەیەدا یەکەم جار بە بواری سیاسی دەستی پێ کردووە، لە هەمان کاتدا لە قاڵبی کۆمەڵایەتیش دوور نییە، ئەوان لەبەر ئەوەی خێڵەکین و لە ژیانی شارستانی دوورن، بۆیە لە ئایینیش دوورن، یان دەکرێ بڵێین ئایینیشیان لاوازە. ئەو دەقەی ڕەشیدەددین بەلای ئەوەشدا دەچێ کورد لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی ئایینییەوە لاوازە لە هەمان کاتیشدا سروشتێکی توند و دڕی هەیە.

فەزڵوڵڵا ڕۆزبەهان خونجی مێژوونووسی دەرباری دەوڵەتی ئاق قویونلو پیاوێکی توندڕۆی مەزهەبی سوننە بوو، هەر لەبەر هەڵوێستەکانی ئێرانی جێهێشت، کەچی لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بە ئینتیمای ئایینی مەزهەبی سوننەی کورد نەکردووە،

چ لەو کاتەی وەک گرووپی ئەتنی باسی کوردی کردووە، یان لەو کاتەی باسی لە میری کردووە (١٣٨٢، ٦٠، ١٢٣)، لەمەوە دەرکەوتووە وێنەی باوی ئایینیی کورد لە سەرچاوە ئێرانییەکاندا لەژێر سایەی وێنەی کۆمەڵایەتیی کورددا حەشار دراوە، ئەگەر نا کەسێکی وەک مەلا ئیدریسی بەدلیسی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وەک فەزڵوڵڵا بەتوندی مەزهەبی سوننەی گرتووە، بەهەمان شێوە لە دەرباری ئاق قویونلو کاری کردووە و کوردیش بووە، (ادریس بدلیسی: ١٣٨٧، ٤)، کەچی نەبووەتە سیما و نموونە بۆ ئینتیمای ئایینی کورد، بەڵکوو تەنیا وەک کەسایەتییەک لە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا باسی لێوە کراوە.

لە دواڕۆژەکانی ڕووخانی دوڵەتی ئاق قویونلودا شا ئیسماعیلی سەفەوی لە کاتێکدا چالاکییە سیاسییەکانی ڕوو لە هەڵکشان و نەشونما بوو، تەنگی بە دەوڵەتی ئاق قویونلو هەڵچنیبوو، لە هەمان کاتدا مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامیشی وەک مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵەت ڕاگەیاند، سوڵتان خەلیل میری حسن کێفا لە هەرێمی دیاربەکر کە دانی بە دەسەڵاتیدا نا، خوشکی خۆی دایە و عەبای سووری پۆشی وەک نیشانەیەک کە هەمان ئایدیۆلۆژیای قبووڵە، کەچی لە دڵەوە مەزهەبی شیعەیان قبووڵ نەکردووە (جۆزافا باربارۆ و دیگر: ١٣٨١، ٤٤٢-٤٤٣)، ئەمەش سەلماندوویە گۆڕینی ئینتیمای ئایینی کورد کارێکی ئاسان نەبووە، کە پاشخانێکی گەورەی لە مەزهەبی سوننە داگیرکردووە.

ئەگەر لە سەرچاوە مەملووکییەکان بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ ئەوان وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرایان لەبارەی ئینتیمای ئایینی کوردەوە پێشکەش کردووە، وێنەی نێو ئەو سەرچاوانە درێژکراوەی هەمان وێنەی ئینتیمای ئایینی کوردن لە سەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا، میرە کوردەکان بە پاڵنەری ئایینی (مەزهەبی سوننە) کۆبوونەتەوە و ڕوویان لە هەکاری کردووە و هێرشیان بۆ کوردە ئێزیدییەکان بردووە، چونکە ئەوان گوایە بە دوای بیروباوەڕی نەشیاو کەوتوون (المقريزي: ١٩٩٧، ٦/٣٧٠). لێرەدا لە پشت ئەو وێنە ڕوونەی ئینتیمای ئایینی کوردەوە، دوو مەبەست دەردەکەوێ، یەکێکیان کورد لە میسر خاوەن دەوڵەت بووە و بە توندی مەزهەبی سوننەی سەپاندووە، ئەو مەزهەبەی لە مەرکەزەوە پشتگیری کراوە، دوومیان پاش ڕووخانی خەلافەتی عەبباسی کورد پێوەندیی دۆستانەی لەگەڵ مەملووکی نەپچڕاوە (زرار: ٢٠٠٩، ١٧٩-١٩٣).

لە سەرچاوەکانی کولتووری ئێرانیدا بە جودا سەیری وێنەی گرووپێکی ئەتنی وەک کورد و کەسایەتی ئایینیی کورد کراوە، ئەو دەقەی بەردەستمان کەوتووە، هەردووکیان بەیەکەوە باسکراون و بەڕوونی دیارە کە ئەو دووانە لە مەعریفەی ئێرانیدا دوو وێنەی جودان، کوردێک لە شیراز بە دوای زانست و عیلمدا گەڕاوە و لە مەدرەسەیەکدا پرسیویەتی کە دەیەوێ وەک ئەوان فێر ببێ، قوتابییەکانیش کە زانیویانە کوردە، پێیان ڕابواردووە و گوتوویانە: شەوان پێیەکانی بە سەقفی خانووەکەت هەڵواسە و ببەستە و بزانە تا چەند دەتوانی وێرد بخوێنی، بیخوێنە. بەو جۆرە دەرگای زانست و عیلم بە ڕووتدا دەکرێتەوە، ئەویش چۆنی گوتوویانە وای کردووە، بۆ چەند شەوێ وای کردووە، دواجار لە بەیانییەکدا دەرگاکانی زانستەکانی بۆ کراوەتەوە و دڵ و دەروونی بە نووری موقەدەس گەشاوەتەوە، هێندە زانا بووە هەر

کێشـەیەکی ئاڵـۆز و تەمومژاوییـان پـێ گوتـووە، وەڵامـی داوەتـەوە و بەسـەریدا زاڵ بـووە، ئەمـەش ڕستەی بـاوی جارانـی سـەپاندووە کـە (امسیت کردیـا و أصبحـت عربیـا)، واتـە لـە حاڵێکـدا ئێـوارەم کـردەوە کـورد بـووم، یانـی هیـچ شـتێکم نەدەزانـی، کەچـی لـە حاڵـی بەیانیـدا بـووم بـە عـەرەب، واتـە هەمـوو شـتێک فێـر بـووم (جامـی: ١٩٨٢، ٣٢٥) سـەرەتا هـەق وایـە بپرسـین، بـە چ لۆژیکێـک ئـەو شـێخە ئـەو هەمـوو زانسـت و زانیارییانـە فێـر بـووە؟ ئەمـەش جێگەی پرسـیارە.

لێـرەدا بـە ڕوونـی دیـارە زانایـان و عالمانـی کـورد لـەو کاتـەی زیـرەک بـوون، پلەشـیان بـۆ دیـاری کـراوە و لـە گرووپـی خۆیـان تـرازاون، بۆیـە هـەر کاتێـک زانـا و عالمـی کـورد لـە کولتـووری ئێرانیـدا سـەری هەڵدابـێ لـە دەرەوەی گرووپـی ئەتنـی خۆیـان تەماشـا کـراون، نـەک هـەر ئـەو شـێخە، بەڵکـوو زۆربـەی زۆری زانـا و عالمـان ئـەو ڕوانگەیـان بەسـەردا سـەپێنراوە. ڕەنگـە زمانیـش ڕۆڵـی مەزنـی لـەو بـوارەدا هەبـێ، چونکە کـورد بە زمانـی خـۆی نەینووسـیوە، لـەو سـەردەمدا زمانـی عەرەبـی و فارسـی بـاو بـوون، هەرچەنـدە دەبـێ ئـەو سـەرنجەش لەبـەر چـاو بگریـن کـە نەتـەوەی دیکـەش هەبـوون بـە زمانـی خۆیـان نەیاننووسـیوە، کەچـی وەک کـورد بـە نـەزان سـەیر نەکـراون، زۆر دوور نەڕۆیـن تـورک بـە زمانـی خـۆی نەینووسـیوە، کەچـی لـەو سـەردەمدا بـە نـەزان نەناسـێنراوە، تـورک هـۆکاری زاڵبوونـی سیاسـی و بەهێـزی لـە گۆڕەپانـی سیاسـی کاریگەریـی بەسـەر وێنەکەیـدا لـەو سـەردەمدا هەبـووە.

ئەوەی تێبینـی دەکـرێ لـە بـارەی چەمکـی ئایینیـی کـورد لـە سـەرچاوەکانی کولتـووری ئێرانیدا کۆمەڵێـک وێنـە و ئامـاژە بەرچـاو کەوتـوون، ئەگـەر بمانـەوێ لـە حەقیقەتـی ئینتیمـای ئایینیـی کـورد بگەیـن، لـەو سـەرچاوانە دەرکەوتـووە، کـە ئینتیمایەکـی ئایینـی یەکگرتـوو دەسـت ناکـەوێ تـا هەمـوو کـورد کۆبکاتـەوە، بۆیـە وێنـە ئایینەکانـی کـورد پەرتوبڵاون، سـەرچاوەکان وایـان نیشـان داوە کـورد لـە ڕووی ئایینییـەوە چەسـپاو نییـە. زانـا و عالمـان و میـرە کوردەکان ئاماژە نین بۆ ئینتیمای ئایینیی کورد، لـە هەندێـک بـاردا کـورد ئەگـەر زانـا و عالمـی لـێ هەڵبکـەوێ لـە گرووپـی ئەتنـی کـورد چـووەتـە دەرەوە، وەک کەسـێکی سـەربەخۆ سـەیر کـراوە، لەبـەرە ئـەوە سـەرچاوەکانی کولتـووری ئێرانـی ئینتیمـای ئایینـی گرووپـی ئەتنـی کوردیـان بـە زانـا و عالـم و موتەسـەویفەکان نەبەسـتووەتەوە.

ئـەو وێنـە ئایینییانـەی بـۆ کـورد کێشـراون، لـە خەیـاڵ و زەینـی نووسـەرانی سـەرچاوەکاندا ڕوانگـەی پێشـووی وێنـەی خێڵەکییانـەی کـورد ڕۆڵـی مەزنـی هەبـوو تـا تەسـەورکردنی کامـڵ بێـت، ئـەو وێنانـە بـەدەر نیـن لـە خەسـڵەت و مۆرکـی خێڵەکیی کـورد، بـە واتـا کـورد ئایینـی ئیسلامیشـی بـە گوێـرەی بنیـادی کۆمەڵگـە خێڵەکییەکـەی وەرگرتـووە، بنیـادە خێڵەکییەکـە ئینتیمـای ئایینـی کـوردی دەستنیشـان کـردووە، دواجـار سـەرچاوەکان وایـان نیشـان داوە کـورد وەک گرووپێکـی ئەتنـی لەبـەر ئـەوەی خێڵەکیـن ئینتیمـای ئایینیشـیان لاوازە، ئەمـەش دوای ڕووخانـی دەوڵەتـی عەبباسـی و دۆڕانـی مەرکەزییەتـی سـوننە مەزهـەب، قووڵتـر بووەتـەوە.

لەکاتێکـدا میـرە کوردەکان لـە سـاڵی (٨١٧ک/ ١٤١٤ ز) بـە پاڵنـەر (دافـع)ی ئایینـی و فەتـوای خوتبـەی مـەلای تەورێـز کۆبوونەتـەوە و هێرشـیان بـۆ ئێزیدییـەکان بـردووە، ڕاسـتییەکەی ئەمـە سـەلماندوویە تـا چەنـد میـرە کوردەکان لەسـەر مەزهەبـی سـوننە مکوڕن، چونکە سـوننە مەزهەب لە بەرانبـەر نەیارانـی تونـد بـووە، کەچـی سـەرچاوەکانی

کولتووری ئێرانی لەو ڕووداوە نەدواون، یان بەلایانەوە گرنگ نەبووە میر و عالمی کورد تا چەند کاریگەریی لەسەر ئینتیمای ئایینی کورد هەبووە، لەکاتێکدا گەشتیار و گەڕیدەی ئەورووپی لەبارەی ئینتیمای ئایینی کوردەوە زانیاری گرنگ و ڕاستەقینەیان تۆمار کردووە.

**٥- ڕەچەڵەکی کورد لە نێوان ڕابوردوو و ناسنامەدا**

لە مەعریفەی ئیسلامیی پێش ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی وێنەی ڕەچەڵەکی کورد لە چوارچێوەی ئێرانیدا ئامادەگیی بەهێزی هەبوو تا ئەو تێزە ململانێی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیی زاڵی عەرەبی بکا، ئەو کولتوورەی دوای فەتحی ئیسلام، بەتایبەتی لە سەردەمی عەبباسیدا لە ناوچەکە وای کرد عەرەب و فارس بۆ ئەوەی هەم سەرمایەی ڕەمزیی خۆیان زیاد بکەن و هەم دەسەڵاتیان لە بوارە جیاکاندا بسەپێنن لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە هەر یەک لەو نەتەوانە بیگێڕنەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆیان، کولتووری ئێرانی لە سەردەمی مەرکەزییەتی زمانی عەرەبی توانیویەتی بە ئازادی بیر و بۆچوونی خۆی پێڕەو بکا و دەستبەرداری ڕابوردووی نەبێ، نووسەرانی ئێرانی لەگەڵ ئەوەی بە زمانی عەرەبی نووسیویانە، کەچی لەبارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە ڕوونیان کردووەتەوە پێوەندی بەهێز لە نێوان ڕەچەڵەکی کورد و چیرۆکی ئەفسانەیی زوحاک هەبووە، کورد نەوەی ئەوانەن کە لە دەست زوحاک ڕزگارکرابوون و پەنایان بۆ چیا و کێوەکان بردبوو، (حیدر: ٢٠٠٤، ٨٢- ٨٣).

ڕاستییەکەی ڕیوایەتی ئەو گەنجانەی کە یەکیان مێشکی دراوە بە مارەکانی سەر شانی زوحاک و یەکێکی دیکەیان دەربازی بووە و چووەتە چیا و کێوەکان تا دەرنەکەوێ، دواتر کورد لە نەوەی ئەوانە دروست بووە، بەهێزترین بۆچوونی نووسەران و مێژوونووسانی ئێرانە، کەواتە ئەو ڕیوایەتە ئەگەر حەقیقەتێکی مێژووییش بێ ناسنامەی ڕەچەڵەکی کوردی لە زەینی کولتووری ئێراندا نەک هەر تەنیا لە سەردەمی فەتحی ئیسلامیدا، بگرە پێشتریش دروست کردووە، هەتا فیردەوسی لە شاهنامەدا لە باسی ڕزگاربوونی تاقمێک لە خەڵکی لەدەست زوحاک و پەنابردنیان بۆ چۆڵگە و بیابان و کێو گوتوویە:

**کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد**

**که ز آباد نايد به دل برش یاد**

(فردوسی: ١٣٨، ٢٨/١).

فیردەوسی لە بابەتی ڕەچەڵەکی کورد ئاماژەی بەوە داوە کورد لە تۆوی ئەو کەسانەیە، لە دەست زەحاک چوونەتە کێو، ئەوانە هیچ کاتێک یاد و بیرەوەریی شار و ئاوەدانی بە دڵ و مێشکیاندا نایە (خزری: ٢٠١٤، ٥٧)، بێگومان لە ڕووی ڕێکەوتی مێژووییەوە ڕووداوەکانی سەردەمی زوحاک پێوەندییان بە عەرەب و ئیسلامەوە نییە، بەڵکوو سەروەرییەکانی فارسی وێنەکێشاوە، لەو کاتەوە دەستی پێ کردووە کە زوحاک لەناو چووە (حیدر: ٢٠٠٤، ٨٣-٨٤)، وجوودی ئەو تێزە بۆ ڕەچەڵەکی کورد لە حەقیقەتی مێژوویی ڕیوایەتەکە گرنگترە، وەنەبێ حەقیقەتی مێژوویی ڕۆڵی نەبێ، بگرە حەقیقەتی مێژوویی ڕووداوەکە خاوەن خاڵێکی دەستپێکردنەوە و گەشەسەندنی هێز و هۆکارگەلێکی دیکە، بە تایبەتی دەسەڵات و ململانێ وای کردووە بە گوێرەی سەردەمەکان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، بەڵام وجوودی وێنەی ڕەچەڵەکی کورد لە زەینییەتی کولتووری ئێرانیدا دوو ئاماژەی گرنگی دروست کردووە، یەکێکیان مێژووی هاوبەشی هەردوو نەتەوەی فارس و

کـورد – مێـژووی بەیەکەوەبوونیـان –، ئەمـەش حەقیقەتێکـی مێژووییـە و هـەردوو نەتـەوە لـە دێـر زەمانـەوە بەیەکـەوە ژیاون و زۆر هاوبەشیان بەیەکەوە هەبووە (احمد: ٢٠١٠، ١١٠)، هـەر لەبەر ئەوەشـە ڕیوایەتـی دیکـەش لەبـارەی ڕەچەڵەکـی کوردەوە هـەن، کـە ڕەچەڵەکـی کوردی بۆ یەکێک لـە شـاکانی فـارس گەڕاندووەتـەوە کـە هەمـوو نەتەوەکانـی فـارس ڕەچەڵەکیـان بۆ ئـەو گەڕاوەتەوە (المسـعودي: ١٩٨١ ٩٤، العمـري: ١٣٠/١٩٢٤، المقريـزي: ١٩٩٧ ١٠١/١)، هەرچـی ئـەوی دیکەیانـە، وێنـەی ئـەو کەسـانەی چوونەتـە کێـو و چیاکان و لەبـەر دەسـتی زوحـاک ڕایانکـردووە، ئەوانـە لـە کێـو و دەشـت ڕۆژگار بەسـەر دەبـەن، لـە شـار و ئاوەدانـی دوورن، لەبـەر ئـەوە وێنـەی ڕەچەڵەکـی کـورد لـەو کاتـەوە دروسـت بـووە کـە ئـەو تاقمـە لـەو کێـو و دەشـتە نەوەیـان زیـادی کـردووە، بۆیـە هـۆکاری شـوێن – دوور لـە ئاوەدانـی – گرنگتریـن هـۆکاری دروسـتبوونی وێنـەی ڕەچەڵەکـی کـوردە لـە زەینییەتـی کولتـووری ئێرانیـدا.

پێش ڕووخانـی دەوڵەتـی عەبباسـی کولتـووری ئێرانـی هەوڵـی جیـددی داوە تـا ئـەو ڕیوایەتانـە دەربخـات و برەویـان پـێ بـدا، بـۆ ئـەوەی لـە دژی کولتـوور و بوارەکانـی دیکـەی عەرەبـی بـەکاری بێنـێ و دواجـار بتوانـێ باڵادەسـتی خـۆی نیشـان بـدا، بۆیـە ئەگـەر زمانـی عەرەبـی و دەسـەڵاتی ئایینـی و سیاسـیی عـەرەب ڕۆڵێکـی گـەورەی هەبووبـێ، ئەمانـە نەیانتوانیـوە چالاکیـی کولتـووری ئێرانـی پەکبخـەن و دواجـار هـەم بـە زمانـی عەرەبـی و هـەم بـە زمانـی فارسـی هاتووەتـە دەنـگ، ئەمـەش بەشـێک بـووە لـە ململانێـی نێـوان عـەرەب و فـارس، بەتایبەتـی لـە بـارەی سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی شـعوبییەت، بزووتنـەوەی عەجەمـی – غەیـرە عـەرەب – لـە دژی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئیـداری و ڕۆشـنبیریی ڕەهـای عـەرەب (حیـدر: ٢٠٠٤، ٨٥)، پرسـیاری گرنـگ تایبـەت بـەو باسـە لێرەدا ئەوەیـە، ئایا کولتووری ئێرانـی چـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەو پاشـخانە کـردووە؟! گرنگتریـن خـاڵ ئەوەیـە، بـە ڕووخانـی دەوڵەتـی عەبباسـی کولتـووری شـیعە مەزهـەب زۆر پـەرەی سـەند و زمانـی فارسـی لـە ناوچەکـە شـوێنی زمانـی عەرەبـی گرتـەوە، بـە جـۆرێ زمانـی ڕەسـمی نـەک هـەر دەوڵەتەکانـی ئێـران بـووە، بەڵکـوو لـە دەوڵەتانـی دەوروبەریشـی وەک زمانـی سیاسـەت و پێوەندییـەکان و ئەدەبیـات ناسـراوە.

لێرەوە پێویسـتە بزانیـن ململانێـی کولتوورەکان لەبـارەی ڕەچەڵەکـی کـورد لـە سـەردەمی نەمانـی مەرکەزییەتـی زمانـی عەرەبـی چ ڕەنگدانەوەیەکـی بەسـەر کولتـووری باڵادەسـتەوە هەبـووە؟ یـان بـە مانایەکـی دیکـە لـە سـەردەمی مەرکەزییەتی زمانی فارسـی چ زەروورەتێـک هەبـووە بـۆ دەرخسـتنی ڕەچەڵەکـی کـورد؟! یـان ڕەچەڵەکـی کوردیـان بـۆ چ بوارێـک پێویسـت بـووە؟! سـەرەتا دەبـێ بزانیـن بابەتـی ڕەچەڵەکـی کـورد بـە هیـچ شـێوەیەک لـە ڕابـوردوو، واتـا لـە ڕیواتەکانـی ڕابـوردوودا دانەبـڕاوە و لەسـەر هەمـان هێـڵ ماوەتـەوە، لەگەڵ ڕووخانـی دەوڵەتـی عەبباسـی کولتـووری عەرەبـی و زمانـی عەرەبـی پاشەکشـێی کـرد، زمانـی فارسـی و کولتـووری ئێرانـی جێگـەی گرتـەوە، دەتوانیـن بڵێیـن لـە ڕووی جوگرافییـەوە ئـەو کولتـوورەی بـەر لـە ئیسـلام بەدەسـت بێنێتـەوە و پاڵەوانـە سیاسییەکانیشـی بنەماڵـەی چەنگیـز خـان بـوون، نـەک هەخامەنشـی و ساسـانی.

بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەو ڕیوایەتانـەی باسـیان لـە ڕەچەڵەکـی کـورد کـردووە، زۆربـەی زۆریـان لـە بەرهەمـە مێژووییەکانـدا بەرچاوکەوتـوون، دوو شـێوەی باسـکردنی ڕەچەڵەکـی کـورد بەرچـاو

کەوتـووە، یەکێکیـان ڕەچەڵەکـی کـوردی بـە ئێرانیبوونـەوە گرێ داوە و ئـەوی دیکەیـان باسـی لـەوە کـردووە کـورد ڕەچەڵەکیـان بـۆ سـەر عەرەب دەگەڕێتـەوە.

ئەوانـەی ڕەچەڵەکی کوردیان گەڕاندووەتـە سـەر ڕەچەڵەکـی ئێرانـی بـە دوو شـێوە باسـیان لـێ کـردووە، بەشـێکیان هـەر ڕیوایەتەکـەی ئەفسـانەی زوحاکیـان دووبـارە کردووەتـەوە، هەوڵیـان داوە تاڕادەیەکـی کـەم ڕەگـەزی ئەفسـانەیی لـێ دووربخەنـەوە، چونکە لـەوە دواون کە هیچ مارێک لەسـەر شـانی زوحـاک وجـوودی نەبـووە، بەڵکـوو پارچـە گۆشـت لەسـەر شـانەکانی هەبـوون و بـەرە بـەرە گـەورە بـوون تـا شـێوەیان وەک مـاری نواندووە، کاتێ زوحاک داوای مێشکی دوو گەنجی کـردووە، وەزیرێکـی مێشـکی گەنجێکـی داوە بـە زوحـاک و ئـەوەی دیکـەی ڕزگارکـردووە و کـورد لـە تۆرمـە و توخمـی ئەوانـەوە ئیجـاد بـووە کـە دواتـر زۆر بـوون و لـە هەرێمـی چیـا جێگیـر بـوون (قزوینـی: ١٣٨٢، ١٣٣. حمدالله مستوفي: ١٣٦٢، ٨٢. میـر خواند: ١١١. مووسا: ٢٠١١، ٦٦- ٦٧).

هەرچـی شـێوەی دووەمـە ڕەچەڵەکـی کـوردی گەڕاندووەتـەوە سـەر بنەماڵـەی ساسـانی، بەجـۆرێ شوانکارەکان ڕەچەڵەکیان بۆ ئەردەشێری بابەکان (م ٢٤١ز)ی دامەزرێنـەری دەوڵـەتی ساسانی گەڕاوەتەوە، شـوانکارەکان خۆشـیان لـە تۆمـار و بەرهەمـە مێژووییەکانـدا ئـەو ڕەچەڵەکەیان دووبارەکردووەتـەوە (بناکتـی: ١٣٤٨، ٢٢٣. شـبانکارەای: ١٣٧٦، ١٥١) هەتـا شـەرەفخانی بەدلیسـیش ڕەچەڵەکـی میرانـی بەدلیسـی بـۆ شـاکانی ساسـانی گەڕاندووەتـەوە (٢٠٠١، ٦٠٠).

بـە بـەراورد لەگـەڵ ڕەچەڵەکـی ئێرانـی بـۆ کـورد ئامـاژەکـردن بـە ڕەچەڵەکـی عەرەبـی بـۆ کـورد لـە سـەرچاوەکانی کولتـووری ئێرانیـدا ئامـاژەی زۆر کەممـان بەرچـاو کەوتـوون، دەتوانیـن بڵێیـن نەبووەتـە بابەتێکـی جێگـەی باسـکردن، ئەمـەش دەری خسـتووە کـە شـوێنەواری ململانێـی لەگـەڵ کولتـووری عەرەبیـدا هێشـتا دیـارە و ئـەوان بـاس لـەو تێـزە ناکـەن کە کـورد بباتـەوە سـەر ڕەچەڵەکی عەرەبـان، ئەبووبەکر تارانیـی مێژوونووسـی دەربـاری ئاق قویونلـو لە باسـی شـا حوسـێنی لوڕ لـەوە دواوە کـە ڕەچەڵەکـی دەچێتـەوە سـەر میرانـی عەبباسـی، ئـەو بنەماڵەیـەش بـە خورشـیدی ناسـراون (١٩٧٧، ٥٥٥/٢. البدليسي: ٢٠٠١، ١٤٣)، هەروەهـا لەبـارەی میرنشـینی فەزلەویشـەوە بـاس لـەوە کـراوە، ئـەوان بـۆ کوردانـی شـام دەگەڕێنـەوە، نـەک عـەرەب (شـبانکارەای: ١٣٧٦، ٢٠٨. البدليسـي: ٢٠٠١، ١٢٦) لـە هەمـان سـەردەم و کاتـدا دەبینیـن هەندێک بنەماڵـەی دیکـەی فەرمانـڕەوای غەیـرە کـورد لـە وڵاتـی عەرەبانـەوە بـۆ ئێران هاتـوون (کتبي: ١٣٣٥، ٣). ڕاسـتییەکەی باسـکردنی ڕەچەڵەکـی عەرەبـی بـۆ کـورد زۆر کـەم بەرچـاو دەکـەوێ، هەرچەنـدە بـاس لـەوە کـراوە لـە کوڕەکانـی حەزرەتـی عەبباس یەکێکیـان بووەتـە پاشـای کوردسـتان و یەکێکیـان لـە لوڕسـتان دەسـەڵاتی وەرگرتـووە، تـا ئێسـتاش- مـاوەی قەرەقویونلـو تـا سـەفەوی- لـە حکوومەتـدان (کربلائـی تبریـزی: ١٣٨٣، ٨٨).

لـە ڕووی گرنگیپێدانـەوە باسـکردنی ڕەچەڵەکـی کوردی لـە تۆرمـەی ئەوانـەی لـە دەسـت زوحـاک ڕزگاریـان بـووە زەینییەتـی کولتـووری ئێرانـی داگیرکـردووە، ئەو تەسـەورە نیشـاندانی تەسـەوری هەمـوو کوردە، کەچـی باسـی ڕەچەڵەکـی عەرەبـی بـۆ کـورد هیـچ جێگـەی بـۆ نییـە، پرسـیاری گرنگ لێـرەدا ئەوەیـە، کولتـووری ئێرانـی لـە پێنـاو ناسـینی ئـەوی دیکـە (الاخـر)دا چ خزمەتێکـی بـە ڕەوتـی گەشەسـەندووی سیاسـەت و بوارەکانـی دیکـە کـردووە و چـی بەرهـەم هێنـاوە؟!! چـۆن

لەو ململانێیانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە بەکاری هێناوە؟!

بە ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی دەسەڵاتی ئایینی خەلیفە لەناوچوو، ئەو دەسەڵاتەش نوێنەرایەتی سوننە مەزهەبی کردووە، ئەمەش وای کرد مەرکەزییەتی زمانی عەرەبی جێگەی لەق بێت، کوردیش لەبەر ئەوەی لەو مەرکەزییەتەوە نزیک بوو، لە سەردەمی مەغۆلی ئیلخانی پەراوێز خراوە، ئەمەش دواجار ئەوەی لێکەوتەوە کورد لە دەوڵەتی مەغۆلی ئیلخانی ڕۆڵی لاواز بێت، بە واتایەکی دیکە هیچ بنەمایەک بۆ پیشاندان و دەرخستنی ڕەچەڵەکی کورد لە کولتووری ئێرانی نەمایەوە تا ململانێی لەگەڵ کولتووری باڵادەست، یان هیی دیکەی پێ بکا، چونکە ئێستا خۆی باڵادەستە و ئەو کولتووره هەوڵی داوە زیاتر پێگەکانی ڕۆشنبیری لە بوارەکانی ئایینی و ڕۆشنبیری و هیی دیکە بەهێزتر بکا، لە کاتێکدا بووەتە زمانی ڕەسمی دەوڵەتانی دەوروبەری، مەرکەزییەتی سیاسی لەو سەردەمەدا توانیویەتی خزمەتی مەرکەزییەتی زمانی فارسی بکا، کەچی پێش ڕووخانی دەوڵەتی عەبباسی زمانی فارسی خزمەتی زۆربەی کایە و بوارەکانی دیکەی کردووە، ئەو وەرچەرخانەش سەرەتا لە کایەکانی کولتوورییەوە گەشەی کردووە، بەواتا بەهۆی زمانەوە دەستی پێ کردووە، کە مەرکەزییەتی زمانی عەرەبی نەما خزایە نێو ژیانی سیاسی، تا دواجار لەگەڵ بەرپابوونی دەوڵەتی سەفەوی توانیویەتی سێکوچکەی زمان و سیاسەت و ئایین بە یەکەوە لە قەوارەیەکی گەورەدا گرێ بدا.

**سەرچاوەکان:**


(الابی: ٢/٥١).

- اکوپف، هاکوپیان: کردان گوران و مسأله کرد در ترکیه. ترجمه: سیروس ایزدی، چاپ ١، انتشارات هیرمند، چاپخانه حیدری (تهران ١٣٧٦).

- احمد محمود الخليل: أ- صورة الكرد في مصادر التراث الاسلامي، دار اراس للطباعة والنشر، (اربيل ٢٠١٢)، الطبعة الاولى.

ب- الشخصية الكوردية، دار موكرياني للطباعة والنشر، (اربيل ٢٠١٣)، الطبعة الاولى.

- ادریس بدلیسی، ادریس بن حسام الدین: قانون شاهنشاهی، تصحیح: عبدالله مسعود ارانی، مرکز پژوهشی میراث مکتوب (تهران١٣٨٧)، چاپ اول.

- البدليسي: الامير شرفخان بن شمس الدين بن شرفخان الروژكي (ت- ١٠١٠ه/١٦٠١م)

- شرفنامه، ت: محمد جميل الملا احمد الروزبياني، مؤسسة موكرياني، (اربيل: ٢٠٠١).

- بلعمی، ابو علي محمد بن عبدالله: تاریخ بلعمی، بتصحیح: محمد تقی بهار، انتشارات زوار، (تهران ١٣٨٥).

- بناکتی: فخرالدین ابو سلیمان داود بن تاج الدین ابو الفضل محمد: روضة اولی الباب في معرفة التواریخ والانساب (تاریخ بناکتی)، بکوشش: جعفر شعار انتشارات بهمن، (تهران ١٣٤٨).

- بیضاوی، قاضی ابی سعید عبدالله بن محمد (ت ٦٨٥-١٢٨٦م): نظام التواریخ، به کوشش : میر هاشم محدث، انتشارات امیر کبیر، (تهران ١٣٦٣).

- التكريتي، محمود ياسين احمد: الايوبيون في شمال الشام والجزيرة، دار الرشيد للنشر، (بغداد ١٩٨١)، الطبعة الاولى.

- جامی، نورالدین عبدالرحمن: نفحات الانس من حضرات القدس، مقدمه وتصحیح و تعلیقات: د. محمود عابدی، انتشارات اطلاعات، (تهران ١٣٧٠) چاپ ٤.

- جوزافا باربارو و دیگر: سفرنامەهای ونیزیان در ایران، ترجمه: منوچهرامیری، انتشارات خوارزمی، (تهران:١٣٨١ه. ش)، چ٢.

- الجويني: علاء الدين عطا ملك بن بهاء الدين

محمد (و- ٦٨١هـ/١٢٨٢م): تاريخ جهانگشای، دنیای کتاب، (تهران:١٣٧٥ه.ش)، سه جلد.
- حافظ ابرو: شهاب الدين عبدالله بن لطف الله بن عبد الرشيد الخوافی (و-٨٣٤ه/١٤٣٠م)
أ- ذيل جوامع التواريخ، رشيدی، مقدمه و حواش و تعليقات، خانبابا بيانی، شركت تضامنی علمی، (تهران ١٣١٧).
ب- زبده التواريخ، مقدمه تصحيح و تعليقا، سيد كمال حاج سيد جواد، (تهران، ١٣٧٢).
- حمدالله المستوفي: حمدلله بن ابی بكر بن محمد بن نصر المستوفي القزويني (و-٧٥٠ه/١٣٤٩م)
أ- تاريخ گزيده، به اهتمام: عبد الحسين نوائی، مؤسسه انتشارات امير كبير، (تهران:١٣٨١ه.ش).
ب- نزهه القلوب، با اهتمام: گای لسترنج، دنيای كتاب، (تهران:١٣٦٢هـ.ش).
- حيدر لشكري: الكرد في المعرفة التاريخية الاسلامية، دار سبيريز للطباعة والنشر، (دهوك ٢٠٠٤).
- خزری، حەیدەر: میراتی شووم: وێنەی کوردەکان لە کولتووری تورکیدا، گۆڤاری نووبەهار ئاکادەمی (گۆڤارا ئاکادەمیک ئا خەباتێن کوردی، یان ناڤنەتەوەیی)، سال ١، ژمار ١، (ماردین، ٢٠١٤).
- ابن خلدون: ابو زيد عبدالرحمن بن محمد: تاريخ ابن خلدون، تحقيق: خليل شحادة، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٦.
-خواند مير: غياث الدين بن همام الدين الحسينی (و- ٩٤٢ه/١٥٣٥م): تاريخ حبيب السير فی اخبار افراد البشر، انتشارات كتابخانه خيام، (تهران:١٣٣٣).
-الدواداري: ابوبكر بن عبدالله بن ايبك (ت- ٧٣٦ه/١٣٣٥م): الدرة الزكية في اخبار الدولة التركية، تحقيق: اولرخ هارمان، القاهرة، ١٩٧١.
- زرار صديق توفيق: كردستان فی العهد الجلائري، مركز الدراسات الكوردية و حفظ الوثائق (دهوك:٢٠٠١).
- ابن زركوب شيرازی: شيرازنامه، تصحيح: بهمن كريمی، مطبعه روشنايی، (طهران ١٣١٠).
- السبكي، تاج الدين ابي نصر عبدالوهاب بن علي بن عبد الكافي: طبقات الشافعية الكبرى، تحقيق: محمود محمد الضاحي، عبدالفتاح محمد الحلو (بيروت ١٩٧٠).
- السمرقندي: كمال الدين عبدالرزاق (و- ٨٨٧هـ/١٤٨٢م): مطلع سعدين ومجمع بحرين، با اهتمام: عبدالحسين نوائی، كتابخانه گهوری، (تهران:١٣٥٣هـ.ش)، جلد ١.
- الشامي: نظام الدين (و- ٨٠٧ه/١٤٠٤م): ظفرنامه، با اهتمام: فلكس تاور، المطبعة الامريكية، (بيروت ١٩٣٧).
- شبانكاره أی: محمد بن علی بن محمد (و- ٧٣٣ه/١٣٣٢م): معجم الانساب، تصحيح: مير هاشم محدث، مؤسسه انتشارات امير كبير، (تهران:١٣٧٦هـ.ش).
- شوقي جلال: العقل الامريكي يفكر، سنا للنشر، القاهرة، الطبعة الثانية، ١٩٩٧م.
- شيرازی، عيسی بن جنيد: تذكره هزار مزار- ترجمه شد الازار، به تصحيح و تحشيه: نورانی وصال، انتشارات كتابخانه احمدی شيرازی، (١٣٦٤).
- عتبی: ابو الشرف ناصح بن ظفر الجربادقانی(ت ٤٣١ه/ ١٠٣٩): ترجمه تاريخ يمينی مصحح: جعفر شعار، شركت انتشارات علمی، (تهران ١٣٨٢)، چاپ چهارم.
- العمري: شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل الله (٧٤٩ه/١٣٤٨م: مسالك الابصار في ممالك الامصار، الجزء الاول، حققه: احمد زكي باشا، دار الكتب المصرية، القاهرة، ١٩٢٤.
- طهرانی: ابوبكر (و- بعد ٨٨٦ه/١٤٨١م) :كتاب دياربكريه، تصحيح: نجاتی لوغال وفاروق سومر، كتابخانه طهوری، (تهران: ١٩٧٧، ١٣٥٦ه.ش)، چ٢.
ابن الفرات: ناصرالدين محمد بن عبدالرحمن بن علي: تاريخ ابن الفرات، تحقيق: قسطنطين زريق، بيروت، ١٩٣٩م.
- فردوسی، ابوالقاسم منصور بن حسين (ت٤١٦ه/

١٠٢٥م): شاهنامه، نشر هرمس، (تهران ١٣٨٢)، جلد١.
- قادر محمد حسن: اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية، دار سبيريز للطباعة والنشر، (دهوك ٢٠٠٩).
- قزوينى، شرف الدين فضل الله حسين قزوينى (ت ٧٤٣ه/ ١٣٤٢م): التاريخ المعجم فى اثار ملوك العجم، بكوشش: احمد فتوحى نصب، انتشارات دانشگاه، (تهران ١٣٨٢).
- كاشانى، ابو القاسم عبدالله بن محمد: أ- تاريخ اولجايتو، بكوشش: اهتمام: مهين همبلى، انتشارات علمى و فرهنگى، (تهران ١٣٨٤)، چاپ دوم.
ب- زبده التواريخ، محمد تقى دانش پژو، مؤسسه مطالعات فرهنگى، چاپخانه تابش، (تهران ١٣٦٦).
- كربلائى تبريزى، حافظ حسين: روضات الجنات و جنات الجنان، بامقدمه و تصحيح و تعليق: جعفر سلطان القرائى. بسعى و اهتمام: محمد امين سلطان القرائى. انتشارات ستوده، (تبريز ١٣٨٣) چاپ اول.
- محمود كتبى (و- ٨٢٣ه/١٤٢٠م): تاريخ ال مظفر، تصحيح: عبدالحسين نوائى، كتابفروشى ابن سينا، (تهران: ١٣٣٥هـ ش).
- فضل الله روزبهان : فضل الله روزبهان بن فضل الله الخنجى الاصفهانى (و- ٩٢٧ه/١٥٢٠م) تاريخ عالم اراى امينى، مصحح: محمد اكبر عشيق، ناشر: ميراث مكتوب، تهران، ١٣٨٢، چاپ اول.
- المسعودي: ابوالحسن علي بن حسين بن علي: التنبيه والاشراف، دار ومكتبة الهلال، (بيروت ١٩٨٨).
- مقدسى، مطهر بن طاهر: افرينش و تاريخ، ترجمه: د. محمد رضا شفيعى كدكنى، نشر اگه، (تهران ١٣٨٠).
- المقريزي: تقيالدين احمد بن علي (ت- ٨٤٥ه/١٤٤١م) - السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمدعبدالقادرعطا، دار الكتب العلمية، (بيروت:١٩٩٧).
- مولوى، جلال الدين: مثنوى معنوى، به اهتمام: نيكلسون، انتشارات مولى (تهران ١٣٦٨)، چاپ١.
- مؤلف مجهول: تاريخ ال سلجوق در اناطولى، با اهتمام: محمد جواد مشكور، انتشارات كتابفروشى تهران، (تبريز١٣٥٠).
- مووسا محەمەد خدر: وێنەی كورد لە سەرچاوە مێژووییە فارسییەكاندا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر ٢٠١١).
- ميرخواند: مير محمد بن سيد برهان الدين خواوندشاه (و-٩٠٣ه/١٤٩٧م): تاريخ روضهالصفا، انتشارات كتابفروشيهاى پيروز، (تهران ١٣٣٩).
- نسوى: نقثه المصدر، تصحيح و توصيح: امير حسين يزدگردى، انتشارات توس، (تهران، ١٣٨٥ه.ش)
- نطنزى: معين الدين المعروف ب (انوئيم اسكندر) (سال تاليف ٨١٦-٨١٧ه/١٤١٢-١٤١٣م): منتخب التواريخ معينى، تصحيح: ژان اوبن، كتابفروشى خيام، (تهران ١٣٣٦).
- همدانى، رشيد الدين فضل الله بن عماد الدوله بن موفق الدوله الهمدانى (ت- ٧١٨ه/١٣١٨م): جامع التواريخ، بكوشش: بهمن كريمى، انتشارات اقبال، (تهران:١٣٦٢ه.ش)، چاپ دوم.
- الهروى: سيف الدين بن محمد بن يعقوب الهروى (ت٦٨١ه/ ١٢٨٢م): تاريخ نامه هراه، بتصحيح: محمد زبير الصديقى، سعى و اهتمام: سيف خان بهادر، كتابفروشى خيام، (كلكته ١٣٥٢).
- اليزدى: شرف الدين على (و- ٨٥٥ه/١٤٥١م): ظفرنامه، تصحيح: محمد عباس، انتشارات امير كبير، (تهران ١٣٣٦).
-Sanjian, Avedis. K. :Colophons Of Armenia Manucrpts,(HarvardUnivrsity), 1969.
Minorsky: Qutub Shah and his peotes. Journal of the Royal Central Asian Society,(J.R.C.A.S.)

# دەربڕینە دروستکراوەکان و هەڵوەستەیەک

**هێمن عومەر خۆشناو**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی شەقلاوە)**

ئەم دەربڕینانەی خوارەوە، لە بیست ساڵی ڕابوردوودا لە نێو ڕاگەیاندنی کوردیدا دەربڕینگەلی تازەباو و بەهەڕمێن بوون و تا ئێستاش سەری زمان و بنی زمانی ڕاگەیاندنیان تەنیوە. وردبوونەوە لێیان؛ بەرەو دەربڕینی دیکەمان دەبەن، کە ڕەوانترن و لە ئاخاوتنی کورداندا جێیان دیار و بەرچاو بووە. باسکردن و قسە لەسەرکردنیان هەنگاوێکە بۆ دروست گوتنمان.

## نوێژخوێن

لە زمانی کوردیدا نوێژ دەکرێ و ناخوێنرێت، دەگوترێ فڵان نوێژ دەکا، ناگوترێ فیسار نوێژ ناخوێنێ. بۆ کەسێکیش نوێژنەکات، کورد ناڵێ نوێژنەخوێن، بەڵکوو دەڵێ نوێژنەکەر. لە عارەبیشدا ئەداکردنی نوێژ، (اقام الصلاة)ی بۆ بەکاردێت و چ حەوجێ بە خوێندن ناکات. عاجباتییە هەندێک ڕاگەیاندن لە ترسی پاشگری (کەر) کە لە (کردن)ـەوە هاتووە و هیچ پێوەندییەکی بە گوێدرێژەوە نییە، نوێژکەر دەکەنە نوێژخوێن!
پێ دەچێ نوێژی دیانەکان، چونکە جووڵەی ڕکووع و سجوودی تێدا نییە و زیاتر خوێندنەوەی سرووتەکانە، بۆیە ئەوان لە عارەبییەکەش زیاتر نوێژخوێندن بەکاردێنن، نەک نوێژکردن.

## ڕۆژووەوان

لەم دە پازدە ساڵەی بوری، زۆرجار ئەم وشەیە لە جێی وشەی (ڕۆژووگر) بەکارهێنراوە. گوایە وەک قاڵبی (کارەوان، گۆلکەوان، بەرازەوان، دارەوان، باغەوان، شاخەوان، ... تاد) دروست بووە. ڕاستییەکەی سەرچیغ چوونە و تا بن پیلان کەوتوونەتە هەڵەوە، چونکە:

١. پیرەمێرد و پیرەژنێکی نەخوێندەواری کورد وا ناڵێ، کەواتە وشەیەکی دروست کراوە.

٢. قاڵبەکە جودایە، لەبەر ئەوەی لە نموونەی کارەوان و شاخەوان و ئەوانی دیکەدا، کەسەکە بە شتێک بەندیوارکراوە و شتەکە وەک بەرکار کاری تێ دەکرێ. کارەوان ئاگاداری کاریلانە و شاخەوان بە شاخیدا هەڵدەگەڕێ، بەڵام ڕۆژووەوان پێوەندی بە خودی کەسەکەوە هەیە و کارێکی بەرجەستەیی نییەو پتر مەعنەوییە.

٣. ڕۆژووگر بۆیە ڕاستترە، تۆ دەتوانی بۆ چەند قاڵب و بەشی ئاخاوتن ڕۆی بنێی، وەک: ڕۆژووان دەگرم، ڕۆژوونەگرە، چەند ڕۆژت گرتوونە؟، بەڵام ناتوانی بێژی کەسەکە ڕۆژووەوان نییە، یان قاڵبەکانی تری بۆ دروست بکەی.

٤. مادەم چاوگەکە ڕۆژووگرتنە، ئەوە بێ زۆرلێکردن (ڕۆژوو) لەگەڵ ڕەگی چاوگی «گرتن» کە ڕەگەکەی «گر»ـە، دەبێتە ڕۆژووگر، هەروەک چۆن نوێژکردن دەبێتە نوێژکەر، دەستگرتن دەبێتە دەستگر، هەڵگرتن دەبێتە هەڵگر، ڕاگرتن دەبێتە ڕاگر. ئیدی پێی ناوێ هیچ شێر و ڕێوییەکی بۆ بهێنرێتەوە.

## زۆرێک

ئەمەش یەکێکی ترە لەو هەڵانەی کە کوتوپڕ لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا، لەناو زمانی کوردیدا هەڵتۆقی، ئەوجا عاجباتییەکەش ئەوەیە، هەر ئەوەندە کەسێک لەسەر ڕووی تەلەڤزیۆن و ڕووپەری نووسینیدا سەرچیغ بچێ، ئیدی لێشاوی لاساییکردنەوەی کوێرانە بەرۆکی ئەو میللەتە دەگرێ و هەر زوو وەک بنێشت دەیجوونەوە..

وشەی (زۆرێک) کە ڕاستەکەی (زۆر)ـە و بە هیچ بیانوویەک ناکرێ پاشگری (ێک)ی پێوە بلکێنرێ، چونکە (زۆر) بڕەکەی نادیارە و ناکرێ تاک و جووت و کۆ بکرێ. بەو پێیەی پاشگری (ێک) بۆ تاکانە نیشاندان بەکاردێت. بۆ نموونە وشەی (جار)، تۆ دەتوانی لە جیاتی (یەک جار)، بڵێی (جارێک)، بەڵام هەرگیز ناتوانی ئەمە بۆ وشەی (زۆر) بەکاربهێنی، لەبەر ئەوەی تۆ دەتوانی بڵێی جارێک و دوو جار و سێ جار و سەد جار، بەڵام کورد قەت ناڵێ زۆرێک و دوو زۆر و سەد زۆر.

## ئاڕاستە دەکات

ڕەنگە قەڵبترین دەربڕین لەم چەند ساڵەی ڕابوردوودا، ڕاگەیاندنەکانی کوردی بەکاریان هێنابێ، دەربڕینی (ئاڕاستە دەکات)ـە، بەتایبەتی لە ڕستەکانی:

داعش مووشەکێک ئاڕاستەی مەخموور دەکات.

سەرکردەکان نامەی پیرۆزبایی جەژنیان ئاڕاستەی یەکتر نەکرد.

فلان کەس لە کۆڕەکەدا وتارێکی ئاڕاستەی ئامادەبووان کرد.

هەروەها چەندان ڕستەی تریش ڕۆژانە سەرودڵمان پێ دەگیرێ. کورتی و کرمانجیش پێویست ناکات لێی قووڵ بینەوە، ئەوەیە بیست ساڵ لەمەوبەر ئەوەی کوردە وەها نەدواوە و وەهای نەنووسیوە، کەچی لەپڕ چەند کوردی نەزانێکی ناو ڕاگەیاندن بوونە کوێخای زمان و زمانیان بەو دەردە برد کە دەیبینین.

لەباتی ئەو ڕستانەی سەرەوە، نەچوون لە ئەکادیمییەک بپرسن، چونکە پیرەمێردێکی نەخوێندەوار دەڵێ:

داعش مووشەکێکی گرتە مەخموور.

سەرکردەکان نامەی جەژنانەیان بۆ یەکدی نەنارد.

فلان کەس لە کۆڕەکەدا وتارێکی دا... وتارێکی خوێندەوە.

## ژیانکردن

هەتا ساڵ بڕوا، پیاو شتی عاجباتیتر دەبینێ، بەتایبەت لەناو زمانی بێ خاوەن و مشوورخۆری ئێمەدا. کابرا بە هەموو ژیریی خۆی لەسەر تەلەڤزیۆن لەو خەڵکە ڕەش و ڕووتە دەپرسێ: ئەمساڵ چۆن ژیانت کرد؟ ژیان کردن لەم وڵاتە تامی نەماوە.

ئاخر ئەم وشەیە لە چ فەرهەنگێکی کوردیدا هەبوو؟ کام پیرەمێرد و پیرەژنی کورد وایان گوتووە، چما ژیان هێلکەیە بکرێ؟ یان کوارگ کردن و کەنگرکردن و دارکردن و ئیش کردنە؟!

چۆن دەژی؟ چۆن ژیای؟ ئەمانە هەن و پێویست بەوە ناکا بگوترێ؛ چۆن ژیان دەکەی؟ و چۆنت ژیان کرد؟

## لە ئێستادا

هیوام وایە سەرچیغ نەچووبم، لەوەی کە ئەم دەربڕینەی سەرەوە، کاتێ لەناو هەندێک ڕستەدا بەکاردەهێنرێ، نە کورد وای گوتووە و نە تەمەنیشی لە بیست ساڵ کۆنترە، کەواتە هەر لەگەڵ لێشاوی ئەو دەربڕینە دەستکردانە هاتووە؛ کە بیست ساڵە دروست کراون و لە دیوەخانی ڕاگەیاندنیشدا وەک بنێشتە خۆشە دەیجوونەوە.

کورد نالێ لە ئێستادا، بەڵکوو دەڵێ (ئێستا، ئێستێ، هەوکە، هەنکە، هەنووکە، ئەلعان، نها، ئانها...) تەنیا لە هەندێک ڕستەی وەک:

چ لە ئێستا زووتر نییە ماڵت لێ جوێ دەکەم.

هەروەها نالێ؛ لە پاردا، لە پێراردا، لە دوێنێدا، بەڵکوو دەڵێ پار، پێرار، دوێنێ.

با تەماشای ئەم ڕستانە بکەین:

لە ئێستادا کوردستان نائارامە/ ئێستا کوردستان نائارامە.

لە پاردا بەفر زۆربوو./ پار بەفر زۆربوو.

دەبینین ڕستەکانی دووەم زۆر ڕێکترن و ڕەنگە تێ نەکەوتبم ئەگەر بڵێم هەموو نووسراوی کوردیی پێش سی چل ساڵ بڕوانی، (لەئێستادا)یەکی تێدا نادۆزیتەوە.

هەر کە بەینێکی تەماشای تەلەڤزیۆن بکەی، هەر دەبێ پەیامنێرەکە بڵێ (لە ئێستادا)، خۆ ئەگەر بشڵێ (ئێستا) دەربڕینەکە جوانترە و چ حەوجێ بەو (لە..دا)یەش ناکا و ناشزانم بۆ ئەم زیادەیە وا زوو هاتە سەر هەنیەی ئەو ڕاگەیاندنە بێ مشوورەی کوردی؟!

## شۆک

لە ماڵپەڕێک نووسرابوو: ئەم هەواڵە شۆکت دەکات.

ڕۆژنامەیەک نووسیبووی :بیخوێنەوە شۆک دەبی!

تەلەڤزیۆن قسەی سەری زمان و بنی زمانی ئەوەیە: تووشی شۆک دەبی.

وەرە بۆ پیرەمێرد و پیرەژنێکی کوردی بخوێنەوە و لێت تێ بگات!

ئەم دەربڕینەش ئەو کوردی نەزانانە بڵاویان کردەوە، کە هێندە بە زمانی تر سەرسام بوون، ئەگەرنا تۆ وشەی جوانی وەک تاسان، دڵ داخورپانت هەبێ، کەی ڕەوایە وشەی (shock)ی ئینگلیزی بهێنیتەوە و بەحاڵ لێت تێ بگەن.

چەند جوان و کوردییەکی ڕەوانە بڵێی:

ئەم هەواڵە دەتتاسێنێ!

کە بیستم تاسام!

دەبێ دەردێکی پێ بکەم بیتاسێنم!

## لە پێوەندی لەگەڵ..

ئەم دەربڕینەی سەرەوە، ناو بە ناو لەناو نووسینی کوردیدا دەبینرێ، بەتایبەتی هەندێک نووسەری بەڕێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەژێر کاریگەری زمانی فارسیدا وەک وەرگێڕانێکی وشەیی دەیخەنە ناو نووسینەکانیان.

دەربڕینەکە کوتومت لە وەرگێڕانێکی وشەیی دەربڕینی (در ارتباط با...)ی فارسی وەرگیراوە. کێشەکە لەوەیە کورد وا قسە ناکات، ئەوەی بەم تەرزەش بدوێ، ئەوە کاریگەریی نووسینی بەسەرەوەیە. تۆ تەماشای ئەم ڕستانە بکە و بزانە کامەیان کوردییەکی ڕەوان و سروشتییە و کامەشیان دەستکرد و وەرگیراوە:

لە پێوەندی لەگەڵ شیعری کوردی و ڕەمزدا...

لە پێوەندی لەگەڵ زانکۆو خەڵکدا ...

لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی ئێران و عێراقەوە...

دەیان ڕستەی تریش...

ڕستەی ڕاست و کوردیی پوخت، زۆرلەخۆکردنی ناوێ؛ چەند جوانترە بێژی:
لەبارەی نێوانی شیعر و ڕەمزدا...
سەبارەت بە سەین و بەینی زانکۆ و خەڵک..
ئەوەی پێوەندی بە شەڕی ئێران و عێراقەوە هەیە...
دەردەکەوێ کە ڕستەکانی سەرەوە هێندەی ڕستەکانی کۆتایی بەهێز نین و هەر لە دوورەوە هاواردەکەن کە لەبەر شەت و خواری وەرگێڕانەکەدا بوونەتە دەربڕینی قەڵپ و بێ تام!

**پێوەندییەکی تەلەفۆنی ئەنجامدا!**

ڕۆژ نییە لە تەلەڤزیۆن نەبینین و لە ڕۆژنامان نەخوێنینەوە و لە ڕادیۆنان نەبیستین: فلان پێوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ فیسار کەس ئەنجامدا!
تەماشا کورد زۆر بە جوانی لە ڕستەی بەکارهێناوە و گوتوویەتی:
فلان کەس تەلەفۆنی بۆ فیسار کەس کرد...
فلان بە تەلەفۆن هەواڵی فیساری پرسی..
ڕستەکان چەند کوردانە و جوانن و هیچ (پێوەندی و ئەنجامدان)یان تێدا نییە و زمانەکەیان قەڵب و ساردو سڕ نەکردووە!

**ژمارەیەک**

بڕوا ناکەم ڕۆژێک گوێ بدەیە هەواڵەکانی کوردی و وشەی (ژمارەیەک)ت بە بنا گوێ نەکەوێ. لە ڕستەی وەک:
لە تەقینەوەیەکدا ژمارەیەک هاوولاتی بریندار‌بوون.
فلان پێشوازی لە ژمارەیەک مامۆستا کرد.
ژمارەیەک لە کتێبیان فرۆشت.
ئەمانە و بارە ڕستەیەکی دیکە هەن، هەمووشیان وەرگێڕانێکی وشەییانەی وشەی (عدد)ی عەرەبین. ئاخر چی بکەین کورد وای نەگوتووە و هەر وا هەڵیداوەتێ:
لە تەقینەوەیەکدا چەند کەسێک برینداربوون.
فلان پێشوازی لە چەند مامۆستایەک کرد.
چەند کتێبیان فرۆشتن!
ئەم ڕستانە هیچ پێویستیان بە دەربڕینی (ژمارەیەک) نەبووە و نابێ.

**چاوت ماچ دەکەم!**

دەشێ ئەم دەربڕینەی سەرەوە لە ڕوانگەی زمانەوانیی دەروونی و کۆمەڵایەتییشەوە دانووی بکوڵێت. کورتی و کرمانجی، وێدەچێ ئەم نەوەیەی ئێستا قاڵ بووی ناو ژینگەیەکی پڕ ئاریشە و گرفت بێ، بۆیە بە گەورەیی هەراش دەبێ و ناچارە بە بیر و هۆش خۆی هەڵقورتێنێتە ناو هەموو شتێک، لەوەشدا مەقامەکان دەگۆڕدرێن و دمرووت دەبێتە ڕدێن سپی و کوڕێژگەش دەبێتە سمێڵ بابڕ! ئاخر نەبووە و نابێ تۆ بە باوکی خۆت، بە مامۆستای خۆت، بە براگەورەی خۆت، بە کەسی لەخۆگەورەتر بێژی چاوت ماچ دەکەم! پیاو خوانەخواستە نابینا بێ، کە گوێی لەو دەربڕینە دەبێ، ناچار دەبێ جێی خۆی بۆ چۆڵ بکا و بابای قسەکەریش بێتە سەرینگانێ.
چاوت ماچ دەکەم دەربڕینی باوکە بۆ کوڕ، ڕدێن سپییە بۆ سەرکۆت. پێچەوانەی دەستت ماچ دەکەمە، بۆیە ئەگەر دەست ماچکردنیش نەگوترێ، ئەوە لەناو یاسا و ڕێسای زمانی کوردیدا لە بچووکەوە بۆ گەورە، نەبووە و نابێ چاو ماچ بکرێ!

**تەمەن درێژ بیت!**

ئەگەر واتای ئەم دەربڕینە لە زمانەکانی غەیری کوردی، بۆ هەموو تەمەن و کەسێک ئاسایی بێت، ئەوە زمانی کوردی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، بەتایبەتی لەناو زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا بە وردی حسێبی بۆ دەکرێت. هەروەک چۆن

لە زمانی عەرەبیدا شێوازی داواکردن لە کەسانی بچووکەوە بۆ بەرز و بە پێچەوانەشەوە دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە لەناو کورددا تەمەن درێژبیت (عومر درێژبیت) لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، بەتایبەتی هەولێر و دەوروبەری ئەو تایبەتمەندییەی هەیە، کە نابێت قسەکەر بۆ کەسی لەخۆگەورەتر بیڵێت، بەڵکوو هەمیشە لە گەورەوە بۆ بچووک بووە، تەنانەت شێوەی توانجیشی وەرگرتووە و وەک ئەوەی زیاتر بۆ منداڵان بگوترێت. هەندێک جاریش بە تیزەوە ئەو دەربڕینە بۆ کەسێک دەگوترێت کە ئەگەر هاوتەمەنیش بێت، بەڵام لای بابای قسەکەرەوە بە بچووک و کەم عەقڵ دەخەملێنرێت.

لەناو کورددا نەبووە و نەبیستراوە کەسێک بە باب و مام و خاڵ و مامۆستا و کەسانی لەخۆی گەورەتره بڵێ تەمەنت درێژبێت، بەڵام ئاساییە بە هەمان مانەوە، بەڵام بە شێوەی جیاواز بە باوک، یان مامۆستا، یان خۆشەویستێکی لەخۆی گەورەتر بڵێت: خوا تۆمان بۆ بهێڵێت.

## ڕووحی شاد/ ڕەوانی شاد

ئەم دەربڕینە وەک زۆر لەو دەربڕینانەی کە چەند ساڵێکە خزێنراوەتە ناو زمانی کوردی و بەشە سۆرانییەکەی بە تایبەتی، کە پێدەچێت زیاتر لەبن کاریگەریی (روحش شاد)ی فارسییەوە هاتبێت.

وا دابنێ کەسمان حەشتەبای لە زانستی زمان نازانین، بەڵام وەرە لەو بەشە سۆرانییەی زمانی کوردی لە پیر و کاڵان بپرسە، بنەتۆی زمانێ وەدەرخە، کای کۆنی پێشینان بە با کە، دەبینیت کە کەسێک ئۆغر دەکات و بۆ یەکجاری ماڵ تێک دەنێت، نەبیستراوە و نەدیتراوە هەر کەس لەولای ڕا بێت و بڵێت: ڕووحی شاد! یان ڕەوانی شاد!

حەیفێ گەلەک جاران ئەو دەردەی ئایدیۆلۆجیا بە زمانی دەکات با بە دەواری شڕی ناکات، ئەگەر نا چ عەجەبە باوەڕی من بە ژینی ئەودیو نەبێت و بەو پاساوە بەرگە ئاینییەکان کە بوونەتە ئیدیۆمی زمانەکە بێم و لە زمانەکەی داڕنم. ئەز ڕەنگە سەرچیغیش چووبم، لێ هەر وام بیستووە بۆ کابرای مردوو گوتراوە:

ڕەحمەتی لێ بێ.

خوا لێی خۆش بێ.

ئەو شەوی لە هەموو شەوان خۆشتر بێ.

جێ و مەکانی بەهەشت بێ.

ئاخیری ناخۆشییان بێ.

خوا ڕوحمێ خۆی لێ بکا.

خوا بە ڕوحمی خۆی دەگەڵ بکا.

هەزار هەزار ڕەحمەتی لێ بێ.

ئەمانە و دەیان دەربڕینی هاوشێوەی دیکە هەن و هەمووشیان زیاتر بۆ دڵنەوایی کەسوکارەکەیەتی، ئەوجا ئەگەر من و تۆ باوەڕمان بە ناوەڕۆکی ئەو دەربڕینانەی سەرەوەش نەبێت، ئەوا لەبەر خاتری کەسوکارەکەی و بۆ دڵنەواییان دەیڵێین، بۆیە هەق نییە بە پاساوی ناکۆکیی ئایدیۆلۆجیمان قوڕ وەسەری زمانەکەمان بکەین و بەو دەردەی ئێستای ببەین و ئەو ئاوە بڕێژین و خەڵکیش پێی لێ بخشێنێ. ئەم دەربڕینە ئەگەر چی ئەوەندە جێی خۆی گرتووە تازە لەقکردنی ئاسان نییە، بەڵام ڕاستییە زمانییەکە بزانرێ باشە، کە دەربڕینی هاوشێوەی هەن و مەرج نییە هەر ئەوە بەکاربێت.

## سەرنجێک لەسەر (ی)ی نەسەب

زۆر جار (ی)ی نەسەب بە هەڵە دەنووسرێت و لە شوێنی خۆیدا حەقی خۆی پێ نادرێت، تەنانەت بەشێک لە پسپۆڕانی زمانی کوردییش سەرچیغ دەچن.

ڕاستییەکەی (ی) نەسەب وەختێک بە پاشناوەوە دەنووسێت، دوو جۆری هەیە، دەبێت (ی)ی

نەسەب کە لە ناوی گوندەوە سەرچاوەدەگرێت، جیاوازبێت لەگەڵ (ی)ی نەسەبی ناوی هۆز.

جیاوازییەکەش لەوەدایە لە زمانی کوردیدا ناوی هۆز (ی) وەرناگرێت و لە بەرانبەریشدا ناوی گوند و شار و شوێن بەگشتی، (ی) وەردەگرن.

بۆ وێنە:

ئەو دەمەی تۆ دەڵێیت ئەحمەد سورچی، ڕاستییەکەی وشەی (سورچی) کە ناوی هۆزێکە، خۆی (ی)ی پێوەیە و ئەو (ی)یە (ی)ی نەسەب نییە و پێویستی بە نەسەب نییە، واتە ئەو کاتەی کەسێک دەنووسێت ئەحمەد ئاکۆیی، ئەوە سەرچیغ چووە، چونکە (ئاکۆ) ناوی هۆزە و هیچ (ی)یەکی پێوە نییە و کە دەیکەیتە نەسەبیش پێویستی بە (ی) نییە، دەبێ بڵێیت ئەحمەد ئاکۆ، ئەحمەد جاف، ئەحمەد خۆشناو.

هەر بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، هۆزەکانی (جاف، خۆشناو، ئاکۆ....) لە بنەڕەتدا (ی)یان نییە و ناکرێ لەو کاتەی دەبنە پاشناو، (ی)یان پێوە بلکێنرێت.

بەڵام وەختێک ناوی شوێن، گوند بێت، یان شار بیکەیتە پاشناو، بە ناچاری دەبێ پابەندی ئەوە بیت کە (ی)ی نەسەبی بخەیتە سەر، وەک هەولێری، سلێمانی، چۆمانی، هیرانی.

ئەو ناوانەی ناوی شوێن و ناوی هۆزیش دەدەن، ئەوە هەردووکیان وەردەگرن، بۆ نموونە (شوانی) هۆزە و زیاتر دەڤەریشە، ئەگەر بە مانای هۆز بێت، ئەوە تەنیا دەگوترێت هۆزی (شوان) و بەو مەرجەی خەڵک بە هۆزی (شوانی) نەیناسێنێ، وەک هۆزی (سورچی، گەردی)، چونکە ئەگەر هۆزەکە (شوانی) بێت، ئەوە هەر خۆی (شوانی)یە و پێویستی بە (ی) نییە.

سەبارەت بە تاڵەبانیش گوندی تاڵەبان هەیە، ئەوکاتە بێ منەت (ی)ی دەچێتە سەر، بەڵام ئەگەر ناوەکە بۆ ناوچە هات وەک بڵێ ناوچەی تاڵەبان، ئەوە ئەو کاتەش هەر دەبێتە فلان تاڵەبانی، بەڵام عەشیرەت بێت مەگەر عەشیرەتەکە خۆی ناوی (تاڵەبانی) بێت، ئەگەرنا (ی)ی ناچێتە سەر.

سەبارەت بەو ناوانەی خۆیان (ی)یان هەیە وەک سلێمانی، ڕاستییەکەی ئەگەر شێوەی زانستیمان بوێت دەبێ دوو (ی) بنووسین، چونکە (ی)ی نەسەب شتێکە و (ی)ی بنەڕەتی وشەکەش شتێکی تر، تەنانەت تورک پاشگری (لی)یان بۆ نەسەب هەیە، کاتێک ناوی (اربیل) دێت کە کۆتاییەکەی بە (ل) هاتووە، دەنگێک ون ناکەن و دەڵێن (اربیللی، سلیمانیەلی)، لەبەرئەوە هەق وایە ئێمەش بە دوو (ی) بنووسین بۆ ئەوەی شوێن لە نەسەب جیابێتەوە، چونکە وەختێک لە کۆتایی نامەیەک دەنووسرێت (ئازاد سلێمانی) ڕەنگە ئەو مانایە بدات کە ئازاد ناوی خۆی نووسیوە و دواتریش شوێنەکەی نووسیوە کە لێی نیشتەجێیە، دەشگونجێ ئەو مانایە بدات کە سلێمانی پاشناوی ئازادە، بەڵام لەبەر سووکی ئاخاوتن تا ئێستا خەمی لێ نەخوراوە و خەڵک هەر بە یەک (ی) دەینووسێ، چونکە لە گۆکردندا هەر بە سووکی و بە یەک (ی) گۆ دەکرێت.

هەرچی ئەو وشانەن کە کۆتاییان بە (ێ) و (ە) هاتووە، (ێ)یەکە دەبێتە (ەیی)، ڕاستییەکەیشی هەردووکیان یەکن و کورد زۆر پێی خۆشە ئەوانەی کۆتاییان بە (ە) هاتووە بیانکاتە (ێ)، بەحرکە دەبێتە بەحرکەیی، زێوە، یان زێوێ دەبێتە زێوەیی..

# میتودی دەرهێنانی شانۆیی
# لە نمایشی (کۆچبەران)دا

د. فازڵ جاف

شانۆیی «کۆچبەران» چوارەمین شانۆنامەیە لە شانۆنامەکانی نووسەری سلاڤۆمیر مرۆژێک، کە من دەرم هێنابێ، لە ساڵی ١٩٩٥ـەوە خولیای دەرهێنانی (کۆچبەران)م کەوتە سەر، بەر لەم شانۆنامەیە، سێ جار شانۆنامەکانی (مرۆژێک)م دەرهێناوە، پاش ئەو سێ ئەزموونە، ئیتر بە خۆمم گوت: بوەستە و بەسە، چیتر نابێ کار لە سەر شانۆنامەکانی مرۆژێک بکەم.

پێموایە نابێ، یان ڕاستترە بڵێم بۆ دەرهێنەر باش نییە، چەند بەرهەمێکی هەمان نووسەر دەربهێنێ، پێشتر بە هەمان شێوە، چەند بەرهەمێکی (ستریدنبێرگ)م خستووەتە سەر تەختەی شانۆ، بە ڕووسی، بە عەرەبی و بە سویدی کارم لەسەریان کردووە، بەڵام یەک بەرهەمی تری ماوە کە حەزدەکەم بە کوردی دەری بهێنم، ئەویش شانۆنامەی یارییە خەونێکە، چەند جارێکیش پلانم بۆ جێبەجێ کردنی داناوە، بەڵام سەری نەگرتووە. ئەگەر دەرهێنەر بەردەوام کاری لە چەند بەرهەمێکی یەک نووسەر کرد، ڕەنگە زۆر باش نەبێ، چونکە وای لێ دێت دەتوانێ بە ئاسانی ئیشەکە بکا. هەر دەرهێنەرێکیش شانۆنامەیەکی بە ئاسانی بۆ شانۆ دەرهێنا، ئەوە ئەگەری خۆدووبارەکردنەوەی هەیە.

دەرهێنەر دەبێ بەردەوام کار لە دەقێکدا بکا، کە دەرهێنانی زۆر ئاسان نەبێ، باشتر وایە کار لە سەر شانۆنامەیەک بکا، هەست بکات دەرهێنانی زۆر ئاسان نییە، شانۆنامەیەک کە وا لە دەرهێنەر بکا بە خۆی بڵێت؛ ڕەنگە نەتوانم بەئاسانی دەری بهێنم. خۆ ئەگەر ڕاستەوخۆ بە خۆی گوت: ئەم شانۆنامەیە سادە و ئاسانە، بە ئاسانی دەتوانم دەری بهێنم، ئەوە باشتر وایە دەستبەجێ دەستی لێ هەڵگری، هەستم دەکرد لەگەڵ بەرهەمەکانی مرۆژێک خەریکە وام لێ دێ، نازانم ئەمە هەستی خۆم بوو.

لە ساڵی ١٩٩٥دا دەمویست کۆچبەران بخەمە سەر تەختەی شانۆ، کە لە زانکۆی لەندەن ماستەرم دەخوێند، ویستم ئەم شانۆنامەیە، وەک بەرنامەی ماستەرەکەم بخەمە سەر شانۆ، سەرپەرشتیارەکەم گوتی؛ نابێ، چونکە ئەم کارە زۆر لە شانۆنامەی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆ»وە نزیک بوو، ئەوەبوو ئەو کاتە « هەر

ئەو ساڵە (تەرتوف)ی مۆلێرم بە ئینگلیزی خستە سەر شانۆ.

بۆچی لە شانۆدا ئەوەندە هەواداری شێوازی (سلاڤۆمیر مرۆژێک)م؟ ئەوە لەبەر ئەوە بوو شانۆنامەکانی ئەو جۆرێکن لە ئەبسێورد «لا معقول». ئەگەر بەوردی لە ئەدەبی شانۆی ئەبسێورد بکۆڵینەوە، دەبینین کە بەسەر ئەبسێوردی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئەبسێوردی ڕۆژئاوای ئەوروپا دابەش دەکرێن، چەند جیاوازییەکی زەقیش لەنێوان هەردووکیاندا بەدی دەکرێ، ئەبسێوردی ڕۆژئاوای ئەوروپا، بە پلەی یەکەم باسی بوون و نەبوون، پرسیارە بوونگەرییەکان دەکات وەک: چۆن دەژین، واتای ژیان چییە و چۆن لێکدانەوەی بۆ دەکەین، بەڵام لە ئەبسێوردی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا مەسەلەی سیستم، کێشەی دەسەڵات و پێوەندیی مرۆڤ بە دەسەڵاتەوە، چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەوانە پرسی سەرەکین، ئیدی ئەگەر دەسەڵاتەکە سیستم، ئەگەر حوکمڕانی تاک، یان هزر و ئایدیا بێ.

بۆ نموونە لە (کۆچبەران)دا دوو کەس لە ژوورێکدا دەژین، هەروەکوو ئەوەی بە زۆری لە شانۆنامەکانی هارۆڵد پینتەردا دووبارە دەبنەوە. ئەو شێوازەی مرۆژێک، شێوازێکی ئەبستراکتە، لە چەشنی کەسایەتییەکانی بێکیت. بێکیت جیهانێک دەخوڵقێنێ لە واقیعدا بوونی نییە، بەڵام بۆ بینەر دەبێ بە واقیع، خۆ ئەگەر باش لێکی بدەینەوە، بە هیچ جۆرێک واقیع نییە و لە هیچ شوێنێک ئەو دۆخە جێی نابێتەوە، وەک چۆن دوو کەس، ڤلادیمێر و ئێستراگۆن، لە دووریانێکدا لە شانۆنامەی «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆ»دا چاوەڕێی گۆدۆ دەکەن. بینەران تا دێ، ئەو جیهانە ناوازە نامەعقوولە قبووڵ دەکەن و لەلایان دەبێ بە جیهانێکی ئاسایی و مەعقوول، بەڵام جیهانەکە خۆی لە خۆیدا مەعقوول نییە.

بەشبەحاڵی مرۆژێک -یش، بۆ نموونە لە شانۆنامەی لە چەقی دەریا (گێژەن)دا بەلەمێک گیری خواردووە و سێ کەسی لەسەرە، هەرسێکیان برسییانە، دووانیان دەیانەوێ سێیەمیان (بچووک) کەکەیان بخۆن، ئەمەیان شێوازێکی دیکەی شانۆنامەی ئەبسێوردە. کەسەکانی شانۆنامەی «ڕووتبوونەوە»ی مرۆژێک دوو کارەکتەرن، هەرووکیان خزێنراونەتە ژوورێکەوە، دواتر دوو دەستیان لێ پەیدا دەبێ کە تەواو بەسەریاندا زاڵ دەبن و هەموو ئازادییەکیان لێ زەوت دەکەن، لە «دوو پێغەمبەر»دا، لە وڵاتێکدا حوکمڕانی بەڕێوە ناچێ، هەموو چاوەڕێن پێغەمبەرێک بێ و بارودۆخەکەیان بۆ چاک بکا، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، لەجیاتی پێغەمبەرێک بێت و وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە و گۆڕانکاری بکا و خەون و ئاواتی ئەو خەڵکە بهێنێتە دی، دوو پێغەمبەر پەیدا دەبن، ئەوجا ئامانجی ئەو خەڵکە دەبێتە ئەوەی چۆن لە یەکێک لەم دوو پێغەمبەرە ڕزگاریان ببێ، ئەمە بۆ خۆی کۆمەڵێک هێما و ڕەمزی تایبەت دەگرێتە خۆی. بەدرێژایی نمایشەکە هەست دەکەیت تۆش لەو وڵاتەدایت و ئەو واقیعەت لەلا دەبێتە واقیعێکی ڕاستەقینە.

لەناو زۆربەی شانۆنامەکانی (مرۆژێک)دا، ڕووبەڕووی دوو کەسایەتی دەبینەوە، کە لە چەند شانۆنامەیەکیدا دووبارە دەبنەوە، یەکێکیان ڕۆشنبیرە، یان ئایدیالیستە، خاوەنی هزرە و دەم لە فەلسەفە دەدا. دووەمیان کەسێکی نەخوێندوار و بازاڕی و ڕەوشت زبر و درە، ئەمە لە ڕووتبوونەوە و دوو پێغەمبەردا زۆر ئاشکرا دیارە.

سەبارەت بە میتودی دەرهێنان لە (کۆچبەران)دا، دەبێ ئەوە بڵێم، بەڕای من دەرهێنەر ئەگەر میتودی هەبێ، کە مەرجیش نییە هەموو دەرهێنەرێک میتودی هەبێ، هەندێک جار بێ میتودی بۆ دەرهێنەر خۆی لە خۆیدا میتودە، بەڵام ئەم بۆچوونە وا

نەبێ بۆ هەمـوو دەرهێنەرێـک بگونجـێ و بەکەڵکـی بێ، چونکـە هەمـوو ڕێژیسـێرێک تێیـدا سـەرناکەوێ. ئەوانـەی کـە میتودیـان هەیـە و لێـی تێگەیشـتوون، کارکردنیـان لەگـەڵ دەق و ئەکتـەر ئاسـانترە، تەنانـەت ئاراسـتەکردنی نمایشـەکەیان بۆ بینەرانیش ئاسانترە، ئـەو چەمکانـەی کـە لـە میتـودی دەرهێنانـدا پەیڕەویـان دەکـەم، یەکەمیـان (شـێوازگەری)یە. ئـەم چەمکـە چـی دەگەیەنـێ؟ لـە یەکێـک لـە پێناسـەکانی ئـەم چەمکەدا، ئەوەنـدەی مـن بزانـم ڕوونتریـن و قووڵتریـن پێناسـەیە، میێرهولـد دەڵـێ: «بەشـێوازکردنی دیاردەیـەک ئەوەیـە، چـۆن دیاردەکـە، یـان ڕووداوێـک، یـان قۆناغێکـی مێژوویـی بەشـێوازێک یـان بـە وردەکارییـەک، یـان دووان گوزارشـتی لـێ بکەیـن، بـێ ئـەوەی بایـەخ بـە هەمـوو وردەکارییەکانـی ژیانـی ڕۆژانـە بدەیـن.»، واتـە جەوهـەر و کاکڵـەی واقیـع وەردەگریـن، ئـەوەی زیـادە و پێویسـت نییـە ڕای دەماڵیـن، یـان ئێمـە بەپێـی چەمکـی شـێوازگەرێتی هەیـن.

لـە شـانۆنامەکانی مرۆژێـک -دا دەرهێنـەر، بوارێکـی زۆری بـۆ پیادەکردنـی شـێوازگەرێتی هەیـە. خـۆ ئەگـەر کورتتـری بکەمـەوە دەڵێـم: دوو جـۆر شـانۆنامە لـەلای مرۆژێـک هـەن: یەکێکیـان تاڕادەیـەک لـە ڕیالیزمـەوە نزیکە، لەوانـە «تانگۆ» و «پۆلیـس» و «خۆشەویسـتی لـە قـرم» و «کۆچبـەران» ... و تـاد. ئـەم شـانۆنامانە مۆرکـی ڕیالیزمیـان پێـوە دیـارە، هەرچـی ئەوانـی تـرە، وەک «ڕووتبوونـەوە» و «لـە چەقـی دەریـادا» و «دوو پێغەمبـەر» ڕووداوەکانیـان زیاتـر لـە جیهانێکـی خوڵقێنـدراو و ئەبسـتراکتدا ڕوو دەدەن، دەرهێنـەر لـەو شـانۆنامانەدا بـواری فراوانتـرە و دەتوانـێ دەسـتکراوەتر کاریـان تێـدا بـکا، بـەڵام پیادەکردنـی سیماکانی چەمکی شـێوازگەرێتی لـە «کۆچبـەران»دا کەمتـر دەردەکـەون، بۆیـە لەوانـی دی زەحمەتتـرە.

خاڵـی دووەم پەیوەنـدی بـە میتـودی شـانۆواندن - تمسـرح (Theatrecality)ـەوە هەیـە، کـە بـۆ شـێوازی کارکردنـم وەک ڕێژیسـێر چەمکێکـی جەوهەرییـە، ئەویـش ئەوەیـە چـۆن هـەر شـتێک کـە لەسـەر شـانۆ نمایشـی دەکەیـت، شـێوازێکی شـانۆیی گونجـاو لـە خـۆ بگـرێ، نـەک تەنیـا وای پێشـان بدەیـن کـە گواسـتنەوەیەکی فۆتۆگرافـی سـەت لـە سـەتی واقیعـە. بـە بۆچوونـی میێرهولـد، کـە خـۆم بـە پێڕەوکاری ئـەو قوتابخانەیـە دەزانم، دەبـێ لێـرە و لەوێ، ئەگـەر بەدرێژایی نمایشـەکەش نەبـێ، شـێوازێک، یـان دووان، یـان جـار جـار ئاماژەیـەک بـە بینـەر بـدات، کـە ئـەوە بینـەرە تەماشـای نمایـش دەکا، ئەگـەر بـۆ سـاتێکیش بـێ نابـێ بیـری بچێتـەوە کـە ئەمـە شـانۆیە، هەروەهـا ئەکتەریـش کـە لەسـەر پانتایـی شـانۆ نمایـش دەکا، بـۆ سـاتێکیش بـێ، نابـێ لەبیـری بچێتـەوە کـە ئەکتـەرە و نمایـش دەکا.

سـەبارەت بـە هـەردوو کارەکتەرەکـەی کۆچبـەران، مـن ویسـتوومە لـە چەنـد شـوێنێکدا ئـەو ئاماژەیـە بگەیەنمـە بینـەر، کـە لـە نمایشـی شـانۆدایە، باشـە ئـەم مەبەسـتە لـە کام یـەک لـەو دوو کارەکتـەرە باشـتر بەرجەسـتە دەبـێ؟ هەڵبەتـە لـە کارەکتـەری ڕۆشـنبیرەکەدا. لـەلای ئـەو جـۆرە دابڕانێـک بـەدی دەکـرێ کـە لـەلای برێخـت پێـی دەگوتـرێ نامۆکـردن، لـەلای میێرهولدیـش دەچێتـە چوارچێـوەی شـانۆواندنەوە.

ئـەم میتودانـە هەموویـان کـە لـەلای بێرتۆلـد برێخـت زۆر ورد و پوخـت تیۆریـزە کـراوە، ئەگەرچـی وەک کەشـف و داهێنانـی یەکـەم، هەموویـان لـە داهێنانەکانـی میێرهولـددا سـەریان هەڵـداوە، بـەڵام برێخـت تیۆریـزەی کـردووە و بەتیـۆری وردتـر گـوزارەی لـێ کـردوون. بـۆ میتـودی شـانۆواندن و بەرجەسـتەکردنی ئـەم میتـودە، هەروەهـا بـۆ چەمکـی شـێوازگەرێتی، دوو ڕێگەمـان لـە پێشـە، کـە هەردووکیـان زۆر گرنگـن، یەکێکیـان جەسـتەیە، دووەمیـان ڕیتمـە. جەسـتە کـە دەکاتـە (کۆمپۆزیسـیۆن)، کـە تـۆ چـۆن دەتوانـی لەسـەر

شانۆ کۆمپۆزیسیۆن دروست بکەیت، کە دەڵێین کۆمپۆزیسیۆن ئەگەر لە چوارچێوەی سەما، یان مۆسیقا باسی لێوە بکەین، نموونەکانمان پێویستە وردتر بن، واتە پێویستمان بە کاری وردە. مۆسیقا بۆ گرنگە، چونکە دیقەتی تێدایە، ئەگەر لە مۆسیقادا دیقەت نەمێنێ، چی ڕوو دەدا؟ نەشاز و لێکترازان دروست دەبێ، لە سەماشدا بەهەمان شێوەیە، ئەگەر دیقەت لە نمایشی جەستەدا نەمێنێ شتێک دروست دەبێ کە دەکرێ بەویش بڵێین لێکترازان (نەشاز)، واتە نەمانی هاوئاهەنگی و هارمۆنیا.

بەداخەوە لە نواندندا کەمتر دەتوانین پەیڕەوی ئەم لایەنە بکەین، بە بەراورد لەگەڵ مۆسیقا، بە ئەندازەی ئامێرێکی مۆسیقا ورد بیت و کەم و زیاد قبووڵ نەکا، واتە جەستەیەک بێ نەخشەی جووڵە و ئاماژەکانی بە وردی وێنا کرابن.

جەستەی ئەکتەر ڕیتمێک دەخوازێ کە لەسەر بنەمای مۆسیقا بنیاد نرابێ، بۆ گەیشتن بەم ئاستە، دەرهێنەر لە مۆسیقادا پێویستی بە جۆرە زانیارییەک هەیە، زانیارییەکەی چەند فراوان بێ، ئەوەندە باشترە. خۆ ئەگەر دەرهێنەر ئامێرێکی مۆسیقاش بزانێ ئەوە زۆر باشترە، بەڵام بۆ زانیاری دەربارەی مۆسیقا و یاساکانی دەهێنەر و بنەماکانی مۆسیقا لە ژەنینی ئامێرێک گرنگترە. بنەماکانی مۆسیقاش ئەمانەن؛ ڕیتم، تیمپۆ، کۆمپۆزیسیۆن، هارمۆنی لەگەڵ کۆنتراست. ئەگەر ڕێژیسێر ئەو زانیاریانەی لە مۆسیقادا هەبێ، ئەوە دەتوانێت ئەو فۆرمانە بدۆزێتەوە و کاریان لەسەر بکا کە لەسەر بنەمای ڕیتمێکی ورد بنیاد دەنرێ، ئەمە ئەو کەرەستانەن کە من هەوڵم داوە لەم نمایشەدا بەکاریان بهێنم.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە لە شێوازی دەرهێنانی ئەو شانۆنامانەدا، لەسەر بنەمای یاریکردن بە پایە و پێگە (Status) کارم کردووە، کە تا ئێستا لەشانۆی ئێمەدا زۆر باو نییە، ئەویش ئەوەیە کە چۆن بتوانیت گۆڕانکاری، بەرزی و نزمی بۆ پایە و پێگەی کارەکتەرەکان بدۆزیتەوە، بەتایبەتی لەدەقی دوو کارەکتەریدا. بۆ نموونە کە دەگەڕێینەوە بۆ زۆرینەی دەقەکانی کۆمیدیا لەلای شەکسپیر، مۆلیێر تا دەگەینە بێکیت «بەدەم چاوەڕوانیی گۆدۆ»وە بەردەوام دوو کەس یاری بە پایە و پێگە دەکەن، پایەی یەکەمیان نزم و پایەی ئەوی تر بەرز دەبێتەوە، هەندێک جار دەگاتە یەک ئاست و هەندێک جاریش ئەوەی لە سەرەتاوە پایەی بەرزە لە کۆتاییدا پایەی نزمتر دەبێتەوە. ڤلادمێر و ئیستراگۆن چەند جار پایەیان نزم دەبێ و بەرز دەبێتەوە، ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، پایە بەرز دەکەینەوە و پایە نزم دەکەینەوە، لە یەک حاڵەتدا نابێت، کاتێک دوو کەس عاشقی یەک دەبن، ئیتر پایە نامێنێ، ئەمە لە خوێندنەوەی زمانی جەستەدا بەدی دەکرێ، بۆیە پێموایە دەرهێنەر تا لە زمانی جەستەدا شارەزاتر بێ، باشتر میزانسینەکان دادەنێ و باشتر ئەکتەریش ئاراستە دەکا، هەروەها باشتریش فۆرم بۆ تێگەیشتن لە واتای ناوەوە دروست دەکا.

# شانۆگەریی (ئیفگینیا لە ئۆلیس)
# یەکەمین نمایشی ئەکادیمی لە شانۆی کوردیدا

**ئەرسەلان دەروێش**

یەکێک لە لاپەڕە درەوشاوەکانی مێژووی بزووتنەوەی شانۆی کوردی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، واتا لەو ماوەیەی بە سەردەمی زێڕینی (شانۆی کوردی) ناو نراوە، نمایشکردنی یەکەمین شانۆگەری ڕێبازی ( کلاسیکی کۆن) ە لە کوردستاندا، بە ناوونیشانی (ئیفگینیا لە ئۆلیس)، وەک نۆبەرەی بەرهەمە ئەکادیمییەکانی (پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی).

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدم لە چەند ڕوویەکەوە بایەخ و گرنگی ئەم کارە هونەرییە و هەلومەرجی پێشکەشکردنی بەرچاو بخەم، ئەگەرچی ئامانجی ئەم نووسینە ڕاڤەکردن و شیکاری بۆ دەقێک، یان نمایشێکی شانۆیی نییە، بەڵکوو ئاراستەیەکی بەڵگەنامەسازی هەیە و هەوڵی دوکیۆمێنت کردن دەدات، بەڵام ڕووناکی خستنە سەر هەندێک ڕەهەندی گرنگی ئەم بەرهەمە، پێویستە بۆ بەتەواوی گواستنەوەی وێنەکە.

کاتێک دەوترێت شانۆی کوردی لە هەشتاکاندا سەکۆی بیری ئازاد و شوێنی جۆشدانی هەستی شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەری بووە، ڕاستییەکی بەهادار و فاکتێکی سەلمێنراو و بەڵگەدارە، نەخاسمە کە ئەم ڕەوتە هزری و سیاسی و نەتەوەییە لە ڕەهەندە هونەری و ئاستە داهێنەرانەکەی نمایشەکانی کەم نەکردووەتەوە وەک لە هەندێک نووسیندا ئەو ئاماژەیە دەبینرێت. دەستبردنی دەرهێنەری کورد بۆ ئەو دەقە جیهانییە مەزنانەی کە تواناییەکی هونەریی گەورەیان گەرەک بووە بۆ نمایشکردن و ئاراستەکردنی بیرۆکە و بابەتەکانیان بەرەو پرسی ڕزگاری و سەرفرازی گەل و نیشتمان، باشترین بەڵگەی بەرپەرچدانەوەی ئەو جۆرە نووسینانەن کە بێ باکانە لەو سەردەمە زێڕینەی بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا هەوڵی لێدانی ئاستی ئەفراندنی شانۆکاری کورد دەدەن.

بۆیە بەو ئومێدەم قەڵەمی دڵسۆزان و شارەزایانی ئەم بوارە تەواوی ئەو نمایشە شانۆییانە بخەنە بەر باس و ڕووناکی، کە جێی هەڵوەستە و سەرنجدانی مێژوویی و هونەرین و قووڵایی بینراوە شانۆییەکەی کوردستان بەرجەستە دەکەن، هەر لەم سۆنگەیەشەوە وەک بەشداربوویەکی ئەو شانۆگەرییە، نمایشی (ئیفگینیا لە ئۆلیس)ی

شاعیری بەناوبانگی گریک (یوریپیدس) و وەرگێڕان و دەرهێنانی مامۆستا (ئەحمەد سالار) بەسەر دەکەمەوە.

### پەیمانگەی دایک

بەر لە ٤٤ ساڵ لە شاری (سلێمانی)، شاری ڕۆشنبیری و مەڵبەندی جموجووڵە ژیاری و فەرهەنگییەکانی کوردستان، لە هەلومەرجێکی یەکجار هەستیار و سەختدا کە ڕژێمی بەعس (زانکۆ) لە شاری سلێمانی ناهێڵێت و دەیگوێزێتەوە و شەڕی (عێراق-ئێران) دەست پێ دەکات، (ئەو شەڕەی کە عێراق دەخاتە دۆخێکی تایبەتەوە و ڕژێم هەوڵ دەدات بەشێوازێکی نوێ ڕەفتار بکات و خەڵک زیاتر لە خۆی نەورووژێنێ، بۆ ئەوەی ئاسایشی ناوەوەی خۆی بپارێزێت)، بۆیە یەکەمین ئامۆژگەی هونەریی ئەکادیمی لە میانی هەوڵ و تەقەللای دەستەیەک لە مامۆستایان و هونەرمەندانی پایەداری ئەم شارە بەناوی (پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی) لە ١٩٨٠/١٠/٣ دادەمەزرێت. خانمە شانۆکاری کورد مامۆستا (بەدیعە دارتاش) لە کتێبی (یادەوەرییەکانم لە ڕۆژە سەختەکانا) ناوی ئەو مامۆستا بەڕێزانەی تۆمارکردووە و دەفەرموێت: (پەروەردەی سلێمانی دەستەیەکی لە دەرچووانی ئەکادیمی هونەرە جوانەکانی بەغدا لە هەردوو بەشی شێوەکاری و شانۆ بۆ ئەم مەبەستە بانگهێشت کرد کە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون، م. عەلی جۆڵا وەک بەڕێوەبەری پەیمانگە، م. حەمەجەزا محەمەد وەک سەرۆکی بەشی شێوەکاری، مامۆستایان: حیکمەت محەمەد سوبحان، هیوا عەبدوڵڵا، بەختیار مستەفا، عەبدوڵڵا ڕەسووڵ بۆ بەشی شێوەکاری. لە بەشی شانۆشدا م. بەدیعە عەبدوڵڵا حەسەن وەک سەرۆکی بەش، لەگەڵ مامۆستا (ئازاد جەلال)



ئەحمەد سالار

دا دانران، دواتریش مامۆستایان ئەحمەد سالار و ئەنوەر قەرەداخی وەک وانەبێژ لە زانکۆوە بۆ پەیمانگە گوێزرانەوە).

بەم چەند دڵسۆز و هونەرمەندە لە مامۆستایانی ئەکادیمی کورد چەرخی خوێندنی زانستی هونەر لە باشووری نیشتیمان کەوتە گەڕ، دامەزراندنی (پەیمانگەی هونەرە جوانەکان) نەک تەنیا بۆ شاری سلێمانی، بەڵکوو بۆ تەواوی شار و ناوچەکانی کوردستان زەمینەی شۆڕشێکی هونەری و هزری و سیاسیی هێنایە کایەوە، هەر زۆر زوو ئەم ڕۆڵ و بایەخەش درەوشایەوە و کارا بوو.

تەنیا لەدوای تێپەڕبوونی ساڵێک و لەمیانی بەهرە و توانایییەکانی خوێندکارەکانەوە کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانەوە ڕوویان کردبووە ئەم پەیمانگەیە و لەژێر ڕێنمایی و ڕاهێنانی مامۆستا بەڕێزەکان، توانرا شاکارێکی کلاسیکی مەزن بە فۆرمێکی ئەکادیمی ڕێکوپێک بخرێتە بەر دید و دیدگەی جەماوەری شار: ئەویش شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس)ی نووسەری

کلاسیکی گریک (یوریپیدس) بوو کە بابەتی ئەم نووسینەیە.

## شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس)

پێش باسکردنی ناوەڕۆک و بابەتی شانۆگەرییەکە، هەڵوێستەیەک سەبارەت بە نووسەرەکەی دەکەین:

*** یوریپیدس (٤٨٠ پ. ز – ٤٠٦ پ.ن)**

سێیەمین تراژیدیانووسی گریکە و یەکەم شاعیری درامایە کە (شانۆگەرییەکانی هۆشیارییەکی نوێ و هاوچەرخ بووەو لە ڕەوشی ژیانی ئاسایی و گوزەرانی خەڵکەوە نزیک بووە. لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر لە شانۆگەرییەکانیدا کەسایەتییە خانەدان و پاڵەوانە جوامێر و پایەدارەکانی بەرجەستەکردووە وەک: (ئەلکیستیس، ئیفگینیا، بۆلۆکسینا)، بەڵام (یوریپیدس ) کە زیاتر لە ٩٠ تێکستی نووسیوە و هەژدە تراژیدیا و یەک ساتۆری بە ئێمە گەیشتووە، هەردەم (لەخەمی ئەوەدا بووە شانۆگەرییەکانی ئاوێنەیەکی ڕوونی سەردەمەکەی بێت و زۆر لە دابونەریتە چەسپاوەکان تێپەڕێنێت، بۆیە ڕەنگ و ڕۆخساری مرۆیی بە خواوەندەکانی گریک بەخشیوە، بەجۆرێک کە وەک مروڤ هەست بکەن و بیربکەنەوە).

(ئەسینا) ئەو شارەی کە (یوریپیدس)ی لێ ژیاوە، ناوکی ژیاریی وڵات و مەڵبەندی سەرەکی داهێنان بووە لە بوارەکانی فەلسەفە و ڕامیاری و ئەدەب و هونەر، بەیداخی شۆڕش و بەرپەرچدانەوەی ستەمکاریی دژ بە دەسەڵاتدارە زۆردارەکان هەڵداوە، چونکە دانیشتووانی ئەو شارە هۆشیارانە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان بە بەرژەوەندی و سەرفرازی گەل و نیشتمانەکەیانەوە گری داوە .ئەم بەها و ئایدیا بەرزانەش لە شانۆنامەکانی (یوریپیدس)دا ڕەنگیان داوەتەوە وەک لە شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس) بە جوانترین شێوە بەرجەستەبووە.



سلێمانی، ١٩٨٢، دیمەنێک لە شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس)، دەرهێنانی (ئەحمەد سالار).

*** (ئیفگینیا) قوربانی و پاڵەوان**

چیرۆکی ئەم شانۆگەرییە کە لە ساڵی ٤٠٩ پ. ز نمایش کراوە، بابەتی لەبەردڵانی شاعیرە تراژیدییەکانی گریک بووە، هەر شاعیرێک پێشتر بە جۆرێک دایڕشتووە، ئەگەرچی بەتێکڕا (ئیفگینیا)یان وەک قوربانییەکی مەرگ بەسەردا سەپێنراو وێناکردووە. تەنیا (یوریپیدس) نەبێت لە بۆتەیەکی هونەریی نوێدا پایە و کەسایەتی (ئیفگینیا)ی بەرز ڕاگرتووە بە جۆرێک کە بە خواست و ئیرادەی خۆی بڕیاری خۆ بەخت کردن لە پێناوی نیشتیمانەکەی دەدات.

ڕووداوەکانی شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس) سەبارەت بە (ئاگامەمنون)ی سەرکردەی بەرەی سوپاکانی یۆنانە لە جەنگی دژ بە تەڕوادە، کە بڕیاری داوە کچەکەی بکاتە قۆچی قوربانی بۆ ڕازیکردنی (ئەرتیمس)ی خواوەند تا ڕێگە بە کەشتییە جەنگییەکانیان بدات جووڵەبکەن و بۆ شەڕی دوژمنەکانیان دەریا ببڕن، بەڵام کاتێک (ئاگامەمنون) لەژێر کاریگەریی سۆزی باوکایەتی لەم بڕیارە پاشگەز دەبێتەوە، (ئیفگینیا)ی کچی بڕیاردەدات گیانی خۆی بەخت بکات و ئابڕوو و شکۆی گەل و نیشتمانەکەی بپارێزێت.

بەو بڕیارەش دەبێتە ئەو پاڵەوان و نموونە بەرزەی دەستەی لاوان کە بۆ هەتا هەتایە ناوی بە نەمری بمێنێتەوە و چیرۆک و چارەنووسی لە کچێکی بێ دەسەڵاتی قوربانی پێ دراوەوە، بۆ پاڵەوانێکی گیانفیدا و خۆنەویست بگۆڕێت و بیسەلمێنێت کە قارەمانیەتی و نەبەردی هەر لە پیاوان چاوەڕێ ناکرێت، بەڵکوو کچان و ژنانیش دەتوانن مێژوو تۆمار بکەن و ببنە قارەمان.

* (پەیمانگە) و (ئیفگینیا) و (شاری هەڵمەت و قوربانی)

بێگومان ئەگەر ئەم بەها شۆڕشگێڕی و پەیامە سیاسییەی نێو دەقەکە، لەگەڵ ساتەوەختی نمایشکردنی شانۆگەرییەکە لێک بدەینەوە، کە لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی کوڕان لە ١٥- ٢١/ ٤/ ١٩٨٢ نمایشکراوە، ئەوە بە ڕوونی هۆگری ئەم نۆبەرە بەرهەمەی پەیمانگە لە سلێمانی، بە ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان گرێ دەدرێتەوە کە بریتییە لە (خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢)، ڕێکەوت نییە هەر دوای چەند ڕۆژێک لە نمایشی ئەم بەرهەمە هەڵمەتی خۆپیشاندانەکانی قوتابی و خوێندکاران و خەڵکی شار دژ بە ڕژێمی خوێنڕێژی بەعس لە ٢٣/ ٤/ ١٩٨٢دا دەست پێ دەکات و زۆربەی گەنجە بەشدارەکانی ئەم شانۆگەرییەش لە کچان و کوڕانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی دەبنە سەردەستەی خۆپیشاندەران، ڕێکەوت نییە! بەڵکوو گۆشکردن و ئاراستەی کوردایەتی و پەروەردەی ڕاست و دروستی گەنجانی زەین داگیرساو و خوێن گەرمە لە شارێکدا کە بە هەڵمەت بردن و قوربانیدان لەپێناوی ئازادیدا ناوزەدکراوە.



نەرمین قادر لە ڕۆڵی کلیتمینسترا، ئاراس تەیب لە ڕۆڵی ئاگامەمنون.

* بەشدارانی شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس)

بەشدارانی ئەم نمایشە کە یەکەمین بەرهەمی بەشی شانۆ بوو، لە تەواوی مامۆستایان و خوێندکاران پێکهاتبوو، مامۆستا بەڕێزەکان وێڕای ڕاهێنانی خوێندکاران و دانانی دیزاین و نەخشەی کارە هونەرییەکان بەشداری سەرەکیشیان لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەدا دەکرد و جوانترین نموونەی پراکتیکی و کارکردنی دەستەجەمعی و خاکەڕایی و خۆشەویستیان بەرجەستەدەکرد، کە بریتی بوون لە هونەرمەندانی پایەبەرز:

١- مامۆستا (ئەحمەد سالار)، وەرگێڕی دەق بوو بۆ سەر زمانی کوردی و هەر خۆی شانۆگەرییەکەی بە فۆرمێکی هونەریی باڵا دەرهێنا.

٢- م. عەلی جۆڵا بەڕێوەبەری گشتی بەرهەم بوو.

٣ - م. ئازاد جەلال نەخشەکێشی دیکۆر و سەرپەرشتیی هەموو قۆناغەکانی جێبەجێکردنی دیکۆری شانۆگەرییەکەی کرد، کە بە دیزاینێکی هونەریی بەرز دروستکرابوو.

٤- م. بەدیعە دارتاش ئەرکێکی گەورەی لە ئەستۆ بوو وەک سەرۆکی بەش و سەرپەرشتیاری ڕووناکی و جلوبەرگ.

٥- م. ئەنوەر قەرەداغی، سەرەڕای ئەوەی مۆسیقا و ئاوازی شانۆگەرییەکەی لەئەستۆ گرتبوو، کارێکی دیکەی، تۆمارکردنی ڤیدیۆیی و وێنەیی نمایشەکە بوو، کە لەو کاتەدا کارێکی ناوازە و گرنگ بوو.

٦- م. حیکمەت هەندی، دانانی ئارایشتی لە ئەستۆ گرتبوو، کە بە شێوەیەکی هونەری زۆر جوان ڕۆژانە مەیک ئەپی بۆ (٣٥) ئەکتەری کچ و کوڕ دەکرد.

بەشی دووەمی بەشداران لە خوێندکاران پێکهاتبوو، ئەوکاتە تەنیا ساڵێکی خوێندن بەسەر دامەزراندنی پەیمانگەدا تێپەڕیبوو، بۆیە تەنیا قوناغی یەک و دوو لە ئارادا بوو، بەڵام بناغە دروستەکەی پەروەردەی هونەریی ئەم پەیمانگەیە ئەو متمانەیەی بە هەموان بەخشیبوو کە خوێندکارانی ئەم دوو قۆناغە دەتوانن تەواوی ڕۆڵەکان بگێڕن و کارە هونەری و کارگێڕییەکانی نمایشکە بە ڕێنمایی مامۆستاکان بە جوانترین شێوە جێبەجێ بکەن. وا لێرەدا ناوەکانیان دەنووسین کە ئێستا زۆربەی ئەو هاوڕێیانە ناوی دیار و هەڵکەوتووی ناوەندە هونەرییەکەی کوردستانن، بەداخەوە هەندێک لەو ئازیزانە شەهید بوون، یان کۆچی دواییان کردووە، ئەوانەی ڕۆڵەکانیان بەرجەستە دەکرد بریتی بوونە لە هونەرمەندان:

- ئاراس تەیب بەقاڵ.. ئاگامەمنون
- بەرزان مەحموود.. پیرەمێرد
- نەرمین قادر.. کلیتی مینسترا
- پێشڕەو عەباس..میناالاوس
- ئاسۆ سدیق..ئەرستیس
- بەیان ڕەشید.. ئیفگینیا
- شەفیق محەمەد.. ئەکلیز
- هیوا عەزیز.. نێرراو
- ئیبراهیم مەولوود.. کالاس
- ئاکۆ عەزیز.. پیاوێک
- عەبدولمەجید حەمەئەمین.. پاسەوان
- زاهیر غەریب.. پاسەوان

(کۆرس)

- سروە عزەت، سازگار عەبدوڵڵا، گوڵاڵە جەلال، بەیان مەحموود، تریفە جەمال، یادگار لەتیف، سۆران عوسمان، ئەرسەلان ئەحمەد دەروێش، حیسامەددین محەمەد، ئاشتی کەمال، شەماڵ فەهمی، شۆڕش قادر، سدیق عەزیز، محەمەد عەزیز، سلێمان خدر، بەرزان عارف، هاژە عوسمان، جوان غەفوور، حەسیبە ئەنوەر، نەسرین ئەحمەد، دڵخواز کەمال، دارا عەبدولقادر.

هەروەها ئەو خوێندکارانەی بەشدارییان لە ئەنجامدانی کارە هونەرییەکاندا کرد بریتی بوون لە هونەرمەندان:

(بەڕێز مەجید، جەزا ڕەشید، یاسین قادر سەعید، ڕزگار عەبدوڵڵا، قادر محەمەد، بەیان عەبدولمتەلیب، ئومێد عەبدولکەریم، نەغەدە محەمەد، نەهرۆ ساڵح، مەریوان عومەر، هەڤاڵ غەفوور، مەحموود عەلی، مەیسوون محەمەد، عومەر عەلی سەعید، سەلام عەبدوڵڵا، سیامەند ساڵح، سەرکەوت مەجید، عومەر ساڵح، میدیا ڕەئووف، هیوا محەمەد، دڵشاد مامە کەریم، ڕەجا عادل، ماهر حەسەن، دانا عەلی سەعید، عەبدوڵڵا ئەحمەد، ڕێبوار محەمەد ساڵح، کاوە تۆفیق، سەلاح سەعید مەولوود، بەهزاد مستەفا، ئاراس محەمەدئەمین، ڕزگار باهیر).

* ماوەتەوە بڵێم: هەرچەندە ئەو زانیاری و وانانەی تا کاتی نمایشکردنی شانۆگەری (ئیفگینیا لە ئۆلیس) لەبەشی شانۆ دەخوێنران هێشتا لە سەرەتادا بوو (چونکە لە خوێندنی

٥ ساڵی پەیمانگەدا تەنیا ساڵ و نیوێک تێپەڕیبوو)، بەڵام ئەم بەرهەمە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەتێگەیشتنی قووڵ و شارەزایی پەیداکردنی باش لەلای خوێندکاران لە ڕووی پراکتیکییەوە و درک کرن بە بایەخی ئەم هونەرە لەژیانی تاک و کۆمەڵگەدا. هەرچۆن لە ڕێگەی نمایشکردنی ئەم شاکارە کلاسیکییەوە جەماوەری هونەر دۆستی شاری سلێمانی زیاتر ئاشنا بوو بە بوون و توانایی بەرزی بەخشش لەم پەیمانگەیەدا کە وێڕای زیادبوونی ڕووکردنە خوێندنی گەنجان لە بەشی شانۆ و شێوەکاری ئەم پەیمانگەیە، لە ساڵی دواتردا بەشێکی گرنگی تریش کرایەوە کە بەشی موزیک بوو .

لەناو پرۆشۆری شانۆگەرییەکە مامۆستا (ئەحمەد سالار)ی دەرهێنەر برگەیەکی سەرنجڕاکێشی لە بەیاننامەی (کۆنگرەی جیهانیی شانۆ)ی ساڵی ١٩٤٨ لە پراگ دانابوو کە دەڵێت:

(مرۆڤ لە گشت کات و شوێنێکدا ئەتوانێت بەهۆی هونەری شانۆوە بەرگری لە بوونی خۆی بکات و خواستەکانی دەرببڕێت).

**سەرچاوەکان:**

١- د. سەلام فەرەج کەریم، گەشەسەندنی درامای کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠٣.

٢- بەدیعە دارتاش، یادەوەرییەکانم لە ڕۆژە سەختەکانا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٩٤.

٣- شكري عبدالوهاب، یوربیدس، فلور للنشر والتوزیع، القاهرة، ٢٠٠٣. ل٨.

# خوێندنەوەی کتێبی (خەونی فەرمانبەرێک)(١)

د. کەیفی ئەحمەد
(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)




**١- ناوونیشان**

ناوونیشان بەگشتی لە بابەتی ئەدەبی و هونەریدا زۆر گرنگە، بەتایبەتی لەو بابەتانەی کە چیرۆکئامێزن، وەک ڕۆمان و جۆرەکانی چیرۆک، چونکە ناوونیشان بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە و گوزارشتکردن و ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکەکەیە، کە هەندێک جار تەنیا بە خوێندنەوە و سەیرکردنی ناوونیشانەکە تا ئاستێک لە بابەت و ناوەرۆکەکە دەگەین، یان سەرنجمان ڕادەکێشێت و بەرەو لای خۆی کێشمان دەکات و دەیخوێنینەوە، بۆیە دەبێت نووسەر گرنگی زۆر بە ناوونیشان بدات، کە هەندێک جار وەک ڕەمز و گوزارشت، یان خەیاڵی، یان واقیعی دەبێت.. ناوونیشانەکانی ئەم کتێبەش هەر هەموویان بەجۆرێکن، کە گوزارشت لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە دەکات و هەر بە خوێندنەوەی ناوونیشانەکە تێ دەگەین، کە ناوەرۆکەکە باس لە چی دەکات و لە دەوری چی دەخولێتەوە، نووسەر لە هەڵبژاردنی ناوونیشانەکان لەڕووی جوانی و ناسکی و ئیستێتیکی و واقیعی سەرکەوتوو بووە و بەجوانی لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا گونجاندوونی.

**٢- واقیعییەت**

نووسەر بۆ نووسینی بابەتەکانی دەتوانێت پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوە و بابەت و ڕووداو ببەستێت، کە دەکرێت خەیاڵی، ئەفسانەیی، مێژوویی، کێشەی کۆمەڵایەتی، واتە لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییەوە وەریان بگرێت، نووسەر لەو کۆمەڵە چیرۆکەدا بەشێوەیەکی گشتی پشتی بە ڕووداو و کێشەی کۆمەڵایەتی واقیعی بەستووە و بەشێوەیەکی هونەری تەوزیفی کردوون و دایڕشتوونەتەوە، دیارە ڕووداوی واقیعی ئەگەر بە جوانی و بە شێوەیەکی هونەری

دابڕێژرێتـەوە و جیهانێکـی ئیسـتێتیکی لـێ دروست بکرێـت، خوێنـەر زیاتـر خـۆی لەنێودا دەبینێتـەوە و چێـژی لـێ وەردەگرێـت. ئەگـەر چاوێـک بـە چیرۆکەکانـدا بگێڕیـن، ئـەو ڕاسـتییەمان بـۆ دەردەکەوێت، بۆ نموونـە (خانەنشین) باسی دۆخـی کەسـانی خانەنشـینکراو دەکات، کـە لـەو وڵاتـەی ئێمـە لـەڕووی دەروونـی و داراییـەوە لـە چ دۆخێکدا دەژیـن، ئـەوان هەست بـە ئێش و ئـازار و ناخۆشـی دەکـەن، بەهـۆی کەمـی مووچەکانیـان، یـان لەپـڕ دوورکەوتنـەوەی لـە هـاوڕێ و شـوێن و فەرمانگەکـەی، کـە چەندان سـاڵ بـە دڵ خزمەتـی کـردووە و هۆگـری هاوکارەکانـی بـووە.

خۆی لـە واقیعـدا دەبێـت بـە پەنجەکانـی سـاڵ و مانـگ و ڕۆژەکان بژمێرێـت، تـا دەگات بـەو کات و ساتە و خانەنشـین بێـت، دوای ئـەوە ڕێـزی لـێ بگیرێـت و ژیانێکـی شایسـتە و سـەربەرزانەی بـۆ دابیـن بکرێـت، بـەڵام خانەنشـینبوون لـە وڵاتـی ئێمـە لەبـری ئـەوەی پاداشـتی ماندووبوونەکـەی بدرێتـەوە و بـەری ڕەنجـی کۆبکاتـەوە و لـەو تەمەنـەدا لەژێـر سایەیدا بحەسێتەوە و پشوویەک بـدات، کەچـی سـزا دەدرێـت و مووچـەی بـە ڕێژەیـەک کـەم دەکرێتـەوە، کـە نەتوانـێ پێـی بژێـت، دوای ئـەوەی توانایـی کارکردنـی نامێنێـت و چەنـدان نەخۆشـی بەهـۆی تەمەنەکەیـەوە لێـی کۆبوونەتـەوە، پێویسـتی زیاتـری بـە مـاددە هەیـە، کەچـی ناچـار دەبـێ، بـەو تەمەنـە دووبـارە پەنـا بـۆ کارکـردن بباتـەوە.

هەروەهـا باسـی واقیعێکـی دیکەمـان بـۆ دەکات، ئەویـش دەسـتاودەسـتکردن و ئاڵوگـۆڕی شـوێن و ڕۆڵەکانـە لەنێـو نەوەکانـدا، چونکـە ئـەوە سـوننەتی ژیانـە، کـە ئەمـڕۆ مـن و سـبەی تـۆ، یـان ڕۆڵـی مـن و تـۆ، یـان نەوەکانمـان شـوێنمان دەگرنـەوە و دەورو تەسـلیم بـە ئـەرک و شـوێنەکانمان دەکەیـن، لـە کـوێ و لـە چ کات و سـاتێکدا ڕۆڵـی مـن تـەواو بـوو، هـەر لـەو شـوێن و کات و سـاتەدا ڕۆڵـی کەسـێکی دیکـە دەسـت پـێ دەکات و جێگـەی دەگرێتـەوە، ئـەو سـاتەی کەسـەکە ڕۆڵـی تەواوبـووە، لـە گۆڕەپانەکـە کارتـی سـووری بەڕوودا بـەرز دەکرێتـەوە و دەکرێتـە دەرەوەی یارییەکـە، هـەر لـەو سـاتەدا و لـەو شـوێنەدا ژیـان و ڕۆڵـی کەسـێکی دیکـە دەسـت پـێ دەکات و دێتـە نێـو مەیدانەکـە و شـوێنی دەگرێتـەوە، ئەویـان چەنـدە دڵـی ناخۆشـە، ئەمیـان هێنـدە دڵـی خۆشـە، دژیەکـی و بەراوردێکـی واقیعـی جوانـی ژیانمـان پیشـان دەدات.

- چیرۆکی (موویەکی سمێڵم سپی بووە)

بـاس لـە واقیعێـک دەکات، کـە بریتییـە لـە قۆناغەکانـی ژیانـی مـرۆڤ، لـە منداڵـی بـۆ هـەرزەکاری و بـۆ کامڵـی و بـۆ پیـری، ئـەو سـوڕەی ژیانیـش شـتێکی حەتمییـە و هیـچ هێـز و دەسـەڵاتێک ناتوانـێ ئاراسـتەکەی بگـۆڕێ و بیوەسـتێنێت، بۆیـە نابێـت نیگـەران و نـاڕازی بیـن، یـان لـەو گۆڕانکارییانـە بترسـین، کـە لـە هـەر قۆناغێکدا ڕوودەدەن، چونکـە هـەر قۆناغـەی خاوەنـی سـیما و خەسـڵەتی خۆیەتـی، هەروەهـا بریتییـە لـە سروشـت و کاروانـی ژیانـی مرۆڤایەتـی، هەندێـک شـت هـەن زۆر بچووکـن و پێویسـت بـە تـرس و نیگەرانـی ناکـەن، دەبێـت سـەیری دەوروبـەر و هـاوڕێ و خەڵکـی دیکـە بکەیـت، کـە لەوانەیـە لـە کێشـە و ئـازار و مەینەتـی زۆر گەورەدابـن و بەرگـەش دەگـرن، کەچـی تـۆ بێـی کێشـەیەکی زۆر ئاسایی و بچووک گـەورە بکـەی، بیکـەی بـە هـات و هـاوار... چییـە مـووی سـپی لـێ دەرکەوتـووە.

- چیرۆکی (دایکم سەرووەت و سامانمە)

باسـی سـەردەمانێکی واقیعـی ژیانـی گەلەکەمـان

دەکات، کە گرانی و برسییەتی بوو، خەڵکی بەدوای دەرپاسەکان دەکەوتن، یان لە پەرێزەکاندا گوڵەگەنمیان کۆدەکردەوە، هەروەها باسی قۆناغێکی سەخت و قێزەونی نەتەوەکەمان دەکات، کە شەڕی براکوژییە.

هەروەها باسی کەسانێکی درۆزن و قۆڵبڕ و تەڵەکەباز دەکات، کە لەژیاندا لەپێناوی دەسکەوت و قازانج لە هیچ شتێک سڵ ناکەنەوە و نەریت و ئایین و گفت و بەڵێنیان بەلاوە گرنگ نییە، گرنگ نییە، کەسەکە گەورەیە، یان بچووک، نەخۆشە، یان ساغ، هەژارە، یان دەوڵەمەند، گرنگ ئەوەیە، ئەوان پارە و قازانجی خۆیان دەست بکەوێت، ئەوانەش هەمووی لەنێو مامەڵە و کڕین و فرۆشتندا دەخاتەڕوو.

واقیعییەت بە چەندان ئامراز و ڕێوشوێن دەخاتەڕوو، بۆ نموونە بەکارهێنانی ناوی کەسانی واقیعی لەنێو خێزانەکەی، وەک ناوی برا و خوشک و باوک و دایک و باپیرە و خزم و ناسیاوەکانی، خەڵکی گوندەکەی، خەڵکی شاری کۆیە..

بەکارهێنانی ناوی شوێنی واقیعی، وەک ناوی هەرمۆتە، عەنکاوە، هەولێر، ماجدی مۆڵ، سلێمانی، چاڤیلاند، کۆیە، گردەشینە...

**- چیرۆکی (لەنێو پاسدا)**

باسکردن و ژیان و پیشە و گوزەران و نەریتی سەردەمێکی ژیانی واقیعی خەڵکی لە شارە گەورەکانی وەک هەولێر و سلێمانی دەکات، کە خەڵکی بە پاس هاتوچۆیان دەکرد و خەڵکی بەپێوە دەوەستان و لەنێو پاسەگەورەکان پاڵە پەستۆیان بوو، کە نووسەر زۆر بەجوانی و هونەرییانە ئەو دیمەنەی تەوزیف کردووە و وێنە و دیمەنێکی تازە و جوان و ئیستێتیکی نوێی واقیعی لێ دروست کردووەتەوە، هەروەها باسکردنی ژیان و هەڵسوکەوتی گەنجان و شێوازی خۆشەویستی نێوان کوڕان و کچانی ئەو کات.

**- چیرۆکی (با جەوێک بگۆڕین)**

ئەم بابەتە ڕەخنەگرتنە لە دەسەڵات و کۆمەڵ و چین و توێژەکان و لایەن و کەسەکان وەک تاک، یان دابونەریتی چەوتی نێو کۆمەڵ، چەندان دیمەنی تەنزئامێز و پێکەنیناوی و ڕەخنەئامێزی تێدان، کە خەندە دەخاتە سەر لێوی خوێنەران و بابەت و گێڕانەوەکە دەڕازێنێتەوە، هەروەها باسی جیاوازی چینایەتی دەکات، کە چینێک هێندە تێر و خاوەن داهاتن، لە هەمان کاتدا هێندە دەستبڵاو و موسریفن، کە بە ڕۆژێک و لە بۆنەیەکی ئاسایی، کە هیچ پێویست نییە، بەقەد دوو ساڵی چینێک، یان خەڵکێکی هەژار داهاتیان هەیە و سەرف دەکەن، بەڵام ئەو چینە دەوڵەمەندە هەموو شتێکیان هەیە و لە هیچ ئامرازێکی خۆشگوزەرانی بێ بەش نین، بەڵام دڵیان خۆش نییە، دیمەنە جوان و هونەرییەکە لەو سات و دیمەنەدایە، کاتێک دەبدەبەیەک لەنێو ئۆتۆمۆبێلەکەی ئەوان بەبێ مەبەست دەپەڕێتە دەرەوە و بەهۆی باوە دەچێتە نێو کەمپێکی ئاوارەکان، کە منداڵەکانیان لە هەموو خۆشییەکی دنیا بێ بەشن، بایەکە دەیبات بۆ نێو ئەو منداڵانە، کە بە شتی سەرەتایی و دەستکردی خۆیان یاری دەکەن، دەبدەبەکە دەکەوێتە دەستی منداڵێک، دەگەشێتەوە و دڵی خۆش دەبێت، هەروەها لە گۆشەیەکی دیکەدا باسێکی مێژوویی و واقیعی نەتەوەکەمان دەکات، باسی ئەو کارەساتانە دەکات، کە بەسەر ئێزیدی و مەسیحییەکان هاتوون، کە باسی جۆر و قەبارە و کاریگەریی ئەو کارەساتانە بەسەر نەتەوەکەمان بە گشتی و ئەو بەشەی نەتەوەکەمان بەتایبەتی دەکات، کە بووەتە هۆی کۆچ و کەمبوونەوەی

ژمارە و پێگەیان لەو ناوچە گرنگانەی نیشتمان..

- **چیرۆکی (ئازاری ژیان)**

باس لە سەردەمێکی واقیعی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەگشتی و مووچەخۆران بەتایبەتی دەکات، کاتێک حکومەت مووچەکەیانی کرد بە نیوە مووچە و چارەگە مووچە و بە دوو مانگ جارێک وەرگرتنی ئەو بڕە مووچە کەمە، لە هەمان کاتدا دەوامیشی بە مووچەخۆران و هێزی پێشمەرگە دەکرد، کە بە قەرز کرێی هاتوچۆی چوونە سەر کارەکانیان دەدا، لەو لاشەوە منداڵەکانی بە سکی برسی و بێ پارە جێ دێڵێت و دەبێت خەڵکی خێریان پێ بکات..

ئەوە بەشێوازێکی تراژیکۆمیدی خراوەتەڕوو، کە سەرەتا بە دیمەنێکی خۆش و پێکەنیناوی و قسەی خۆش دێتە ناو بابەت، پاشان دەیگۆڕێت بۆ ئەو ناخۆشی و خەمە و فرمێسک لە چاوی خوێنەر دێنێتە خوار و.. کۆتایی بە چیرۆکەکەی دێنێت.

- **چیرۆکی (خەونی فەرمانبەرێک)**

فەرمانبەرەکە لەنێو واقیعێکی تاڵ و ناخۆش و ژیانێکی تاقەت پڕووکێنەر و ماندووکەر و هەژارانەدا دەژێت و زۆر بێزار و بێتاقەت و خەفەتبارە، لەو دۆخەیدا دەچێتە نێو دۆخێکی خەیاڵاوی، کە خەیاڵ بە ژیانێکی ڕۆمانسی و جوان و پڕ لە خێر و خۆشی ئاسوودە دەکات، لەو دۆخە خەیاڵاوییەدا خەو دەیباتەوە و خەوی لێ دەکەوێت، بۆیە یەکسەر دەچێتە نێو جیهانی فانتازیا و خەوبینینەوە، کە خەون بەوەوە دەبینێت، چووەتە نێو ژیانێکی خۆش و دەوڵەمەندانە و خاوەنی هەموو شتێکە، بەهۆیەوە خۆشبەختی ڕووی تێ کردووە، لەو دۆخە خۆشەدا، یەکسەر دەیگوێزێتەوە بۆ دۆخێکی ناخۆش و تەواو پێچەوانەی خەونەکەی، ئەویش بەهۆی کوژانەوەی کارەبا و گەرمداهاتنی ژوورەکەی، ئەو گۆڕانە ڕوودەدات، کە ژوورەکەی لێ دەبێت بە گورگێکی دڕندە و هار و برسی و ڕاوەدووی دەنێت، کە فریزی ماڵەکەی دەبێتە چەپۆک و تووکی و دەرگای ماڵ دەبێتە دەم و کەڵبە و پەنجەرەکان چاوەکانی و بەم شێوەیە هێرشی بۆ دێنێت، ڕاوەدووی دەنێ و دەیەوێت بیگرێت و بیخوات، ئەویش لێی ڕادەکات و هەناسەبڕکە و تەنگەتاو بووە، لەو دۆخ و مەترسییەدا بەخەبەر دێت، کە بەهۆی دۆخە ڕاستەقینەکەی، کە بێکارەبایی و گەرماکە و خەونە ترسناکەکەی دروستیان کردووە، هەناسەی سواربووە و ماندوو بووە.

- **چیرۆکی (ئەوەندیتر باریم قورس کرد)**

بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و واقیعی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی و باس لە ژیانی سەردەمی منداڵی خۆی و هاوڕێکانی دەکات. لێرەدا باسی جیهانی منداڵی و خەون و هیواو ئاوات و یاری و خەسڵەتەکانی ئەو چینە دەکات، کە چینێکی پاک و بێگەرد و پڕ لە جووڵە و حەز و ئارەزوو و خەونن، باسی سروشت و شێوازی یارییەکانیان دەکات، کە بە جوانی ئەو ژیانە سادە و پڕ لە خۆشی و بەرائەتەمان بۆ دەنەخشێنێت.

- **چیرۆکی (بەس جێگام نییە)**

چیرۆکێکی نوکتە ئامێزە و هەر خۆی نوکتەیەکە و ئەو هاتووە دووبارە بەجوانی بۆمانی دەگێڕێتەوە و بەشێوەیەکی ئیستێتیکی و هونەری دایڕشتووەتەوە، کە بەستنەوەی دوو دیمەنی کۆمیدی و تەنزئامێزی لەیەکچووە، کە لە دوو سەردەمی جیاواز و دوو شوێنی جیاواز لە یەکدی ڕوویان داوە، کە یەکیان وەک نوکتە و قسەی خۆشی فۆلکلۆرییە، ئەوەی دیکەشیان دیمەنێکی هاوچەرخی ئێستایە، یەکەمیان

لەنێو گوند و مزگەوتە و دووەمیان لەنێو زانکۆ و کتێبخانەیە، مەبەستی هەردووکیان یەکە، کە ژوان و یەکتر بینینی دوو ئاشقە.

**- چیرۆکی (ئازارەکانی ئاسۆ)**

بابەتێکی تراژیکۆمیدییە، کە دوای گێڕانەوەی دوو بەسەرهاتی زۆر کۆمیدی و گاڵتەوگەپ و نوکتەئامێزی ڕووتەمەنی، دەچێتە نێو خەم و ناخۆشی، کە باس لە غەدرێکی گەورەی باوکێک بەرانبەر ڕۆڵەکەی خۆی دەکات، هەروەها باسی نەخۆشییەکەی دایکی دەکا، کە تەشەنەی کردووە.

## ٣- خەیاڵ

خەیاڵ ئەو ڕەگەزەیە، کە هیچ بابەتێکی ئەدەبی و هونەری ناتوانێ بەبێ ئەو لەدایک ببێت و دروست بێت، چونکە بەهۆی خەیاڵەوەیە، کە بابەتی ئەدەبی هونەری دەچنە نێو ئەو جیهانەی، کە جیابکرێتەوە لەو دیمەنەی لەنێو واقیعدا هەیە، تا نووسەر ئاسۆی خەیاڵی فراوانتر بێت، بابەتەکەی جوانتر و هونەریتر دەبێت، بۆیە نووسەر پەنای بۆ خەیاڵ بردووە و بەهۆیەوە بابەت و چیرۆکەکانی جوان و چێژبەخشتر بوونە، بۆ نموونە:

- لە چیرۆکی خەونی فەرمانبەرێکدا: فەرمانبەرەکە لەنێو واقیعێکی تاڵ و ناخۆش و ژیانێکی تاقەت پروکێنەر و ماندووکەر و هەژارانەدا دەژێت و زۆر بێزار و بێتاقەت و خەفەتبارە، لەو دۆخەیدا دەچێتە نێو دۆخێکی خەیالاوی، کە خەیاڵ بە ژیانێکی ڕۆمانسی و جوان و پڕ لە خێر و خۆشی ئاسوودە دەکات، لەو دۆخە خەیالاوییەدا خەو دەیباتەوە و خەوی لێ دەکەوێت، بۆیە یەکسەر دەچێتە نێو جیهانی فانتازیا و خەوبینینەوە.

- لە چیرۆکی دایکم سەروەت و سامانمەدا دیسانەوە لە خەیاڵەوە دەچێتە نێو خەون و فانتازیاوە، کە تەکنیکێکی جوانی بۆ گوزارشتکردن لە خەم و پەرۆشی بۆ بەرخەکەی و دروستکردنی وێنەیەکی جوان، بەکارهێناوە.

- لە چیرۆکی موویەکی سمێڵم سپی بوو، کاتێ باسی گۆڕانکارییەکانی جەستەی دەکات، دێت خەون و خەیاڵ تێکەڵ دەکات، وێنەیەکی جوان و گوزارشتکارانە دەکێشێت و بەهۆیەوە ئەو واقیعەی ژیانی مرۆڤ دەخاتەڕوو..

## ٤- تەکنیکی پیشاندان و وێنەکێشانی دەروونی

پیشاندانی گۆڕانکارییەکانی ناوەوە و ناخی کارەکتەرەکان لە چیرۆک و بابەتە چیرۆکئامێزەکان زۆر گرنگە، چونکە هەڵچوون و گۆڕانکارییەکانی ناوەوە کاریگەرییان لەسەر لایەنەکانی دەرەوە و هەڵسوکەوت و کردەوەکانی کارەکتەردا هەیە، هەروەها گوزارشتێکی ڕاستگۆیانە و واقیعی کارەکتەر دەخاتەڕوو.

نووسەر لە چەندان هەڵوێست و ڕووداوی نێو چیرۆکەکانی کاردانەوە و دۆخی دەروونی کارەکتەرەکانمان پیشان دەدات و دەخاتەڕوو، کە بەهۆیانەوە باشتر لە کار و کردەوە و هەڵوێستەکانیان دەگەین و دەزانین بەرەو کوێ هەنگاو دەنێن، بۆ نموونە لە چیرۆکی خانەنشیندا، بەهۆی شڵەژان و دڵەڕاوکێی کارەکتەر، وێنەیەکی ئیستێتیکی ڕاستگۆیانە و واقیعی ناخی ئەو کارەکتەرەمان بۆ دەکێشێت و وەک کاردانەوەی بەرانبەر بە خانەنشینبوونەکەی، کە لەناخەوە پێی هەزم ناکرێت و تووشی ئەو دۆخە دەروونییە دەبێت.

لە چیرۆکی موویەکی سمێڵم سپی بوو، کارەکتەر لەناخەوە دەهەژێت و ناتوانێت ئەو واقیعە بە ئاسایی وەک سونەتێکی ژیانی مرۆڤ

وەربگرێت، بۆیە لە ناخەوە تووشی ڕاڕایی و خەم و نیگەرانی دەبێت، بەهۆی ئەوەی دەگات بە قۆناغێکی دیکەی ژیانی ئاسایی.

**٥- فلاشباک، گەڕانەوە بۆ دواوە**

ئەو تەکنیکە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی خوێنەران بۆ ڕووداوێک بگێڕییەوە، کە پێش ئەو کات و سەردەمەی کە کارەکتەر تێیدا دەژێت و بەلایەوە زۆر گرنگە و کاریگەری لەسەر بنیادی ڕووداو و کەسیەتی و ئەو دۆخەی ئێستای تێدایە هەبووە.. نووسەر سوودی لەو تەکنیکەش وەرگرتووە و بەکاری هێناوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی خانەنشیندا بەهۆی فلاشباک دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی، کە کارەکتەر لە هەڕەتی لاوێتیدا بووە، باسی ئەو ڕۆژەمان بۆ دەکات، کە وەک فەرمانبەر دەست بەکاربووە، چەندە دڵی خۆش بووە، ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو ساتە و ئەو ڕۆژەی ئێستایەتی، کە بەراورد و دۆخێکی دژبەیەکی جوانمان پیشان دەدات.

**٦- شێواز**

نووسەر لە خستنەڕووی بابەتی چیرۆکەکانیدا چەندان شێوازی بەکارهێناوە، وەک تەنز و کۆمیدیا، ئەو شێوازە لە زۆربەی چیرۆکەکانیدا بەرچاو دەکەون، بۆ ئەوەی دۆخێکی خۆش و پێکەنیناوی بۆ خوێنەر دروست بکات و خەندە بخاتە سەر لێوەکانی.

تراژیدیا و جیددییەت، شێوازێکی دیکەیە، کە نووسەر سوودی لێ وەرگرتوون، لە هەندێک لە چیرۆکەکانیدا پەنای بۆ بردوون و سەرکەوتووانە جێبەجێی کردوون.

شێوازی تراژیکۆمیدی، دیسانەوە هاتووە سوودی لەو شێوازەش وەرگرتووە، کە سەرەتا بە نوکتە و قسەی خۆش، یان دیمەنێکی گاڵتەوگەپ، یان ڕووداوێکی پێکەنیناوی واقیعی، دەچێتە نێو ڕووداو و باسەکەی و خەندە دەخاتە سەر لێوی خوێنەر، پاشان وردەوردە بۆ جیددییەت و خەم و ناخۆشی دەیگۆڕێت، تا دەگات بە ئاستی تراژیدیا و بەرەو کۆتایی دەڕوات.

**٧- بەکارهێنانی زمانی ئەدەبی و زمانی ناوچەیی**

نووسەر چیرۆکەکانی بە زمانێکی ئەدەبی و فەرمی نووسیوە، واتە بەشێوەیەکی گشتی و بەڕێژەیەکی زۆر ئەو زمانەی بەکارهێناوە، هەرچەندە بەڕەهاییش ئەو زمانەی بەکارنەهێناوە، بەڵکوو سوودی لە زاری ناوچەیی و زێدی خۆی وەرگرتووە و بەڕێژەیەکی کەم وشە و زاراوەی ناوچەکەی بەکارهێناوە، ئەوەش بۆ ئەوەیە، کە خوێنەران بەو وشە و زاراوانە ئاشنا بکات و بابەتەکەی زیاتر دەوڵەمەند بکات، ئەوە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی ئەو وشە و زاراوە و ئیدیۆمە ناوچەییانە نەفەوتێن و لە مردن و لەناوچوون ڕزگاریان بکات، لەو لاشەوە زیاتر زمانەکەمانی پێ دەوڵەمەند و ڕەونەقدارتر بێت، کە ئەوە بەکارێکی جوان و ئەرێنی دەبینم.

**لادانی زمانی و وشە ناوچەییەکان**

شیلەبزە/ زەردەخەنەی نابەدڵ
سمێڵبزە/ زەردەخەنە
بە نکە نک/ بە ماندووبوونەوە
پەلەتیقە / کێشە، ئاستەنگ
حۆتر حۆتر/ بە نابەدڵی و گەڕانەوە بە بێتاقەتی
وەڵداشەکانم/ هاوڕێکانم
لەپەنا قۆتەرەی گوێمەوە/ پشتگوێ
گەڕسیسە/ دەوروخولی بوو، دەسووڕایەوە

هێن و منهێن/ بێنە و بەردە
چەرگە/ کۆڵەگە
تەژگە/ داری نەختێک ئەستوور بۆ ڕایەڵی کەپر
چیچکان/ هەڵقونجان
جگسس/ جنێوە
دمۆر/ جنێوە
پۆشتە/ ڕێکپۆش
مینگەمینگ/ بۆڵەبۆڵ
مل و مۆکردن/ بیرکردنەوەو لێکدانەوە
قاندڕ/ زۆر حەزی لێیەتی
ساوەردان/ گەدە
چووڕەچووڕ/ نووزەنووز
شرتوشۆی دەرهێنا/ خستنەڕووی ڕاستییەکان
چۆمراغمانکردن/ لەناوبردن

### ٨- ڕەمز

لە چیرۆکێکدا باس لە بوون بە کۆتری سپی دەکات، کە بەرەو بەرزی و قووڵایی ئاسمان لە شەقەی باڵ دەدات و دەفڕێت، هەروەها ئەو جیقنەیەی کە لەسەر زەوی لەدوای دەمێنێتەوە، هەردووکیان وەک ڕەمز و گوزارشتکردن لە شتێک بەکارهاتوون، کە باس لە مردن دەکات، کۆتری سپی ڕەمزە بۆ ڕوح و لە جەستەی جیادەبێتەوە و بەرەو ئاسمان و نەمری دەڕوات و لەبەرزیدا دەمێنێتەوە، جیقنەکەش ڕەمزە بۆ جەستە و لاشە، کە لەسەر زەوی و وەک پاشماوەیەک دوای جیابوونەوەی ڕوح دەمێنیتەوە و دەبێتە پاشەڕۆ و بۆگەن دەکات و لەنێو دەچێت و دەبێتەوە بەخۆڵ و خاشاک و تێکەڵ بە خاک دەبێتەوە.

### ٩- تەکنیکی تێکهەڵکێشان

دیارە لە نووسینی شیعردا ئەو جۆرە تەکنیکە، یان نەریتە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام نووسەر هاتووە سوودی لەو تەکنیکە وەرگرتووە و چیرۆکی نووسەری دیکەی هێناوە و تەوزیفی کردووە و لەگەڵ چیرۆکی خۆی تێکەڵ و تێکهەڵکێشی کردوون و بە هەردووکیان چیرۆک و بابەتێکی نوێی لێ دروست کردوون، بۆ نموونە سوودی لە چیرۆکی جومعە کانیلەلەیی وەرگرتووە و تێهەڵکێشی بابەت و چیرۆکی خۆی کردووە، هەروەها چیرۆکی فۆلکلۆریشی بەهەمان شێوە بەکارهێناوە و سوودی لێ وەرگرتووە.

(١) کتێبی خەونی فەرمانبەرێک، کۆمەڵە چیرۆکێکە لە نووسینی (د.هاوژین سڵێوە)یە، کە لە (١٢) چیرۆک پێکهاتووە، لە ساڵی ٢٠٢٠ چاپ کراوە.

# مامۆستا و پەروەردەکار مەسعوود ئەفەندی

موسەدەق تۆڤی
(دهۆک)

## پێشەکی

د هژمارا (٣١٨) کۆڤارا (رامان)دا د کوژیێ بەردەوامیێ کۆڤاریێ یێ ل ژێر ناڤێ «چەپکێک نامە» و ژ ئامادەکرنا سەرنووسەری، نامەیەکا مەسعوود سەعید بۆ تاهیر ئەحمەد حەوێزی هاتییە بەلاڤکرن. د پەراوێزێ دا سەرنووسەری ئەڤ تێبینییە نڤیسییە: «مەسعوود سەعید: وەک دیارە مامۆستا و پەروەردەکارێکی دەڤەری بادینان بووە، لە پاش سۆراخێکی زۆر زانیاریم لە بارەوە دەست نەکەوت، هیوادارم هەرکەسێ زانیاری لە بارەوە هەیە بۆمی بنێرێ».

دەمێ من نامە و تێبینییا سەرنووسەری خواندین، من ڤیا ب چەند دێرەکێن کورت هندەک زانیارییان لە بارەی مامۆستای بۆ کۆڤاریێ بنێرم، بەلێ من دیت م. مەسعوود سەعید ژ وێ چەندێ مەزنترە ب چەند دێرەکان وی بدەمە نیاسین، ژبەرکو ئەو نوونەراتییا مالباتەکێ دکەت، کو د پتر ژ سەد سالاندا ژ دیرۆکا دەڤەرا بادینان (پارێزگەها دهۆک یا نها) ستوونەکا سەرەکییا ژیان و پرۆسەیا پەروەردە و فێرکرن و رەوشەنبیری و هونەری بوونە ل ڤێ دەڤەرێ، هەر ڤەکۆلەرەکێ بڤێت مژارەکێ ل دۆر م. مەسعوود سەعیدی بنڤیسیت نکاریت وی ژ دیرۆکا مالباتا وی ڤەدەرکەت، ژبەرکو دیرۆکا وان دیرۆکەک پێکڤەگرێدایە و ئەندامێن مالباتێ ژهەڤ ناهێنە ڤەقەتاندن و یەک تەواوکەرێ یێ دییە.

## مەلا محەمەد سەعیدێ بریفکی

مەسعوود سەعید ل دەڤەرا بادینان ب مەسعوود ئەفەندی دهێتە نیاسین، د ناڤبەرا ١٩٤٢- ١٩٦٧ ل گەلەک خواندنگەهێن باشوورێ کوردستانێ و ژ سالا ١٩٦٧- ١٩٧٩ ل بەغدا مامۆستایی کریە، نە تنێ وەک مامۆستا بەلکی وەک کەسەک رەوشەنبیر و خوەدی شیان د ناڤا جڤاکی دا رۆلەک کاریگەر هەبوویە.

مەسعوود ئەفەندی کورێ مەلا محەمەد سەعیدە یێ ناڤدار ب مەلا محەمەد سەعیدێ دهۆکی یێ بریفکی، ل ڤێرێ پێدڤییە کورتییەک ژ ژیاننامەیا ڤی کەسایەتیێ ناڤدار بەرچاڤکەین.

مەلا محەمەد سەعیدێ کورێ مەلا یاسین کورێ شێخ، د بنیاتدا مالباتا وان ژ بازێرێ

خەلاتێ یێ باکوورێ کوردستانێ هاتینە گوندێ بریفکا یێ نێزیکی دهۆکێ و لێ نیشتەجێبووینە، لەوما ب مەلا یاسینێ بریفکی هاتییە نیاسین.
مەلا یاسینی ل خواندنگەهێن مزگەفتان دەست ب خواندنێ کریە، ژ ڤی گوندی بۆ یێ دی، ل بەر دەستێ ڤی سەیدای بۆ یێ دی خواندییە هەتا باوەڕنامەیا مەلایەتیێ سەر دەستێ مەلا عەبدوللایێ کویسنجەقی وەرگرتی. ل دووڤ داخوازا هندەک ژ خەلکێ دهۆکێ بوویە پێشنڤێژ و ئیمامێ مزگەفتا (ڕێکانییان) یا دهۆکێ و مایە ل وێرێ هەتا ل سالا ١٩٠٦ێ ل مووسلێ وەغەرا داویێ کری..بەری مەلا یاسین بێتە دهۆکێ ل گوندێ (بادێ) و پشتی وی ل (زاویتە) ژیایە و پاشتر هاتییە دهۆکێ و کوڕێ وی محەمەد سەعید ب (دهۆکی) هاتییە نیاسین(١).
مەلا محەمەد سەعید ل سالا ١٨٩١ ل گوندێ (بادێ- باکوورێ دهۆکێ) هاتییە سەردنیایی، بەلێ ئەڤ سالە هاتییە راستڤەکرن و سالا ١٨٩٧ێ وەک سالا ژدایبوونا وی هاتییە چەسپاندن(٢). سەردەستێ بابێ خوە دەست ب خواندنێ کریە، هێژ د تەمەنێ بچووکیێ دا بابێ وی وەغەرا داویێ کریە، بەلێ وی ژ ڤی گوندی بۆ یێ دی ژ ڤی بازێڕی بۆ یێ دی بەردەوامی ب خواندنا خوە دایە، ل ئەترویشێ دەسپێکریە، ژ وێرێ بۆ بامەڕنێ، پشتێ سێ سالان بۆ جزیرێ، ژ وێرێ بۆ گوندێ کەرسێ- دەڤەرا سلێڤانەییان، بۆ جارا دووێ زڤڕیەڤە بامەڕنێ، بۆ دەمەکێ کورت هاتییە مووسلێ و ژ وێرێ بۆ خواندنگەها (مەلا گچکە) ل هەولێرێ. بۆ جارا سێیێ زڤڕیەڤە بامەڕنێ، ژ وێرێ بۆ گوندێ چەلێ- دەڤەرا هەکاری و پەرتووکا (شرح الشمسیة) سەر دەستێ مەلا حەیدەرێ چەلی خواندیە، بۆ جارا چوارێ زڤڕیەڤە بامەڕنێ و دگەل شێخ غیاسەدینێ



مەسعوود سەعید

نەقشەبەندی پەرتووکا (مطول التفتزاني) د زانستێن ڕەوانبێژیێ دا خواندیە، ڤێ جارێ دەمەک درێژتر مایە ل بامەڕنێ، دگەل خواندنێ، خوە دایە مەیدانا ئەدەبیاتێ ژی و ب زمانێن کوردی و عەرەبی و فارسی هەلبەست نڤیسینە. سالێن شەڕێ جیهانیێ یەکێ بسەردا هاتینە و ڕەوش ل بامەڕنێ ئاڵوزییا، وی ژی بەرێ خوەدایە ڤە ئەترویشێ، پشتی دوو سالان دگەل کۆمەکا فەقییان هاتییە گوندێ سپینداریێ و لسەر دەستێ مەلا ئەحمەدێ ئاکرەیی بەردەوامی ب خواندنێ دایە هەتا گەهشتییە وی ئاستی ل (٢٢ مەها صەفەر ١٣٣٨مش) ١٩١٩ز باوەڕنامەیا زانستی ل سەر دەستێ وی زانایێ ناڤدار وەرگرتییە.
هەر وێ سالێ هاتییە دهۆکێ و بوویە سەیدایێ مزگەفتا مەزنا دهۆکێ، ژبلی پێشنڤێژیێ دەرسێن دینی و زمانێ عەرەبی داینە فەقییان و چەند کەسەکان ل سەر دەستێ وی باوەڕناما مەلاتیێ وەرگرتییە(٣).
ل سالا ١٩٢٣ێ یەک خواندنگەها سەرەتایی ل

دهۆکێ هەبوو، وێ ژی تێرا پێویست مامۆستا ب تایبەت بۆ دەرسا دینی نەبوون، ل دووڤ پێشنیازا رێڤەبەرییا خواندنگەهێ و ل دووڤ داخوازا خەلکێ دهۆکێ قائیمەقامێ دهۆکێ ل ٧ تەباخا ١٩٢٣ێ ب نڤیسارەکا فەرمی داخوازێ ژ رێڤەبەرییا زانیارییا دەڤەرا مووسلێ (مديرية معارف منطقة الموصل) دکەت مەلا محەمەد سەعید وەک مامۆستایێ فەرمی بۆ خواندنگەها دهۆکێ بێتە دامەزراندن. پشتی کو تاقیکرنا شیانان ب مەلا محەمەد سەعیدی ل مووسلێ هاتییە کرن و د ئەنجام دا سەرکەڤتی دبیت، ب بریارا رێڤەبەرییا زانیارییا دەڤەرا مووسل ل ١٥ ئەیلوولا ١٩٢٣ێ وەک مامۆستایێ خواندنگەها دهۆکێ هاتییە دامەزراندن (٤).

چاوان ژیانا مەلا محەمەد سەعیدی یا فەقێیاتیێ نەیا سەقامگیر و بنەجیبوو و ب مەرەما وەرگرتنا زانستان بەردەوام د ناڤبەرا گوند و باژێڕان د گەریانێ دا بوو، ژیانا وی یا مامۆستایێ ژی ب هەمان شێوە بوویە، ژ رۆژا هاتییە دامەزراندن هەتا هاتییە خانەنشینکرن ژ خواندنگەها ڤی جهی هاتییە ڤەگوهاستن بۆ خواندنگەها دی، دەسپێک ل دهۆکێ، پاشتر ل ئاکرێ، پێدە- قەزا شێخان، بیرەکەپرا- دەڤەرا زێبار، پێدە، بامەڕنێ دوو جاران، زاویتە، ئەترویش، شێروانا مەزن- قەزا زێبار، هۆرە- ناحیا نێروەو رێکان، شێخکا- دەڤەرا مزووری و بریفکا مامۆستایی کریە، پشتی ٢٢ سالێن مامۆستایێ ل گوندێن دوور و ڤەدەر ل ١٩٤٥/١/١٠ ژ بریفکا هاتییە ڤەگوهاستن بۆ ناڤ باژێڕێ دهۆکێ و ل یەکەمین و دووەمین خواندنگەها دهۆکێ بەردەوامی ب ئەرکێ مامۆستاییێ دایە هەتا ٧ تەباخا ١٩٥٨ێ هاتییە خانەنشینکرن و ژیێ مایی ل دهۆکێ بۆراندییە هەتا ل ١٥ کانوونا دووێ ١٩٧٦ێ ل بەغدا وەغەرا داویێ کری و رۆژا ١٦ کانوونا دووێ ل گۆڕستانا شمکزەرا یا دهۆکێ هاتییە ڤەشارتن (٥).

ل دووڤ بەلگەنامەیێن تایبەت ب ژیانا مەلا محەمەد سەعیدی و ل جەم مە د پاراستینە، د قۆناغا مامۆستایێ دا ژیانەک پڕ نەخۆشی و هەژاری و شەڕەنیخ دگەل سروشتی و رەوشا خوە یا تەندروستی بۆراندییە. ب بەرچاڤوەرگرتنا رەوشا رەوشەنبیری جڤاکییا دەڤەرێ کەسەک چالاک و بەردەوام د خزمەتا گشتی دا بوویە. ژ کەسین بەراهیێ بوو ل سنوورێ دەڤەرا بادینان بزاڤا ب کوردیکرنا بەرنامەیێن خواندنا خواندنگەهان کری و وی ب خوە رێزمانەک کوردی بۆ فێرکرنا قوتابیان ئامادەکریە و وەک دهێتە ڤەگێڕان بۆ دەمەکێ کورت ئەو بەرنامە ل خواندنگەهان بجهئینایە (٦). هەروەسان یەکەمین پەرتووک ل سەر ژیاننامەیا زانایێن بادینان ب عەرەبی و ل ژێر ناڤێ (فضلاء بهدينان) ئامادەکریە، زێدەباری ڤێ چەندێ هەلبەست ب کوردی و عەرەبی و فارسی نڤیسینە و ڤێ داویێ دیوانا وی هاتییە چاپکرن، (٧).

خالا پتر هەژی ئاماژە پێکرنێ د ژیانا وی دا، خوەدی سێ کوڕ و دو کچان بوویە هەرسێ کوڕ و کچەکا وی ئەرکێ مامۆستاییێ ئەنجامدایە، ب کورتی دێ ئاماژە ب ژیاننامەیا وان کەین، پشتی وان هندی ئەز ئاگادار بم نەڤیەکا وی مامۆستایە و نەڤییەکێ دی مامۆستایێ زانکۆیێ یە، ئانکو کاروانێ مەلا محەمەد سەعیدی ل ١٩٢٣ێ د وارێ پەروەردە و فێرکرنێ دا دەسپێکری هەتا نها یێ بەردەوامە:

١- مەسعوود ئەفەندی: مژارا مەیە و دێ پتر ل سەر ئاخڤین

٢- وەهبیا محەمەد سەعید یاسین ١٩٢٩-٢٠٠٣، دەرچوویا خواندنگەها هونەرێن ناڤمالێ

(الفنون البيتية)يا مووسلێ يە سالا خواندنێ ١٩٦١ - ١٩٦٢، د ناڤبەرا ١٩٦٢ - ١٩٨٨ێ ل خواندنگەهێن بەسرا، زاخۆ، دهۆکێ مامۆستايی کريە، شارەزايی د زمانێن کوردی و عەرەبی و ئينگليزی دا هەبوويە، پەرتووکەک ل ژێر ناڤێ ( گۆتنێن پێشينان ل دەڤەرا بەهدينان) ئامادەکريە (٨).

٣- عيمادەدين محەمەد سەعيد ١٩٣٢- ١١ ک١ ٢٠٠٠، دەرچوويێ خواندنگەها بلندا مامۆستايان (دارالمعلمين العالية) سالا خواندنێ ١٩٥٦- ١٩٥٧ێ بوويە. د ناڤبەرا ١٩٥٧ - ١٩٨٧ێ ل خواندنگەهێن ناڤنجی و دواناڤنجی و ئامادەييێن تۆزخورماتوو و دهۆکێ مامۆستاييی کريە.

٤- سەعدەدين محەمەد سەعيد باتەيی ١٩٣٤ - ١٩٩٨، دەرچوويێ خواندنگەها مامۆستايان يا مووسلێ سالا خواندنێ ١٩٥٨- ١٩٥٩ێيە، سالا ١٩٥٩ هاتييە دامەزراندن، ل چەندين خواندنگەهێن سنوورێ پاريزگەها دهۆکێ مامۆستايی کريە، زێدەباری ئەرکێ پەروەردەکاريێ وەک هونەرمەندەکێ شێوەکاريێ خوەدی شيان جهێ خوە گرتييە و ل ناڤ خەلکەکی هاتييە نياسين. پشکداری د چەند پێشانگەهێن شێوەکاری دا کريە و چەند پێشانگەهێن تايبەت ب بەرهەمێن خوە ڤەکرينە، ئەندامێ سەنديکا هونەرمەندێن ئيراقێ و کوردستانێ و تيپا شۆرشڤان يا هونەری بوو(٩).

٥- مەسعوود سەعيد ياسين ناڤدار ب مەسعوود ئەفەندی

مەسعوود محەمەد سەعيد يێ ل دەڤەرێ ب مەسعوود ئەفەندی دهێتە نياسين، سالا ١٩٢٠ێ ل دهۆکێ هاتييە سەردنياێ، ناڤبەرا ١٩٢٩- ١٩٣٦ێ خواندنگەها سەرەتاييا دهۆکێ خوانديیە، سالا ١٩٤١ێ قۆناغا دواناڤنجی داويئينايە، سالا ١٩٤٢ێ خولەکا پەروەردەيی تەواوکريە، ١٩٤٢/١١/٢٨ێ وەک مامۆستايێ دەمکی؛ دەمێ سالەکێ ل گوندێ (غرتب) ناحيا (ملحە)يا کەرکووکێ هاتييە دامەزراندن، ٩ حزيرانا ١٩٤٣ وەک مامۆستايەکێ هەردەم ل گوندێ (گۆکتەپە) ناحيا (سەنگاو) هاتييە دامەزراندن، ١٨ ئەيلوولا ١٩٤٩ێ ژ سەنگاو هاتييە ڤەگوهاستن بۆ خواندنگەها دهۆکێ، ئەيلوولا ١٩٥٧ێ ب هندەک گونەهێن سياسی هاتييە گوناهبارکرن و د ئەنجامدا ژ سەنتەرێ دهۆکێ هاتييە ڤەگوهاستن بۆ گوندێ (نەپاخيێ) دەڤەرا زێبار قەزا ئاکرێ (١٠). ئەڤە نە يەکەمين جار بوو مەسعود ئەفەندی ب مهانەيێن جودا جودا دهێتە گوناهبارکرن، ل سالا ١٩٤٦ێ ب مهانا هندێ کو دايکا وی (صاريا دۆسکی) دگەل بارزانييان چوويە مەهابادێ ل رۆژا ٢٢کانوونا دووێ ١٩٤٦ێ د رێورەسمێن راگەهاندنا کۆمارا کوردستانێ دا ئامادەبوويە و دەمێ زڤرييەڤە دهۆکێ پشکنينا مالا وان هاتييە کرن و چەند بەلگەنامەيێن پەيوەندی ب بزاڤا نەتەوەييا کوردی ڤە هەی د مالا واندا هاتينە ديتن. وەک ژ وی ب خوە هاتييە ڤەگێران يەکەمين جار ل سالا ١٩٤٦ێ ب گونەها دابەشکرنا وێنەيێن بارزانيێ نەمر و پەيرەو و پرۆگرامێ پارتی ئەو هاتييە گرتن و وی ئەو وێنە و پەيرەوە ژ حسێن حەسەن ئاکرەيی (١٩١٩- ١٩٩٦) وەرگرتبوون (١١).

پشتی ڤەمانا نێزيکی دو سالان ل وی گوندێ دوور و ڤەدەر ل چريا ئێکێ ١٩٥٨ێ هاتييە زڤراندن بۆ خواندنگەها دهۆکێ، د ناڤبەرا ١٩٥٩ - ١٩٦٠ێ دەرسێن قوناغا ناڤنجی ل دواناڤنجييا دهۆکێ دگۆتن. دەسپێکا شۆرشا ئەيلوولا ١٩٦١ێ وەک گەلەک مامۆستايێن دەڤەرێ دکەڤيتە بەر هەوا دەرێخستن (الفصل)

ێ ژ کاری و سرگۆنکرنێ ل ٢١ چریا ئێکێ ١٩٦١ێ دگەل سێ مامۆستایێن دی ب بڕیارا فەرماندارێ لەشکەرێ گشتی (الحاكم العسكري العام) ژ کارێ دهێنە دەرێخستن (١٢) و بێ کار و بێ ژێدەرێ خودانکرنا مالا خوە دمینتە ڤە.

ل ٣ نیسانا ١٩٦٧ێ هاتییە زڤڕاندن بۆ سەرکاری بەلێ ل گوندێ (خۆرزان)ێ دەڤەرا شێخان هاتییە دانان، پشتی چەند ڕۆژەکان ل ٥/١٨ هاتییە ڤەگۆهاستن بۆ خواندنگەها (التربية الاساسية) ل دەڤەرا (جسر ديالى) ل بەغدا و مایە ل ڤێ خواندنگەهێ هەتا سالا ١٩٧٩ێ هاتییە خانەنشینکرن و زڤڕیەڤە دهۆکێ هەتا ل ڕۆژا ٢ گولانا ٢٠١٣ وەغەرا داویێ کری (١٣).

هەژییە ل ڤێرێ بێژین (صاریا دۆسکی ١٩٠٤ - ١٩٨٨) دایکا م. مەسعود ئەفەندی، ژ کەسایەتیێن چالاکڤان و هشیارێن سەردەمێ خوە بوو، ڕۆلەک چالاک د ژیانا جڤاکی و ڕەوشەنبیری دا هەبوو. دکارین بێژین یەکەم ژنا خەلکێ دەڤەرێ بوویە د وی سەردەمی دا چالاکیێن - سیاسی - جڤاکی - ڕەوشەنبیری کرین، تاکە کەس بوو ژ باژێڕێ دهۆکێ چوویە مەهابادێ ل ڕۆژهەلاتێ کوردستانێ و پشکداری د ڕێوڕەسمێن دامەزراندنا کۆمارا کوردستانێ دا کری، دەمێ زڤڕیەڤە پشکنینا مالا وێ هاتییە کرن و پرۆگرامێ حزبا دیموکراتا کوردی (ئیران) و پەیماننامەیا کوردی (ميثاق الكردي) و لبەکا ڕۆژنامەیا (کوردستان) یا مەهابادێ د مالا وێ دا هاتینەگرتن. ژێدەرێن دیرۆکا هەڤچەرخ ئاماژە ب چەندین چالاکیێن دی یێن وێ دکەن، د هەمان دەم دا هەلبەستڤان بوو و وی سەردەمی هەلبەستێن خوە ب تیپێن لاتینی یێن کوردی نڤیسینە (١٤).

د هەمان دەم دا ئەگەر سەرنجەکێ بدەینە پەرتووکخانا مەلا محەمەد سەعیدێ بریفکی یێ دهۆکی و کوڕێ وی مەسعوود ئەفەندی کو نها پشکەک ژێ ل پەرتووکخانەیا بەدرخانییان یا دهۆکێ هاتییە پاراستن، دێ گەهینە وێ باوەڕیێ مالباتەک ڕەوشەنبیر و هشیار بوونە.

مەسعوود ئەفەندی د ڤێ مالباتێ دا مەزنبوویە، گومان تێدا نینە دێ کەڤیتە ژێر باندۆرا ڤێ مالباتێ و دێ بیتە کەسەک چالاکڤان، دلسۆز و خزمەتگۆزار بۆ خەلکێ خوە و ب کار و بەرهەمێن خوە دێ هێتەنیاسین. د ئەنجامدا دێ کەڤیتە بەر شیر و تیرێن خەلکەکی و بەردەوام دێ دژایەتییا وی هێتەکرن. ژ ئەنجامێ ڤێ چەندێ بوویە ب فیتا هندەکان ل ١٩٥٧/٩/١٨ ژ سەنتەرێ دهۆکێ دهێتە ڤەگۆهاستن بۆ دوورترین گوندێ دەڤەرا زێبار. پشتی دوو سالان دزڤڕیتەڤە ناڤ باژێڕی دهۆکێ، بەلێ گەلەک پێڤەناچیت وەک پێشتر مە ئاماژە پێکری ل ٢١ چریا ئێکێ ١٩٦١ێ ل دووڤ بڕیارەکا فەرماندارێ لەشکەرێ گشتی (الحاكم العسكري العام) ئەو و سێ مامۆستایێن دی ژ خزمەتا مامۆستایێ دهێتە دەرێخستن، دەمێ سالا ١٩٦٧ێ دهێتە زڤڕاندن بۆ سەر کارێ مامۆستایەتیێ پشتی چەند رۆژەکێن کێم دهێتە گۆهاستن بۆ بەغدا.

ئەو ژینگەها تێدا مەزنبووی و ڕەوشەنبیرییا ژ مالباتا خوە وەرگرتی هاندەر بووینە مەسعوود ئەفەندی زێدەباری کارێ خوەیێ مامۆستاییێ، ل دەرڤەی دیوارێن خواندنگەهێ ژی مامۆستایەکێ بەرهەمدار بیت و خەمخورەکێ زمان و خواندنا کوردی بیت ل دەڤەرا بادینان، ئەو نامەیا ل ١٩٦٠/٥/٢١ێ ب کوردی بۆ م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی هنارتی بەلگەیە ل سەر هەستا وی یا نەتەوەیی و خەمخورییا وی بۆ زمانێ کوردی.

هـەر ئەڤـە ژی بـوو کـو م. مەسـعوود ئەفەنـدی یـەک ژ ئـەوان مامۆسـتایان بـوو یێـن پشـکداری د هـەردوو کۆنگرەیێـن مامۆسـتایێن کـورد سـالێن ١٩٥٩ و ١٩٦٠ێ ل شـەقلاوە کـری (١٥). هـەر ژ ئەنجامـێ چالاکییـن وی و گرنگیدانـا وی ب خواندنـا کـوردی ل وی سـەردەمێ ل ٢٧ نیسـانا ١٩٦٠ێ ب فەرمانـەکا وەزارەتـا زانیـاری (مەعـارف) وەک ئەندامـێ لیژنـا دانانـا پەرتـووکا خواندنا کوردی بۆ پـۆلا دووێ سـەرەتایی دهێتـە دەسنیشـانکرن (١٦).

### مەسعوود ئەفەندی و بەرهەمێن وی

پشـتی سـەرهلدانا ١٩٩١ێ ژ سـالا ١٩٩٤ێڤە (١٧) م. مەسـعوود ئەفەنـدی ب خورتـی کەتیـە د مەیدانـا نڤیسـنێ د کۆڤـار و رۆژنامەیێـن دهۆکـێ یێـن وێ قوناغـێ، بەرهەمێـن وی د کۆڤارێـن مەتیـن، ڤەژیـن، دهـۆک و رۆژنامەییـن پەیمـان و واردا دهاتنـە بەلاڤکرن و د هەمـان دەمدا دەست ب چاپکرنـا چەنـد پەرتـووکان کـر، ژ پەرتووکێـن د وێ قوناغێـدا چاپکریـن:

١- دەسـپێکا چاپکرنـا پەرتووکێـن خـوە ب چاپکرنـا (فضـلاء بهدینـان) یـا بابـێ خـوە مـەلا محەمـەد سـەعیدێ بریفکـی دەسـپێکر، سـەرێ چەندیـن سـالان بـوو دەستنڤیسـێن پەرتووکـێ ل جـەم وی د پاراسـتیبوون و ل دەلیڤەکـێ دگەڕیـا بکاریـت چاپکـەت، سـالا ١٩٩٧ێ دگـەل پێشـەکییەکێ ئـەو پەرتـووک ل چاپخانەیا خەبـات یـا دهۆکـێ چاپکـر.

٢- السـومریون تـری مـن یکونـون ان لـم یکونوا اکـرادا؟، (دهـوک - ١٩٩٩)، ئـەڤ پەرتووکـە ڤەکۆلینـەک دیرۆکییـە ل دۆر دیـرۆکا سـۆمەرییان و پەیوەندییا وان دگـەل کـوردان، دەمـێ پەرتـووک هاتییـە چاپکـرن ڕۆژنامەیـەکا بەغـدا هێرشـەک توند کـرە سـەر مامۆسـتای.

٣- اللغـة الكردیـة و قواعدهـا، (دهـوک - ٢٠٠٦). پەرتـووک ب زمانـێ ئەرەبییـە، تایبەتـە ب زمـان و ڕێزمانـا کـوردی، د ٤٥٠ بەرپـەڕان دا ب بەرفرەهـی زمـان و ڕێزمانـا کـوردی شـرۆڤەکرینە، نموونـە و دەقێـن کوردی ب تیپێـن لاتینی بەرچاڤکرینـە.

٤- بیـر و بیرهاتـن، (دهـۆک - ٢٠١٤): کۆمـەکا بیرهاتـن و نڤیسـینێن مامۆسـتاینە، دەستنڤیسـێن وان ب کـوردی ل جـەم کچـا وی شـەهرناز مەسـعوود سـەعید د پاراسـتیبوون، ئـەو ب ئەرکـێ بەرهەڤکـرن و چاپکرنـا وان ڕابوویـە.

ل داویـێ ئـەز دبینـم مامۆسـتا مەسـعوود سـەعید یاسـین (مەسـعوود ئەفەنـدی) و مالباتـا وان هەژی گرنگیپێدانـەکا مەزنتـر و پتـرن، هەکـەر چ نەکربیت ب هـزاران قوتابـی ل سـەر دەسـتین وێ مالباتـی باپیـر و کـوڕ و کچ و نەڤییـان پـەروەردە بووینـە، هیڤییـە ئـەز کاریبـم د ڤـێ کورتـە نڤیسـینێ دا پشـکەک بچـووک ژ ئەرکـێ وان ل سـەر مـە هەموویـان ئـەدا بکـەم.

پەراوێزەکان:

١ - الدهوکي مـلا محمد سعید یاسین البریفکاني، فضـلاء بهدینـان، اعـداد مسـعود محمـد سـعید البریفکاني، (دهـوک - ١٩٩٧)، ص ٢٥.

٢ - توومـارا (ترجمـة حـال) یـا مامۆسـتای، بـادەکا کەسایەتی ل پشکا دووسیەیان ل ڕێڤەبەرییا گشتییا پەروەردەیا پارێزگەهـا دهۆکێ هاتییە پاراستن.

٣ - الدهوکي مـلا محمد سعید یاسین البریفکاني، ژێدەری بـەرێ، بـپ ١١٥ - ١١٦. پەسـەندا مـەلا ئەحمـەد عەبدولخالقێ ئاکرەیی ل رۆژا ١٩٤٠/٢/٢٣ێ دایـە سـەیدای.

٤ - کۆمەکا نڤیسارێن ڕەسمی د ناڤبەرا خواندنگەها دهۆکێ و قائیمەقامێ دهۆکێ و ڕیڤەبەرییا زانیارییا

دەڤەرا مووسلێ کو د بادەکا ئاماژەپێکری دا هاتینە پاراستن.
٥ – مديرية معارف لواء الموصل – الذاتية، متصرفية لواء الموصل – الادارة المحلية، م/ طلب احالة المعلم على التقاعد، العدد م و س/١١٢١ التاريخ ١٩٥٨/٧/٢٦؛ متصرفية لواء الموصل – الادارة المحلية المعارف، امر اداري، العدد٤٣٠٩ التاريخ ١٩٥٨/٨/٧. الدهوكي ملا محمد سعيد ياسين البريفكاني، ژێدەرێ بەرێ، بپ ١١٧.
٦ – موسەدەق توڤی، دیرۆکا پەروەردە و فێرکرنێ ل پارێزگەها دهۆکێ، بەرگێ دووێ، (ستەنبۆل – ٢٠٢٠)، بپ ٦٤ – ٦٥.
٧ – دیوانا مەلا محەمەد سەعیدێ دهۆکی، ڤەوژارتن و بەرهەڤکرن د. فاخر حەسەن گولی، وەشانێن سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی – زانکۆیا زاخۆ، ٢٠٢١.
٨ – ئەڤ پەرتووکە ب سەرپەرشتییا م. مەسعوود ئەفەندی ل سالا ٢٠١٨ ل چاپخانەیا خانی ل دهۆکێ هاتییە چاپکرن.
٩ – بۆ زانیاریێن بەرفرەهتر لە بارەی هەرچوار مامۆستایان بنێرە: موسەدەق توڤی، دیرۆکا پەروەردە و فێرکرنێ ل پارێزگەها دهۆکێ، بەرگێ سێ، بپ ١٨٩ – ١٩٧؛ ٢٤٨ – ٢٥٠. فەهمی بالایی، بنگەهێ هونەرێ شێوەکاری ل پارێزگەها دهۆکێ، ئینسکلۆپیدیا پارێزگەها دهۆکێ بەرگێ شەشێ، (ستەنبۆل – ٢٠١٧) بپ ٥٠.
١٠ – زانیاری لە بارەی ڤان قوناغێن ژیێ مامۆستای ژ بادەکا مامۆستای و توومارا مامۆستایێن خواندنگەها دهۆکێ (سجل جماعة المعلمين) هاتینە وەرگرتن.
١١ – الدكتور عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، وثائق الحركة القومية الكوردية التحررية – ملاحظات تأريخية و دراسات أولية، (اربيل – ٢٠٠١)، ص ٢٣٨ – ٢٣٩.
١٢ – مديرية معارف لواء الموصل – الذاتية، العدد س/٥٠٧/٢/، التاريخ ١٩٦١/١٠/١٥ سري و مستعجل الى/ مديرية التعليم العامة – الابتدائي؛ وزارة المعارف – مديرية التعليم العامة – ذاتية الابتدائي، العدد ٦٨٨٥٣، التاريخ ١٩٦١/١٠/٢١، امر اداري، م/ فصل معلمين. بنێرە بەلگەنامەیێ.
١٣ – وەک وفادارییەک بۆ مامۆستای چەند رۆژەکان پشتی وەغەرا وی مە نڤیسینەک د رۆژنامەیا (ئەڤرۆ) هژمارا (١١٧٥) رۆژا ٢٠١٣/٥/٩دا بەلاڤکربوو ل ژێر ناڤێ (پەروەردەکار و مامۆستایێ مەزن مەسعوود ئەفەندی د همبێزا پێدارییێدا).
١٤ – الدكتور عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، هەمان ژێدەر؛ رشيد محمد صالح، (صاريا الدوسكي) احدى رموز المراة الكردية المناضلة، مجلة دهوك، العدد ٦ – ١٩٩٩، ص ٥٧ – ٦٠؛ الدكتور عبدالفتاح علي يحيى البوتاني، منطقة بادينان ١٩٢٥ – ١٩٧٠ – دراسة في الوقائع و التطورات السياسية، الجزء الاول، (اربيل – ٢٠١٧)، ص ٢٧٩ – ٢٨٠.
١٥ – کۆڤاری هەتاو، ژمارە ١٦٢ – ١٥ ئەیلول ١٩٥٩، یەکەمین کۆنگرەی مامۆستایان و وێژەوانانی کورد لە شەقلاوە، بپ ١– ٥/ نەقابەی مامۆستایان لقی سلێمانی، کۆنگرەی دووەمی ناوخۆیی مامۆستایانی کورد لە شەقلاوە، (چاپخانەی ژین، سلێمانی – ١٩٦٠)، بپ ١٠٩.
١٦ – کۆڤاری هەتاو، ژمارە ١٧٧ – ١٤ مایس ١٩٦٠، فەرمانی وەزارەتی، بپ ٢٢ – ٢٤.
١٧ – مسعود سعيد ياسين، اللغة الكردية و قواعدها، دهوك – ٢٠٠٦، ص ا.

# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

**لە ئازادەوە (١)**

ماموستای بەڕێزم

زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەم چەند قسەیەت لۆ بنووسم، کە لەوانەیە پێت خۆش بی و(ە) کەیفت بەم جۆرە شتانە بێ و(ە) سوودێکیشی لێ وەربگری.

لەم چەند ڕۆژانە کە مانگی (موحەڕەم)ە و(ە) مانگی کوشتنی ئیمامی (حسێن)ـە کە زۆر سەیرە بە نیسبەت ئێمە، لە (١)ی مانگی موحەڕەم تاکوو ٩ پێی دەگوترێ (زنجیل) و(ە) (لطم)، یەعنی لە خۆدان بە زنجیر لە پشتیان و(ە) پشتیان ڕووت دەکەنەوە، ئینجا ئەوی زۆر موتەحەمیس بی لۆ حسێن، ئەوە زۆر بە توندی لەخۆی دەدا و(ە) خوون دێتە خوار، ئەوە کەنگێن، ئێواران سەعات ٥- ٥,٥ و(ە) لەبۆ شەوی پاش ئەو کە پێی دەلێن «سبایة»، یەعنی لەخۆدان بە دەستیان و(ە) بە شێوەیەکی زۆر سەیر لە سنگیان دەدەن و گۆرانی تایبەتیشیان هەیە کە دەیلێن لە مەدحی ئیمام حسێن و(ە) شتی تریش و(ە) ئەوەش لە سەعات ٥,١٠، هەر نۆ (٩) ڕۆژان بە شەوەوە، لە ڕۆژی نۆیەم لە ئێوارە بە زنجیر لەخۆدان دەچن بۆ جێیەک کە (٥) دەقیقە دوورە بە پێیان، بەڵام بە سەبری دەڕۆن، دەیکەن بە سەعاتێک تا دەگەنێ و(ە) پێی دەلێن «سید نعمة» گۆیا پیاوەکی گەورە و سەییدە کە پار مرد و(ە) بۆ شەوەکە لە سەعات ٥,١٠ وتمان سبایە دەردەچی بۆ عەینی جێ و(ە) ئەو شەوە کە پێی دەلێن (حیة)، یەعنی لە (یحیی) وەرگیراوە، وەلحاصل یەعنی نەنووستنی ئەو



ماموستای بەرێزم - لە ئازاد -

زۆرم پێ خۆش بوو کە ئەم چەند قسەیەت لۆ

بنوسم، کە لەوانەیە پێت خۆش بێ وە کەیفت

بەم جۆرە شتانە بێ وە سوودێکیش لێوە بگری.

لەم چەند رۆژانە کە مانگی (محرم)ە وە مانگی کوشتنی

ئیمامی حسینە کە زۆر سەیرە بەنسبەت ئێمە لە (١)ی

مانگی محرم تاکو ٩ پێی دەگوترێ (زنجیل) وە (لطم)

یعنی لەخۆدان بە زنجیر لە پشتیان وە پشتیان رووت

دەکەنەوە ئینجا ئەوی زۆر متحمس بێ لۆ حسینە

ئەوە زۆر بە توندی لەخۆی دەدا وە خوون دێتە

خوار. ئەوە کەنگێ ئێواران سعات ٥-٥،٥ وە

لەبۆ شەوی پاش ئەو کە پێی دەلێن «سبایة» یعنی

لەخۆدان بە دەستیان وە بە شێوەکی زۆر سەیر لە سنگیانە

دەدەن وە گۆرانی تایبەتیشیان هەیە کە دەیلێن لە مدحی

ئیمام حسینە وە شتی تریش وە ئەوەش لە سعات

١٠،٥ی هەر نۆ (٩) رۆژان بە شەوەوە لە رۆژی نۆیەم

لە ئێوارە بە زنجیر لەخۆدان دەچن بۆ جێیەک کە (٥)

شـەوە و(ە) مانـەوە تاكـوو سـبەینێ و(ە) لـەوێ شـەرابی پرتەقـاڵ دەخۆنـەوە، (وە) ئـەو عالەمـە بـە گـەورە و گچكـە تاكـوو سـبەینێ سـەعات (٥) هـەر بـە خەبـەر دەبێ (دەبـن) و(ە) جغارە خـواردن زۆر دەبـێ. (وە) بـۆ سـەعات پێنـج (دەسـت دەكـەن)، جەماعەتێـك كـە هەموویـان جلكـی سـپییان (بلـووری) لەبـەرە و(ە) پێـش ناوچەوانیـان تراشـیوە، دەسـت دەكـەن بـە لەخـۆدان بـە (قامـە) وەكـی خەنجـەرە و(ە) ئـەو خوونـە دێتـە خـوار بەسـەر ئـەم بلوورییـە سپییە و(ە) عالـەم دەبـی دوور ڕاوەسـتی، چونكـە ئاگایـان لەخـۆ نامینـێ و(ە) لەوانەیـە كـە لـە یەكێكـی تـر بـدەن و(ە) دەچـن بـۆ حـەمام و(ە) پـاش خۆشووشـتن بـۆ خەسـتەخانە و تیمار كردن و(ە) بـەم جـۆرە خـەلاس دەبـی و(ە) وەقـت و جێگاش ڕێ نـادا تـا زۆرتـرت بـۆ بنووسـم. ئـەوە برێشـكە (٢) خواردنیـش مەمنووعـە خواردنـی، تاكـوو ئـەم ١٠ ڕۆژە خـەلاس دەبـی.

**(١) ئـەم نامەیـە مێـژووی نووسـینەكەی لەسـەر نەنووسراوە، بـەڵام بۆ ناوەڕاستی شەستەكان دەگەڕێتـەوە كـە لـە باشـووری عێـراق (قەلعـە سـوكەر)دا دەژیـان.**

**(٢) ئـازاد: مەبەست لێی (ئـازاد بیـلال بەهائەددین)ـە، كە لە ژمارەكانی پێشوودا لە بارەی ژیانییەوە نووسراوە.**

**(٣) برێشـكە: چـەرەس، جـاران لـە هاوینـان تـۆی شـووتی و كاڵـەك وشـك دەكرانـەوە و دەیانبرژانـدن، ئـەوە برێشـكەبوو.**

*** نامەی دووەم**

بەغدا

١٩٦٧/٩/٢٧

بسم الله الرحمن الرحیم

بۆ زۆر موحتەرەم و (ە) كاكی بەڕێز

جەنابی كاكە تاهیر گیان پێشكەشە

ڕۆژ باش

بـە دڵ و (ە) بـە گیـان هەواڵتـان دەپرسـ(ـە)م و (ە) ئومێـدەوارم كـە دائیمـە لەوپـەڕی خۆشـی و كامەرانیـدا بـن و (ە) هەمیشـە پێشـكەون بـۆ خزمەتـی گـەل و نیشـتمان بـە نووسـین عەزیـزم. لـەم ڕۆژانـەدا چـووم بـۆ ماڵـی كاك محەمـەد تۆفیق و(ە)ردی و(ە) ناملیكەكـەی جەنابتـم لـێ وەرگرت لـە بابـەت (مێـژ(وو)ی كۆیـە) (٢) و (ە) بەڕاستی جێگای فەخـر و شـانازییە و(ە) ئـەم مێژوو(یـ) ـەی ئـەم شـارە مێژوو(یـ)ـەی نـاو كـوردەواری، بەڕاسـتی لـە جێگای خۆیەتـی، بەڕاسـتی گەشـە بـە دڵ ئـەدات، ئـەم جـۆرە كردەوانەكـە زۆر بـە نـرخ و بەهـادارە (ن)، هیـوام وایـە لـە كاروانـی خـ(ـە)زمەت دوا نەكـەون و (ە) هەمیشـە بـەرەو پێشـكەوتوو (پێشـكەوتن) بـ(ـە)ڕۆن و (ە) لـە پشـتی لاپـەڕەی دوایـ(ی) (مێـژووی كۆیـە - كویسـنجق)دا (ئـەم) نـاوی ئـەم ناملیكانـەت نووسـیوە كـەوا بـەم زووانـە دەخرێتـە (دەخرێنـە)



ژێر چاپەوە، چاوەکەم ئەگەر چاپت کرد (ن) و (ە) هەریەکەی سەر و ژمارەیەکم بۆ بـ (ـە) نێرە، جا بە حەواڵەی بەریدا حەقەکانی بۆتان ئەنێرم، ئیتر چاوەڕوانم برای خۆشەویست و دڵسۆزی بەڕاست بۆ گەل، وێنەتان زیاد بێ لەناو کۆمەڵدا، ئامین.

(١) شەوچەرە (٢) گاڵتەوگەپ (٣) کورتە چیرۆک (٤) ڕاز و پەندی پێشینان (٥) قسەی خۆشی ناو کوردەواری. (٣)

ئیمزا

برات/ دڵسۆز

شێخ هادی شێخ حەسەن پشدەری

ناوونیشانم:

بەغداد/ تل محمد

مخزن مديرية مصلحة البريد والبرق العامة

**(١) محەمەد تۆفیق وردی، (٢) مێژووی کۆیە، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.**

**(٣) بەشی زۆری ئەو کتێبانەی م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی لە چاپ دراون، بەڵام کتێبی کورتە چیرۆک و قسەی خۆشی ناو کوردەواری تا ئێستاش بەدەرنەکەوتوون.**

*** نامەی سێیەم**

<u>بغداد</u>

١٩٦٧/١٢/١٥

جومعە - هەینی

بەناوی خوای گەورە

بۆ برای خۆشەویستم جەنابی کاک تاهیر گیان پێشکەشە

برام، ڕۆژ باش

چاوەکەم هیوای خۆشی و کامەرانیت لە یەزدانی گەورە دەخوازم و (ە) (ئەگەر) هەواڵی ئێمەیش دەپرسیت، ئەلحەمدولیلـلا مەسروورین عەزیزم.

نامەکەتم وەرگرت، پێ (ی) مەسروور و دڵخۆش بووم، خوا لە برایەتیت کەم نەکاتەوە، ئامین، و (ە) کە درەنگ جوابم دایتەوە هیوام وایە دڵگیر نەبیت، چونکی کەمێک ناساغ بووم و (ە) سەر (ە)ڕای ئەوەیش مەخزەن ئەگوێز (ر)ێتەوە، زۆر مەشغووڵی ئیشوکارین، ئیتر ئومێدم وایە کە بـ (ـە) بووریت عەزیزم.

چاوەکەم کاک وردی عەرزی سڵاو تەقدیم دەکات و (ە) ئومێدەوارم ژمارەیەکم لە مێژووی کۆیە بە پۆستەدا بۆ بـ (ـە)نێریت، جا چۆنت ویست وا پارەکەت، حەقی کیتابەکە پێشکەشی دەکەم.

ئیتر منداڵەکانمان دەستتان ماچ دەکات (دەکەن)، ئیتر خۆشی و شادیتان لە یەزدان ئەخوازم برای هاوڕازم.

**بغداد: تل محمد**



مخزن مديرية مصلحة البريد والبرق العامة.

ئیمزا

برات

شێخ هادی شێخ حەسەن

پشدەری

*** نامەی چوارەم**

**مامۆستای بەرێز تاهیر ئەفەندی پێشکەشە**

پاش هەواڵ پرسینت، ئومێدەوارم کە هەردەم سەرکەوتوو بی.

نامەکەت گەیشت زۆر پێ(ی) خۆشحاڵ بووم و (ە) دەربارەی فرۆشتنی کیتابەکەت (مێژووی کۆیە) بە چەند کۆییانم گوت، دەڵێن کڕیومانە، چونکە لێرە لە مەکتەبەی سۆلاف چەندان نوسخەی لێیە، خۆم یەکێکم کڕیوە، بەڵام تۆ بۆ ئەو مامۆستایانەی کە لە هەولێرن و کۆیین، یاخود برادەرانی ترت نامەیان بۆ بنووسە و(ە) لەگەڵ نوسخەیەک لە کیتابەکە بۆ منی بنێرە تاکوو من لێرە بیان دەمێ و پارەیان لێ وەرگرم، و (ە) وا بزانم ئەم ڕێگەیە باشترە لەوەی کە من لێیان دەپرسم، دەڵێن



هەمانە، ئینجا نازانم تۆ ناردووتە بۆ مەکتەبەی سۆلاف، یان نا؟ چونکە ئەو مەکتەبە (یە)ش هی کۆییانە، هیی (سەیید ئەحمەد سەیید ساڵح ئەفەندی)یە (١).

ئیتر هەواڵی هەموو مامۆستاکان دەپرسم و (ە) ئەگەر نوسخەکانت نارد بە یەکێک ب(ی)نێرە کە زوو بە دەستم بگات، چونکە لە پاش ئیمتیحان دێمەوە کۆیێ.

ئیتر خۆشیت

ئیمزا

بچووکت

ڕەفیق عەبدولڕەحمان (٢)

١٠/٤/٦٨ (١٩)

**(١) سەیید ئەحمەد سەیید ساڵح ئەفەندی: کە خاوەنی کتێبخانەی (التأميم) بوو لە هەولێر، لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیەوە نووسیومانە.**

**(٢) ڕەفیق عەبدولڕەحمان: هیچ زانیارییەکمان لە بارەیەوە بە دەست نەکەوت.**

*** نامەی پێنجەم**

١٢/٣/١٩٧٠

ڕانیە

مامۆستای زۆر بەڕێز کاکە تایەر حەوێزی

هەموو کاتت هەر شاد بێت.

برای مەزن تکایە و (ە) تکایە بە زووترین کات (کۆکراوەی مێژووی ڕانیەمان) بۆ بنێرنەوە، بەڵکوو لێرە بەهۆی قایمقام جێبەجێ بکرێت.

برای مەزن ئەمە دووەمین نامەیە لەم بابەتەوە کە پێشکەشمان کردی،

ئیتر خۆشیت دڵسۆزانت

مەلا سەلام (١) ئیمزا

(وە) عەبدولجەبار (٢) ئیمزا

لە کۆتاییدا گەرمترین سەلام و پیرۆزبایی جەژنی ڕزگاری و ئاشتی و شادیتان لێ ئەکەین (٣).

**(١) مەلا سەلام (٢) عەبدولجەبار، دوای پرسیار و سۆراغکردن هیچمان لە بارەیانەوە نەزانی، زۆر سپاسی هەر کەسێک دەکەین زانیارییان لەبارەیانەوە هەبێ ئاگەدارمان بکەنەوە.**

**(٢) پیرۆزبایی جەژنی ڕزگاری و ئاشتی و شادی، ئاماژەیە بەوەی ئەو نامەیە ڕۆژێک لە دوای جاڕدانی ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ نووسراوە.**

*** نامەی شەشەم**

کەرکووک

جەلال حەوێز حەوێزی (١)

١٩٧١/٣/٣٠

بۆ برای بەڕێز و خۆشەویست کاک تاهیر ئەحمەد حەوێزی

پێشکەشە

هەموو کاتێکتان شادومانی بێت

لە پاش پرسینی تەندروستیتان و (ە) چاو ماچکردنی منداڵان و (ە) سڵاوێکی زۆرمان بۆ دایکیان. زۆر سوپاسمان بۆ خودای مەزنمان، زۆر باشین و (ە) هەرگیز خۆشی و باشی ئێوەمان داوایە. نووسراوتان بە دەستمان گەیشت، زۆر سوپاسی هەستی بەرزتان ئەکەم. لە خودای گەورە داوا ئەکەین کە ئێوە لە تەنگوچەڵەمەی (ی) وا بتانپارێزێ. لەوەتی ماڵەکەم بێ دایکی منداڵانە، لێم بۆتە کونە ئەشکەوتی بێ ئاو (ە) و (ە) کاری خودا چەند جوانە، هەر خۆم بووم بە کابانی گەورە لە ماڵ، منداڵان بۆ قوتابخانە بەڕێ ئەکەم و (ە) بۆ کاتی گەڕانەوەیان خواردەمەنییان بۆ ئامادە دەکەم و (ە) ئەمەی باش و خۆش بێ لە پێشا خۆم ئەیخۆم، تازە تێگەیشتم لە قازانجی کابانەتی، جا لێرەوە پێڕەوی کابانەتی لە ماڵ ئەگۆڕم، ئەبێ کە هاتەوە ڕۆژێک دایک و (ە) ڕۆژێک باوک کابان بێت. بزانە چونکی قازانجی خۆیان لەم ئیشەدا هەیە، ڕۆژێک لای ئێمە دەنگیان نەکردووە، هەر ئەڵێن کابان بە هەڵمی چێشت تێر ئەبێ، جا وەرە پێیان بڕوا بکە و (ە) ئیتر.





زۆر شوکر دایکی جەوهەر تەندروستی باشە و (ە) خودای گەورە نەجاتی داوە لە تەنگوچەڵەمەی، هیوادارم بۆ ٧١/٤/٣ (١٩) بگەڕێنەوە و (ە) ماڵەکەم ئاوەدان بکەنەوە. و(ە) لە ترسی گەڕانەوەیان و قیڕە قیڕ و بگرە و بەردە نەبایە، وا مانگێکە بۆ خۆم کابانێکم پەیدا ئەکرد، من وەک بەعزێ کەس لێیان ناترسم، بەڵام ئاخوداخ پیریەتی پشتی شکاندووم و (ە) چەندی خۆم ئازا ئەکەم بە پیریەتی ناوێرم، بە هەڵاتنیش لە دەستی قوتار نابم، جا هەواڵی کەرکووک، بە سەمەد ئاغا (٢) سڵاو و بەعزە ڕوونکردنەوەی پسیارت، بۆم ناردی، بەڵێ لە کەرکووکیش ئاوی تەماتە و (ە) لیمۆن دوزی و (ە) گڵۆپی سفر و (ە) زۆر شتی تریش دەست ناکەوێت، بەڵام وا ئاردێکی تەواو هاتووە و (ە) خودای گەورە ڕۆژی ٣/٢٧ ڕەحمەتێکی زۆری بۆ ناردی (ن)، باغچەکەم ئاو دراوە، (وە) ڕووباری کۆیەش لام وایە ئاودار بێ و (ە) لەوەڕ و گیا و(ە) دارودرەخت گەش و جوان ببنەوە، ئیتر بە خۆشی بژین و (ە) سڵاوم بۆ هەموو خزم و برادەران هەیە، هێشتا نووسینم زۆر مایە، بەڵام پێویستییەک تازە ڕووی دا، بە کورتی لێرە بریمەوە وەلسەلام.

ئیمزا

دڵسۆزتان

**(١) جەلال حەوێز حەوێزی: لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

**(٢) سەمەداغا: لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

*** نامەی حەوتەم**

**بغداد**

**تل محمد**

١٩٧٢/٣/٢٢

بەناوی بێ وێنە

برای ئازیزم کاکە محەمەد تاهیری (١) بەڕێز

هەواڵمان ئەپرسیت ئەلحەمدولیللا مەسروورین، خۆشی و مەسرووری ئێوەش لە زاتی پاک داواکارین عەزیزم. عەزیزم مودەتێکە بێ خەبەرم لێتان، ئێوەش هەروا، بەڵام هیوام وایە کە لە خۆشیدا بن، ئێوە وا ئێمەتان لە فکر چۆتەوە، بەڵام بەڵێ ئاخری نامەی کە بۆت ناردم من وەڵامەکەم تەفرە دا (بازم بەسەر دا)، بەڵا (م) ئەبێ ب(ـە) بووریت عەزیزم، لەبەر ئەوە جوابم زوو نەدایتەوە، هەر هەوڵ (ـە)م ئەدا کە لەم لا و لەو لا هەندێ قسەی خۆش و (ە) نوکتەی باشت بۆ کۆبکەمەوە، بەڵام چاوەڕێ بە هەموویانت بەسەریەکەوە بۆ ئەنێرم، بۆ بەشی دووەمی (نامیلکە) (پەڕتووکەکەتان) ئەوا جارێ لە پێشەوە ئەم نامەیەم بۆ ناردیت، هیوام وایە لێم قەبووڵ ب(ـە)کەیت و (ە) ئایا کەی بەشی دووەمی کیتابەکەتان دەکەوێتە ژێر چاپەوە و



(ه) ئایا بەم زووانە نایە (یـ)ت بۆ بەغدا و (ه) کەی دێ (یـ)ت؟

(وە) کە لە بەهارا هاتیت بێ بەشمان مەکە لە (ماست) و (پەنیر)ی کۆیە، ئیتر چاوەڕوانین عەزیزم، ئایا پێوەندیت هەیە لەگەڵ قۆنتەراتچی، یا بە خزم ئەتگاتێ، ئەگەر بۆت ئەکرێت بینای تازەی بە دەستەوەیە، بەشکی نامەیەکمان بۆ بـ (ـە)نێریت هەتا ئێمەش بیبەین بۆ کاک حەسیب شێخ سالح (٢) بۆ ئیشکردن جەماڵی نۆکەرتان، ئیتر چاوەڕێی جوابی نامەی خۆشی و خۆشبەختیتانم عەزیزم، ئیتر ئەبێ لە فکرت نەچێت نامەیەک بۆ حەسیب شێخ سالح لە بابەت ئیش پێ کردنی (جەماڵ)ـەوە، ئیتر چاوەڕوانی هیمەتی بەرزتانم عەزیزم.

سڵاو لە زێنەب خانمی براژنم ئەکەم و (ه) عائیشە عەرزی سڵاوتان تەقدیم ئەکات.

جەماڵ، کەماڵ، جەمیلە، سەلما، سەلام (٣) دەستتان ماچ ئەکات (ئەکەن) وەلسەلام.

بغداد/ تل محمد

مخزن البريد العام

مديرية المعامل والمخازن

(الـ)برق والهاتف

ئیمزا

برات چاوەڕوان

شێخ هادی شێخ حەسەن پشدەری

**پەراوێزەکان:**

**(١) کاکە محەمەد تاهیر: مەبەست لێی (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)یە، زۆرجار لە کوردەواری محەمەد دەچووە سەر ناوی کەسەکان، لە سلێمانی حەمە چووەتە سەر ناوی کەسەکانەوە.**

**(٢) حەسیب شێخ سالح: ئەندازیارێکی بەناوبانگی کوردە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی (خەرپانی) سەر بە ناوچەی هەورامانە، لە ١٩٣٠/١٢/١٢ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، ساڵی ١٩٥٤ کۆلێژی ئەندازیاری بە پلەی یەکەم تەواو کردووە، لەبەر زیرەکی و لێهاتوویی، مەلیک فەیسەڵ خەڵاتی کردووە، لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان بووە بە سەرۆکی بەڵێندەرەکانی عێراق، دواتر بووە بە سەرۆکی بەڵێندەرانی هەموو عەرەب، بەڵام بە ئاشکرا شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە کردووە. حەسیب سالح کە خاوەنی هوتێلی سلێمانی پاڵاسە، چەندان پرۆژە و تەلاری دیکەی لە شاری سلێمانی و بەغدا و کەرکووک دروست کردووە، کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بووە، لە کاری بەڵێندەرایەتی بە کەسێکی ڕاستگۆ ناوی ڕۆییوە، خزمەتێکی زۆری بە جوانکردنی شاری سلێمانی و پیشەی ئەندازیاری کردووە. زۆر چاک دەیتوانی ببێتە وەزیر، چونکە زۆر جار داوایان لێ کردووە، بەڵام ئەو ڕەتی کردووەتەوە، زۆر هاوکاری شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. لە ٢٠١٢/٢/١٨ لە (عەمان)ی پایتەختی ئوردون کۆچی دوایی کردووە.**

**(٣) ناوی منداڵەکانی خۆیەتی.**

به بۆنەی بیست و هەشتەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# هەڵسەنگاندنێکی گۆڤاری ڕامان

**د. بەختیار سەجادی**
**(سنە)**

**بەڕێزان:**

سڵاوتان لێ بێت! هەمووتان بەخێر بێن. بە ڕاستی جێگەی خۆشحاڵییە و مایەی شانازییە بۆ هەموومان کە بەشدارین لە فیستیڤاڵی گۆڤارێکدا کە بیست و حەوت ساڵە دەردەچێت، لەو بەشەی گۆی زەویدا، واتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بزووتنەوەکان کورتخایەنن. ڕەوشی بزاوتەکان لە کۆمەڵگەیەکی سەقامگرتوودا بەم شێوەیە نییە، بەڵکوو بزاوتەکان دەتوانن بەبێ ئاستەنگ درێژە بە ژیانیان بدەن و هەردەم لە گەشانەوەدا بن.

ڕۆژنامەی تەتلێر لە لەندەن لە ساڵی ١٧٠٩دا یەکەم ژمارەی دەرچووە؛ ڕۆژنامەی گاردیەن کە ئێوە هەمیشە لە هەواڵەکاندا ناوەکەی دەبیستن تەمەنی لە دوو سەدە زیاترە، زۆر نموونەی تری لەم چەشنەشمان هەیە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نەک هەر کورد، بەڵکوو بە فارس و بە تورک و عەرەب و نەتەوەکانی تریشەوە لەبەر کۆمەڵێ هۆکار، بزاوتە ئەدەبی و فیکرییەکان کورتخایەنن، تەنانەت شێوەی بیناسازیشمان هەر بە هەمان شێوەیە، ئەوەتانێ خانوویەک لە هەولێر و سنە و سلێمانی کە هەمووی سی ساڵە دروست کراوە، بە کۆنکەوتە دادەنرێت، دەڕووخێنرێت و لەبری ئەوە باڵەخانەیەک بینا دەکرێت، کەچی لە لەندەن و پاریس و بەرلین زۆر ئاساییە خانوویەک سەد ساڵ لەمەوبەر دروست کرابێت و ئێستاش خەڵکی تێدا بژیت.

ڕامان توانی بیست و حەوت ساڵ بەردەوام بێت، ئەوەندەی من ئاگادار بم لە کوردیی ناوەندیدا، واتە لە کورمانجیی ناوەڕاستدا، گۆڤارمان نییە ئەو ماوە دوورودرێژە بەبێ ڕاوەستان لە دەرچوون بەردەوام بووبێت. لە کوردیی سەروو، یان کورمانجیدا، گۆڤاری بەتەمەنترمان هەیە. گۆڤاری نووبهار لە باکووردا سی و یەک ساڵە دەردەچێت.

لە کوردیی ناوەندیدا، سروە، یادگارەکەی مامۆستا هێمن، تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو، ئێستاش بە خۆشحاڵییەوە گۆڤاری مەهاباد دەردەچێت، بەڵام وەکوو ماوەی دەرچوون ئەوەندەی من بزانم ڕامان لە ڕووی بەردەوامبوونەوە کەم گۆڤاری تری دەگاتێ.

ئەو جیدییەت و ماندوویی نەناسییەی ستافی بەڕێزی ڕامان دەکرێت وەک نموونەیەکی باش ڕەچاوی بکەین، نەک هەر بۆ گوتاری ڕۆشنبیری، بەڵکوو بۆ گوتاری ئەکادیمیکیش. لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوودا دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادیمیک لێک ئاڵاون، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە ڕۆشنبیریی کوردی و فارسی و عەرەبی، تەنانەت تورکیشدا ئەو دوو گوتارە لە یەکتر دابڕاون، بۆیە دەڵێم «تەنانەت»، چونکە تورکیا لە ئەورووپا نزیکترە، ڕۆشنبیری و ئەکادیمیا لای ئێمە مخابن بوونەتە دوو گوتاری جیاواز، بە دوو کۆمەڵە

ئەندامی جیاواز و دوو دامەزراوەی جیاوازەوە.

من پێم وایە کە هەر دوو گوتاری ڕۆشنبیری و ئەکادیمیک لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، لە هەموو کوردستاندا، هەر کامیان هەڵگری کۆمەڵێ خاڵی ئەرێنی و نەرێنین. گوتاری ئەکادیمیک دەتوانێ خاڵە ئەرێنییەکانی گوتاری ڕۆشنبیری بقۆزێتەوە و بە هەمان شێوە گوتاری ڕۆشنبیری دەتوانێ کەڵک لە خاڵە ئەرێنییەکانی گوتاری ئەکادیمیک وەربگرێت.

ڕامان دەچێتە ئەو بوارەوە کە بە شێوەیەکی گشتی بە گوتاری ڕۆشنبیری ناو نراوە. ڕامان تەنیا ئاوڕی لە ئەدەب نەداوەتەوە. ڕامان کە دەرچوو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە ناوەڕۆکەکەیدا گرنگی داوە بەوەی بابەتەکان بەش بەش و پۆلێنکراو بن، ئەمە ڕەنگە ئێستا ئاسایی بێتە بەرچاو، بەڵام ڕەچاوکردنی ئەم بابەتە لە ساڵی ١٩٩٦دا سەرنجڕاکێشە. هەر ئێستا لە کوردستاندا گۆڤار دەردەچێت ناوەڕۆکەکەی بەش بەش نییە.

وەک خوێندوومانەتەوە، ئەرستۆ یەکەم کەس بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کتێبەکانی نێو کتێبخانەکەی پۆلێن کرد، کتێبی مێژوویی لە لایەک و ئەدەب لە لایەک و هەتا دوایی. ئەو بەشانەی کە ڕامان پۆلێنی کردن، ئەگەرچی پێشتریش هەبوون، بەڵام ڕامان بایەخی زۆرتری پێ دان و کۆمەڵێ بەشی تازەشی بە خوێنەرانی ناساند، بۆ نموونە ئەدەبی نامەکاری، یان بەشی ڕانانی کتێب، مۆسیقا و ڕەخنەی فیلم.

لە ڕووی قەبارە و ڕواڵەتیشەوە، بە تایبەت لە چەند ساڵی یەکەمدا، زۆر گەورە و جوان دەهاتە بەرچاو. ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی، واتە ١٩٩٩ی زایینی، من لە تاران خوێندکار بووم، لە قۆناغی تەواوکردنی ماستەردا بووم. لەگەڵ یەک دوو هاوڕێدا چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕامان)مان برد بۆ نووسینگەی گۆڤاری کارنامە، زۆربەی ئەو بەڕێزانەی لە گۆڤاری کارنامەدا کاریان دەکرد ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران بوون. یەکێک لەو بەڕێزانە ئێستا بە خۆشحاڵییەوە لێرە ئامادەیە کە ئەویش مامۆستا حافزی مووسەوی، شاعیری بەناوبانگی ئەدەبی فارسییە. لەو سەردەمەدا مەنووچیهر ئاتەشی بەرپرسی بەشی شیعر بوو، دوای ئەوەی کۆچی دوایی کرد، مامۆستا حافزی مووسەوی لە شوێنی ئەو دانرا. ئێمە کە (ڕامان)مان پیشانی ئەو بەڕێزانە دا، سەریان سووڕ ما، بڕوایان نەدەکرد. پرسیاریان کرد ئەمە لە کوێ دەردەچێت؟ ئەوان نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن کە گۆڤارێکی گەورەی دووسەد لاپەڕەیی بەو کوالیتە بەرزەی چاپەوە بە زمانی کوردی دەردەچێت! پرسیاریان کرد ئەمە وەرزنامەیە؟ وتم نا، مانگنامەیە. سەریان سووڕمابوو، چلۆن گۆڤاری وەها ڕێکوپێک، ئەویش بە کوردی هەموو مانگێک بڵاودەکرێتەوە. ڕامان توانی ئەو دیدە بۆ زمان و ئەدەب و چاند لە ناو ڕۆشنبیران و نووسەرانی فارسدا تا ڕادەیەک بگۆڕێ.

ڕامان بیست و حەوت ساڵە هەموو ٥ی مانگێک دەردەچێت. لەوانەیە ئەمە ئێستا ئاسایی بێتە بەرچاو، بیست ساڵ و چەند ساڵ لەمەوبەر ئەمە لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتیدا ئاسایی نەبوو. وەک لە بیرتانە، کە کەناڵی سەتەلایتی تەلەڤیزیۆنی دامەزران، لە کاتی تەماشاکردنی بەرنامەکاندا لە پڕێکدا لەسەر شاشەکە دەنووسرا لەبەر کێشەی تەکنیکی بەرنامەکە پچڕا. کە کەناڵی سەتەلایتی کوردستان وەک یەکەم کەناڵی سەتەلایتی لە هەرێمی کوردستان دامەزرا، من بە بەرپرسانی ئەوسای کەناڵەکەم دەکوت ئەمە ئیدی کەناڵێکی ناوچەیی نییە و هەموو دنیا دەیبینێت، بۆیەش دەبێ هەواڵەکان ڕێک بە چرکە لە کات و ساتی خۆیدا پێشکەش بکرێن.

ئەگەرچی ئەم تایبەتمەندییانە ئێستا بۆ هەموومان ئاسایی دێنە بەرچاو، بەڵام لە بیرمان نەچێت لەو قۆناغەدا زۆر جار تەوقیتی بەرنامەکان بە ئاسانی تێک دەچوون. ڕامان ئەگەر ئێستا لە کات و ساتی خۆیدا دەردەچێت گرنگ نییە، بەڵام چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر گرنگ بوو. ئەم جیدییەت و دڵسۆزییە پێویستە لە گوتاری ئەکادیمیکیشدا ڕەچاو بکرێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە گوتاری ئەکادیمیکی کوردی دەبێ چاوی لێ بکات و وەک نوێنەک سەیری بکات. گوتاری ڕۆشنبیری، کە بەداخەوە ژمارەی دامەزراوەکانیشی کەمن، لە هەندێ نموونەیدا زۆر بە

باشی لە ڕووی ڕەچاوکردنی مۆرکەکانی بڵاوکردنەوەوە دەرکەوتووە.

ڕامان لەو سەردەمەدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوو ئیدارەیی بوو، دەورێکی ئەرێنی گێڕا. وەبیرهێنانەوەی شێوەی هەڵسوکەوتمان لە ڕابوردوودا و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بۆ شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەمان لە ڕابوردوودا زۆر سوودبەخشە. لە ساڵی ٢٠٠٥دا هەر دوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر یەکیان گرتەوە، لە ڕواڵەتی کابینەی پێنجدا بە سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، کەچی زۆری خایاند تا هەندێ دامەزراوەی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیک یەکیان گرتەوە، لەو قۆناغەدا ڕامان دەستپێشخەر بوو.

کەم نووسەر و شاعیری کورد هەیە لە ڕامان-دا بابەتی لێ بڵاونەکرابێتەوە، یان لەسەری نەنووسرابێت. ئێمە ئەو کاتە لە سنە کە زانیمان لە ژمارەی ٤٩ی گۆڤارەکە لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕامان فایلێکی تایبەتی بۆ ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی نووسەری ناوداری کورد، بەختیار عەلی کردووەتەوە، زۆرمان پێ خۆش بوو. شەڕی ناوخۆ تەواو بووبوو، بەڵام شەڕێکی سارد هەر لە ئارادا بوو. ڕامان لە هەولێر دەردەچوو و ئاوڕی لە نووسەرێکی دیاری دەڤەری سلێمانی دایەوە. ئێمە ئەمەمان وەک هەنگاوێکی ئەرێنی لێک دەدایەوە. پێویستە ڕێز لەو دەورە ئەرێنییە بگرین کە ڕامان لەو قۆناغەدا گێڕای.

هیوادارم ڕامان هەردەم بەم گوڕ و تینەوە لە پێشکەوتندا بێت و ڕووی لە گەشەکردنی زیاتر بێت. هیوادارم ڕامان ڕەخنەگرانەتر بێت. پێویستە ڕامان و هەموو چاپەمەنییە کوردییەکان بە هەستیاریی زیاترەوە گرنگی بدەن بەو بابەتانەی بڵاوی دەکەنەوە. زۆر جار بینیومانە بابەتێکی ئاست نزم لە گۆڤارێک و ڕۆژنامەیەکدا بڵاو دەبێتەوە، کەچی پێشتر لە هەر لە هەمان گۆڤاردا بابەتی تێروتەسەلتر دەربارەی هەمان بابەت بڵاوکراوەتەوە. کە دەڵێم ڕووی لە گەشە بێت، مەبەستم ئەوەیە ڕامان ڕێز لە ڕابوردووی خۆی بگرێت.

ڕامان پێویستە زیاتر لە گوتاری ئەکادیمیک نزیک بێتەوە، هەرچەندە پێشتریش بایەخی بەم پرسە داوە. من ناوی بەڕێز د. حەمید عەزیز-م یەکەم جار لە (ڕامان)دا بینی. وەک دەزانن بەڕێزیان زۆر بە هێمنی و بە پڕ کارییەوە، لە نووسینی بابەتی فەلسەفی بە زمانی کوردی بەردەوام بووە. گرنگیدانی ڕامان بە ئەکادیمیسیەنەکان خاڵێکی ئەرێنیی گۆڤارەکەیە. ڕامان کۆمەڵێ مامۆستای لە بواری ڕەخنەی هونەردا ناساند، ئەمەش لەو ڕووەوە گرنگە کە ئێمەی کورد لەو بوارەدا کڵۆڵین و لەم ڕووەوە زۆرمان گەشە نەکردووە.

لێرەدا پێویستە یادبکەین لەو بەڕێزانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان دەوریان لە دامەزراندن و بەرەوپێش بردنی گۆڤارەکەدا گێڕا، وەک شەهید شەوکەت شێخ یەزدین، کاک سەرۆ قادر کە لێرەیە، هەروەهاش مامۆستا ئازاد عەبدولواحید. کاک ئازاد عەبدولواحید چەندان جار چارەسەری نەخۆشیی خۆی و خێزانی خستووەتە پەراوێزەوە بۆ ئەوەی بە کارەکانی ڕاماندا ڕابگات. جارێکیان بە مەبەستی گەشەپێدانی زیاتری ڕامان و دیدار لەگەڵ نووسەرانی ڕۆژهەڵات هاتبوو بۆ سنە، دوکتۆر پێی وتبوو مەڕۆ بۆ سەفەر، چونکە ئەتۆ نەخۆشیت، بەڵام گوێی نەدابوو و هاتبوو، کە گەیشتە سنە، کەوتە خەستەخانەوە. من چووم بۆ خەستەخانە بۆ لای و پێم وت کاک ئازاد بریا نەهاتبای. کاک ئازاد زەحمەتی زۆری بۆ ڕامان کێشاوە و لەم پێناوەدا کەسێکی ماندوویی نەناسە. من وەکوو کوردێک شانازی دەکەم کە کەسێکمان تێدا هەڵکەوتووە بە ناوی ئازاد عەبدولواحید.

ڕامان لە سەردەمە سەختەکاندا بەرهەمی نووسەرانی کوردی هەموو پارچەکانی بڵاودەکردەوە، هیوادارم ئەو ڕۆحیەتە و ئەو گرنگیدانە بە ناسنامەی کوردستانیبوون لە هەموو چاپەمەنییەکاندا پەرە بسێنێت. من ئەو دەستەواژەی یەکەمین فێستیڤاڵی ڕامان کە لەسەر ئەم تابلۆیە نووسراوە وەک ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ئازاد عەبدولواحید تەماشای دەکەم، هیوادارم هەردەم تەندروست بێت و بەردەوام بێت لەو ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوەی دەرکردن و بووژاندنەوەی گۆڤارەکە.

**گوتاری پێشکەشکراو لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی یەکەم فیستیڤاڵی ڕامان.**




# دابڕانی نێوان باوک و فرزەندە

ئازاد عەبدولواحید

* بۆ خوێندنەوەی دەق، هەر دەقێک، دیاردەیەک، دوو جۆر خوێندنەوە هەن، یەکەمیان خوێندنەوەی ئاسۆیی، دووەمیان خوێندنەوەی شاقووڵی – ستوونی پێ دەڵێن. ئەم دوو جۆرە خوێندنەوەیە لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی زۆر بوونی تیۆر و چەمکی ڕەخنەیی نوێوە کەوتوونەتەوە و پۆلێن کراون. جۆری یەکەمیان کە خوێندنەوەی ئاسۆییە، هەڵکۆڵین و قووڵبوونەوەیە، فرەڕەنگی و فرەدەنگی دێنێتە دی، ئەمەش بە واتای بینینی ئەوی دیکە (الآخر) دێ. ئەم خوێندنەوەیە پشت بە هەمەڕەنگی و چاوگە جۆراوجۆرەکانی ڕۆشنبیریی دەبەستێ و سوود لە دەستاوێژەکانی میتۆد و ڕێباز و قوتابخانەکانی فیکر و فەلسەفە و مەعریفەی سەردەم وەردەگرێت، کە بۆ خوێندنەوەی هەموو قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، بەهۆی خوێندنەوەیەکی ئاسۆیی و فراوان و هەمەلایەن بە دەست دێ.

* خوێندنەوەی ئاسۆیی پشت بە ڕۆشنبیرییەک دەبەستێ کە سروشتی سوپەرمارکێتی هەیە، وەک چۆن سوپەرمارکێتێک بچووکترین تا گەورەترین کەلوپەل و پێداویستیی ژیانی تێدا بە دەست دەکەوێ، بە پێچەوانەی خوێندنەوەی شاقووڵی- ستوونی، یان کۆڵەکەییە کە بە دووکانێکی بچووکی لاکۆڵانێک دەچێ کەمترین کەلوپەل و پێداویستیی ژیانی ڕۆژانەی تێدا بەدەست ناکەوێ، بۆیە پێداویستییەکانی ژیان پڕ ناکەنەوە و دابینی ناکەن، ئەمەیان خوێندنەوەیەکی دەست کورتە و ناتوانێ لەو سەردەمەدا پێویستییە ڕۆحی و ویژدانی و فیکرییەکانی ئادەمیزاد دەستەبەر بکات، چونکە خوێندنەوەیەکی کۆن و تەقلیدییە، بەم خوێندنەوە یەکڕەهەندییە، تۆ یەک دیوی شتەکان دەبینی، یەک ڕەنگ بەدی دەکەی، ڕەنگەکانی دیکەی لێوەی نابینی، بەڵام خوێندنەوەی ئاسۆیی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە، هەموو ڕەنگەکانت دێنە بەرچاو و بەباشی دەیانبینی.

* خوێندنەوەی دووەم کە خوێندنەوەی ستوونی (تەقلیدی)یە، کەموکووڕی جەوهەری و بنەڕەتی هەیە، کە ئەویش سڕینەوە و نەبینین و نەخوێندنەوەی ڕەنگەکانی دیکەیە، بە یەک چاو تەماشای دنیا و ژیانی پێ دەکرێ، ددان بەوی دیکەدا نانێ، چونکە خوێندنەوەیەکە ژیان بە ڕەش و سپی دەبینێ، ئەم خوێندنەوە تەریبە، وەک سکەی شەمەندەفەر وایە. لە خوێندنەوەی ئاسۆییدا قووڵی و فرەڕەنگی و فرەدەنگی ئامادەیە، ئەوەش بە واتای دانانی بەوی دیکە، کە پشت بە هەمەڕەنگیی سەرچاوە و چاوگەکانی ڕۆشنبیریی و مەعریفە دەبەستێ، سوود لە ڕێباز و قوتابخانەکانی هزر و فەلسەفە و ڕەخنە وەردەگرێ، بۆیە ئەو خوێندنەوەیە کە بە خوێندنەوەی ئاسۆیی ناسراوە، بە ڕۆشنبیرییەکی فراوان و هەمەلایەن و ئۆرزدیباکی فەراهەم دەکرێ.

* ئەم خوێندنەوە ئاسۆییە، خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەی قووڵە و گۆڕانکاری ڕیشەیی بەرپا دەکا، لەبەر ئەوە دەتوانێ کۆمەڵگە بەرەو کرانەوەی زیاتر و پێشکەوتنی بەردەوام و بنەڕەتی ببات، چونکە خوێندنەوەیەکە دابڕان – قطیعە لەگەڵ ڕابوردووی بێ کەڵک و مردوو دروست دەکات، ئەو چەمکەش ڕەت دەکاتەوە کە باوکایەتی بەخشین و فرزەندەیی وەرگرتن بێ، لێرەوە بە تێڕوانینی فرۆید دابڕان لەنێوان باوک و فرزەندە ڕوو دەدات، کە فرزەندەش دەتوانێ دەقێک بەرهەم بهێنێ تێیدا سەقامگیری، بەسەر ژاوەژاو و ڕاڕاییدا زاڵە، هارمۆنیا بەسەر ئالەنگاری و بێ سەروبەریدا زاڵە، بەپێی ئەو خوێندنەوەیە، هەرگیز نابێ دارەمەیتی ڕابوردوو بەسەر شانی ئێستامان دابدەین و بەرەو ئاییندەی ببەین، بگرە دەبێ ئێستامان لە زیندوویێتی نەکەوێ و لە جووڵانەوەیەکی بەردەوامدا بێ، جووڵەیەکی پڕ لە داهێنان و تەکان و بەخششی نوێ، بۆ ئەوەی وەچەی ئەمڕۆ خاوەنی گوتار و وتەی خۆی بێ، بەو گوتارە نوێیە بەرەو ڕووی چارەنووس و ئاییندە و هەڕەشەکانی ئێستا و داهاتوو ببێتەوە.